حکوومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە - فاکەڵتیی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

# بەراوردی پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لەنێوان زمانی کوردی و فارسیدا (لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە)وە

تێزێکە، پێشکەش بە فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

لە لایەن

**دەریا سابیر حەمەد**

- بەکالۆریۆس لە زمانی کوردیدا ساڵی (٢٠١١)، کۆلێژی زمان/ زانکۆی کۆیە.
- ماستەر لە زمانی کوردیدا ساڵی (٢٠١٦)، فاکەڵتیی پەروەردەی قەڵادزێ/ زانکۆی ڕاپەڕین.

بە سەرپەرشتی

پ.ی.د. شیروان حسێن حەمەد
پ.ی.د. یادگار کەریمی


٢٧٢٣ی کوردی
٢٠٢٣ی زایینی

بە خوێندنەوە کراوە فرچک گیانم

زانستە مژیم و بۆتە ئاو و نانم

حەفتاودوو ساڵە بیردەکەم، دەخوێنم

وا تازە دەزانم چ لە هیچ نازانم!

"خەیام"

**پێشکەشە بە:**

**- دایک و باوکم، کە بون و پێگەیاندن و پەروەردەم بەرهەمی ڕەنج و قوربانیدانی ئەوان بووە.**

**- هاوسەر و منداڵە چاوگەشەکانم(ئارا، یارا و ژیا).**

**- هەمو ئەوانەی کە بەدڵســـۆزییەوە خزمەت بە زمان و خاک و دۆزی کورد دەکەن.**

**- مامۆستا و خوێندکارانی بەشی کوردیی زانکۆکانی کوردستان.**

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم تێزە، بە ناونیشـــانی (بەراوردی پرۆسـه مۆرفۆلۆژییەکان لەنێوان زمانی کوردی و فارسـیدا (لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە))وە لە ژێر چاودێری و سـەرپەرشـتی ئێمە، لەلایەن (دەریا سابیر حەمەد) لە فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

بە سەرپەرشتی

پ.ی.د. شیروان حسێن حەمەد

ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٣

پ.ی.د. یادگار کەریمی

ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٣

---

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرۆک بەش

لەسـەر پێشـنیازی سـەرپەرشـتانی تێزەکە، کە ناو و واژۆیان لەسـەرەوە هاتووە ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم بۆ تاوتوێکردن.

پ.د. دەریا جەمال حەوێز

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت:   /   / ٢٠٢٣

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان بە ناونیشانی (بەراوردی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لەنێوان زمانی کوردی و فارسیدا(لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە))وە خوێندەوە، لەگەڵ خوێندکار (دەریا سابیر حەمەد)دا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

| | | |
|---|---|---|
| واژو: | واژو: | واژو: |
| ناو: پ.ی.د.شێرزاد سعيد صديق | ناو: پ.ی.د.ڕۆژان نوری عبدالله | ناو: پ.ی.د.سلێمان رجب اسماعيل |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |
| ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٣ | ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٣ | ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٣ |

| | |
|---|---|
| واژو: | واژو: |
| ناو: پ.ی.د.تەلار صباح عمر | ناو: پ.د.ابوبكر عمر قادر |
| ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
| ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٣ | ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٣ |
| واژو: | واژو: |
| ناو: پ.ی.د.شێروان حسين حمد | ناو: پ.ی.د.یادگار کەریمی |
| ئەندام و سەرپەرشت | ئەندام و سەرپەرشت |
| ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٣ | ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٣ |

---

لەلایەن ئەنجومەنی فاکەڵتیی پەروەردە ـ زانکۆی کۆیە پەسەندکرا.

واژو:

ناو: پ.د. سەفین جەلال فەتحوڵڵا

ڕاگری فاکەڵتیی پەروەردە

ڕێکەوت:   /   /٢٠٢٣

# هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوەکان | واتاکەی |
| --- | --- |
| [ ] | نمونە و وشەکان و کەوانە ناولێنراوەکان |
| + | کۆ |
| م. | مۆرفیم |
| تا.د | تا دوایی |
| etc. | تا دوایی/ et cetra |
| " " | ئاماژەیە بۆ ناوێکی دیاریکراو و تایبەتی |
| ( ) | ڕونکردنەوە و نوسینی سەرچاوەکان و ئاماژە بە ناوی نوسەر و زمانەوانان |
| / / | دانەی بەرجەستەکراو |
| /.....–/ | پاشگر |
| /–...../ | پێشگر |
| /....–..../ | ناوەندگیر |
| "...." | دەقی وەرگیراو |
| ← | دەبێتە |
| X, Y, Z , P , Q | گۆڕاوێکن لە کەتیگۆڕییەکان |
| A, B, C | ئاماژە بۆ گیرەکێک یان یاسایەک دەکەن |
| N | ناو |
| V | کار |
| A | ئاوەڵناو |
| & | و |
| IA | میتۆدی یەکە و ڕێکخستن |
| * | نادروست |
|  | دەروازەی فەرهەنگی |
| < | لەمەوە بووە بە |

| | |
|---|---|
| ئاماژە بۆ تێکردە و دەرکردەی یاساکان دەکەن | ا، ب، پ |
| یەکسانەیە | = |
| گیرەکی کاری | Vaff |
| گیرەکی ناوی | Naff |

## لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | فارسی | کوردی |
|---|---|---|
| clipping | کوتاەسازی | بڕین |
| typology | ردەشناختی | پۆلی مۆرفۆلۆژی |
| morphological process | فرایندهای صرفی | پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان |
| abbreviation | اختصارسازی | تاکپیتی |
| blending | آمیزش | تێکەڵکردن |
| derivation | اشتقاق | داڕشتن |
| class changing derivation | اشتقاق مقولەگذران | داڕشتنی پۆلگۆڕ |
| class maintaining derivation | اشتقاق مقولەناگذران | داڕشتنی پۆلنەگۆڕ |
| hierarchical derivation | اشتقاق پایگانی | داڕشتنی هەڕەمی |
| non-hierarchical | اشتقاق ناپایگانی | داڕشتنی ناهەڕەمی |
| invention | ابداع | داهێنان |
| reduplication | تکرار | دوبارەبونەوە |
| total/Full reduplication | تکرار کامل | دوبارەبونەوەی تەواو |
| partial reduplication | تکرار ناقص | دوبارەبونەوەی ناتەواو |
| echo reduplication | تکرار پژواکی | دوبارەبونەوەی دەنگدانەوەیی |
| attributive | وصفی | دیارخەی |
| analytic/isolating language | زبانهای گسستە/تحلیلی | زمانە دابڕاوەکان/شیکراوەکان |
| agglutinating language | زبانهای پیوندی | زمانە لکاوەکان |

| | | |
|---|---|---|
| inflecting/synthetic language | زبانهای تصریفی/ترکیبی | زمانه گەردانییەکان/لێکدراوەکان |
| incorporating/polysynthtic language | زبانهای پیوسته(انضمامی) | زمانە تێکچڕژاوەکان |
| infixing languages | زبانهای میانوندزنی | زمانە ناوگرییەکان |
| acronyms | سرواژه | سەروشە |
| head | هسته | سەرە |
| right-headed | راست هسته | سەرەڕاست |
| left-headed | چپ هسته | سەرەچەپ |
| head-initial | هسته آغازی | سەرەسەرەتا |
| head-final | هسته پایانی | سەرەکۆتا |
| conversion | تبدیل | گۆڕین |
| category conversion | تغییر مقوله | گۆڕینی پۆل |
| compounding | ترکیب | لێکدان |
| hierarchical compound | ترکیب پایگانی | لێکدانی هەڕەمی |
| non-hierarchical compound | ترکیب ناپایگانی | لێکدانی ناهەڕەمی |
| primary compound | مرکب اولیه | لێکدراوی سەرەکی |
| root compound | مرکب ریشهای | لێکدراوی ڕیشەیی |
| non-verbal compound | مرکب غیرفعلی | لێکدراوی ناکاری |
| secondary compound | مرکب ثانویه | لێکدراوی لاوەکی |
| synthetic compund | مرکب ترکیبی | لێکدراوی پێکهاتەیی |
| verbal compound | مرکب فعلی | لێکدراوی کاری |
| endocentric compound | مرکب درونمرکز | لێکدراوی چەقناوەکی |
| exocentric compound | مرکب بیرونمرکز | لێکدراوی چەقدەرەکی |

| | | |
|---|---|---|
| compound-derivation | مرکب‌مشتق | لێکدراویداڕێژراو |
| hierarchical compound-derivation | ترکیب اشتقاقی پایگانی | لێکدراویداڕێژراوی هەڕەمی |
| non-hierarchical compound-derivational | ترکیب اشتقاقی ناپایگانی | لێکدراویداڕێژراوی ناهەڕەمی |
| appositional compound | مرکب دوسویه/بدل | لێکدراوی بەرانبەری |
| dvandva | مرکب متوازن/دوگانی | لێکدراوی هاوسەنگ |
| morpheme-based morphology | تکواژشناسی تکواژ-بنیاد | مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە |
| word-based morphology | تکواژشناسی واژه-بنیاد | مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە |
| concatenative morphology | صرف پیوندی | مۆرفۆلۆژیی زنجیرەیی |
| non-concatenative morphology | صرف ناپیوندی | مۆرفۆلۆژیی نازنجیرەیی |
| subordinate | ناهمپایه | ناهاوتا |
| coordinative | همپایه | هاوتا |

## پێرستی خشتەکان


| لاپەڕە | ناونیشانی خشتەکان |
| --- | --- |
| ١١٩ | خشتەی (٢-١) دابەشکردنی واتایی وشە لێکدراوەکانی فارسی |
| ١٢٠ | خشتەی (٢-٢) دابەشکردنی واتایی وشە لێکدراوەکانی کوردی |

## پێرستی هێڵکارییەکان


| ناونیشانی هێڵکارییەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| هێڵکاری (١-١) ڕۆنانی هەرەمی لە ڕستەسازیدا | ١١ |
| هێڵکاری (١-٢) ڕۆنانی هەرەمی لە مۆرفۆلۆژیدا | ١٢ |
| هێڵکاری (١-٣) پۆلێنکردنی مۆرفیمەکانی زمانی کوردی | ١٤ |
| هێڵکاری (١-٤) پۆلێنکردنی مۆرفیمەکانی زمانی فارسی | ١٥ |
| هێڵکاری(١-٥) شیکردنەوەی پێکهاتەی ناوەوەی وشەی [شەرمنی]. | ٢٠ |
| هێڵکاری (١-٦) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [دندانپزشکی] | ٢١ |
| هێڵکاری (١-٧) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [منداڵبازاڕی] | ٢٢ |
| هێڵکاری (١-٨) نمونەیەک لە هەردو پەیوەندی ستونی و ئاسۆیی | ٢٣ |
| هێڵکاری (١-٩) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [tranquillizer] | ٢٤ |
| هێڵکاری (١-١٠) دەروازەی زانیاری پێشنیازکراو و دانراو بۆ هەندێک مۆرفیم | ٣٠ |
| هێڵکاری (١-١١) دەروازەی زانیاری پێشنیازکراو و دانراو بۆ هەندێک مۆرفیم | ٣١ |
| هێڵکاری (١-١٢) تیۆری دەروازەیەک بۆ تیۆری وشەدروستکردن | ٣٢ |
| هێڵکاریی (١-١٣): پرۆسە مۆرفۆلۆژییە پێش فەرهەنگییەکان لە زمانی فارسیدا | ٣٥ |
| هێڵکاریی (١-١٤): پرۆسە مۆرفۆلۆژییە پێش فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا | ٣٦ |
| هێڵکاری (١-١٥) ڕۆنانی فەرهەنگی | ٤٧ |
| هێڵکاری (١-١٦) دەروازەی فەرهەنگی تەواو بۆ پاشگری ness- | ٤٩ |
| هێڵکاری (٢-١) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [منداڵانە] | ٥٨ |
| هێڵکاری (٢-٢) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [بێگیان] | ٥٨ |

| | |
|---|---|
| هێڵکاری (٢-٣) پێکهاتەی وشە لە شێوەی توێژاڵی پیازدا | ٥٩ |
| هێڵکاری (٢-٤) جیاوازی نێوان دارشتنی هەرەمی و ناهەرەمی | ٦٠ |
| هێڵکاری (٢-٥) رۆنانی هەرەمی وشەی [بێفرۆکەوان] | ٦٢ |
| هێڵکاری (٢-٦) رۆنانی هەرەمی وشەی [بەهێزی] | ٦٣ |
| هێڵکاری (٢-٧) رۆنانی هەرەمی وشەی [کوشتارگە] | ٦٣ |
| هێڵکاری (٢-٨) رۆنانی هەرەمی وشەی [شەرمنی] | ٦٣ |
| هێڵکاری (٢-٩) رۆنانی هەرەمی وشەی [زمانەوانی] | ٦٤ |
| هێڵکاری (٢-١٠) رۆنانی هەرەمی وشەی [زێرینگەری] | ٦٤ |
| هێڵکاری (٢-١١) رۆنانی هەرەمی وشەی [نامەردانە] | ٦٥ |
| هێڵکاری (٢-١٢) رۆنانی هەرەمی وشەی [نەشارەزایی] | ٦٥ |
| هێڵکاری (٢-١٣) رۆنانی هەرەمی وشەی [ناهماهنگی] | ٦٦ |
| هێڵکاری (٢-١٤) رۆنانی هەرەمی وشەی [همخوانی] | ٦٧ |
| هێڵکاری (٢-١٥) رۆنانی هەرەمی وشەی [بی‌ثباتی] | ٦٧ |
| هێڵکاری (٢-١٦) رۆنانی هەرەمی وشەی [بی‌رحمانە] | ٦٧ |
| هێڵکاری (٢-١٧) رۆنانی هەرەمی وشەی [ناتوانی] | ٦٨ |
| هێڵکاری (٢-١٨) رۆنانی هەرەمی وشەی [دانشکدە] | ٦٨ |
| هێڵکاری (٢-١٩) رۆنانی هەرەمی وشەی [گویشور] | ٦٨ |
| هێڵکاری (٢-٢٠) رۆنانی هەرەمی وشەی [هوشمندانە] | ٦٩ |
| هێڵکاری (٢-٢١) رۆنانی هەرەمی وشەی [ناسازگاری] | ٦٩ |
| هێڵکاری (٢-٢٢) شێوەی ریزبونی گیرەکی فەرهەنگی و رێزمانی لە زمانی کوردی و فارسیدا | ٧٠ |
| هێڵکاری (٢-٢٣) رۆنانی ناهەرەمی وشەی [تێکۆشەر] | ٧٢ |
| هێڵکاری (٢-٢٤) رۆنانی ناهەرەمی وشەی [ڕاخەر] | ٧٢ |
| هێڵکاری (٢-٢٥) رۆنانی ناهەرەمی وشەی [پێخۆر] | ٧٢ |
| هێڵکاری (٢-٢٦) رۆنانی ناهەرەمی وشەی [نارضایتی] | ٧٣ |

| | |
|---|---|
| هێڵکاری (٢-٢٧) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [هەمشهری] | ٧٣ |
| هێڵکاری (٢-٢٨) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [بررسی] | ٧٤ |
| هێڵکاری (٢-٢٩) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ڕەشەبا] | ٨٦ |
| هێڵکاری (٢-٣٠) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [بەردەنوێژ] | ٨٦ |
| هێڵکاری (٢-٣١) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ئاووهەوا] | ٨٧ |
| هێڵکاری (٢-٣٢) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [کاربەدەست] | ٨٧ |
| هێڵکاری (٢-٣٣) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [سەرەولێژ] | ٨٧ |
| هێڵکاری (٢-٣٤) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [پسادست] | ٨٩ |
| هێڵکاری (٢-٣٥) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ابوالچپ] | ٨٩ |
| هێڵکاری (٢-٣٦) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [قلمبەدست] | ٩٠ |
| هێڵکاری (٢-٣٧) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [پرسوجو] | ٩٠ |
| هێڵکاری (٢-٣٨) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [چوارشەممەسور] | ٩٢ |
| هێڵکاری (٢-٣٩) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ماستاوکردن] | ٩٢ |
| هێڵکاری (٢-٤٠) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [آبنباتقیچی] | ٩٣ |
| هێڵکاری (٢-٤١) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [برفپاککن] | ٩٣ |
| هێڵکاری (٢-٤٢) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [دەستبەسەر] | ٩٤ |
| هێڵکاری (٢-٤٣) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [هێلکەوڕۆن] | ٩٥ |
| هێڵکاری (٢-٤٤) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [سردرگم] | ٩٦ |
| هێڵکاری (٢-٤٥) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [آبشیرینکن] | ٩٦ |
| هێڵکاری (٢-٤٦) ڕۆنانی وشە چەقناوەکی و چەقدەرەکییەکان | ١٠٤ |
| هێڵکاری (٢-٤٧) ڕۆنانی وشەی [دارەسێو] | ١٠٥ |
| هێڵکاری (٢-٤٨) ڕۆنانی وشەی [شۆخەژن] | ١٠٥ |
| هێڵکاری (٢-٤٩) ڕۆنانی وشەی [مزرەسێو] | ١٠٦ |
| هێڵکاری (٢-٥٠) ڕۆنانی وشەی [شەکرەسێو] | ١٠٦ |
| هێڵکاری (٢-٥١) ڕۆنانی وشەی [چادرنماز] | ١٠٩ |

| | |
|---|---|
| ١١٦ | هێڵكاری (٢-٥٢) ڕۆنانی وشەی [شۆخوشەنگ] |
| ١١٧ | هێڵكاری (٢-٥٣) ڕۆنانی وشەی [دیدوبازدید] |
| ١٢٧ | هێڵكاری (٢-٥٤) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [سەربەرزی] |
| ١٢٧ | هێڵكاری (٢-٥٥) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ژێردەستانە] |
| ١٢٧ | هێڵكاری (٢-٥٦) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ماسیگرە] |
| ١٢٨ | هێڵكاری (٢-٥٧) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [باوكمردو] |
| ١٣٠ | هێڵكاری (٢-٥٨) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [دامپزیشكی] |
| ١٣٠ | هێڵكاری (٢-٥٩) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [كارگردانی] |
| ١٣١ | هێڵكاری (٢-٦٠) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ناجوانمرد] |
| ١٣٢ | هێڵكاری (٢-٦١) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [مەشكەدڕە] |
| ١٣٣ | هێڵكاری (٢-٦٢) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [شەشمانگی] |
| ١٣٤ | هێڵكاری (٢-٦٣) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [دستیابی] |
| ١٣٤ | هێڵكاری (٢-٦٤) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [آزادسازی] |
| ١٣٥ | هێڵكاری (٢-٦٥) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [نیمەكارە] |
| ١٣٥ | هێڵكاری (٢-٦٦) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [دوموتورە] |
| ١٤٠ | هێڵكاری (٣-١) ڕۆنانی وشەی [ماڵەوماڵ] |
| ١٤٠ | هێڵكاری (٣-٢) ڕۆنانی وشەی [شاربەشار] |
| ١٤١ | هێڵكاری (٣-٣) ڕۆنانی وشەی [سەرانسەر] |
| ١٤١ | هێڵكاری (٣-٤) ڕۆنانی وشەی [پانوپان] |
| ١٤١ | هێڵكاری (٣-٥) ڕۆنانی وشەی [پیشاپیش] |
| ١٤٢ | هێڵكاری (٣-٦) ڕۆنانی وشەی [روزبەروز] |
| ١٤٢ | هێڵكاری (٣-٧) ڕۆنانی وشەی [سرتاسر] |
| ١٤٢ | هێڵكاری (٣-٨) ڕۆنانی وشەی [شاختاشاخ] |
| ١٤٣ | هێڵكاری (٣-٩) ڕۆنانی وشەی [كڵاوكڵاوێن] |
| ١٤٣ | هێڵكاری (٣-١٠) ڕۆنانی وشەی [خاڵخاڵۆكە] |

| | |
|---|---|
| هێڵکاری (٣-١١) ڕۆنانی وشەی [گوڵگوڵی] | ١٤٤ |
| هێڵکاری (٣-١٢) ڕۆنانی وشەی [پشتپشتەوە] | ١٤٤ |
| هێڵکاری (٣-١٣) ڕۆنانی وشەی [بادبادک] | ١٤٤ |
| هێڵکاری (٣-١٤) ڕۆنانی وشەی [زورزورکی] | ١٤٥ |
| هێڵکاری (٣-١٥) ڕۆنانی وشەی [خوشخوشان] | ١٤٥ |
| هێڵکاری (٣-١٦) ڕۆنانی وشەی [غرغرو] | ١٤٥ |
| هێڵکاری (٣-١٧) ڕۆنانی وشەی [چلچلە] | ١٤٥ |
| هێڵکاری (٣-١٨) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [گڤەگڤ] | ١٤٧ |
| هێڵکاری (٣-١٩) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [لورەلور] | ١٤٧ |
| هێڵکاری (٣-٢٠) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [بۆڵەبۆڵ] | ١٤٨ |
| هێڵکاری (٣-٢١) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [پیچپیچی] | ١٤٩ |
| هێڵکاری (٣-٢٢) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [فشفشە] | ١٤٩ |
| هێڵکاری (٣-٢٣) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [جاڵجاڵۆکە] | ١٥١ |
| هێڵکاری (٣-٢٤) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [مژمژە] | ١٥١ |
| هێڵکاری (٣-٢٥) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [لرزلرزان] | ١٥٢ |
| هێڵکاری (٣-٢٦) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [بادبادک] | ١٥٢ |

## ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| شعر | i |
| پێشکەشه بە | ii |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت | iii |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرۆک بەش | iii |
| ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | iv |
| هێما و کورتکراوەکان | v – vi |
| لیستی زاراوەکان | vii – ix |
| پێرستی خشتەکان | x |
| پێرستی هێڵکارییەکان | xi – xv |
| ناوەڕۆک | xvi – xxi |
| پێشەکی | xxii – xxv |
| ٠-١) ناونیشان و بواری توێژینەوەکە | xxii |
| ٠-٢) سنوری توێژینەوەکە | xxii |
| ٠-٣) کەرەستەی توێژینەوەکە | xxii |
| ٠-٤) ڕێبازی توێژینەوەکە | xxii |
| ٠-٥) هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە | xxiii |
| ٠-٦) گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە | xxiii |
| ٠-٧) گرفت و پرسیاری توێژینەوەکە | xxiii - xxiv |
| ٠-٨) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە | xxiv – xxv |
| سوپاسنامە | xxvi |
| پوختەی توێژینەوەکە | xxvii – xxiii |
| بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە | ١ – ٥٢ |
| ١/١) پۆلی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و فارسی | ١ |
| ١/١-١) پۆلی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی | ٢ – ٤ |
| ١/١-٢) پۆلی مۆرفۆلۆژیی زمانی فارسی | ٤ – ٦ |
| ٢/١) تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە | ٦ – ١٢ |

| | |
|---|---|
| ٣/١) گرنگیی تیۆری مۆڕفیمبناغە | ١٢ – ١٣ |
| ٤/١) پۆلێنکردنی مۆڕفیمەکان لە زمانی کوردی و فارسیدا | ١٣ – ١٥ |
| ٥/١) بیری مۆڕفیم و تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە | ١٦ – ١٨ |
| ٦/١) ڕۆنانی ناوەوەی وشە و تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە | ١٨ – ٢٠ |
| ٧/١) تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە و پەیوەندی ئاسۆیی | ٢٠ – ٢٥ |
| ٨/١) مۆڕفیم و ڕستەسازی وشە پەیوەست بە تیۆری مۆڕفیمبناغە | ٢٥ – ٣٢ |
| ٩/١) مۆدێلەکانی تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە | ٣٢ |
| ٩/١-١) دەروازەیەک بۆ تیۆری وشەدروستکردن | ٣٢ – ٣٨ |
| ٩/١-١-١) یاساکانی وشەدروستکردن و تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە | ٣٨ – ٤٣ |
| ٩/١-٢) مۆدێلی مۆڕفۆلۆژیی ڕێکخستنی فەرهەنگی | ٤٣ - ٤٥ |
| ٩/١-٢-١) فەرهەنگ | ٤٥ – ٤٨ |
| ٩/١-٢-٢) پرۆسە مۆڕفۆلۆژییەکان | ٤٨ – ٥١ |
| ٩/١-٢-٣) واتاناسیی فەرهەنگی | ٥١ – ٥٢ |
| بەشی دووەم: داڕشتن، لێکدان و لێکدراویداڕێژراو لە چوارچێوەی تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە لە زمانی کوردی و فارسیدا | ٥٣ – ١٣٥ |
| ١/٢) پرۆسەی مۆڕفۆلۆژیی داڕشتن | ٥٤ – ٥٩ |
| ١/٢-١) جۆرەکانی پرۆسەی داڕشتن لە ڕوانگەی تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە لە زمانی کوردی و فارسیدا | ٦٠ |
| ١/٢-١-١) داڕشتنی هەرەمی و ناهەرەمی | ٦٠ – ٦١ |
| ١/٢-١-١-١) داڕشتنی هەرەمی | ٦١ |
| ١/٢-١-١-١-١) داڕشتنی هەرەمی لە زمانی کوردیدا | ٦٢ – ٦٥ |
| ١/٢-١-١-١-٢) داڕشتنی هەرەمی لە زمانی فارسیدا | ٦٦ - ٧٠ |
| ١/٢-١-١-٢) داڕشتنی ناهەرەمی | ٧٠ – ٧١ |
| ١/٢-١-١-٢-١) داڕشتنی ناهەرەمی لە زمانی کوردیدا | ٧١ – ٧٢ |

| | |
|---|---|
| ١/٢-١-١-٢-٢) دارشتنی ناهەڕەمی لە زمانی فارسیدا | ٧٣ – ٧٤ |
| ١/٢-١-٢) دارشتنی پۆلگۆڕ و پۆلنەگۆڕ | ٧٤ – ٧٥ |
| ١/٢-١-٢-١) دارشتنی پۆلگۆڕ لە زمانی کوردیدا | ٧٥ – ٧٦ |
| ١/٢-١-٢-٢) دارشتنی پۆلگۆڕ لە زمانی فارسیدا | ٧٦ |
| ١/٢-١-٢-٣) دارشتنی پۆلنەگۆڕ لە زمانی کوردیدا | ٧٧ |
| ١/٢-١-٢-٤) دارشتنی پۆلنەگۆڕ لە زمانی فارسیدا | ٧٧ – ٧٨ |
| ٢/٢) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی لێکدان | ٧٨ – ٨٠ |
| ٢/٢-١) پێوەرەکانی پۆلێنکردن بۆ وشەی لێکدراوەکان | ٨١ |
| ٢/٢-١-١) ڕۆنانی وشەی لێکدراو | ٨١ |
| ٢/٢-١-٢) پۆلی وشەی لێکدراو | ٨١ |
| ٢/٢-١-٣) پەیوەندی ڕێزمانی – واتایی نێوان وشە پێکهێنەرەکان | ٨٢ |
| ٢/٢-٢) جۆرەکانی وشەی لێکدراو | ٨٢ – ٨٤ |
| ٢/٢-٢-١) پۆلێنکردنی وشەی لێکدراو لە ڕوی ڕوخسار و شێوەی دروستبونیان | ٨٤ |
| ٢/٢-٢-١-١) پۆلێنکردنی وشەی لێکدراو لە ڕوی ڕوخسارەوە لە زمانی کوردیدا | ٨٤ – ٨٧ |
| ٢/٢-٢-١-٢) پۆلێنکردنی وشەی لێکدراو لە ڕوی ڕوخسارەوە لە زمانی فارسیدا | ٨٧ – ٩٠ |
| ٢/٢-٢-٢) دابەشکردنی هەڕەمی و ناهەڕەمی وشە لێکدراوەکان لە زمانی کوردی و فارسیدا: | ٩٠ – ٩١ |
| ٢/٢-٢-٢-١) لێکدراوی هەڕەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا | ٩١ – ٩٣ |
| ٢/٢-٢-٢-٢) لێکدراوی ناهەڕەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا | ٩٣ – ٩٦ |
| ٢/٢-٢-٣) پۆلێنکردنی وشە لێکدراوەکان بەپێی بەشە پێکهێنەرەکانی | ٩٧ |
| ٢/٢-٢-٣-١) لێکدراوی ناکاری | ٩٧ – ١٠٠ |

| | |
|---|---|
| ٢/٢-٢-٣-٢) لێكدراوی كاری | ١٠٠ - ١٠٢ |
| ٢/٢-٢-٤) پۆلێنكردنی واتاییی وشە لێكدراوەكان | ١٠٢ – ١٠٣ |
| ٢/٢-٢-٤-١) لێكدراوی چەقناوەكی | ١٠٣ – ١١٠ |
| ٢/٢-٢-٤-٢) لێكدراوی چەقدەرەكی | ١١١ – ١١٥ |
| ٢/٢-٢-٤-٣) لێكدراوی بەرانبەری | ١١٥ – ١١٧ |
| ٢/٢-٢-٤-٤) لێكدراوی هاوسەنگ | ١١٨ – ١٢٠ |
| ٢/٢-٣) تایبەتمەندییەكانی وشەی لێكدراو لە زمانی كوردی و فارسیدا | ١٢٠ – ١٢٤ |
| ٣/٢) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی لێكدراویداڕێژراو | ١٢٥ |
| ٣/٢-١) لێكدراویداڕێژراوی هەرەمی و ناهەرەمی | ١٢٥ |
| ٣/٢-١-١) لێكدراویداڕێژراوی هەرەمی لە زمانی كوردی و فارسیدا | ١٢٥ – ١٢٦ |
| ٣/٢-١-١-١) لێكدراویداڕێژراوی هەرەمی لە زمانی كوردیدا | ١٢٦ – ١٢٨ |
| ٣/٢-١-١-٢) لێكدراویداڕێژراوی هەرەمی لە زمانی فارسیدا | ١٢٩ – ١٣١ |
| ٣/٢-١-٢) لێكدراویداڕێژراوی ناهەرەمی لە زمانی كوردی و فارسیدا | ١٣١ |
| ٣/٢-١-٢-١) لێكدراویداڕێژراوی ناهەرەمی لە زمانی كوردیدا | ١٣٢ – ١٣٣ |
| ٣/٢-١-٢-٢) لێكدراویداڕێژراوی ناهەرەمی لە زمانی فارسیدا | ١٣٣ – ١٣٥ |
| بەشی سێیەم: هەندێكی تر لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەكان لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لە زمانی كوردی و فارسیدا | ١٣٦ - ١٨٨ |
| ١/٣) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی دوبارەبونەوە | ١٣٦ – ١٣٨ |
| ١/٣-١) دوبارەبونەوەی تەواو لە زمانی كوردی و فارسیدا | ١٣٨ |
| ١/٣-١-١) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادنەكراو | ١٣٨ – ١٣٩ |
| ١/٣-١-٢) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادكراو | ١٣٩ |

| | |
|---|---|
| ۱/۳-۱-۲-۱) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی نێوانی | ۱۳۹ – ۱٤۲ |
| ۱/۳-۱-۲-۲) دوبارەکردنەوەی تەواوی زیادکراوی کۆتایی | ۱٤۳ – ۱٤٦ |
| ۱/۳-۱-۲-۳) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی هەڕەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا | ۱٤٦ |
| ۱/۳-۱-۲-۳-۱) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی هەڕەمی لە زمانی کوردیدا | ۱٤٦ – ۱٤۸ |
| ۱/۳-۱-۲-۳-۲) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی هەڕەمی لە زمانی فارسیدا | ۱٤۸ – ۱٥۰ |
| ۱/۳-۱-۲-٤) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی ناهەڕەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا | ۱٥۰ |
| ۱/۳-۱-۲-٤-۱) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی ناهەڕەمی لە زمانی کوردیدا | ۱٥۰ – ۱٥۱ |
| ۱/۳-۱-۲-٤-۲) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی ناهەڕەمی لە زمانی فارسیدا | ۱٥۱ – ۱٥۳ |
| ۱/۳-۲) دوبارەبونەوەی ناتەواو لە زمانی کوردی و فارسیدا | ۱٥۳ |
| ۱/۳-۲-۱) دوبارەبونەوەی ناتەواوی پێشگری | ۱٥۳ – ۱٥٤ |
| ۱/۳-۲-۲) دوبارەبونەوەی ناتەواوی پاشگری | ۱٥٤ |
| ۱/۳-۳) دوبارەبونەوەی دەنگدانەوەیی لە زمانی کوردی و فارسیدا | ۱٥٥ – ۱٥٦ |
| ۲/۳) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی گۆڕین | ۱٥٦ – ۱٦۱ |
| ۲/۳-۱) گۆڕینی پۆل لە زمانی کوردیدا | ۱٦۱ |
| ۲/۳-۱-۱) گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو | ۱٦۱ |
| ۲/۳-۱-۲) گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو | ۱٦۲ |
| ۲/۳-۱-۳) گۆڕینی کار بۆ ناو | ۱٦۲ – ۱٦۳ |
| ۲/۳-۱-٤) گۆڕینی کار بۆ ئاوەڵناو | ۱٦۳ |
| ۲/۳-۱-٥) گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار | ۱٦۳ |

| | |
|---|---|
| ٣/٢-١-٦) گۆڕینی ئاوەڵکار بۆ ئاوەڵناو | ١٦٤ |
| ٣/٢-١-٧) گۆڕینی ئاوەڵکار بۆ ناو | ١٦٤ – ١٦٥ |
| ٣/٢-١-٨) گۆڕینی ئامراز بۆ ناو | ١٦٥ |
| ٣/٢-٢) گۆڕینی پۆل لە زمانی فارسیدا | ١٦٥ |
| ٣/٢-٢-١) گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو | ١٦٦ – ١٦٧ |
| ٣/٢-٢-٢) گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو | ١٦٧ – ١٦٩ |
| ٣/٢-٢-٣) گۆڕینی کار بۆ ناو | ١٦٩ – ١٧٠ |
| ٣/٢-٢-٤) گۆڕینی ناو بۆ کار | ١٧٠ |
| ٣/٢-٢-٥) گۆڕینی کار بۆ ئاوەڵناو | ١٧٠ |
| ٣/٢-٢-٦) گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار | ١٧١ |
| ٣/٣) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی داهێنان | ١٧٢ – ١٧٤ |
| ٣/٤) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی تێکەڵکردن | ١٧٥ – ١٧٧ |
| ٣/٥) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی بڕین | ١٧٨ – ١٨١ |
| ٣/٦) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی سەروشە | ١٨١ – ١٨٥ |
| ٣/٧) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی تاکپیتی | ١٨٥ – ١٨٨ |
| ئەنجام | ١٨٩ – ١٩١ |
| سەرچاوەکان | ١٩٢ – ٢٠٢ |
| ملخص الرسالة | ٢٠٣ |
| ABSTRACT | ٢٠٤ – ٢٠٥ |
| بەرگ/ بە زمانی عەرەبی | ٢٠٦ |
| بەرگ/ بە زمانی ئینگلیزی | ٢٠٧ |

## پێشەکی

### ٠-١) ناونیشان و بواری توێژینەوەکە

ناونیشـــانی ئەم توێژینەوەیە (بەراوردی پرۆســـە مۆرفۆلۆژییەکان لەنێوان زمانی کوردی و فارســـیدا(لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە))وەیە؛ هەوڵێکە بۆ دەرخســـتنی چۆنیەتی لێکدانەوەی پرۆســـە مۆرفۆلۆژییەکان بۆ دروســـتکردنی وشـــە لە زمانی کوردی و فارســـیدا لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە.

### ٠-٢) سنوری توێژینەوەکە

سنوری ئەم توێژینەوەیە، کە لە چوارچێوەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستانداردایە، دەچێتە بواری بەراوردی مۆرفۆلۆژییەوە. واتە پەیوەستکراوە بە ئەرکی وشەدروستکردن لە چوارچێوەی ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، کە چەند پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی لەخۆدەگرێـت، واتە ئێمە نـاچینە نـاو چوارچێوەی ئەرکی دووەمی مۆرفۆلۆژی، کە ئەرکی گەردانییە.

### ٠-٣) کەرەستەی توێژینەوەکە

کەرەستەی توێژینەوەکە نمونەی قسەپێکەرانی زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست و زمانی فارسی ستانداردە، بەڵام بۆ دڵنیابونەوە لە وشەکان هەمو ئەو نمونانەی، کە وەرگیراون لە زمانی کوردیدا، فەرهەنگی ئەلیکترۆنی (ڤەژینلێکس) (https://lex.vejin.net) کراوەتە بنەما. هەمو ئەو نمونانەی، کە وەرگیراون لە زمانی فارسیشدا فەرهەنگی ئەلیکترۆنی (واژەیاب) (https://vajehyab.com) کراوەتە بنەما. پێویستە ئاماژە بەمەش بدەین، کەوا هەڵبژاردنی وشەکان لەنێو ئەم فەرهەنگانەدا مەبەستدارانە بووە، واتە هەڕەمەکی نەبووە، واتە بەدوای ئەو نمونانەدا گەڕاوین کە مەبەستەکەمان دەپێکێت..

### ٠-٤) ڕێبازی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا (ڕێبـازی وەســـفیی بەراوردکـارییـانە) بەکـارهێنراوە، لە چوارچێوەی تیۆرێکی دیـاریکراوی مۆرفۆلۆژیـدا، کە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبنـاغەیە. بە مەبەســـتی نیشاندانی ڕووە لێکچو و جیاوازەکانی هەردو زمانەکە.

## ٥-٠) هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لە لێکدانەوەی پرۆسـه مۆرفۆلۆژییەکاندا پێگەی تایبەتی هەیە، لەم ڕێگەیەوە دەمانەوێت پەیوەندی ئەم دو زمانە لە شیکردنەوەی پرۆسـه مۆرفۆلۆژییەکانیان دیاریبکەین.

بێگومان پرۆسـه مۆرفۆلۆژییەکان لە هەردو زماندا زۆر جێگەی بایەخن و توێژینەوەی زۆریان لەبارەوە کراوە، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەوەندەی ئێمە زانیاریمان هەبێت، ئەم بابەتە نەبۆتە سـەر باسـی هیچ کام لەم توێژینەوانەی کە لە بواری مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و فارسـیدا ئەنجامدراون، لە هەردو زماندا پرۆسـه مۆرفۆلۆژییەکان جێگە و بایەخێکی گرنگیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا هەیە و وشـەی زۆر لەم ڕێگایانەوە دروسـتدەبێت، لەم توێژینەوەیەدا تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لێکدانەوەی تایبەت بۆ پرۆسـەکانی مۆرفۆلۆژی دەکات. هەروەها نیشـاندان و تیشـکخسـتنەسـەر چۆنیەتی ڕیزبونی مۆرفیمەکان لە پەیوەندی ئاسـۆییدا لە هەردو زمانی کوردی و فارسـیدا، هۆکاری سـەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بو.

## ٦-٠) گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کەوا ئاشـنامان دەکات بە تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی هەریەک لەم دو زمانە و بۆمان دەردەکەوێت، کە چۆن مۆرفیمەکان لە وشـەکانی هەریەک لەم زمانانەدا بەتەکیەکەوە ڕیزبون. ئامانجی سـەرەکی خسـتنەڕوی پرۆسـه مۆرفۆلۆژییەکانە لە لێکدانەوەی وشـەکانی زمانی کوردی و فارسـی لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا، لەوەی کەوا چۆن مۆرفیمەکان بەتەک یەکترەوە ڕیزدەبن بۆ دروسـتکردنی وشـەکان. دواتر خسـتەڕوی ئەم لێکچون و جیاوازییانەی کە لەنێوان ئەم دو زمانەدا هەیە، لە چوارچێوەی ئەو پرۆسە مۆرفۆلۆژییانەی، کە باسکراون.

## ٧-٠) گرفت و پرسیاری توێژینەوەکە

گرفتی توێژینەوەکە لەوەدایە، کەوا زمانی کوردی و فارسـی لە ڕوی تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژییەوە ناچنە چوارچێوەی جۆرێکی زمانی دیاریکراوەوە، چونکە تیۆری مۆرفۆلۆژیی

مۆرفیمبناغە زیاتر لەگەڵ ئەو زمانانەدا گونجاوە کەوا تایبەتمەندی زمانە لکاو و تێکچڕژاوەکان لەخۆدەگرن، بۆیە دەمانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی توێژینەوەکەمان بدەینەوە، کە ئایا تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە چۆن پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردی و فارسیدا لێکدەداتەوە؟ ئایا لە چوارچێوەی ئەم تیۆرە هاتنی مۆرفیمەکان و ڕیزبونیان لە پڕۆسەکانی دارشتن، لێکدان، لێکدراویداڕێژراو، دوبارەبونەوە، گۆڕین، داهێنان، تێکەڵکردن، بڕین، سەروشە و تاکپیتیدا لەنێوان زمانی کوردی و فارسیدا چۆنە؟ ئەگەر جیاوازن، جیاوازییەکان چین؟ ئەگەر لەیەکتری دەچن، لێکچونەکان چین؟

## ٠-٨) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم**: بە ناونیشانی (چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە)یە، چەند باسێکی تیۆری تێدا خراوەتەڕو، کە ئەوانیش بریتین لە: پۆلی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و فارسی، تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لەگەڵ گرنگیی ئەم تیۆرە، دواتر پەیوەندی ئەم تیۆرە بە بیری مۆرفیم و ڕۆنانی ناوەوەی وشە و پەیوەندی ئاسۆیی باسکراوە، هەروەها پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە زمانی کوردی و فارسیدا خراوەتەڕو لەگەڵ مۆرفیم و ڕستەسازیی وشە پەیوەست بەم تیۆرە و مۆدێلەکانی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە.

**بەشی دووەم**: بە ناونیشانی (دارشتن، لێکدان و لێکدراویداڕێژراو لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لە زمانی کوردی و فارسیدا)یە، چەند باسێکی تێدا خراوەتەڕو، کە ئەوانیش بریتین لە: پڕۆسەی مۆرفۆلۆژیی دارشتن، لێکدانەوەی پڕۆسەی دارشتن لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لە زمانی کوردی و فارسیدا، دارشتنی هەرەمی و ناهەرەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، دارشتنی پۆلگۆڕ و پۆلنەگۆڕ لە زمانی کوردی و فارسیدا، پڕۆسەی مۆرفۆلۆژیی لێکدان، پێوەرەکانی پۆلێنکردن بۆ وشەی لێکدراوەکان، جۆرەکانی وشەی لێکدراو، پۆلێنکردنی وشەی لێکدراو لە ڕوی ڕوخسار و شێوەی دروستبونیان، پۆلێنکردنی وشەی لێکدراو لە ڕوی ڕوخسارەوە لە زمانی کوردیدا، پۆلێنکردنی وشەی لێکدراو لە ڕوی ڕوخسارەوە لە زمانی فارسیدا، لێکدراوی هەرەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، لێکدراوی ناهەرەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، پۆلێنکردنی وشە لێکدراوەکان بەپێی بەشە پێکهێنەرەکانی، پۆلێنکردنی واتاییی وشە لێکدراوەکان، پڕۆسەی مۆرفۆلۆژیی لێکدراویداڕێژراو، لێکدراویداڕێژراوی هەرەمی و ناهەرەمی، لێکدراویداڕێژراوی هەرەمی لە زمانی کوردیدا،

لێکدراویداڕێژراوی هەڕەمی لە زمانی فارسـیدا، لێکدراویداڕێژراوی ناهەڕەمی لە زمانی کوردیدا و لێکدراویداڕێژراوی ناهەڕەمی لە زمانی فارسیدا.

لەم بەشەدا لە چوارچێوەی ئەم پڕۆسە مۆڕفۆلۆژییە دیارانەدا بەراوردی هەردو زمانەکە لە ڕوانگەی تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبنـاغەوە کراوە و خـاڵە هـاوبەش و جیـاوازەکـانیش خراونەتەڕو.

**بەشی سێیەم**: بە ناونیشانی (هەندێکی تر لە پڕۆسە مۆڕفۆلۆژییەکان لە چوارچێوەی تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە لە زمانی کوردی و فارسیدا)یە، چەند باسێکی تێدا خراوەتەڕو، کە ئەوانیش بریتین لە: پڕۆسەی مۆڕفۆلۆژیی دوبارەبونەوە، دوبارەبونەوەی تەواو لە زمانی کوردی و فارسیدا، دوبارەبونەوەی تەواوی زیادنەکراو، دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراو، دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی نێوانی، دوبارەکردنەوەی تەواوی زیادکراوی کۆتایی، دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی هەڕەمی لە زمانی کوردیدا، دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی هەڕەمی لە زمانی فارسیدا، دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی ناهەڕەمی لە زمانی کوردیدا، دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی ناهەڕەمی لە زمانی فارسیدا، دوبارەبونەوەی ناتەواو لە زمانی کوردی و فارسیدا، دوبارەبونەوەی ناتەواوی پێشگری، دوبارەبونەوەی ناتەواوی پاشگری، دوبارەبونەوەی دەنگدانەوەیی لە زمانی کوردی و فارسیدا، پڕۆسەی مۆڕفۆلۆژیی گۆڕین، گۆڕینی پۆل لە زمانی کوردیدا، گۆڕینی پۆل لە زمانی فارسیدا، پڕۆسەی مۆڕفۆلۆژیی داهێنان، پڕۆسەی مۆڕفۆلۆژیی تێکەڵکردن، پڕۆسەی مۆڕفۆلۆژیی بڕین، پڕۆسەی مۆڕفۆلۆژیی سەروشە، پڕۆسەی مۆڕفۆلۆژیی تاکپیتی.

لەم بەشـــەشـــدا لە چوارچێوەی ئەم پڕۆســـە مۆڕفۆلۆژییە گشـــتییانەدا بەراوردی هەردو زمانەکە کراوە لە ڕوانگەی تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغەوە و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیش خراونەتەڕو.

# سوپاسنامە

## ڕێز و سوپاسی بێپایانم بۆ:

- سەرپەرشتانی بەڕێز (پ.ی.د. شێروان حسێن حەمەد) و (پ.ی.د. یادگار کەریمی) بە دڵسۆزانە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەیان گرتە ئەستۆ و لە تەواوکردنی نامەکەدا ڕێنوێنییانکردم.
- سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە، فاکەڵتیی پەروەردە و سەرۆکایەتیی بەشی زمانی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساندم.
- مامۆستا خۆشەویستەکانم لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا، کە وانەیان پێگوتوم و هەمیشە بۆ گەیشتن بەم قۆناغ و پلە زانستییە پاڵپشت و ڕێنیشاندەرم بون.
- دایکی خۆشەویستم (شەمام حەمەد ئەحمەد) و باوکی خۆشەویستم (سابیر حەمەد نەجیم) کە هۆکاری گەیشتنمن بەم پلە زانستییە.
- هاوژین و هاوڕێی خۆشەویستم (ساوێن حەمەدەمین حەمەدمستەفا) کە کاتی خۆی لەگەڵدا بەشکردم.
- خوشک و براکانم (تەنیا، نەورۆز، ئاوارە، نسار، نیگار، بەناز، بەسۆز و ڕێنوار) کە هەمیشە هاندەر و پاڵپشتم بون.
- هەمو ئەو هاوڕێ و ئازیزانەی، کەوا لە بەرەوپێشبردنی ئەم کارە زانستییەدا یارمەتییان داوم.

## پوختەی توێژینەوەکە

تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە پەیوەستە بە ڕێبازی لێکدانی مۆرفیمەکان، بەو واتایەی وشەی ناسادە وەکو زنجیرەیەک مۆرفیم دێتەبەرچاو، کە خراونەتە پاڵ یەکترییەوە. لەبەرئەوە لەم تیۆرەدا دەتوانرێت مۆرفۆلۆژی وەکو ڕستەسازیی مۆرفیمەکان بناسێنرێت. واتە هەمان ئەو ڕێزمانەی کە لە بواری ڕستەسازیدا باڵادەستە و ڕۆڵی لە ڕیزکردن و لێکدانی کەرەسەکانی ڕستەدا هەیە، لە ئاست و ڕوکاریی وشەشدا هەمان ئەو ڕێزمانە بون و ڕۆڵی لە لێکدانی مۆرفیمەکاندا هەیە.

لەم تیۆرەدا، یەکەی سەرەکی شیکاری مۆرفۆلۆژی مۆرفیمە، کە یەکەیەکە لە وشە یان بچوکتر لە وشە پێکدێت. گیرەکەکان هاوشێوەی مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی لە فەرهەنگی زمانەکەدا دەبنە خاوەنی دەروازەیەکی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیان. لەم تیۆرەدا یاساکانی وشەدروستکردن کار لەسەر زنجیرە مۆرفیمییەکان دەکەن و چۆنیەتی پێکهێنانی یەکە فەرهەنگییەکان دیاریدەکەن. جگە لەوەش، بەپێی ئەم بۆچونە لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیدا، تێکردە، مۆرفیمەکان دەگرێتەوە و دەرکردەش وشەی تەواو لەخۆدەگرێت. ئەم بۆچون و تیۆرە بۆ ئەو زمانانە گونجاوە کە لەنێوان ئەو مۆرفیمانەی کە وشەکانیان پێکدەهێنن سنورێکی ڕونیان هەیە و تایبەتمەندی ئاوێتەبونی مۆرفیمەکان تێیاندا یان نابینرێت، یان زۆر کەم دەبینرێت.

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە (بەراوردی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لەنێوان زمانی کوردی و فارسیدا (لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە))وە. مەبەستی سەرەکی خستنەڕوی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانە لە لێکدانەوەی وشەکانی زمانی کوردی و فارسی لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە، لەوەی کەوا چۆن مۆرفیمەکان بەتەک یەکترەوە دێن، بۆ دروستکردنی وشەکان. دواتر خستەڕوی ئەم لێکچون و جیاوازییانەی کە لەنێوان ئەم دو زمانەدا هەیە، لە چوارچێوەی ئەو پرۆسە مۆرفۆلۆژییانەی کە باسکراون.

توێژینەوەکەی ئێمە، پەیوەستکراوە بە ئەرکی وشەدروستکردن لە چوارچێوەی ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، کە ئەمەش چەند پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی لەخۆدەگرێ، کە بریتین لە (داڕشتن، لێکدان، لێکدراویداڕێژراو، دوبارەبونەوە، گۆڕین، داهێنان، تێکەڵکردن، بڕین، سەروشە و تاکپیتی)، واتە ئێمە ناچینە ناو چوارچێوەی ئەرکی دووەمی مۆرفۆلۆژی، کە ئەرکی گەردانییە. لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە (ڕێبازی وەسفیی بەراوردکارییانە) بەستووە، بە مەبەستی نیشاندانی

ڕووە لێکچو و جیاوازەکانی هەردو زمانەکە، هەروەها لە چوارچێوەی تیۆریشدا پشت بە تیۆرێکی بواری مۆرفۆلۆژی بەستراوە، کە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەیە.

لە ئەنجامی توێژینەوە لە پرۆسـه مۆرفۆلۆژییەکان لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە گەیشـتینە ئەوەی کەوا زمـانی فـارسـی و کوردی لە ڕوی تـایبەتمەنـدیی مۆرفۆلۆژییەوە لیێکنزیکییـان هەیە و ڕیزبونی کەرەسـتەکانیان تاوەکو ڕادەیەکی زۆر لەیەکتری دەچێت و تایبەتمەندیی زمانە لکاو و تێکچڕژاوەکانیـان زیاتر تێدا دەبینرێت و بۆیە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبنـاغە لەگەڵ هەردو زمانەکەدا دەگونجێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کەوا بەتەواوی لەیەکتربچن، بەڵکو لە هەندێک شوێندا جیاوازی لە ڕیزبونی کەرەستەکان لەنێوان هەردو زمانەکەدا دەبینرێت.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

## ١/١) پۆلی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و فارسی:

زمانەکان لە ڕوانگەی جیاوازەوە پۆلێنکراون، 'کە ئەم هەوڵە بە یەکێک لە دەستکەوتەکانی زمانەوانیی بەراوردکاری دادەنرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەو پۆلینەیە، کە لەسەر بنەمای ڕەوشی مۆرفیم بنیاتنراوە. بە جۆرێک ژمارەی مۆرفیم و چۆنیەتی پێکەوەهاتنیان بە کرۆکی تایپۆلۆژیی زمانەکان دادەنرێت' (ناوخۆش، ٢٠٠٩: ٦٦).

لە زمانەوانی هاوچەرخدا، بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە بەسەر پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی زمانەکاندا هاتووە، 'بۆ پۆلێنکردنی زمانەکانی جیهان بنەمای نوێیان خستۆتە بەردەست و لە ئەنجامی ئەو بنەما نوێیەدا، زمانەکانی جیهانیان بەپێی تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژییان، بۆ پێنج جۆر زمان دابەشکردووە' (Katamba: 1993: 56)، کە بریتین لە:

١- زمانە دابڕاوەکان/شیکراوەکان

٢- زمانە لکاوەکان

٣- زمانە گەردانییەکان/لێکدراوەکان

٤- زمانە تێکچڕژاوەکان

٥- زمانە ناوگرییەکان.

بۆ ئەوەی بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکان، لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە بزانین زمانی کوردی و فارسی لە چ پۆلە زمانێکدا دەبن، دەبێت تایبەتمەندیی ئەو پۆلە زمانانە بزانین[١].

[١] بۆ زانیاری دەربارەی تایبەتمەندیی ئەو پۆلە زمانانە بڕوانە: (قادر، ٢٠٠٣: ٥ – ٦؛ فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٨٨ – ٩١؛ ئەمین، ٢٠١١: ١٥٣؛ خدر، ٢٠١٠: ٢١ – ٢٨).

## ١-١/١) پۆلی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی

لەم ڕوانگەیەوە زمانی کوردی بەشێوەیەکی ڕەها پەیڕەوی یەکێک لەم جۆرە زمانانە ناکات، 'بەڵکو ڕەوشتی مۆرفیمەکانی سیما و تایبەتمەندییەکانی تەنیا یەک جۆر زمان لەخۆناگرن' (حسین، ٢٠٢٢: ٤١). واتە سیمای پۆلی جیاجیای تێدا دەردەکەوێت. زمانی کوردی سیمای زمانی دابڕاوی هەیە، چونکە وشە سادەکانی لە مۆرفیمێک پێکهاتون. وەک [دار، خوێ، زستان و ...تا.د]. بەڵام لە ڕاستیدا لەگەڵ بنەماکانی ئەو جۆرە زمانانە یەکناگرێتەوە، چونکە ئەم وشانەش دەکرێت گیرەک وەربگرن، وەک [دارەوان، خوێدان، زستانێ و ...تا.د]. بەپێی ئەمە تەنیا "ئامرازەکان (بەڵام، چونکە، ...هتد) نمونەی وشەی زمانی دابڕاون"(شوانی، ب ٢٠٠٨: ٩٢)، چونکە "هەرگیز ڕێگەنادەن هیچ مۆرفیمێکی تریان پێوەبلکێ"(ئەمین، ٢٠٠٧: ٣١٤).

'زمانی کوردی تایبەتمەندی زمانی لکاو و زمانی تێکچڕژاو هەڵدەگرێت، بۆ نمونە لە وشەی [دەتانبینمەوە]دا، دەبینین ئەم وشەیە چەند مۆرفیمێکە، کە ژمارەی مۆرفیم بۆ مۆرفەکان لە هەمان وشەدا یەکسان دەبن و لە ئەنجامی ڕیزبونی زنجیرەیی یەک لە دوای یەکی مۆرفیمەکان دروستبووە و بەئاسانی سنوری مۆرفیمەکان جیادەکرێتەوە' (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٨٩ – ٩٠):

١) [دەتانبینمەوە] لە پێکەوەلکاندنی مۆرفیمەکانی(دە + تان + بین + م + ەوە) دروستبووە.

کە ئەمە تایبەتمەندییەکی زمانە لکاوەکانە، 'واتە بەزۆری وشەکانی فەرهەنگی زمانی کوردی لکاون و لە چەند مۆرفیم و یەکەی زمانی پێکەوەلکاو پێکهاتون' (شوانی، ٢٠١٤: ١٩٧ – ١٩٨). یان وشەکانی ئەم جۆرە زمانە پێشگر و پاشگر وەردەگرن و دەخرێتە سەر ڕەگ و دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا(مەلازادەیی، ٢٠١٣: ٢٨).

لە هەمان کاتدا ئەگەر سەیری وشەی [دانیشن] بکەین، دەبینین وشەیەکی درێژ و ناسادەیە، کەوا لە چەند مۆرفیمێک پێکدێن و دەچنەپاڵیەک و پێکەوە وشەیەک دروستدەکەن لە شێوەی ڕستەدا، واتە مۆرفیمەکان پارێزگاری لە سەربەخۆی فۆنەتیکی خۆیان ناکەن و کاریگەرییان بەسەریەکەوە دەبێت و ژمارەی مۆرفیم و مۆرفەکان بەرانبەر بە یەک ناوەستێت، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی زمانە تێکچڕژاوەکانە(فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٩٠).

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢) | دا | ∅ | نیش | ∅ | ن |
| | گیرەکی فەرهەنگی | م.فەرمانی | م.ڕەگ | م.کات | م.کەس |

یان ئەگەر سەیری وشەی [ڕامانەگرتبویت] بکەین، ئەمە داڕشتەیەکە و لە کۆمەڵێک مۆڕفیم (ڕا + مان + نە + گر + ت + بو + یت) پێکهاتووە و لە هەمان کاتیشدا ڕستەیەکە کە بە واتای (ئێمە تۆمان ڕانەگرتبو.) دێت. ' کەوا ژمارەی مۆڕفیمەکانی زۆرن و دەبێتە ڕستەیەکی تەواو، کەچی لە قاڵبی وشەیەکدا داڕێژراوە' (ئەمین، ٢٠١١: ١٥٣).

کە دەکرێت بگوترێت ئەم تایبەتمەندی تێکچڕژاوییە بەزۆری "لە وشە مۆڕفۆسینتاکسییەکاندا دەردەکەوێت، کە ڕستەیەکی تەواو لە قاڵبی وشەیەکدا دادەڕێژرێت"(ئەمین، ٢٠٠٧: ٣١٥)، هەروەها ئەوەش دەگوترێت کەوا "زمانەوانەکان بەپێی زۆرینەی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی، زمانی کوردییان بە زمانێکی لکاو داناوە، ئەگەرچی گشت تایبەتیمەندییەکانی ئەو پۆلەی چ لەڕوی وشەسازییەوە چ لەڕوی ڕستەسازییەوە تێدا پەیڕەوناکرێت"(قادر، ٢٠٠٣: ١١).

هیچ زمانێک بەتەواوی وشەکانی بەر جۆرێک لەم زمانانە ناکەوێت. بۆ نمونە زمانی کوردیش هەمو تایبەتییەکانی پۆلی زمانە لکاوەکان لەخۆناگرێت، 'چونکە مۆڕفیمەکانی ئەم جۆرە زمانە شێوەی مۆڕفیمەکانی لەناو وشەدا دەپارێزێت. هاوکات زمانی کوردی کرتان و زیادکردنی دەنگ و گۆڕانی دەنگی بەسەردا دێت و وشەی هەیە سەربەخۆن وەک [چونکە، بەڵام، هێشتا، تا و ...تاد]، بۆیە بەتەواوەتی هەمو تایبەتییەکانی ئەم جۆرە پۆلە لەخۆناگرێت' (هەمان سەرچاوە: ٥ – ٦).

کەواتە بەپێی تایبەتمەندییە مۆڕفۆلۆژییەکان بێت، هیچ زمانێک لە جیهاندا نییە، کە بەتەواوی بەر یەک لەم پۆل و جۆرە زمانانە بکەوێت. واتە لە هەمو زمانێکدا جۆرە وشەیەک دەستنیشاندەکرێت، بەڵام جۆرێکیان لەوانی تر زیاتر دەبێت. "بۆیە زمانی کوردیش بەپێی تایبەتمەندییە مۆڕفۆلۆژییەکان بە شێوەیەکی گشتی نیشانەکانی جۆری زمانە لکاوەکان نیشاندەدات، چونکە نوسەکەکان جیا یان بەلکاوی لەگەڵ کەرەسەکانی دیکەدا، کە ڕستە دروستدەکەن، بۆ ڕونکردنەوەی پێکهاتەی ڕستە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن"(مەحویی، ٢٠١١: ٨ – ١٥). وەک:

٣) ا- ئێوە گوڵەکەتان لە ئێمە وەرگرت.

ب- لە ئێمەتان وەرگرت.

پ- لێتان وەرگرتین.

زمانی کوردی لە ڕوی دیاردە مۆرفۆلۆژییەکان و ڕەفتاری وشە و مۆرفیمەکان، بەسەر چەند پۆلێکدا دابەشدەبێت، هەربۆیە دەچێتە خانەی زمانە تێکچرژاوەکانەوە، کە تێیدا تایبەتمەندی مۆرفۆلۆژیی زمانە دابڕاوەکان و زمانە لکاوەکان لەخۆدەگرن، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، 'واتە ڕێژەی دابڕاو و لکاوی دەگۆڕێت، کەوا زمانی کوردی ڕادەی لکاوی زیاترە وەک لە لایەنی دابڕاوی' (عەبدوڵڵا، ٢٠١٥: ٤٥). کە لە وشە ئاساییەکاندا تاڕادەیەک دابڕاون و لە پێکهاتەی کاریشدا تێکچرژاون، 'بۆیە لە دارشتنی کەتیگۆرییەکاندا مامەڵە لەگەڵ ڕەگدا دەکرێت تا چەمکی وشە، چونکە هەمو پێکهاتەکە وەک ڕۆنان لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیدا دەکرێت بەر چەمکی وشە بکەوێت، جا ڕەگەکە ئازاد بێت یان بەند' (یونس، ٢٠١٣: ٢٧)، هەر بۆیە زمانی کوردی دەچێتە خانەی ئەو زمانانەوە، کەوا پڕاوپڕ بەر پۆلێکی پاراوی زمانێک ناکەون، بەڵکو چەند پۆلێکی زمانی لەخۆدەگرێت.

## ٢-١/١) پۆلی مۆرفۆلۆژیی زمانی فارسی

زمانی فارسی بە هۆکاری ئەوەی کەوا زمانێکی "هیندۆئەوروپایی"یە و لەم خانەوادەش پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان زیاتر لە ڕێگەی "لێکدان"ەوە ئەنجامدەدرێن، بۆیە لە پۆلی زمانە لێکدراوەکان دادەنرێت(بابگهری و بصیری، ١٣٩٧:  ٦٩ – ٧٠). کە "مەبەست لە لێکدراوی ئەمەیە کە دەتوانن لە ڕێگای لێکدانی وشەکانی زمان لەگەڵ یەکتری... بۆ دەربڕینی واتا و چەمکی نوێ سودوەرگرن و بەم شێوەیە هەزاران وشەی تازە، بە واتای تازە دروستبکەن"(مقربی، ١٣٧٢: ٦).

هەروەها ئەوەش دەگوترێت، 'زمانی فارسی لەگەڵ ئەوەی زیاتر تایبەتمەندی زمانە لکاوەکانی تێدا دەبینرێت، بەڵام تایبەتمەندی زمانە لێکدراوەکانیشی تێدایە. بۆ نمونە وشەی (مردانگی‌هائی)(mard – ane – gi – ha – ?i) لە زمانی فارسی نوێنەرایەتی تایبەتمەندی لکاوی بونی ئەم زمانەیە، لە کاتێکدا "جێناو" چەمکی کەس و ژمارە، واتە هەردوکیان بەیەکەوە لەخۆدەگرێت، کە لەیەکتر جیاناکرێنەوە' (کلباسی، ١٣٨٧: ٢٧). یان ئەگەر سەیری وشەی [برنمی‌گرداندم] بکەین ، دەبینین لە پێکەوەلکانی مۆرفیمەکانی (بر + نـ + می + گرد + انـ + د + م) دروستبووە، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی زمانە لکاوەکانە و زۆربەی وشەکانی زمانی فارسی بەشێوەی لکاو بەرهەمدەهێنرێن، واتە پەیوەست بە ڕونی سنوری نێوان مۆرفیمەکان یان ڕێگاکانی بەستنەوەی مۆرفیمەکانەوە بەیەکترەوە، زمانی فارسی زیاتر بەرەو زمانە لکاوەکان دەچێت، واتە بە گوتنی ئەوەی لە زمانی فارسیدا وشەیەکی زۆر هەن کە بەم شێوەی خوارەوە دروستدەکرێن،

دەتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، 'کەوا لە مۆرفۆلۆژیی زمانی فارسیدا، ڕێگاکانی بەستنەوەی مۆرفیمەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پەیڕەوی لە زمانە لکاوەکان دەکەن' (مجیدی و فراشاه، ١٣٩٩: ١٦٢ – ١٦٣، ١٦٧).

٤) [پژوهشگرانشان] لە پێکەوەلکاندنی مۆرفیمەکانی(پژوه + ش + گر + ان + شان) دروستبووە.

٥) [قیمتگذاری] لە پێکەوەلکاندنی مۆرفیمەکانی(قیمت + گذار + ی) دروستبووە.

زمانی فارسی تایبەتمەندی زمانە تێکچڕژاوەکانیشی تێدا دەبینرێت(محەمەد، ٢٠١٦: ٦). ئەگەر سەیری وشەی [دیدمشان] بکەین لە زمانی فارسیدا، کە وشەیەکە و لە کۆمەڵێک مۆرفیم (دید + م + شان) پێکهاتووە و لە هەمان کاتیشدا ڕستەیەکە کە بە واتای (من آنها را دیدم.) دێت. کەوا ژمارەی مۆرفیمەکانی زۆرن و دەبێتە ڕستەیەکی تەواو، کەچی لە قاڵبی وشەیەکدا داڕێژراوە(ئەمین، ٢٠١١: ١٥٣).

هیچ زمانێک بەتەواوی وشەکانی بەر جۆرێک لەم زمانانە ناکەوێت. بۆ نمونە زمانی فارسیش هەمو تایبەتییەکانی پۆلی زمانە تێکچڕژاوەکان لەخۆناگرێت، چونکە مۆرفیمەکانی ئەم جۆرە زمانە شێوەی مۆرفیمەکانی لەناو وشەدا دەپارێزێت. هاوکات زمانی فارسی گۆڕانەکانی وەکو زیادکردنی دەنگ و گۆڕانی دەنگی بەسەردا دێت و وشەی هەیە سەربەخۆیە. وەکو [اگر، ولی، چرا، زیرا و ...]، بۆ نمونە لە کاتی زیادکردنی نیشانەی کۆ بۆ سەر ناوێک کە بە دەنگی (ا، و) کۆتایی هاتبێت، ئەوا دەنگی (ی) لەنێوانیان زیاد دەبێت. وەک [سخنگو + ان = سخنگویان](محەمەد، ٢٠١٦: ١٠ – ١١).

جگە لە تایبەتمەندی زمانی لکاوی و لێکدراوی و تێکچڕژاوی، 'زمانی فارسی تایبەتمەندیی زمانی دابڕاویشی تێدایە، چونکە گۆڕینی شوێنی وشە لە ڕستەدا واتای ڕستەکە دەگۆڕێت' (حمەآغا، ٢٠٠٩: ٥)، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کەوا گۆڕینی شوێنی وشە بۆ هەمو ڕستەیەک ڕاست نییە. تەنها بۆ ئەوانە ڕاستە کە ڕیزکردنی ئازاد ڕێگەیان پێدەدا. وەکو:

٦) ا- مریم مرجان را زد. (مریەم لە مەرجانی دا.)

ب- مرجان مریم را زد. (مەرجان لە مریەمی دا.)

هەندێک لە وشەکانی ئەم زمانە لە یەک مۆرفیم پێکهاتون و تایبەتمەندی زمانی دابڕاو بە زمانی فارسی دەبەخشن. وەک وشەکانی [سیب، آب، آهن، پنجره و ...تا.د].

کەواتە بەپێی تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکان بێت، هیچ زمانێک لە جیهاندا نییە، کە بەتەواوی بەر یەک لەم پۆل و جۆرە زمانانە بکەوێت. واتە لە هەمو زمانێکدا جۆرە وشەیەک دەستنیشاندەکرێت، بەڵام جۆرێکیان لەوانیتر زیاتر دەبێت. بۆیە زمانی فارسیش بەپێی تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکان بە شێوەیەکی گشتی پەیرەوی چەند جۆرێک لە زمانەکان دەکات. 'هەر بۆیە زمانی فارسی دەچێتە خانەی ئەو زمانانەوە، کەوا پڕاوپڕ بەر پۆلێکی پاراوی زمانێک ناکەون، بەڵکو پۆلی مۆرفۆلۆژیی چەند زمانێک لەخۆدەگرن، بە واتای ئەوەی لە ڕوی دیاردە مۆرفۆلۆژییەکان و ڕەفتاری وشە و مۆرفیمەکان بەسەر چەند زمانێکدا دابەشدەبن' (مجیدی و فراشاه، ١٣٩٩: ١٦٤)، بەواتا زمانی فارسی دەچێتە خانەی زمانە لکاو و لێکدراو و شیکراوە و ناوگری و دابڕاوەکانەوە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، کە ڕێژەی هەبونی تایبەتمەندیی زمانە شیکراوەکان و تایبەتمەندی زمانە لکاوەکانی لە هەمو جۆرەکانی تر زیاتر تێدا دەبینرێت(شریفی و اخلاقی، ١٣٩٢: ٩؛ مجیدی و فراشاه، ١٣٩٩: ١٦٦)، بەم چەشنە پۆلی مۆرفۆلۆژیی زمانی فارسی بە زمانێکی شیکراوەیی لکاو دادەنرێت(مجیدی و فراشاه، ١٣٩٩: ١٦٨).

زمانی کوردی و زمانی فارسی سەر بە خێزانە زمانی هیندۆئەوروپین لە کۆمەڵەی هیندۆئارییەکان لە گروپی زمانە ئێرانییەکانن، بەواتا لە یەک ڕەگی هاوبەشەوە هاتون، لە گەشەکردنی مێژویی زمانە ئێرانییەکاندا ئەم دو زمانە ژمارەیەکی زۆر وشەی هاوبەشیان هەیە و تا ئێستاش ئەم هاوبەشییە ماوەتەوە، جا بە گۆڕانێکی کەمەکی یان هەمەکییەوە بێت. 'هۆکاری ئەم لێکچونەش جگە لە هاوڕیشەیی و هاوبەشیی مێژوی دەرکەوتنی هەردو زمانەکە، پەیوەستە بە لێکنزیکی و بەریەککەوتنی قسەکەرانی هەردو زمانەکە. ئەم لێکچونەش تەنها لایەنێک لە لایەنەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەمو ئاستە جیاوازەکانی زمان دەگرێتەوە' (حەمید، ٢٠١٥: ١٦٥)، بۆیە دەکرێت بگوترێت زمانی فارسی و کوردی لە ڕوی تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژییەوە لێیکنزیکییان هەیە و ڕێزبونی کەرەسەکانیان تاوەکو ڕادەیەکی زۆر لەیەکتری دەچێت و لە پۆلی مۆرفۆلۆژیشدا تایبەتمەندی و سیماکانیان لەیەکتری نزیکە.

## ٢/١) تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە

تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە "پەیوەستە بە ڕێبازی لێکدانی مۆرفیمەکان(morpheme-combination approach)" (Haspelmath & Sims, 2010: 41). بەمپێیە مۆرفۆلۆژی بریتییە لە توێژینەوە لەسەر لێکدانی مۆرفیمەکان بۆ دروستبونی وشەکان. 'ئەم بۆچونەش وەکو

تیۆرێک لە بواری وشەسازیدا بڵاوبویەوە. واتە یاساکانی مۆڕفۆلۆژی بە یاسای خستنەتەکیەکی مۆڕفیمەکان دادەنرێن' (مەحویی، ٢٠١٠: ٦٦). بەو واتایەی 'وشەی ناسادە وەکو زنجیرەیەک مۆڕفیم دێتەبەرچاو کە خراونەتە پاڵ یەکتری، لەبەرئەوە لەم تیۆرەدا دەتوانرێت مۆڕفۆلۆژی وەکو سینتاکسی مۆڕفیمەکان بناسێنرێت' (Booij, 2009: 1).

لەم تیۆرەدا، یەکەی سەرەکی شیکاری مۆڕفۆلۆژی، مۆڕفیمە، کە یەکەیەکە لە وشە یان بچوکتر لە وشە پێکدێت. بەپێی ئەم بۆچونە وشەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیی قسەکەرانی زماندا بە شێوەی مۆڕفیمی هەڵدەگیرێن. بە بڕوای لایەنگرانی ئەم ڕێبازە، ئەمە بەو واتایەیە، کە 'یەکەم: پێویست ناکات قسەکەران یەک یەکی وشەکان لە ئاوەزدا هەڵبگرن و بیپارێزن؛ بۆیە ئەم شێوازە ئابوریترە و دووەم: بەو پێیەی لەوێدا وشەکان بەشێکی دوبارەیان هەیە، واتە هەمان یاسای مۆڕفۆلۆژییان هەیە، بۆیە هەڵگرتنی وشەکان بەشێوەی مۆڕفیمی دەبێتەهۆی لابردنی شتە ناپێویست و لاوەکییەکان لە فەرهەنگدا. لەم بۆچونەدا یاساکانی وشەدروستکردن بەراوردەکرێن بە یاساکانی ڕستەسازی، واتە هەروەک چۆن یاساکانی پێکهێنەری پێکهاتەیی کار لەسەر زنجیرە فەرهەنگییەکان دەکەن و چۆنیەتی پێکهێنانی یەکە گەورەکان دیاریدەکەن، لە مۆڕفۆلۆژیشدا یاساکانی وشەدروستکردن کار لەسەر زنجیرە مۆڕفیمییەکان دەکەن و چۆنیەتی پێکهێنانی یەکە فەرهەنگییەکان دیاریدەکەن. جگە لەوەش بەپێی ئەم بۆچونە لە پرۆسەکانی مۆڕفۆلۆژیدا، تێکردە، مۆڕفیمەکان دەگرێتەوە و دەرکردەش وشەی تەواو لەخۆدەگرێت' (شریفی، ١٣٩١: ٤٠٩ – ٤١٠).

لە تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغەدا، 'دروستبون و پێکهاتنی وشە لە ئەنجامی ڕێکوپێکی و بەیەکەوەهاتنی مۆڕفیمەکانەوە دێتە ئاراوە' (Booij, 2010: 1). بۆ نمونە "ئاشتیخوازی" لە ئەنجامی بەیەکەوەهاتنی مۆڕفیمەکانی "ئاشت" و "–ی" و "خواز" و "–ی" یەوە دروستبووە و پێکهاتووە. لە زمانی فارسیشدا وشەی "کارگزینی" لە ئەنجامی بەیەکەوەهاتنی مۆڕفیمەکانی "کار" و "گزین" و "–ی" یەوە پێکهاتووە. لەم تیۆرەدا گریمانەی ئەوە دەکرێت کە دەتوانرێت سنورێکی ڕون و دیاریکراو لە نێوان مۆڕفیمەکاندا لەبەرچاوبگیرێت و بۆ هەر واتایەکی زیادکراو، مۆڕفیمێکی جیاواز بونی دەبێت. 'کەواتە بەپێی تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە، پەیوەندییەکی یەکبەیەک لە نێوان مۆڕفیم و مۆڕف، کە دەرکەوتنی فیزیکی مۆڕفیمە، هەیە' (فرد، ١٣٨٥: ٢٢).

بنەمای تێگەیشتنی لایەنگرانی تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە کاتێک پەسندکراوە، کە ئێمە پێمان وایە دروستەی مۆڕفۆلۆژیی زمانەکانی جیهان بە جۆرێکە کە لەنێوان مۆڕفیم و مۆڕفەکاندا پەیوەندییەکی یەکبەیەک بونی هەیە. واتە لە بەرانبەر هەر مۆڕفیمێکدا مۆڕفێک و لە بەرامبەر هەر مۆڕفێک مۆڕفیمێک بونی هەیە. بۆیە ئەم بۆچون و تیۆرە بۆ ئەو زمانانە گونجاوە کە لەنێوان ئەو

مۆرفیمانەی کە وشەکانیان پێکدەهێنن سنورێکی ڕونیان هەیە و تایبەتمەندی ئاوێتەبونی مۆرفیمەکان تێیاندا یان نابینرێت یان زۆر کەم دەبینرێت. بۆ نمونە زمانە لکاو و تێکچڕاژاوەکان[٢] لەم جۆرە زمانانە هەژماردەکرێن، هەر چۆنێک بێت لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە لانیکەم دو هۆکاری باش بونیان هەیە بۆ ئەوەی ئێمە ئەم بۆچون و تیۆرە قبوڵ بکەین: یەکەم ئەوەیە کە بەستنەوەی مۆرفیمەکان بۆ دروستبونی وشە باوترین تیۆری دروستبونی وشەیە لە زمانەکانی جیهاندا. دووەم ئەوەیە کە بەپێی باوەڕبون بە لێکچونی کرداریی یاساکانی ڕستەسازی و مۆرفۆلۆژی لەم تیۆرەدا، دەکرێ وا گریمانە بکرێت کە مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی بە پێی بنەما باوەکان کە لەسەر تایبەتمەندییەکانی دروستەی ناوەوەی هەر زمانێک دامەزراون، بەشێوەیەکی چەندایەتی کار دەکەن و ئەمەش دەتوانێ پاساو بۆ هۆکاری یەکەم بهێنێتەوە: کە تیۆری زنجیرەیی لە زمانەکانی جیهاندا زۆر باون و زیاتر بەدیدەکرێن(Haspelmath & Sims, 2010: 44).

کەواتە لە تیۆرەکانی مۆرفۆلۆژی مۆرفیمبناغە، مۆرفیم بە ناونیشانی یەکەیەکی سەرەکی و بنچینەیی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژی و بنەمای پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان دێتە هەژمار و زیاتر ئەوە باوە کە لە پێکهاتەی وشەدا، مۆرفیمەکان لە تەک یەکتری ڕیزکراون و هەمان ئەو ڕێزمانەی کە لە بواری ڕستەسازیدا باڵادەستە و ڕۆڵی لە ڕێزکردن و لێکدانی کەرەسەکانی ڕستەدا هەیە، لە ئاست و ڕوکاریی وشەشدا هەمان ئەو ڕێزمانە بون و ڕۆڵی لە لێکدانی مۆرفیمەکاندا هەیە(هەمان سەرچاوە: 43).

'ئەم تیۆرە لەژێر ناونیشانی (دوای-بلۆمفیڵدی) و (تیۆری پێکهێنەر)یش ناودەبرێت و هۆکاری ئەم ناوبردنەش بۆ ئەم بیرکردنەوە دەگەڕێتەوە، کە لە تیۆری پێکهێنەردا فۆڕم و شێوەی وشەکانی ڕۆنانی سەرەوە لە یەکەکانی بچوکتر لە وشە دروستدەکرێن' (Blevins, 2006: 531). لە تیۆری نوێتری مۆرفیمبناغەدا دەتواندرێت باس لە ڕستەسازیی وشە(word syntax)بکرێت.

---

[٢] هەرچی ڕێژەی مۆرفیمی بە بەراورد بە وشە کەمتر بێت، ئەوا زمانەکەی کەمتر لە لێکدانی مۆرفیم بۆ سازکردنی وشە کەڵک وەردەگرێت. وەک (زمانی ڤێتنامی، چینی و تا ڕادەیەک ئینگلیزی) و هەرچی ڕێژەی مۆرفیمی بە بەراورد بە وشە زیادتر بێت، ئەوا زمانەکەی زۆرتر لە لێکدانی مۆرفیم بۆ سازکردنی وشە کەڵک وەردەگرێت، وەک (زمانی تورکی، لێزگی(lezgain) و سواحیلی) کە تێیاندا ڕێژەی مۆرفیم بە وشە زۆرە... بەپێی تایپۆلۆژی زمانی (typology) زمانەکانی جۆری یەکەم لە پۆلی [زمانە دابڕاوەکان] پۆلێندەکرێن و زمانگەلی جۆری دووەم وەک زمانی [تێکچڕژاو] پۆلێندەکرێن. زمانە ئێرانییەکان لە شوێنێکی نێوان ئەو دو پۆلە دیاریدەکرێن. زمانە لکاوەکانیش لە پۆلی تێکچڕژاو هەژماردەکرێن(بڕوانە: haspelmath & Sims, 2010: 4).

ئەم تیۆرە بە تیۆری یەکە و ڕێکخستن (item & arrangement)(IA) ناسراوە. لەبەرئەوە تەواوی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە باوەڕیان بە بونی پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان هەیە، سەرنجی خۆیان لەسەر شیکردنەوە، وەسفکردن و پۆلێنبەندی بەشە پێکهێنەرەکانی وشە ناسادەکان چڕدەکەنەوە، دەکەونە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە. (سۆسێر) کە بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی ڕۆنانکاریی دادەنرێت، لە هەوادار و لایەنگرانی ئەم تیۆرە بو. (سۆسێر) مۆرفیمی بە بچوکترین یەکەی واتادار دەزانی(فرد، ١٣٨٥: ٢١). لە لایەکی دیکەوە، (باکنەر)، کە خۆی یەکێکە لە شوێنکەوتووانی مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە، 'پێی وایە بەشی مۆرفۆلۆژیی ڕێزمانی لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا دوو بەشی هەیە: ١) فەرهەنگ و ٢)کۆمەڵێک یاسا یان ڕێککەوتنن کە چۆنێتی بەستنەوەی مۆرفیمەکان بەیەکەوە بۆ ئەوەی وشەیەک دروست بکەن، دیاریدەکەن' (Bochner, 1993: 21).

کەواتە لە شیکردنەوەی پێکهاتەی وشە فرە مۆرفیم و ناسادەکان دەتوانرێت ئاماژە بە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە بکرێت، کە ئەم تیۆرە وا سەیری پێکهاتەی وشە فرە مۆرفیم و ناسادەکان دەکات، کەوا لە دەرئەنجامی بەیەکەوەهاتن و زنجیرەیی مۆرفیمەکانەوە دروستبون. بۆ نمونە وشەی داڕێژراوی [کارمەند] لە ئەنجامی بەیەکەوەهاتنی مۆرفیمی سەربەخۆ [کار] و مۆرفیمی بەندی /-مەند/ەوە دروستبووە. داننان بە ئەگەری زنجیرەیی مۆرفیمە جیاوازەکان لە پێکهاتەی وشەی ناسادەدا سێ شت نیشاندەدات، واتە بەو ڕاستییە دەگەین کەوا هەر لێکۆڵینەوەیەک کە ئەم تیۆرە بنەمای کارەکانی بێت، دەبێت ئەم سێ ناوەڕۆکەی هەبێت، یەکەم: لەم تیۆرەدا مۆرفیمە بەندەکانیش وەک مۆرفیمە سەربەخۆکان بە پێکهێنەرێکی فەرهەنگی دادەنرێن، دووەم: یەکە سەرەتایی و سەرەکییەکانی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژی مۆرفیمەکانن، بەم واتایەی مۆرفیمەکان تێکردەی هەندێک یاسای بەدەستهاتون و وشەکان بەدەستەوەدەدەن. سێیەم: ئەم تیۆرە  پەیوەستە بە ئاستی ئاسۆیی زمانەوە(رفیعی، ١٣٩١: ٣٢٨ – ٣٢٩). واتە لەم تیۆرەدا مۆرفیمەکان دەخرێنە تەنیشت یەکتری و هەر مۆرفیمێک خاوەنی دەروازەیەکی فەرهەنگی تایبەت بە خۆیەتی، جا ئەو مۆرفیمە چ مۆرفیمێکی سەربەخۆ بێت یاخود گیرەک بێت(مەحویی، ٢٠١٠: ٧١). لەمەشدا گیرەکەکان هاوشێوەی مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی لە فەرهەنگیی زمانەکەدا دەبنە خاوەنی دەروازەیەکی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیان.

(پلەگ) لە بەرگریکردن لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمناغەدا ئاماژە بەوە دەکات 'کە لە هەندێک بارودۆخدا زانیاری دەربارەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی لەناو وشەکەدا(پێکهاتەی ناوەوەی وشە) پێویستە' (Plag, 2003: 189)؛ بۆ نمونە understood شێوەی ڕابردوی کرداری


understandه و ئەمەش دەریدەخات کە پێکهاتەی ڕابردوی کردارەکە دەبێت بۆ ڕەگی کردارەکە، واتە stand بگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر وا نەبێت، دەبێت جگە لەم شێوەیە ئێمە دانبنێین بە دروستبون و ڕۆنانی وشەی تری وەک understanded* ببین، هەروەها هەڵبژاردن لە نێوان [personification] -ication ،[communication] -ion ،[colonization] -ation بە گرنگیدان بە پاشگرەکانی کرداری داڕێژراو ئەنجامدەدرێت؛ بۆ نمونە پاشگری /ize-/، لەگەڵ -/ /ation، پاشگری /ate-/ لەگەڵ /ion-/ و پاشگری /ify-/ لەگەڵ /ication-/ دێت. حاڵەتێکی دیکە کە زانیاری مۆرفیمی پێویستە، فۆنۆتاکتیکە. پێکەوەهاتن و تێکەڵکردنی دەنگەکان لەناو مۆرفیمێکدا ڕێگەپێدراو نییە، بەڵام دەتوانێت بە ئازادی لە سنوری نێوان مۆرفیمەکاندا ئامادە بێت و بونی هەیە(اسلامی پور و دیگران، ١٣٩٨: ١١٩ – ١٢٠). بۆ نمونە [pf] لەناو هیچ مۆرفیمێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا نییە، بەڵکو لە سنوری مۆرفیمەکاندا بونی هەیە:

7) hel[pf]ul or kee[pf]at out of your diet.(هەمان سەرچاوە: هەمان لاپەڕە)

"تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە دو پرسیار دەوروژێنێت. یەکەم: لایەنە باش و خراپەکانی کەمکردنەوەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی بۆ ڕیزبەندیی مۆرفیم، لە ڕوی کرداری و تیۆرییەوە چین؟ دووەم: ئایا ئەم تیۆرە دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانی بنکە، دوبارەکردنەوە و گۆڕین، ئەگەر دەکرێت، چۆن؟"(Haspelmath & Sims, 2010: 43).


بە لایەنی کەمەوە دو هۆکاری باش هەن بۆ ئەوەی تیۆری یاساکانی زنجیرەییمان لا پەسەند بێت، 'هۆکاری یەکەم: ئەوەیە کە پێکەوەبەستنەوەی مۆرفیمەکان یەکێکە لە باوترین جۆری قاڵبی مۆرفۆلۆژی لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا. لە ڕێگای مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەی زنجیرەییدا وەک جۆرێکی بنەڕەتی یان تاکە جۆری یاسای مۆرفۆلۆژی، تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە ڕونکردنەوەی سروشتی و ئاشکرا بۆ ئەم ڕاستییە بەرجەستە دەکات. دووەم: تا ئێستا ئێمە مۆرفۆلۆژیمان لەگەڵ ڕستەسازیدا بەراوردکردووە لە ڕێگەی تێبینیکردنی ئەوەی کە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە مامەڵە لەگەڵ ڕۆنانی مۆرفۆلۆژی دەکات وەک زنجیرەیەک لە مۆرفیمەکان، بە هەمان شێوەی کە ڕستەسازی پێکدێت لە زنجیرەیەک لە وشەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی لە چەندین لایەنی دیکەشدا هاوشێوەن. زۆرێک لە داتا و زانیارییەکان زۆر زۆر ئاڵۆزن کە لێرەدا باسیان بکەین، بەڵام ئێمە دەتوانین جەخت لەسەر یەک بنەما و یاسای بنەڕەتی بکەینەوە، کە بریتییە لە ڕۆنانی هەرەمی' (هەمان سەرچاوە: 44 – 43).

ئەم ڕستەیە لەبەرچاو بگرە "ئازاد و ڕزگاری برام هاتن." . ئەم ڕستەیە پێکدێت لە زنجیرەیەک لە وشە، بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆییشە کە ڕەنگدانەوەکەی بەشێوەیەکی ئاشکرا لە ڕیزبونی ئاسۆیی وشەکاندا نەبووە. دەزانین ئەمە ڕاستە، چونکە ئەم ڕستەیە دەتواندرێت دو لێکدانەوەی شیاوی بۆ بکرێت، کە لێکدانەوەی یەکەم بە واتای ئەوە دێت کە "ئازاد و ڕزگار هەردو برامن هاتن." لێکدانەوەی دووەم بە واتای ئەوە دێت کە "هەر ڕزگار برامە و ئازادی لەگەڵدا هات.". هەریەک لەو لێکدانەوانە ئاماژەیە بە ڕۆنانێکی هەڕەمی جیاواز. ئەم ڕۆنانە هەڕەمییە لە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆڕمالیزمی هێڵکاری درەختی ڕستەسازیی (١-١) پیشاندراوە:




هێڵکاری (١-١) ڕۆنانی هەڕەمی لە ڕستەسازیدا

هەمو ڕستەیەک ڕۆنانێکی هەڕەمی هەیە. ئەوەی گرینگە لێرەدا ئەوەیە کە مۆرفۆلۆژییای زنجیرەیی بەشێوەیەکی (مشتومڕئامێز) ڕۆنانێکی هەڕەمی هەیە، وشەکانی وەک [undoable] بە هەمان شێوە دو لێکدانەوەی هەیە: کە بە واتای (unable to be done)(ناتواندرێت بکرێت) و (do and -able) پێکهاتەیەک دروستدەکەن، یان (able to be undone) (دەتواندرێت نەکرێت) " -un و do" بریتین لە پێکهێنەر(Haspelmath & Sims, 2010: 44). ئەمانەش لە هێڵکاری (١-٢) نیشاندەدرێن بە بەکارهێنانی هێڵکارییە درەختییە مۆرفۆلۆژییەکان.




هێڵکاری (١-٢) ڕۆنانی هەرەمی لە مۆرفۆلۆژیدا(هەمان سەرچاوە: 45).

## ٣/١) گرنگیی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە

تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە پێشینەیەکی دور و درێژی لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا هەیە و دیارە خاوەن ناوبانگی زیاترە، واتە لە بواری زماندا بە ڕونتر دێتە بەرچاو. ' لە بەرامبەردا تیۆری مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە تەواو درەنگ بووە و بۆ یەکەمجار لەلایەن ئارۆنۆفەوە لە ساڵی ١٩٧٦ لە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا پێشنیازکرا. لەم تیۆرەدا وشە یەکەیەکی بنەڕەتیی شیکاری مۆرفۆلۆژییە و وشەی ناسادە وەک زنجیرەیەک لە مۆرفیمەکان لێکنادرێتەوە، بەڵکو مۆرفیمەکان توخمە دوبارەبووەکانن لە وشەکاندا، کە دەتوانرێت لەسەر بنەمای هاوئاهەنگی فۆرمی و واتاداری نێوان کۆمەڵێک وشە بناسرێتەوە، بەڵام توخمێک نین بە واتای جێگیر و سەربەخۆ' (پیرحیاتی، ١٣٩٦: ٢٨ - ٢٩). لێرەدا گرنگی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە دەردەکەوێت لەوەی کە هەروەکو لە پێشوتردا باسمانکرد، مۆرفیم یەکەیەکی بنەڕەتیی شیکاری مۆرفۆلۆژییە و وشەی ناسادەش وەکو زنجیرەیەک لە مۆرفیمەکان لێکدەدرێتەوە.

بێگومان تیۆری مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە لایەنی نەرێنی تایبەتی خۆی هەیە، کە 'یەکێک لە ڕەخنە باوەکانی تیۆری مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە ئەوەیە کە سنوردار نییە. سنورداربون تایبەتمەندییەکی گرنگی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفۆلۆژییە، چونکە ڕێگەمان پێدەدات گشتاندن بکەین سەبارەت بەوەی کە لە زماندا چی ڕێگەپێدراوە و چی ڕێگەپێدراو نییە. تیۆری مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە ڕێگە بە یاسا مۆرفۆلۆژییەکان دەدات بە هەر جۆرێک بن – تەنانەت ئەوانەی کە تا ئێستا لە هیچ زمانێک نەبینراون و باسنەکراوە' (Haspelmath & Sims, 2010: 51).

یەکێک لە گرینگییەکانی تری تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە ئەوەیە کە 'دەتوانێت بەئاسانی ئاگاداری ئەو ڕاستییە بێت کە شێوە زنجیرەییەکان زۆر باون لە زمانەکانی جیهاندا، لەبەرئەوەی


تیۆرەکە ڕۆنانی گشتی لە مۆرفیم و زنجیرەییبون کورتدەکاتەوە. بەپێچەوانەوە، تیۆری مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە یاسای مۆرفۆلۆژی دادەنێت، کە کاریگەری جۆراوجۆری گۆڕانکاری لەسەر بنکەکە هەیە. لەوانەش زنجیرەییبون، گۆڕینی شوێن و دۆخی دەنگ یان پیتەکان، درێژکردنەوەی بزوێن و ...تاد، و بەشێوەیەکی یەکسان لە جۆردا مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. ئەمەش بەو واتایە دێت کە تیۆری مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە هەمو ڕونکردنەوەیەکی مۆرفۆلۆژی-ناوخۆیی بۆ زاڵبونی قاڵبە زنجیرەییەکان لەدەستدەدات، واتە گرنگی بە پێکهاتەی ناوەوەی دەق نادات'(Haspelmath & Sims, 2010: 51 – 52).

## ٤/١) پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە زمانی کوردی و فارسیدا

لە بەشی دووەم و سێیەمدا لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا پێکهاتەی وشە کوردی و فارسییەکان شیدەکەینەوە و دواتر ئەو پرۆسە مۆرفۆلۆژییانەی کە قسەکەرانی زمانی کوردی و فارسی بۆ دروستکردنی وشەی نوێ و فراوانکردنی فەرهەنگی زمانی خۆیان بەکاریدەهێنن، لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە تاوتوێکراوە.


هەر بۆیە بۆ شیکردنەوەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردی و فارسیدا لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا، جۆرەکانی مۆرفیمەکانمان لە زمانی کوردی و فارسیدا تاوتوێکردووە، کە دەتوانن لە خوارەوە باس لە هەریەک لەم پۆلێنکردنانە بکەین لە هەردو زمانەکەدا.

بەپێی سروشتی زمانی کوردی و تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی و لە چوارچیوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا، دەتوانین بڵێین مۆرفیمەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێندەکرێن:




هێڵکاری (١-٣) پۆلێنکردنی مۆڕفیمەکانی زمانی کوردی(بڕوانە: فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٢٩؛ حمد، ٢٠١٤: ٣٦).

بەپێی سروشتی زمانی فارسی و تایبەتمەندییە مۆڕفۆلۆژییەکانی و لە چوارچێوەی تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغەدا، دەتوانین بڵێین مۆڕفیمەکانی زمانی فارسی بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێندەکرێن:




هێڵکاری (١-٤) پۆلێنکردنی مۆرفیمەکانی زمانی فارسی(بڕوانە: شقاقی، ١٣٩٥: ٨١؛ ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٢٩).

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کەوا لە هەریەک لە زمانی کوردی و فارسیدا پۆلێنی جیاجیا بۆ جۆرەکانی مۆرفیم کراوە، بەڵام ئێمە لەبەر سروشتی کارەکەمان و ئەم تیۆرەی کەوا بۆ شیکردنەوەی نمونەکان وەرمانگرتووە لە هەردو زمانەکەدا، ئەم دو پۆلینەی سەرەوە پەسەند دەکەین.

## ٥/١) بیری مۆڕفیم و تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە

بەرلەوەی بچینە باسکردن و سەرهەڵدانی بیری مۆڕفیم[٣] پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کەوا ڕێزمانی دێرین بۆ شیکردنەوەی زمان وشەی بە بنچ داناوە، بەڵام نەیتوانیوە پێناسەیەکی پڕبەپێست بۆ چەمکی وشە دابڕێژێت(ئەمین، ٢٠١١: ٣٦٣)، واتە لەگەڵ ئەوەی "وشە دانەیەکی زمانی یەکجار بەربڵاو و ئاشنایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە پێناسەیەکی ورد و قوڵ و تەواوی بخریتەڕوو"(فەتاح، ٢٠١١: ٨٩)، هەروەها بەر لە سەرهەڵدانی بیری مۆڕفیم "دروستەی وشە لەگەڵ ڕستە، لەژێر ناوی "گرامەر"دا، لێیان دەکۆڵدرایەوە، بەڵام بونیادگەرەکان سنوریان لەنێوانیاندا دانا و مۆڕفۆلۆژییان وەکو بەشە لقێکی جیای زمانەوانی سەیرکرد، کە بەلایانەوە ئەو زانستەیە، لە مۆڕفیم و چۆنیەتی لێکدانیان لە ڕۆنانی وشەدا، دەکۆڵێتەوە"(قادر، ٢٠٠٢: ١٧)، واتە لە ڕێزمانی هاوچەرخ و بەتایبەتیش ڕۆنانکارەکان بەم شێوەیە سەیری وشەیان نەکردووە، چونکە بە لای ئەوانەوە هەمو پێکهاتەیەکی زمانی دەبێت بۆ پێکهێنەرەکانی شیبکرێتەوە، بۆیە لە ڕوانگەی ڕێزمانی هاوچەرخەوە وشە یەکەیەکی لاوەکییە و پێویستە پەیوەست بە مۆڕفیم و بە ئاکاری مۆڕفیمەکە خۆیەوە پێناسەبکرێت(کۆمەڵێک زمانەوان، ٢٠٠٩: ٢٣٤).

لەبەرئەوەی "هیچ پێوانەیەکی سیمانتیکی یا فۆنۆلۆجی نییە بۆ پێناسینی وشە لە زمانا بشێ بکرێ بە بنچ بۆ شیکردنەوەی زمان بۆیە زانایانی زمان ڕویان لە وشە وەرگێڕا وەک کەرەسەیێکی بنجی بۆ شیکردنەوەی زمان و لە جێگرەوەیەکی تر گەڕان. یەکێ لەم جێگیرانە چەمکی مۆڕفیم بوو"(ئەمین، ٢٠٠٩: ٣٦٤). لەم ڕوانگەوە دەکرێت هۆکاری ئەم بۆچونەی ڕۆنانکارەکان بۆ ئەوە بگەڕێندرێتەوە، کە هەمو پێکهاتەیەکی لەو جۆرە نابێت سادە تەماشابکرێت، واتە گرنگی تەواوی دۆزینەوەی بیری مۆڕفیم زیاتر لەو وشانەدا دەردەکەوێت، کە لە پێکهاتەدا سادە نین و دەکرێت کەرتبکرێت بۆ پارچەی بچوکتر، هەرچەندە ڕۆنانکارەکان لە جیاکردنەوە و ترازاندنی ئاستەکانی زماندا بە هەڵەدا چوبون، بەڵام لە بواری مۆڕفۆلۆژیدا جێ پەنجەیان دیارە. گرنگترین دەستکەوتیان دۆزینەوەی ئەو ڕاستییەیە، کە وشە خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆییە و دەکرێت کەرتبکرێت بۆ پارچەی وردتری وا، کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت، بەم جۆرە ڕۆنانکارەکان مۆڕفۆلۆژییان کرد بە بەشێک لە زمانەوانی و ئەرکی لێکدانەوە و ڕێکخستنی مۆڕفیمیان لەناو

---

[٣] مۆڕفیم وشەیەکی گریکییە لە دو بەش پێکهاتووە: (مۆڕف – Morph) و (یەکەی جیاکەرەوە – eme)، پێکەوە واتای فۆڕمێکی جیاکەرەوە دەگەیەنێت، کە لەڕێگەیەوە وشەکانی زمان لێکجیادەکرێنەوە(ڕەجەب، ٢٠٠٦: ١٨)

چوارچێوەی وشەدا پێ سپارد(فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٧)، واتە دۆزینەوە و خستنەڕوی بیری مۆرفیم بە یەکێک لە دۆزینەوە سەرەکییەکانی ڕۆنانکارەکان دادەنرێت، کەواتە دەکرێت بگوترێت ئەم دۆزینەوەیەی ڕۆنانکارەکان وا لێکدەدرێتەوە، کە "وشەی وەک یەکەیەکی لاوەکی زمانی کە بەسەر پارچەی لە خۆی بچوکتردا دابەشدەبێت، واتە قالبی وشە پێکهاتەیەکی زمانییە و هەموو پێکهاتەیەکیش بەپێی بنەڕەت و فەلسەفەی بنیادگەری لە کۆی پێکهێنەرەکانییەوە دێت بەمەش پێکهاتەکە بە پڕۆسەیەکدا دەچێت"(یونس، ٢٠١٣: ٢٢).

بۆیە دەکرێت بگوترێت، کەوا ڕۆنانکارەکان لە لێکۆڵینەوە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا گەیشتن بە یەکەیەک کە بچوکترین یەکەی واتاداری زمانی بو لە بەرامبەر وشەدا، کە دواجار لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمدا بیری مۆرفیمیان داهێنا، کە بەپێی ئەم بیرە هەمو وشەیەک وەکو پێکهاتەیەکی زمانی شیدەکرێتەوە بۆ چەند دانەیەکی بچوکتر کە واتا یان ئەرکی هەبێت، کە پێی دەگوترێت مۆرفیم(فەتاح، ٢٠١١: ٨٤).

هەروەها لە دۆزینەوەی بیری مۆرفیمدا زیاتر جۆری زمانەکان هۆکار بووە، چونکە بەپێی جۆری زمانەکان ناکرێت پێناسەیەکی گشتی بۆ وشە بکرێت، ئەمەش لەبەر سروشتی وشەکانی ئەو زمانانە و پێکهاتەکانیان، بۆیە بیری مۆرفیم سودێکی زۆری لە شیکردنەوەی ئەو زمانانەدا لێدەبینرێت، کە مۆرفیم بە دوای مۆرفیم بەیەکەوە دەنوسێن و سنوری هەر یەک لە مۆرفیمەکانیش بەئاسانی دەستنیشاندەکرێت، بێ ئەوەی هیچ گرفتێک لە ناسینەوەیاندا بێتە ئاراوە، واتە زمانە لکاوەکان، چونکە لەو زمانانەدا هەمیشە مۆرفیمەکان، کە دەچنە سەر یەکتری پارێزگاری لە بونی فۆنەتیکی خۆیان دەکەن(خدر، ٢٠١٠: ٣٥).

لەگەڵ بەرەوپێشچونی زمانەوانیدا، بیری مۆرفیم جێگە و پێگەی گرنگی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا کردەوە و لقێکیش لە زمانەوانیدا تەرخانکرا، بۆ توێژینەوە لە مۆرفیم و چۆنیەتی لێکدانیان لە دروستەی وشە و پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکانی تردا(حمد، ٢٠١٤: ٤)، هەروەها دەبێت بیری مۆرفیم گشتگیر بێت و بۆ هەمو زمانەکانی دونیا بگونجێت و چارەسەر بۆ کێشە و گرفتەکانیان بدۆزێتەوە(طیب، ٢٠١٤: ٨٧).

تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەش لەگەڵ هاتنەکایەی بیری مۆرفیمدا سەریهەڵدا(خالد، ٢٠٢١: ٣٩)، کەوا لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە، وشە نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی پێناسەیەکی بێکەموکوڕی، کە بشێ تیۆرێکی گشتی لەسەری دابنرێت و بکرێت بە پێوانە بۆ شیکردنەوەی زمان(ئەمین، ٢٠٠٩: ١١٢)، هەر بۆیەش بیری مۆرفیمیان داهێنا. کە بۆچون و تیۆری مۆرفۆلۆژیی

مۆرفیمبناغەش هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بۆ ئەم زمانانە گونجاوە کە لەنێوان ئەو مۆرفیمانەی کە وشەکانیان پێکدەهێنن سنورێکی ڕونیان هەیە و تایبەتمەندی ئاوێتەبونی مۆرفیمەکان تێیاندا یان نابینرێت یان زۆر کەم دەبینرێت(Haspelmath & Sims, 2010: 44)، کە ئەمەش تایبەتمەندی زمانە لکاو و تێکچڕژاوەکانە. واتە بەپێی ئەم تیۆرە وشە فرە مۆرفیم و ناسادەکان خاوەن پێکهاتە و ڕۆنانێکی ناوخۆیی ئاڵۆزن، کە لە پێکهاتەی بچوکتر دروستکراون. ئەم پێکهاتە بچوکانە کە پێیان دەوترێت مۆرفیمەکان، وەک دانەکانی تەسبیح بەدوای یەکتریدا دێن و دەگونجێن و ڕۆنانی وشەکان پێکدەهێنن(فرد، ١٣٨٥: ٢١).

هەروەکو دەزانین یەکەی سەرەکی شیکاری مۆرفۆلۆژی و یەکە بنەڕەتییەکانی فەرهەنگ لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا مۆرفیمەکانن، هەروەها یاسا مۆرفۆلۆژییەکان بریتین لە خستنەپاڵیەکی مۆرفیمەکان(حسین، ٢٠٢٢: ٥٣). لەم تیۆرەدا ئەم وشانەی کەوا ڕۆنانێکی سادەیان نییە، واتە خاوەن پێکهاتەیەکی ناوخۆیین، پەیوەندییان بە یاسایەکی دیاریکراوی زنجیرەی پێکەوەهاتنی مۆرفیمەکانەوە هەیە، واتە پێکهاتەی ناوەکیی ڕیزبونێکی دیاریکراو لە مۆرفیمەکان وەردەگرێت(Halle, 1973: 3)، کەواتە بیری مۆرفیم لەگەڵ بنەمای تێگەیشتنی ئەوانەی باوەڕیان بە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە هەبووە یەکدەگرێتەوە، کەوا پێیان وایە دروستەی مۆرفۆلۆژیی زمانەکانی جیهان بەجۆرێکە کە لەنێوان مۆرفیم و مۆرفەکاندا پەیوەندییەکی یەکبەیەکی هەیە.

## ٦/١) ڕۆنانی ناوەوەی وشە و تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە

هەر فۆرمێکی ناسادە خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆییە، ڕۆنانیش "بۆ لێکۆڵینەوەی هەڵکەوتی کەرەسەی ئاڵۆز(وەک وشە یان ڕستە) و پیشاندانی پەیوەندی دراوسێتی پارچەکانی و بۆ لێکدانەوەی پەیوەندی ئەو پارچانەی کە لە چوارچێوەیەکدا لەبری یەکتری بەکاردێن"(فەتاح، ٢٠١١: ٥٣). یان دەگوترێت ڕۆنان لە زماندا بریتییە لە "چۆنیەتی ڕیزبونی کەرەستە زمانییەکان، واتە ئەو کەرەستانەی دەچنە ناو یەکەیەک و پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، ئەو پەیوەندییە ڕێگرە لە بەردەم هەڵبژاردنی ئازادی کەرەستەکان و دانانیان لە ناو یەکەکاندا"(صدیق، ٢٠٠٨: ٤١).

کەواتە هەر وشەیەک لە زیاتر لە مۆرفیمێک پێکهاتبێت و سادە نەبێت، ئەوا ئەم جۆرە وشانە خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆیین. "بنەماکانی ڕۆنانی دانە پێکهێنەرەکان، کە لەسەر پەیوەندییە جێنشینی

و هاونشینییەکان دامەزراون، بنەمای بەهێزن، چونکە دەتوانن لێکدان و گۆڕین و ڕێکخستنەوەی هەمەجۆر بەرهەم بێنن"(ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ٨٠).

پەیوەندی و تێکچرژانی مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی بۆ "چەمکی ڕۆنان و پێکهاتە دەگەڕێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا هەر یەکە لە پێکهاتەی سینتاکسی و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی لە چەمکی پێکهاتەدا هاوشانن، واتە یاساکانی ڕۆنانی وشە و یاساکانی ڕۆنانی فرەیز لە بنەڕەتدا هەمان تایبەتمەندییان هەیە لە ڕوی ڕۆنان و پێکهاتنەوە، چونکە جیاوازی زمانەکان لە بنچینەدا سیفەتێکی مۆرفۆلۆژییانە لەخۆدەگرێت"(یونس، ٢٠١٣: ٢٣).

لە نواندنی کەرەسەکانی پێکهاتنی ڕستە و شیکردنەوەیدا گەلێ شێوە و ڕێگەی جیاواز هەیە، لەوانە (هێڵکاری درەختی و کەوانە ناولێنراوەکان)، کە دەکرێت لە شیکردنەوە و نواندنی کەرەسەکانی پێکهاتنی وشە و ڕۆنانی ناوەوەی وشەشدا سودی لێببینرێت، لە مۆرفۆلۆژیدا هێڵکاری درەختی بۆ نیشاندانی پەیوەندیی نێوان بنکە و گیرەکەکان لە پێکهاتەیەکی ناسادەدا بەکاردەهێنرێت، هێلکاری درەختی بەتایبەتی لە پێکهاتەی وشەی داڕێژراودا توانای نیشاندانی پەیوەندییە واتاییەکانی بەشە پێکهێنەرەکانی هەیە(Haspelmath & Smis, 2010: 144).

هێلکاری درەختی: ئەم ڕێگەیە لە وێنەی لقی درەختن و دابەشبونیان ڕووە و خوارەوەیە، هەرچەند بۆ خوارەوە ڕۆبچی لقەکانی زیاددەکات و لە شێوەی تۆڕێکی دەمارەکان دایە(قادر، ٢٠٠٩: ٢٠).

کەوانە ناولێنراوەکان: ڕێگەیەکی تری شیکردنەوەی پێکهاتەی وشەی ناسادە یان ڕستەیە، کە بە جوتکەوانە دەردەبڕێت، کەوانەی لۆجیکیشی پێ دەڵێن، کە کەوانەکان لە دەوری کەرەسەکان دادەنرێن و دەبن بە هەڵگری ناوی کەتیگۆرییەکە(هەمان سەرچاوە: ٢١)، واتە جگە لە ڕێگای هێڵکاری درەختی، هەندێک لە زمانەوانەکان کەوانە ناولێنراوەکانیش بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی وشە ناسادەکان بەکاردەهێنن، کە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە شێوازبەندی بۆ بکرێت:

- $[[X] + [Y]]_z$


[X]ی ناو کەوانەکە ئاماژەیە بۆ (ڕەگ یان وشەی سادە).

[Y]ی ناو کەوانەکە ئاماژەیە بۆ (گیرەک، ڕەگ و وشە).

(z)ی دەرەوەی کەوانەکان ئاماژە بۆ ئەو پۆلە وشە دەکات، کە [Y]ی ناو کەوانەکە بە پێکهاتەکەی دەدات(Plag, 2003: 137). هەر بۆیە بەپێی هەریەک لەم دو ڕێگایە، دەکرێت

پێکهاتەی ناوەوەی وشە بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ پێکهێنەرەکانی شیبکرێتەوە، هەروەکو لە شیکردنەوەی وشەی [شەرمنی]دا خراوەتەڕو:

٨) [ [[شەرم]$_{\text{ناو}}$ + ـن]$_{\text{ئاوەڵناو}}$ + ـی]$_{\text{ناو}}$ = شەرمنی$_{\text{ناو}}$




هێڵکاری(١-٥): شیکردنەوەی پێکهاتەی ناوەوەی وشەی [شەرمنی].


هەروەکو ئاماژەمان پێداوە کەوا تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە زۆر گرنگی بە ڕۆنانی ناوەوەی وشە و چۆنیەتی شیکردنەوەیان دەدات، کەوا لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیدا ئاماژەمان پێ داوە، کەوا چۆن مۆرفیمەکان بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیبناغە شیدەکرێنەوە و ڕیزبونیان لە ڕێگای هەر یەک لە ڕێگاکانی هێڵکاری درەختی و کەوانە ناولێنراوەکان دەخرێتەڕو.

## ٧/١) تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە و پەیوەندی ئاسۆیی


بۆ باشتر ناساندنی ئەم تیۆرە، پێویستە ئاماژە بە پەیوەندی ئاسۆیی بکەین لە زماندا، لە توێژینەوە مۆرفۆلۆژییەکاندا دو لایەن و پەیوەندی بۆ توێژینەوە لە وشەی ناسادەکاندا هەن، ئەوانیش پەیوەندی ئاسۆیی و ستونین، کە ئەم دو زاراوەیە لە لایەن سۆسێرەوە داهێنراون و باسکراون، سۆسێر پێیوایە هەمو پەیوەندییە فۆرمییەکانی زمان لە ڕێی ئەم دو پەیوەندییەوە پیشاندەدرێن. پەیوەندی ئاسۆیی، بریتییە لە بەیەکەوەهاتنی کەرەستەکانی زمان لەتەک یەکترەوە، کە پێکهاتەی گەورەتر پێکدەهێنن و ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی بەهایی و ڕستەسازییە، کە ئەم پەیوەندییەیان لەگەڵ تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا دەگونجێت(ناوخۆش، ٢٠٠٨: ٣٧ - ٤١).

هەردو پەیوەندی ستونی و ئاسۆیی بەدواییەکدا 'بۆ دروستبونی وشە لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە و مۆرفیمبناغەدا بەکاردەهێنرێن؛ لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی وشەبناغەدا بەپێی پەیوەندی ستونی وشەکان لە شوێنی یەکتر دادەنرێن و لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە وشەکان بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە تەنیشت یەکەوە دەردەکەون' (Plag, 2003: 180). پەیوەندی ئاسۆیی لە پەیوەندی لەگەڵ چەمکی مۆرفۆلۆژی، وەک تویژینەوە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان پێشنیازدەکرێت. (بویی) لەم پەیوەندییەشدا 'تەنیا شێوازی مۆرفیمەکان، واتە کۆمەڵە بنەمایەک کە دەبنەهۆی لێکدانی مۆرفیمەکان و گۆڕینی ئەوان بۆ وشە دەناسێنێت. مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە نمونەیەکی دیاریکراو و تایبەتی ئەم جۆرە پەیوەندییە دەبێت' (Booij, 2007: 8).

دەکرێت بگوترێت لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی وشەبناغەدا، وشەکان لەسەر بنەمای تیۆری پێوانەیی دروستدەکرێن و ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا، بە هەمان شێوە یاسا سینتاکسییەکانی مۆرفیمەکان وەک وشەکان، بە شێوەیەکی پلەبەندی بە یەکەوە گرێدراون، تاوەکو وشەی نوێ دروستبکەن. لێرەدا بە نمونەیەک دەتوانرێت جیاوازی نێوان ئەم دو تیۆرە نیشانبدرێت.(اسلامی پور و دیگران، ١٣٩٥: ٤).





هێڵکاری (١-٦) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [دندانپزشکی]




هێڵکاری (١-٧) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [منداڵبازاڕی]

وشەی [دندانپزشکی] لە دو مۆڕفیمی فەرهەنگی ئازاد /دندان/ و /پزشک/ و مۆڕفیمێکی بەندی وشەدارێژی /-ی/ پێکهاتووە، بۆیە لە ڕوی مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغەوە وشەیەکی "لێکدراویدارێژراو"ە. وشەی "منداڵبازاڕی" لە دو مۆڕفیمی فەرهەنگی ئازاد /منداڵ/ و /بازاڕ/ و یەک مۆڕفیمی وشەدارێژ و بەندی /-ی/ پێکهاتووە و بۆیە لە ڕوی مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغەوە وشەیەکی " لێکدراویدارێژراو"ە. ئەم وشانە پێکهاتەیەکی پلەبەندی و هەڕەمی هەیە و پێکهاتەکانی بەپێی پەیوەندی تەکنشینی و ئاسۆیی لەتەنیشت یەکەوە دانراون (هێڵکاری ١-٨)، هەر لەبەر ئەم هۆکارە لەگەڵ تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغەدا دەگونجێت.




هێڵکاری (١–٨) نمونەیەک لە هەردو پەیوەندی ستونی و ئاسۆیی


پەیوەندی ئاسۆیی باوەڕی بە بابەتی یەکبەیەکی نێوان وشە و مۆرفیمەکانە، کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە پەیوەندی نێوان وشە و مۆرفیم و چۆنیەتی بەیەکەوەهاتنیان لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا دەبینرێت، واتە ئەم تیۆرە، پێی وایە پەیوەندییەکی یەکبەیەکی لەنێوان فۆرم و مۆرفیم لە لایەک و فۆرم و واتا لە لایەکی ترەوە هەیە(خالد، ٢٠٢١: ٤٥)، واتە ئەم تیۆرە گرنگی بە پەیوەندی نێوان مۆرفیمەکان لەگەڵ مۆرفیمەکانی پێش و دوای خۆیان و چۆنیەتی ڕیزبون و ڕێکخستنیان لەگەڵ یەکتری دەدات. ئەمەش هەنگاوێکی بنەڕەتە لە پەرەسەندنی تیۆرە مۆرفۆلۆژییەکاندا، گریمانەکەش لەسەر ئەو پێناسەیە دامەزراوە، کە ڕۆنانکارەکان بۆ چەمکی مۆرفیم خستیانەڕو، ئەوان مۆرفیم لەسەر بنەمای پەیوەندی یەکبەیەک لەنێوان فۆرم و ئەرک پێناسە دەکەن، واتە توخمێکی سەرەکی و مۆرفۆلۆژیی وشەکانە، هەروەها بچوکترین یەکەی زمانە کە خاوەنی واتایەکی فەرهەنگی یان ڕێزمانییە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ یان بە لێکدانی لەگەڵ توخمەکانی تردا ڕۆڵی لە دروستبونی وشەکاندا هەیە، ئەمەش پەیوەندییەکی ئاسۆیی لەخۆدەگرێت. لەم بارودۆخەدا وشەی ئاڵۆز کە لە یەکگرتنی ئەم توخمانە بەدەستدێن ڕەنگە یەکێک لەم دو پێکهاتانەی خوارەوەیان هەبێت(نجف آبادی، ١٣٩٠: ٥٩):

ا- پێکهاتەی هێڵی: کە لە بەیەکەوەهاتنی مۆرفیمەکان بە شێوەیەکی هێڵی بەرهەمدێت، وەک:

9) [[ eat]$_V$ [er]N-aff]$_N$

ب- پێکهاتەی چینداری: کە لە لێکدانی مۆرفیمەکان، و مۆرفیمەکان لەگەڵ وشەکان کە خۆیان لە چەند مۆرفیمێک پێکهاتون بە دەستدێن، وەک:

10) [[[tranquill]$_A$ [ize]Vaff]$_V$ [er]Naff]$_N$




هێڵکاری (١-٩) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [tranquillizer] (هەمان سەرچاوە: ٦٠)

بەپێی هێڵکاری سەرەوە بێت، پێکهاتەی وشەی [tranquillizer] بە شێوەیەکی هێڵی نەخراوەتەڕو، بەڵکو بەشێوەیەکی دو هەنگاوی خراوەتەڕو. لەسەرەتادا مۆرفیمی بەندی (-ize) بۆ ئاوەڵناوی سادەی tranquil زیادبووە و وشەی [tranquillize] دروستدەکات و لە هەنگاوی دووەم بە زیابونی مۆرفیمی بەندی er- بۆ کردار، وشەی [tranquillizer] بەرهەمدێت.

### ٨/١) مۆرفیم و ڕستەسازی وشە پەیوەست بە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە

لە لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆژییە ڕۆژئاواییەکانی کۆندا تیۆرێک کە وەکو چوارچێوە سەرەکییەکانی ڕێزمان کەڵکی لێوەردەگیرا، تیۆری (وشە و پارادایم) بو، بەڵام هیچ گرنگییەک بە ڕۆنانی ناوەوەی وشە نەدەدرا، بەڵکو وشە وەکو یەکەیەکی سەرەکی لێکدەدرایەوە، واتە مۆرفۆلۆژی لەو سەردەم و کاتەدا وشەبناغە بو(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٣-٤)، بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی بیری مۆرفیم لە لایەن ڕۆنانکارەکانەوە، توێژینەوە مۆرفۆلۆژییەکان بریتیبون لە گرنگیدان بە ڕۆنانی ناوەوەی وشە، کە شیدەکرێتەوە بۆ بەشەپێکهێنەرەکانی کە مۆرفیمەکانن(ناوخۆش، ٢٠٠٨: ٤٦).

لەبەرئەوەی ئێمە باس لە ڕستەسازیی وشە دەکەین، پێویستە بۆ تێگەیشتن لە ڕستەسازی لە ڕێگەی چەند پێناسەیەکەوە ڕونیبکەینەوە:

ڕستەسازی بە واتای دانان و ڕێکخستن دێت، واتە لێکۆڵینەوەیە لە یەکگرتنی وشەکان لە نوسین و ئاخاوتندا(مارف، ٢٠٠٤: ١٩٥)، یان ڕستەسازی گونجانی سیستەماتیکی توخمەکانی پێکهاتەیەکە، واتە بەدوایەکداهاتن و گونجانی وشەکانە بۆ دروستبونی پێکهاتەیەکی گەورەتری وەک فرەیز و ڕستە(یونس، ٢٠١٣: ١٤).

ئەگەر ئەمە پێناسینی ڕستەسازی بێت، ئەوا چەمکی ڕستەسازیی وشەش لە وشە ناسادەکاندا کە بۆ (سێلکێرک) دەگەڕێتەوە، توێژینەوەیە لە داڕشتن و ڕۆنانی وشەکان، واتە دۆزینەوەی یاساکانی ڕۆنانی وشە، لەبەرئەوەی ڕۆنانی وشە لە مۆرفۆلۆژیدا هەمان تایبەتمەندی ڕۆنانە ڕستەسازییەکانی هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە بە باشی دەزانێت کەوا تیۆری (X-bar) جگەلەوەی بۆ شیکردنەوەی فرەیزەکان و ڕستەکان بەکاردەهێنرێت، بۆ شیکردنەوەی وشە و مۆرفیمەکانیش بەکاربهێنرێن(Selkirk, 1982: 1 – 2). لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە وەک چۆن وشەکان بەشداریدەکەن لە ڕۆنانی پێکهاتەیەکی گەورەتر لە خۆیان کەوا ڕستەیە، بەهەمان شێوەش

مۆرفیمەکان بەشداریدەکەن لە ڕۆنانی پێکهاتەیەکی گەورەتر کەوا وشەیە، واتە وشە ناسادەکان خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆیین و لە چەند مۆرفیمێک پێکهاتون، کە هاوشێوەی یەکە ڕستەسازییەکان بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە بەتەک یەکترەرە ڕیزبون.

(پلەگ) دەنوسێت کە زمانناسانی وەک (سێلکێرک) و (لیێبەر) پێیان وایە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە ئەو سودە گرنگەی هەیە، کە دەتوانرێت تیۆری زمانەوانی بە شێوەیەک سادە بکرێتەوە کە پێویست بە هیچ بوارێکی مۆرفۆلۆژیی جیاواز ناکات. یاساکانی ڕستەسازی و یاساکانی مۆرفۆلۆژی لە بنەڕەتدا یاسایەکی هاوشێوەن و تەنیا جیاوازی نێوانیان جۆری ئەو دەروازانەن، کە ئەم یاسایانەیان بۆ بەکاردەهێنرێت. ئەم تیۆرە بە تیۆری "ڕستەسازیی وشە" ناسراوە(Plag, 2003: 180 – 181). (هەسپێلماس و سیمس) بە ئاماژەدان بە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە، دەنوسن، کە تیۆری "ڕستەسازیی وشە" لە لایەن (لیێبەر، سێلکیرک، دیشۆلۆ و ویلیامز) گرنگی پێدراوە(Haspelmath & Sims, 2010: 54).

ڕستەسازیی وشەش بریتییە لە توێژینەوە لە پێکهاتە و چۆنییەتی ڕیزبونی مۆرفیمەکان لە ڕۆنانی وشەدا، بەم پێیەی کەوا ڕێزمان بریتییە لە ڕیزبونی سیستەماتیکی مۆرفیمەکان بۆ دروستکردنی وشە. لەم ڕوانگەوە دەکرێ بگوترێ سنوری ڕستەسازی و مۆرفۆلۆژی وەک دو ئاستی لێکۆڵینەوە لە زمان تەواو بەسەریەکەوەیە، ئەمەش لە خودی ئەرکەکەیانەوەیە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئەگەر ڕستەسازی وەک ئاستێک توێژینەوە بێت لە یاساکانی ڕۆنانی فرەیز و ڕستە، ئەوا مۆرفۆلۆژیش توێژینەوەیە لە وشەکان و یاساکانی داڕشتنیان، واتە هەردو ئاستەکە دەکەونە ژێر سنوری ڕێزمانەوە لە ڕوی فۆڕمییەوە.

یاساکانی ڕستەسایی وشە دەکەونە نێو فەرهەنگ، کە ئەمە فەرهەنگێک لەخۆدەگرێت لە مۆرفیمی سەربەخۆ لەگەڵ لیستێک لە مۆرفیمی بەند کە یاساکانی وشەدروستکردن و فەرهەنگ بەیەکەوە بناغەی مۆرفۆلۆژی پێکدەهێنن(عەبدوڵڵا، ٢٠١٥: ٢٤)، مۆرفیمەکان لە درێژەی یەکێک لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی وەک گەردان، داڕشتن و لێکدان و...بە تەنیشت یەکترییەوە هاتون و پەیوەندییەک لەنێوان ئەم پرۆسانە و شێوازی ڕیزبونی مۆرفیمەکاندا هەیە؛ واتە ئەگەر وشەیەک هاوکات بە چەند پرۆسەدا تێپەڕێت، مۆرفیمەکانی هەر پرۆسەیەک چۆن ڕیزدەبن، چونکە ڕێزمانیبونی وشە بە دروستڕیزبونی مۆرفیمەکانییەوە لە پەیوەندی ئاسۆییدا پەیوەستە، واتە هەر جێگۆڕکێکردنێک لەم پەیوەندییەدا ڕوبدات، دەبێتە هۆی نارێزمانیبونی وشەکە. هەروەکو چۆن لە ڕستەسازیشدا ڕێزمانیبونی ڕستە بە دروستڕیزبونی کەرەستەکان(وشە و فرەیزەکان) لە پەیوەندی ئاسۆییدا پەیوەستە.

یەکە بنەڕەتییەکانی فەرهەنگ لە تیۆری مۆڕفیمبناغەدا مۆڕفیمەکانن، هەروەها یاسا مۆڕفۆلۆژییەکان بریتین لە خستنەپاڵیەکی مۆڕفیمەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زمانەوان (Morris Halle-1973). کە پێشنیازی پێکهاتەیەکی سەربەخۆی مۆڕفۆلۆژی لە چوارچێوەی تیۆری فەرهەنگدا کرد، بیرۆکەی بنەڕەتی (Halle) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر ڕێزمان میکانیزمی پەسندکردنی پەیڕەوبەندانەی کۆزانیاری ئاخێوەر بێت، ئەوا پێدەچێت لەناو پێکهاتەی ڕێزماندا گریمانەی بونی وەچەپێکهاتەیەک بکرێت، کە کۆزانیاری فەرهەنگیی قسەپێکەر بخاتەڕو، وەکو ئەوەی قسەپێکەری زمان دەزانێت، کە وشەکانی زمانەکەی کامانەن، هەروەها دەزانێت هەندێک لە وشەکانی زمانەکەی ڕۆنانی ناوخۆییان هەیە، ڕۆنانە ناوخۆییەکان پەیوەندی بە یاسایەکی دیاریکراوی زنجیرەی پێکەوەهاتنی مۆڕفیمەکانەوە هەیە، واتە ڕۆنانی ناوخۆیی ڕیزبونێکی دیاریکراو لە مۆڕفیمەکان وەردەگرێت(حسین، ٢٠٢٢: ٥٣). تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە سنورداره و لێکچونەکانی نێوان مۆڕفۆلۆژی و ڕستەسازی لەبەرچاودەگرێت، بەڵام بە بەهای لەبەرچاونەگرتنی فاکتەرە زمانییەکان(Haspelmath & Sims, 2010: 53)، واتە وەک تیۆریی، دەکرێت سنور دانێین بۆ مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی، بەڵام فاکتەرە زمانییەکان نیشانیدەدەن کە هەمان جۆری لکانی فرەیزەکان بۆ لکانی مۆڕفیمەکانیش بەرچاودەکەوێت.

کەواتە بەپێی بۆچون و لێکدانەوەکانی سەرەوە بێت، تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە بە تیۆری(IA)(Item and Arrangement approach)(میتۆدی یەکە و ڕێکخستن) ناودەبرێت، ڕۆنانکارە ئەمەریکاییەکانی وەکو بلۆمفیڵد، هاریس، نایدا و هاکێت، هەروەها لیێبەر و هاڵ و سێلکرێکیش، کە تیۆری مۆڕفۆلۆژی ئەوان جەخت لەسەر مۆڕفیمەکان دەکات، واتە تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغە. واتە لە تیۆری مۆڕفۆلۆژی IA یاسا مۆڕفۆلۆژییەکانی لێکدانی مۆڕفیمەکان وەکو یاسا ڕستەسازییەکانی لێکدانی وشەکانە(اقلی، ١٣٨٨: ٢٣ – ٢٤).

لە لێکۆڵینەوەی ڕستەسازیی وشە و ڕستەسازیی ڕستەدا یاسای دروستەی فرەیز بۆ بەرهەمهێنانی وشە و ڕستە بەکاردەهێنرێت، یاساکانی ڕستەسازیی وشە، چۆنیەتی پێکەوەلکاندنی ئەو مۆڕفیمانە دیاریدەکەن، کە وشەی لێ دروستدەکرێت، بەهەمان شێوە یاساکانی ڕستەسازیی ڕستە، بریتین لە لێکدانی وشەکان بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی دروست و ڕێزمانی(عەول، ٢٠١٠: ٣٦٦ – ٣٦٧).

لە تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغەدا، یاسا مۆڕفۆلۆژییەکان ڕۆڵ دەبین لە لێکدانی مۆڕفیمەکان لە چوارچێوەی وشەدا، کە ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ یاساکانی ڕستەسازی، کە

وشەکان لێکدەدەن لە چوارچێوەی ڕستەدا. بۆ بینی ئەمە دەتوانین یاسا ڕستەسازییەکانی ڕۆنانی فرەیزی سەیربکەین.

یاساکانی ڕۆنانی فرەیز لە ڕستەسازیدا: (Hasplemath, 2010: 41 – 42).

ا- ڕستە = فرەیزی ناوی + فرەیزی کاری

ب-فرەیزی ناوی=

١- ناو + دیارخەر کوڕەکە

٢- ناو + ئاوەڵناو + دیارخەر کوڕەئازاکە

٣- دیارخەر + ناو + ئاوەڵناو یەک کچی جوان

پ- فرەیزی کاری = فرەیزی ناوی + کار

ت- دیاریخەر = ەکە، ەکان، ێک، یەک، هەندێک ...

ج- ناو = بەخت، کوڕ، سەرچنار ...

چ- کار = گرت، برد، هات...

ح- ئاوەڵناو = جوان، زیرەک، ئازا ...

بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی وەک (مشکەکە شەرواڵەکەی دڕی.) پێویستمان بەم هەنگاوانەی خوارەوە هەیە:

ڕستە = فرەیزی ناوی(مشکەکە) + فرەیزی کاری(شەرواڵەکەی دڕی)

فرەیزی ناوی = ناو(مشک) + دیارخەر(ەکە)

فرەیزی کاری = فرەیزی ناوی(شەرواڵەکەی) + کار(دڕی)

فرەیزی ناوی = ناو(شەرواڵ) + دیارخەر(ەکە)

کار = دڕی

یاساکانی دروستکردنی وشە(Hasplemath, 2010: 42):

ا- فۆرمە وشە = بنکە + پاشگری گەردانی

ب- بنکە =

١- پێشگری وشەدارێژ + ڕەگ + پاشگری وشەدارێژ

٢- بنکە + بنکە

پ- پاشگری وشەگەردان = _ان، _تر ... هتد.

ت- پێشگری وشەدارێژ = نا_، نە_، مە_ ... هتد.

ج- ڕەگ = خۆش، بەخت، منداڵ... هتد.

چ- پاشگری وشەدارێژ = _ی، _ەوە....هتد.

ئێمە دەتوانین یاساکانی ڕۆنانی وشە بەکاربهێنین بۆ بەرهەمهێنانی وشە ئاڵۆزەکان. لە نمونەکانی خوارەوە دەتوانین هەنگاوەکانی دروستبونی هەریەک لە وشەکانی (منداڵان، ناخۆشی، جوانی، سەرچنار) لە ڕێگەی بەکارهێنانی یاساکانی دروستکردنی وشەوە ڕونبکەینەوە:

١- فۆرمە وشە= بنکە(منداڵ) + پاشگری وشەگەردان(ان)

بنکە = منداڵ

پاشگری وشەگەردان= _ان

فۆرمە وشە= منداڵان

٢- فۆرمە وشە= پێشگری وشەدارێژ /نا_/ + ڕەگ(خۆش)

پێشگری وشەدارێژ= نا_

ڕەگ = خۆش

فۆڕمە وشە= ناخۆش

٣- فۆڕمە وشە= بنکە(جوان) + پاشگری وشەداڕێژ(ـی)

بنکە = جوان

پاشگری وشەداڕێژ= ـی

فۆڕمە وشە= بەدبەختی

٤- فۆڕمە وشە= بنکە(سەر) + بنکە(چنار)

بنکە = سەر

بنکە = چنار

فۆڕمە وشە= سەرچنار

'هاوتەریب لەگەڵ ئەم تیۆرە، بونیادگەری جێگرەوە بە نمونە ڕونکراوەتەوە. ئەم دەروازە فەرهەنگییانە زانیارییەکانی گۆکردن و تایبەتمەندییەکان و واتای مۆڕفیم لەخۆدەگرن. گۆگردنی وشەکان لە نێوان دو هێڵی لاردا ئاماژەی پێکراوە، لە نوسینی فۆنەتیکیدا. تایبەتمەندییەکانیش پێکدێت لە پۆلەوشە (بۆ ڕەگەکان) یان توانای (لێکدان)ی (بۆ گیرەکان)، هەروەها ئاماژەیەکی ورد بە واتا دەدرێت لە نێوان دو فاریزەدا'(Hasplemath, 2010: 42).

دەروازە فەرهەنگییە پێشنیازکراوەکان بۆ هەندێ لە مۆڕفیمەکان:

دەروازەی زانیاریی پێشنیازکراو و دانراو بۆ هەندێک مۆڕفیم

| (آ) | (ب) | (پ) | (ت) |
|---|---|---|---|
| / کوڕ / | /ـان/ | /خۆش/ | /نا_/ |
| N | N_ | A | _A |
| 'کوڕ' | 'کۆ' | 'خۆش' | 'نەرێ' |

هێڵکاری (١-١٠) دەروازەی زانیاری پێشنیازکراو و دانراو بۆ هەندێک مۆڕفیم

| a. bag | b. -s | c. happy | d. un- |
| --- | --- | --- | --- |
| /bæg/ | /z/ | /hæpi/ | /ʌn/ |
| N | N __ | A | __A |
| ‘bag’ | ‘plural’ | ‘happy’ | ‘not’ |

هێڵکاری (١-١١) دەروازەی زانیاری پێشنیازکراو و دانراو بۆ هەندێک مۆرفیم( Haspelmath & Sims, 2010: 43)

کاتێک دەروازە فەرهەنگییەکانی ڕەگ و گیرەکەکان بەم شێوەیە فراواندەکرێن، وەسفە مۆرفۆلۆژییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو تەسکدەبنەوە بۆ وەسفی دەروازە فەرهەنگییەکانی مۆرفیمەکان. سەرەوڕێزبونی هێڵی دەبێتە تایبەتمەندییەکی خودی دەروازە فەرهەنگییەکە، واتە بۆ هەمو دەوازە فەرهەنگییەکان، جگە لە لابردنی جیاوازی نێوان یاساکان و مۆرفیمەکان. هەروەها مۆرفۆلۆژی پێکدێت لە 'یەک جۆری بنەڕەتی دەروازەی فەرهەنگی (مۆرفیمەکان) و چەند جۆرە پرۆسەیەک کە کار لەسەر ئەم جۆرە دەروازانە دەکات، هەروەها بە ئەنجامدانی ئەم کارە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لێکچونی نێوان مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی دەگەیەنێتە ئەوپەڕی و لێکیان نزیکدەکاتەوە' (هەمان سەرچاوە: هەمان لاپەڕە).

لەسەرو ئەوەشەوە، فەرهەنگێک، کە تەنها مۆرفیمی تێدایە و وشەی ئاڵۆزی تێدانییە، بۆیە جوان و لەبار و سەرنجڕاکێشە، چونکە زۆر ئابورییانەیە. لەبەر ئەو هۆیانەیە، کە هەوڵی "مۆرفیمبناغە" لە پەسندکردنە مۆرفۆلۆژییەکانی نێوان زمانەوانە مۆرفۆلۆژییە گریمانەکارییەکاندا باو و بڵاوترە. "قالب و توخم و پێڕەوەکانی ڕستە و مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردی ئەوە ئاشکرادەکەن، کە "تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە" باشتر لەگەڵ ڕێزمانەکەیدا دەڕوات و بۆ ڕێزمانەکەی گونجاوە"(مەحوی، ٢٠١٠: ٧٣).

دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە 'مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی بەپێی بنەما و یاسا هاوبەشەکان کاردەکەن، بەهۆی هەندێ تایبەتمەندی (زگماکی)سروشتی بینای زمانی، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەو هۆکارەوە بێت، کە قالبە زنجیرەییەکان بەشێوەیەکی باو بەرچاودەکەون. ئەگەر وابێت ئەوە شتێکی پەسەندە بۆ ئەوەی تیۆرێک دابنێین، کە ڕادەی لێکچونی نێوان مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی بگەیەنێتە ئەوپەڕی. بۆ ئەم هۆکارە و هۆکارەکانی تر ڕێبازی مۆرفیمبناغە و تەنها


زنجیرەیی بۆ شیکاری مۆرفۆلۆژی زۆر بەربڵاو و باون'( Haspelmath & Sims, 2010: 44 – 45).

## ٩/١) مۆدێلەکانی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە

ئەم تیۆرە، خاوەنی چەند مۆدێلێکە کە هەریەکەیان بۆچون و لێکدانەوەی خۆی هەیە، کەوا کار لەسەر وشەکان و پێکهاتەی وشەکان و ڕیزبونی مۆرفیمەکان دەکەن، لە چوارچێوە و قالبی وشەدا، ئەم مۆدێلانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ١-٩/١) دەروازەیەک بۆ تیۆری وشەدروستکردن

یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی ئەم قۆناغە تیۆری ڕێزمانی مۆریس هاڵ (١٩٧٣)یە بە ناونیشانی "دەروازەیەک بۆ تیۆری وشەدروستکردن" " Prolegomena to a Theory of word Formation" کە تەواوی بەشەکانی لیستی مۆرفیمەکان، یاساکانی وشەدروستکردن، پاڵێوەر، فەرهەنگی زمان، بەشی ڕستەسازی و بەشی فۆنۆلۆژی لەخۆدەگرێت، هەروەک لە هێڵکاری (١-١٢) ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری (١-١٢) تیۆری دەروازەیەک بۆ تیۆری وشەدروستکردن(Halle, 1973: 8)

.

(هاڵ) لە ساڵی ١٩٧٣ لە ئامادەکارییەکانیدا بۆ تیۆری مۆرفۆلۆژی کە یەکەم بەرهەم بو لە بواری مۆرفۆلۆژی لە ڕێبازەکانی بەرهەمهێناندا، جەختی لەسەر بونی بەشێکی جیاواز بە ناوی مۆرفۆلۆژی لەپێش ڕستەسازی کرد، کە ئەم بەشە لیستی وشەکان، لیستی مۆرفیمەکان، لیستی یاساکانی وشەدروستکردن و ڕۆنانی ڕستە لەخۆدەگرێت. لە بەرهەمهێنانی چۆمسکیدا زانینی مۆرفۆلۆژی بەشێکی سەرەکیی توانستە و مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگ وەک پردێک وان کە بوارەکانی دیکەی ڕێزمان بە یەکترەوە دەبەستنەوە(Jensen, 1989: 13).

(هاڵ) بۆچونەکانی چۆمسکی دەستکاریکردەوە و پێیانداچوەوە و تیۆرێکی بۆ مۆرفۆلۆژی پێشنیازکرد، کە بە تیۆری کلاسیک گۆڕدرایەوە و تا ئێستاش گرنگی خۆی پاراستووە. تیۆری هاڵ لە توێژینەوەکانی مۆرفۆلۆژیدا بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت، چونکە پرسیارەکانی بە ڕونی یان بەئاماژەوە وروژاند و خستییە بەر باس، کە تا ئێستاش بە کێشە سەرەکییەکانی تیۆرییە مۆرفۆلۆژییەکان دادەنرێت(پیرحیاتی، ١٣٩٦: ٢٦ – ٢٧) وەک:

١- دروستبونی وشە لە ڕێزماندا چۆن نیشاندەدرێت؟

٢- ئەگەر بەشێکی ڕێزمانیی جیا بۆ مۆرفۆلۆژی هەبێت، چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ بەشەکانی دیکەی وەک فەرهەنگ، ڕستەسازی، فۆنۆلۆژی و واتاسازی دەکات؟

٣- یاساکانی وشە دروستکردن، ئاماژەن بۆ چ توخمێک؛ مۆرفیمەکان؟ وشەکان؟ یان توخمەکانی تر؟

٤- سروشتی یاساکانی وشە دروستکردن چین و دەستیان بە چ لایەنێکی ڕۆنانی زمانی دەگات؟

٥- چۆن دەتوانیت پاساو بۆ تایبەتمەندییە نائاساییەکانی ناو ڕۆنانی وشە بهێنیتەوە؟

٦- چۆن بونی وشە لە ڕێزماندا نیشاندەدرێت؟ ئایا جیاوازی لەنێوان وشەی ڕاستەقینە و وشەی ئەگەری لە زماندا هەیە؟

ئەم پرسیارانە لە چوارچێوەی گشتی ڕێزمانی بەرهەمهێندا وروژێنران، کە یەکێک لە ئامانجە کۆتاییەکانی خۆی بە دیاریکردنی ڕۆنانی ڕێزمانی و ناڕێزمانی دەزانێت. بە واتایەکی تر تیۆر یان تیۆرێکی مۆرفۆلۆژی دەبێت هەمو وشە ڕێزمانییەکان دیاریبکات و هیچ وشەیەکی ناڕێزمانی دیارینەکات. هەر تیۆرێکی مۆرفۆلۆژی، جگە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، دەبێت

میکانیزمی بەرهەمهێنانی وشەی ڕێزمانی و ڕێگریکردن لە بەرهەمهێنانی وشەی ناڕێزمانی دیاریبکات(پیرحیاتی، ١٣٩٦: ٢٧).

هەرچەندە پرسیارەکانی هاڵ، چوارچێوەیەک بون بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتو سەبارەت بە تیۆری مۆڕفۆلۆژی، بەڵام یەکێک لەو پرسیار و کێشانەی کە هاڵ نەیوروژاند، پرسیاری پێناسەکردنی وشە یان "وشەبون" بو. لە ڕاستیدا، هاڵ چەمکی وشەی وەک چەمکێکی ڕون گریمانەکردووە، لە کاتێکدا لە هەندێک بەرهەمی دیکەدا جەخت لەسەر سروشتی کێشەداربونی ئەم بابەت و پرسیارە کراوەتەوە، بە تایبەت لەبەرئەوەی ئەم بابەت و پرسیارە پەیوەندی بە جیاکاری نێوان پڕۆسەکانی داڕشتن، گەردانکردن و لێکدانەوە هەیە. زۆرێک لەو کێشانەی کە بەهۆی پێناسەی وشەوە دروستدەبن، پەیوەندییان بە لێکدانەوە هەیە(هەمان سەرچاوە: ٢٧ – ٢٨).

مۆڕفۆلۆژی لەم تیۆرەدا لە سێ بەشی جیاکراوە پێکهاتووە، کە بریتین لە لیستی مۆڕفیمەکان و یاساکانی وشەدروستکردن و پاڵێوەر کە زانیاری تاکەکەسی لەخۆدەگرێت. مۆڕفۆلۆژی، لیستێکی دورودرێژ لە وشەکان بە ناوی (فەرهەنگ) بەرهەمدێنێت و یاساکانی گواستنەوەی تۆماری فەرهەنگی (بە مەرجی دەستگەیشتن بە کۆمەڵە شێوەکانی وشەیەک) لەم لیستەدا، وشەگەلێک هەڵدەبژێرن و لە چەند جێگایەکی شیاو لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەکاندا بەکاریدەهێنن. بە بەکارهێنانی یاساکانی گوێزانەوە سینتاکسییەکان لە ڕۆنانی ژێرەوە، ڕۆنانی سەرەوە بەرهەمدێت و ئینجا دەکەونە ژێر کاریگەری یاسا فۆنۆلۆژییەکان، تاوەکو دەرکردەی کۆتایی بەدەستدێت(Halle, 1973: 8 – 9).


کەواتە لەم تیۆرەدا ڕێزمان بە "لیستێک لە مۆڕفیمەکان" و "یاساکانی وشەدروستکردن" دەستپێدەکات. لە "لیستی مۆڕفیمەکان"دا، ناوەکان، کارەکان، ئاوەڵناوەکان، گیرەکەکان و زانیارییەکانی پەیوەست بە هەر دەروازەیەک تۆمارکراوە. هەروەها هەریەک لە مۆڕفیمەکانی زمانیش پۆلی ڕێزمانی تایبەتی خۆی هەیە؛ هەروەها گیرەکەکان لەم بەشەدا جێگەیان هەیە؛ بەڵام نیشانەی پۆلی ڕێزمانییان نییە(صراحی، ١٣٩٥: ١٣٩):

١١) [چیا]ناو؛ [گەورە]ئاوەڵناو؛ [– انە]پاشگر لە زمانی کوردیدا

١٢) [خانە]اسم؛ [باز–]پیشوند؛ [خوب]صفت؛ [– مند]پسوند؛ [خور]فعل لە زمانی فارسیدا

ئەم ڕۆنانە تێکردەی یاساکانی وشەدروستکردن پێکدێنن، هەروەها گیرەکی وشەدارێژ و وشەگەردان، لەبەرئەوەی ئەوانیش مۆرفیمن لە لیستی مۆرفیمەکاندا دانراون، ئەمەش جیاوازی نێوان وشەکان و گیرەکەکان نادیار دەکات. ئەگەر گیرەکەکان لە خودی یاساکانی وشەدروستکردندا تێکەڵبکرێن، دەکرێت جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەم دو جۆر توخمە( Scalise, 1986: 33).

هێڵکاری خوارەوە پوختەی تیۆری هاڵ لە قۆناغە جیاوازەکانی دارشتندا نیشاندەدات:




هێڵکاریی (١-١٣): پرۆسە مۆرفۆلۆژییە پێش فەرهەنگییەکان لە زمانی فارسیدا(صراحی، ١٣٩٥: ١٤٤ - ١٤٥)

١- [فندق] وشەیەکە کە یاساکانی وشەدروستکردن و پاڵێوەر نەگۆڕاوە و خراوەتە ناو وشەدان. بەڵام پێویستە بۆ ڕۆنانی وشەکانی دیکە لە لیستی مۆرفیمەکاندا بەردەستبێت.


٢- وشەی [فندقشکن] لە لیستی مۆرفیمەکاندا نییە، بەڵکو [فندق] و [شکن] لەو لیستەدان؛ کەواتە، دوای جێبەجێکردنی یاساکانی وشەدروستکردن، وشەی [فندق] لەگەڵ [شکن] لێکدەدرێن و وشەی [فندقشکن] بەرهەمدێت، بەبێ ئەوەی کە هیچ پێویستییەکی بە زیادکردنی تایبەتمەندییەکی تایبەت هەبێت، بەبێ گۆڕان بەناو پاڵێوەردا تێدەپەڕێت و بەبێ هیچ شتێک دەچێتە ناو وشەدانەوە.

٣- هەروەها وشەی [هیزمشکن] بەپێی یاساکانی وشەدروستکردن دروستدەکرێت، کە بۆ گوێزشکێن بەکاردەهێنرا؛ بەڵام پاڵێوەر تایبەتمەندی واتایی جیاکەرەوە بۆی دیاریدەکرێت، کە

پێویسته پێش چونه ناو وشەدانەوە بۆی دیاریبکرێت، دوای ئەو گۆڕانکارییە ئەم وشەیە دەخرێتە ناو فەرهەنگەوە.

٤- هەرچەندە وشەی [میزشکن]یش دەرئەنجامی یاساکانی وشەدروستکردنە و بە ڕۆنانێکی ڕاست دادەنرێت، بەڵام لە نێو وشە ڕاستەقینەکانی زمانەکەدا نییە و پاڵێوەر ڕێگری دەکات لە چونە ناو فەرهەنگەوە.

٥- لە دوا وشەدا یاساکانی وشەدروستکردن هەر لە سەرەتاوە ڕێگری لە ڕۆنانی ئەم وشەیە دەکەن؛ چونکە ئەم یاسا تایبەتەی وشەدروستکردن تەنها ڕێگە بە لێکدانی بناغەی ئەو وشانە دەدات کە نیشانەی پۆلی (ناو)یان هەیە.




هێڵکاریی (١-١٤): پرۆسە مۆرفۆلۆژییە پێش فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا

١- وشەی [کتێب] وەک خۆی لە فەرهەنگ کۆتایی دێت، واتە لە بەشی یاساکان و پاڵێوەردا گۆڕانی بەسەردا نایەت، بەڵام دەبێت لە لیستی مۆرفیمەکان دابنرێ، چونکە بۆ دروستکردنی وشەی تر پێویستە، وەکو [کتێب + خانە].

٢- وشەی [کارخانە] لە لیستی مۆرفیمەکاندا بەردەست نییە، بەڵکو هەریەک لە [کار] و [-خانە] بە دو مۆرفیمی جیا لەم لیستەدا هەن، ئەم توخمانە بەهۆی یاساکانی وشەدروستکردنەوە دەخرێنەپاڵێیەکەوە و دەرکردەی [کار + خانە] بەرهەمدێت و دەچێتە فەرهەنگەوە بەبێ وەرگرتنی هیچ تایبەتمەندییەک لە بەشی پاڵێوەردا، واتە لە ڕوی سینتاکسی و واتاییەوە ڕێک و یاسامەندە.

٣- وشەی [بار + خانە] بە هەمان شێوە لە لایەن یاساکانی وشەدروستکردن پێکهێنراوە، بەڵام پێش ئەوەی بچێتە فەرهەنگەوە لە بەشی پاڵێوەردا تایبەتمەندی واتایی جیاکەرەوە بۆی دیاریدەکرێت، کە واتای (شوێنێکە کە باری زۆر و یەک لەسەر یەکی تێدا دابنرێت) دەگەیەنێت.

٤- هەرچەندە وشەی [دارخانە*] لە لایەن یاساکانی وشەدروستکردنەوە بە پێکهاتەیەکی دروست هەژماردەکرێت، بەڵام یەکێک نییە لە وشەی ڕاستەقینەی زمانەکە، چونکە بەهۆی بونی وشەی [دار] پاڵێوەرەکە ڕێگری لێدەکات لە چونەژورەوەی بۆ فەرهەنگ، کە بە تایبەتمەندی [-تۆماری فەرهەنگی] ئاماژەی بۆ دەکرێت.

٥- لە دوا پرۆسەشدا یاساکانی وشەدروستکردن ڕێگرن لە پێکهێنانی وشەی [باخخانە*]، چونکە بەهۆی بونی وشەی [باخ] پاڵێوەرەکە ڕێگری لێدەکات لە چونەژورەوەی بۆ فەرهەنگ، واتە [باخ + خانە]* وشەیەکی نابەردەست و نەشیاوە.

ئەوەی پێویستە لەسەر تیۆری هاڵ بگوترێ، دەستکەوتەکەیەتی بۆ زمانەوانی. داهێنانی هاڵ پێشنیازی میکانیزمێکی سەربەخۆیە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت وشەی زمان بەرهەمبهێنرێت. ئەم داهێنانە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش گواستنەوە جۆراوجۆرەکان کەمدەکاتەوە. جگە لەوەش داهێنانی هاڵ ڕێگەیەکی نوێیە بۆ پاراستنی جیاوازی بنەڕەتی نێوان ڕستەسازی و مۆرفۆلۆژی. ئێمە لە ڕستەسازیدا باس لە ڕستەی ئەگەری ناکەین، بەڵکو ڕستەیەک یان ڕێزمانییە و بونی هەیە، یان نارێزمانییە و بونی نییە، بەڵام لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بەشی سێیەمیش هەیە و ئەوانە وشەی ئەگەرین، کە بونیان دژایەتی یاساکانی مۆرفۆلۆژی ناکات؛ بەڵام لە وشە ڕاستەقینەکانی زمانەکەدا نین، وەک [دارشکێن] لە کوردیدا [میزشکن] لە فارسی یان [deprival] لە ئینگلیزیدا (صراحی، ١٣٩٥: ١٤٤ - ١٤٦).

پێویستە دان بەوەدابنرێ، کە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، تێڕوانینی زمانەوانان سەبارەت بە سروشتی ئەو توخمانەی کە لە فەرهەنگدا دەبێ ڕیزبکرێن، جیاواز بووە. دوای ئەوەی هاڵ فەرهەنگێکی لە سێ لیستدا ناساند، زۆرێک لە زمانناسان هەوڵیان دا فەرهەنگەکە بۆ یەک لیست کەمبکەنەوە، چونکە باوەڕیان وابو ئەو فەرهەنگەی کە هاڵ مەبەستیەتی، زۆرێک لە ڕەگەزە فەرهەنگییەکان لە بەشی "لیستی مۆرفیمەکان" و "فەرهەنگی زمان" دوبارەدەبنەوە، و ئەم دوبارەبونەوەیەش پێویست نییە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧٢).

لە ئەنجامدا دوای ئەوە، سێ تێڕوانین لەسەر بنەمای "فەرهەنگی تاکلیستی" دروستبون. لە تیۆرەکانی وشەبناغەدا (وەکو تێڕوانینەکانی ئارۆنوف و جاکندوف)، تەنها وشەکان لە فەرهەنگدا

ڕیزدەکرێن، بۆیە توخمەلکاوەکانی وەکو گیرەکەکان، بە شێوە و پێکهاتەی جیاواز بونیان لە فەرهەنگدا نییە و لە چوارچێوەی وشەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەڵام لە تێڕوانینەکانی مۆرفیمبناغەدا، گیرەکەکانیش وەکو هەمو مۆرفیمەکانی دیکە لە فەرهەنگدا، دەروازەی فەرهەنگی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆ نمونە، لەم فەرهەنگەی، کە لە لایەن لیبەرەوە(١٩٨٠) پێشنیازکراوە، هەمو توخمە مۆرفۆلۆژییە شینەکراوەکان بونیان هەیە، کە قەد و گیرەکەکانیش دەگرێتەوە. بێگومان لەم چوارچێوەیەدا، لیبەر(١٩٨٠)، بە پێچەوانەی هاڵ(١٩٧٣)، پێی وایە تەواوی یەکە فەرهەنگییەکان، بە گیرەکەکانیشەوە، دەتوانن پۆلێکی فەرهەنگییان هەبێت؛ بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا، پاشگری /ify-/ تەنها کار دروستدەکات، یان لە زمانی فارسی پێشگری /نا-/ تەنها ئاوەڵناو دروستدەکات، بەڵام لە کوردیدا پێشگری /نا-/ ئاوەڵناو دروستدەکات و کاریش نەرێ دەکات. لە ڕوانگەی هەندێ لە زمانناسانی دیکەی (وەکو دی شولو و ویلیامز، ١٩٨٧) فەرهەنگ، لیستێکی تێکەڵاوە کە لە تێکڕای یەکە فەرهەنگییە (ئازاد و بەند)ەکان پێکهاتون(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧٣).

## ١-٩/١-١) یاساکانی وشەدروستکردن و تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە

دوای سەرهەڵدانی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردو لە لایەن چۆمسکییەوە، دواتریش دوای گۆڕانکاری لە تیۆرەکەدا لە چەند قۆناغێکی گەشەکردنیدا، لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانەوە لە ژێر کاریگەرییەکانی ئەم تیۆرەوە مۆرفۆلۆژی بەرهەمهێنان هاتەئاراوە(یونس، ٢٠١٣: ٣).

زۆربەی زمانەوانە بەرهەمهێنەکانی وەک (Halle-1973)، (Siegel-1974)، (Jackendoff-1976)، (Aronoff-1976)، (Lieber-1980)، (Selkirk-1982) و چەندانی تر بەو ئەنجامە گەیشتن، کە مۆرفۆلۆژیی داڕشتن و کردەی لێکدان، ڕەنگە لە ڕێگەی گۆڕانە سینتاکسییەکانەوە بەرهەمنەهاتبن، بەڵکو لە بەشێکی سەربەخۆ، کە بەشی مۆرفۆلۆژییە ڕوردەدەن و بەرهەمدێن(Selkirk, 1982: 1).

بەشی دووەمی تیۆری هاڵ، یاساکانی وشەدروستکردن لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەکی سیستەماتیکییانەی تایبەت، چاودێری شێوازی ڕیزبون و پێکهاتنی مۆرفیمەکان دەکەن، تاوەکو وشەکان بەشێوەیەکی دروست بەرهەمبێن(Halle, 1973: 3 - 4). واتە ئەرکیان دیاریکردنی

ڕێزبەندی دروستی دانانی مۆڕفیمەکانە لە تەنیشت یەکەوە. دەبێ بتوانن ڕێگری لە بەرهەمهێنانی ئەو وشانە بکەن کە پێچەوانەی یاساکانی وشەدروستکردنن.

کەواتە بەپێی بۆچونی هاڵ یاساکانی وشەدروستکردن کە کار لەسەر وشەکان و بنکەکان دەکەن و گیرەکەکانی ناو لیستی مۆرفیمەکان بەوانەوە دەبەستنەوە، بەرپرسیارن لەم ئەرکانەی خوارەوە(صراحی، ١٣٩٥: ١٤٢):

ا) دیاریکردنی چۆنیەتی ڕیزبەندی مۆرفیمەکان لە کاتی ڕۆنانی وشەیەکدا، بە جۆرێک، کە ڕیزبەندییەکی دروستی وەک "چایچی" لە زمانی کوردی و "سرکارگر" لە زمانی فارسیدا لە ڕیزبەندییەکی ناڕێزمانی " *چی چای" و " *کارسرگر" جیابکرێتەوە.

ب) ئەم بەشە بەم نمونانەی خوارەوە دیاریدەکرێت:

– دیاریکردنی پۆلی مۆڕفیمی بناغە لە پێکهاتەکەدا، وەک:

١٣) [دەست]ناو + [–بەند]پاشگر ← دەستبەند لە زمانی کوردیدا

١٤) [هنر]اسم + [–مند]پسوند ← هنرمند لە زمانی فارسیدا

– دیاریکردنی پۆلی ڕستەسازیی دەرکردەیی یاسای وشەدروستکردن، وەکو:

١٥) [بەهرە]ناو + [–مەند]پاشگر ← [بەهرەمەند]ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا

١٦) [هوش]اسم + [–مند]پسوند ← [هوشمند]صفت لە زمانی فارسیدا

– دیاریکردنی سنوری مۆڕفیمەکان لە پێکهاتەکەدا، وەکو:

١٧) [دار + –ەوان]ناو لە زمانی کوردیدا

١٨) [کن + –ش]اسم لە زمانی فارسیدا

– زیادکردنی زانیاری تایبەتی واتایی، کە لە کاتێکدا بەکاردێت، کە تایبەتمەندییە واتاییەکانی دەرکردەی پێکهاتەکە لەگەڵ تایبەتمەندییە واتاییەکانی بناغەی پێکهاتەکە یەکسان نەبێت؛ بۆ نمونە دەتوانین ئاماژە بە پاشگری ئینگلیزی hood بکەین، وەک childhood، کە وێڕای پاراستنی پۆلی ڕستەسازی بناغەکە، تایبەتمەندیی واتایی وشەکە لە کرۆکەوە بۆ واتا دەگۆڕێت:

١٩) [شۆفێر] + ـی ⟵ شۆفێری له زمانی کوردیدا

٢٠) [بێژەر] + ـی ⟵ بێژەری

٢١) [راننده] + ـی ⟵ رانندگی له زمانی فارسیدا

٢٢) [گوینده] + ـی ⟵ گویندگی

(هاڵ) له تیۆرەکەیدا جیاوازی له نێوان مۆرفۆلۆژیی گەردان و داڕشتندا ناکات. به بۆچونی ئەو لیستی مۆرفیمەکان، هەم گیرەکە وشەگەردانییەکان و هەم گیرەکە وشەداڕێژەکان دەگرێتەوە، له ڕوکەشدا یاساکانی وشەدروستکردن له هەردو بارەکەدا وەک یەک کاردەکەن؛ بۆیه وا دیاره له لیستی مۆرفیمەکاندا پێویسته پۆلی گیرەکە وشەگەردانییەکانیش له گیرەکە وشەداڕێژەکان جیابکەینەوه و پیشانیبدەین(صراحی، ١٣٩٥: ١٤٢).

٢٣) [پیاوەکە] + [ـان]پاشگری وشەگەردان؛ [بین] + [ـەر]پاشگری وشەداڕێژ له زمانی کوردیدا

٢٤) [مرد] + [ـها]پسوند تصریفی؛ [بین] + [ـنده]پسوند اشتقاقی له زمانی فارسیدا

هاڵ یاساکانی وشەدروستکردن بەسەر دو جۆری جیاوازدا دابەشدەکات: دەستەی یەکەم ئەوانەی بەسەر بنکەکان جێبەجێدەکرێن بۆ پێکهێنانی وشەکان، که له ڕەگێک و مۆرفیمێکی تر پێکدێن، دەستەی دووەم، ئەوانەن که بەسەر وشەکان جێبەجێدەکرێن(هەمان سەرچاوە: ١٤١). نمونەکانی خوارەوە ئەم جیاوازییه له زمانی کوردیدا نیشاندەدات:

٢٥) [کوشت + ـار]ناو — $[STEM + Af]_N$

٢٦) [زەرد + ـێنه]ناو — $[ADJ + Af]_N$

له زمانی فارسیشدا ئەم جیاوازییه لەم نمونانەدا دەردەکەوێت:

٢٧) دو + – نده ⟵ دونده، دونده + – ی ⟵ دوندگی

٢٨) آرا + – ش ⟵ آرایش، آرایش + – گر ⟵ آرایشگر

٢٩) دوز + – نده ⟵ دوزنده، دوزنده + – ی ⟵ دوزندگی

زانیاری تایبەتی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی لە بەشی "پالێوەر"دا هەن و بونی بۆشایی(gap) لە فەرهەنگدا بە سیمای [- تۆماری فەرهەنگی] نیشاندەدرێت. بۆ نمونە، یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی ئینگلیزیدا دەتوانن وشەی [deprival*] بەرهەمبهێنن، بەڵام بە هۆی بونی وشەی [deprivation] لەناو وشەکانی زمانی ئینگلیزیدا، تۆماری فەرهەنگی نایەتە کایەوە و ئەم وشەیە لە پێکهاتەی ڕستەشدا بەکارناهێندرێت، هەرچەندە لە ڕوی واتایی، ڕستەسازی و فۆنۆلۆجییەوە پێچەوانەی یاسا نییە. لە زمانی کوردیدا دەتوانن وشەی [*کوردزار] بەرهەمبهێنن، بەڵام بە هۆی بونی وشەی [کوردستان] لەناو وشەکانی زمانی کوردیدا، تۆماری فەرهەنگی نایەتە کایەوە و ئەم وشەیە لە پێکهاتەی ڕستەشدا بەکارناهێندرێت، هەرچەندە لە ڕوی واتایی، ڕستەسازی و فۆنۆلۆجییەوە پێچەوانەی یاسا نییە. بە دەربڕینێکی دیکە لیستی مۆرفیمەکان و یاساکانی وشەدروستکردن کۆمەڵەیەک لە وشە ئەگەرییەکان پێناسە دەکەن، بەڵام پالێوەر و ئەو زانیارییانەی کە لەناویدا هەن، ئەم کۆمەڵەیە دەگۆڕن بۆ ژێرکۆمەڵە لە وشە ڕاستەقینەکان. لیستی وشە ڕاستەقینەکانی زمانێک پێی دەگوترێت فەرهەنگی زمان(Halle, 1973: 5 – 6 وەرگیراوە لە ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧١).

یاساکانی وشەدروستکردن یاساگەلێکن کە پۆلی فەرهەنگی، زانیارییە واتایی و ڕستەسازییەکانی وەک: چوارچێوەی وەچەپۆلی و سنورداریێتی هەڵبژادنی هەر وشەیەک پێناسەدەکەن. لە ڕاستیدا ئەم یاسا مۆرفۆلۆژییانە، تایبەتمەندییە ڕێزمانی و واتاییەکانیان بە وشە داڕێژراوەکان دەبەخشن. بەم شێوەیە، لە پرۆسەی داڕشتندا، وشە داڕێژراوەکان تایبەتمەندییەکانیان جیاوازە لە وشە بنکە. بۆ نمونە، پاشگری /hood-/ بە هەندێک ناوەوە دەنوسێت کە تایبەتە بە مرۆڤ (وەکو boy) و لە ئەنجامدا ناوە بەرهەمهێندراوەکان لەم پرۆسەی داڕشتنەدا خاوەنی تایبەتمەندی جیاوازن، کە ئەو ناوە سادانەی لێیانەوە دروستبون بێبەشن لەو تایبەتمەندییانە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧١ – ٧٢).

یاساکانی وشەدروستکردن، ناوەڕۆکی فەرهەنگی زمان تا ڕادەیەک دیاریدەکەن، هەروەها وا دەکات کەوا فەرهەنگی زمان دروست کاربکات. شێوە و باری جیاوازی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆژییەکان لێکدەچێت، دەستپێڕاگەیشتنی ئەم یاسایانە بەپێی زانیارییەکانی بەشێکی دیکەی ڕێزمانە. دەستپێڕاگەیشتن و توانای یاسا مۆرفۆلۆژییەکان بەسەر فەرهەنگی زماندا بەم واتایەیە کەوا ژمارەیەک لە وشەی تایبەتی پێویست هۆکاری دروستبون و هەبونی وشەی ترن. ئەم کارە، هۆکارە بۆ ئەوەی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان وەکو ئامرازگەلێکی شێوەیی یا فۆرمی هەژماربکرێن، کە توانایەکی بەرچاویان هەیە. بۆ نمونە، بەپێی بیروڕای سیگل(١٩٧٢)،

پێکهاتەی کردارە سەرەتاییەکان(ئەو کردارانەی کە دەخرێنە سەرەتای ڕستەوە) کە لە لکانی پاشگری en- لەگەڵ بنکەیەکی ئاوەڵناوی بەرهەمدێن، مەرجدارە بە بارودۆخێکی دەنگیی تایبەت: بنکەی وشەکە دەبێت یەک برگەیی بێت و بە کۆنسنانتێکی کۆسپەک کۆتایی پێبێت کە لە پێش ئەو کۆنسنانتانە دەتوانرێت دەنگێکی گڕ بێت، وەکو کردارەکانی dampen, blacken, harden. بەم پێیە، کردارەکانی وەکو greenen, *dryen, *laxen* نارێزمانین، سەرەڕای ئەوەی کردارەکانی وەکو soften و moisten ڕێزمانین. هۆکاری ڕێزمانیبونی ئەم پێکهاتانە ئەوەیە کە بە تێچونی دەنگی [t]، وشە بنکەکان هەمان مەرج و بارودۆخی دەنگیی نمونەکانی سەرەوەیان دەبێت. ئەم بابەتە ئەوە نیشاندەدات کە یاسا مۆرفۆلۆژییەکان نەک تەنها بە فەرهەنگی زمان، بەڵکو دەستی بە دەرکردەی بەشی فۆنۆلۆژیش ڕادەگات، و سەرەڕای ئەمە بەشی مۆرفۆلۆژی لە بنەڕەتدا جیاوازە لە بەشی فۆنۆلۆژی(Halle, 1973: 13 – 14 وەرگیراوە لە ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧١). پێویستە ئەوەش زیادبکرێت، کە لەم بیروبۆچونە تیۆرییەدا پێشنیازکراوە کە بە هەمان شێوەی مۆرفۆلۆژیی وشەگەردان مامەڵە لەگەڵ مۆرفۆلۆژیی وشەدارێژ بکرێت؛ لەم ڕووەوە، ئاماژە بە بونی جیاوازیی و بۆشاییەکانی بەرێکەوت لە هەردو بوارەکەدا دەکرێت، کە بە بەکارهێنانی تایبەتمەندی [-تۆماری فەرهەنگی] لە زمانەکەدا دەرناکەون(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧٢).

هەروەکو دەبینین لە تیۆری (هاڵ)دا، کە یەکێکە لە لایەنگرانی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە، یاساکان دەسەڵاتێکی لەرادەبەریان هەیە. ئەم یاسایانە نەک هەر وشە ڕاستەقینەکانی زمان، بەڵکو وشەی ئەگەری و بۆشاییەکانی بەرێکەوتیش بۆ زمان بەرهەمدێنن و دەستگەیشتنیان بە وشەنامە و سیستەمی دەنگسازیی زمانەکە هەیە(صراحی، ١٣٩٥: ١٤٩).

لە تیۆری (هاڵ)دا یاساکانی مۆرفۆلۆژی بەهێزترن لە یاسا فۆنەتیکییەکان و لە کاتی دارشتندا دەتوانن ئاماژە بە دو بەش لە وشەنامە و فۆنۆلۆژی بکەن؛ بە واتایەکی تر ئەڵقەیەک لە نێوان یاساکان و وشەنامەدا هەیە، کە وا دەکات یاساکان بتوانن دەستیان بە وشەکان بگات؛ واتە بەپێچەوانەی تیۆری ستاندارد، تایبەتمەندی گرنگیی پلانی (هاڵ) ئەوەیە کە فۆرمێکی زمانی دەتوانێت دوای جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆژییەکان بگەڕێتەوە و بخرێتە ژێر پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان کە ئێستا مەرجە پێکهاتەییەکانی خۆی هەیە. ئێستا دەبێت بزانین بۆچی و چۆن یاساکانی وشەدروستکردن ئاماژە بە وشەنامە دەکەن. هەروەکو ئاماژەمان پێدا بەپێی تیۆری هاڵ، یاساکانی وشەدروستکردن دو جۆرن: جۆرێکیان بۆ قەدەکان و جۆرێکی تریان بۆ وشەکان بەکاردەهێنرێت. ئەمانە یاساکانی جۆری دووەمن کە ناچار دەکرێن ئاماژە بە وشەنامە بکەن؛

چونکە تەنها مۆرفیمەکان لە لیستەکەدا ئامادەن(صراحی، ١٣٩٥: ١٤٣)؛ بۆ نمونە ئەگەر سەیری وشەی [ساختگرایی] بکەین کە لە ئاستی یەکەمی شیکاری پێکهاتەی ناوەوەیدا بەم شێوەیە [ساختگرا + - ی]. بەپێی یاساکانی جۆری دووەم ئەم وشەیە لە لێکدانی ئاوەڵناو+ - ی دروستدەکرێت؛ بەڵام وشەی [ساختگرا*] وشەیەکی داڕێژراوە و لە لیستی مۆرفیمەکاندا نییە، بەڵکو بە پاڵێوەردا تێپەڕیوە و لە وشەنامە دانراوە و هەڵگیراوە، لە زمانی کوردیشدا ئەگەر سەیری وشەی [شارەوانی] بکەین کە لە ئاستی یەکەمی شیکاری پێکهاتەی ناوەوەیدا بەم شێوەیە [شارەوان + - ی]. بەپێی یاساکانی جۆری دووەم، ئەم وشەیە لە لێکدانی ناو+ - ی دروستدەکرێت؛ بەڵام وشەی [شارەوان*] وشەیەکی داڕێژراوە و لە لیستی مۆرفیمەکاندا نییە، بەڵکو بە پاڵێوەردا تێپەڕیوە و لە وشەنامە دانراوە و هەڵگیراوە، بۆیە کاتێک یاساکانی وشەدروستکردن دەیانەوێت کار لەسەر [شارەوان*] بکەن، دەبێت ئاماژە بە وشەنامە بکەن. دیارە ئەگەر وشەی هەڵگیراو تایبەتمەندی تایبەتی واتایی هەبێت، ئەم تایبەتمەندییە بۆ وشە تازە داڕێژراوەکە دەگوازرێتەوە؛ بۆ نمونە لەبەر ئەوەی وشەی [شارەوان*] لە بواری زانستی زمانەوانیدا تایبەتمەندییەکی تایبەتی هەیە، وشەی [شارەوانی]ش هەمان تایبەتمەندی هەیە.

هەروەکو گوتمان یاساکانی وشەدروستکردن، لە هەمان کاتدا وشەی دروستی زمانەکە بەرهەمدەهێنن، دەبێ بتوانن ڕێگری لە بەرهەمهێنانی ئەو وشانە بکەن کە پێچەوانەی یاساکانی وشەدروستکردن بن؛ بۆ نمونە ئەم یاسایانە وشەی [هونەرمەند] بەرهەمدەهێنن؛ بەڵام ڕێگری لە بەرهەمهێنانی [مەندهونەر*] و [هونەرچی*] دەکەن. بەکارهێنانی ئەم یاسایانە دەریدەخات کە هەمو پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی یاسامەند و ڕێکوپێکن و یاسا تایبەتەکان کە پێیان دەوترێت یاساکانی وشەدروستکردن لە بەرهەمهێنانی وشە بە یاسایەکی ڕێکوپێک بەرپرسیارن(هەمان سەرچاوە: ١٣٩).

## ٢-٩/١) مۆدێلی مۆرفۆلۆژیی ڕێکخستنی فەرهەنگی

ئەم مۆدێلە بە یەکێک لە مۆدێلەکانی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە دادەنرێت، (ڕۆشێل لیبەر) لە نامەکەی خۆیدا بە ناونیشانی "دەربارەی ڕێکخستنی فەرهەنگی" لە ساڵی ١٩٨٠ تیۆری مۆرفۆلۆژی پێشنیازکرد، کە لەسەر بنەمای ئەو مۆرفۆلۆژییە لە دو ڕوانگەوە پەرەی بەم تیۆرە دا و فراوانی کرد: یەکەم ئەوەیە سەلماندی کە دەبێت مۆرفۆلۆژیی وشەگەردان و مۆرفۆلۆژیی وشەداڕێژ لە فەرهەنگدا بەکاربهێندرێن، چونکە پێویستییان بە ژمارەیەک لە هەمان پرۆسەی فەرمی هەیە. (بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت) و دووەم ئەوەیە کە هەوڵیدا هەڵسوکەوت

و کارلێکی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان سنورداربکات و لەم ڕێگەیەوە چەمکی "وشەی ئەگەری" سنورداربکات(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧٣).

لەم تیۆرەدا، لیبەر هەوڵیدا تاوەکو سنوردارێتییەکانی فەرهەنگی دیاریبکات و دوبارە سنورەکانی لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆژی وێنەبکێشێتەوە. بێگومان لە پێش لیبەر، (سیگل، جاکندۆف و ئارۆنۆف)یش هەوڵیانداوە تاوەکو پێکهاتەی فەرهەنگ وێنەبکێشن، گرینگترین پرس و بابەت بۆ ئەمە بو کە: ا) دەبێت چ شتێک لە فەرهەنگدا هەبێت (واتە دەروازەی فەرهەنگی چ زانیارییەکی هەبێت) و ب) دەبێت پەیوەندی دەروازە فەرهەنگییەکان بە یەکترییەوە چۆن بێت( Halle, 1973: 9 – 12 وەرگیراوە لە ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧٣).

(ئارۆنۆف) دەروازەفەرهەنگییەکان کە یەکە شینەکراوەکان(سادە) و وشە ناسادە فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە، لە بەرچاودەگرێت، وەکو box و transmission لەم زمانەدا، کە واتاکانیان ناپێکهاتەیین، بۆیە ئەو دەروازەیەک بۆ گیرەکەکان دانانێت، بەڵام (سێلکێرک) سیستەمێک پێشنیاز دەکات کە لە بیروبۆچونی ئارۆنۆف جیاوازە و لەم سیستەمەدا تەواوی ڕەگەز فەرهەنگییەکان، لەوانە وشەکان، قەدەکان، و گیرەکەکان لە فەرهەنگدا دەروازەی فەرهەنگییان هەیە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧٤)، بەڵام بە باوەڕی لیبەر(١٩٨٠)، دەروازە فەرهەنگییەکان ڕەگەز و توخمی شینەکراوەن، واتا سادەن و توانای کەرتبونیان نییە بۆ کەرتی تر، کە زانیاری پەیوەست بە پۆلە گەردانییەکان، نواندنی فۆنۆلۆژی، نواندی واتایی، و چوارچێوەی وەچەپۆل لەخۆدەگرن. لەسەر ئەو بنەمایە، بۆ نمونە گیرەکێک بە هەمو ئەندامانی پۆلێکەوە نالکێت، بەڵکو بە ئەندامێکی تایبەتی ئەو کۆمەڵەیەوە یا ئەو پۆلەوە دەلکێت. (بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا لەوانەیە گیرەکێک تەنها بە ڕەگەکانی زمانی لاتینییەوە بلکێت.) لە ڕاستیدا ئەو دەروازە فەرهەنگییە ئەم زانیارییانە دیاریدەکات. زانیارییەکانی تر چوارچێوەی تێکردەیی لەخۆیدەگرن کە ڕۆنانی ئارگۆمێنتیی دەروازەی فەرهەنگی دیاریدەکات. بۆ نمونە کرداری go لە زمانی ئینگلیزیدا، لە ڕۆنانی ڕستەسازی بەکاردێت، کە ئارگۆمێنتێکی هەیە و پێویستییەتی، ئەو ئارگۆمێنتەش، بکەری ئەو کردارەیە(Lieber, 1980: 62 – 65 وەرگیراوە لە ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧٤)، کەواتە بە باوەڕی لیبەر گیرەکەکانیش هاوشێوەی مۆرفیمە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگی زمانەکەدا دەبن بە خاوەنی دەروازەیەکی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیان، لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، چونکە لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیبناغەدا مۆرفیمەکان دەخرێنە تەنیش یەکتری و هەر مۆرفیمێک خاوەنی دەروازەیەکی فەرهەنگی تایبەت بە خۆیەتی، جا ئەو مۆرفیمە سەربەخۆ بێت یان گیرەک بێت.

له تیۆری مۆرفۆلۆژیی لیبەر فەرهەنگ، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان و واتاناسیی فەرهەنگی له بابەتە گرنگەکانن:

### ۱-۲-۹/۱) فەرهەنگ

مرۆڤ له هەمو کۆمەڵگەیەکی زمانیدا وشەگەلێکی له مێشکی خۆیدا کەڵەکەکردووه، که له کاتی قسەکردن و نوسین و گوێگرتن و خوێندنەوەدا بۆ ئاماژەکردن به چەمکە خوازراوەکانی بەکاریدەهێنێت. ئەم کۆمەڵە وشەیە که له مێشکی مرۆڤدا هەڵگیراوه بۆ بەکارهێنانی له داهاتودا، پێی دەوترێت فەرهەنگ، که له کۆمەڵێک له توخمە نابەرجەستەکان پێکهاتووه(شقاقی، ۱۳۹۵: ۱٦).

به لەبەرچاوگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی وشەکان له هەر زمانێکدا و له هەمان کاتدا ئەگەری هەڵبژاردن و بەکارهێنانیان بەئاسانی و بەخێرایی له قسەکردندا، ناتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت که وشەکان بەشێوەیەکی هەڕەمی له مێشکی قسەکەراندا کەڵەکەببن. سیستماتیکیبونی فەرهەنگ وەک زانیارییە مەعریفییەکانی تر که له مێشکدا هەڵگیراون، ڕێگە به مرۆڤ دەدات له کاتی قسەکردندا بەئاسانی وشەکان به وشەکانی ترەوە ببەستێتەوە لەو ڕستانەی که دەیەوێت دەریانببرێت، یان به یەکتریان بگۆڕێتەوە و له کاتی پێویستیشدا وشەی نوێ بۆ فەرهەنگ زیادبکات(مشکوەالدینی، ۱۳۹٦: ۸).

بەو پێیەی فەرهەنگ واقیعێکی نابەرجەستەییە که له ئاوەزدا جێگیردەبێت، جیاوازە له فەرهەنگی وشە گشتییەکان. بەگشتی فەرهەنگی وشەکان لەسەر بنەمای فەرهەنگی ئاوەزی قسەکەران و فەرهەنگی وشەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕابردوی زمانەکە کۆدەکرێتەوە و ڕونە، که قسەکەران لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییە فۆنەتیکییەکانی وشەکان، فۆڕمی ئاشکرا و بەرجەستەی زمانەکە دروستدەکەن(اقلی، ۱۳۸۸: ۲٦).

لەم تیۆرەی لیبەردا جۆرێک ڕێکخستن له فەرهەنگدا خراوەتەڕو، که تێیدا فەرهەنگ بەسەر سێ بەشی لاوەکی دابەشکراوە و هەریەکەشیان یاسا و کەرەستە و ئامرازی فۆڕمی تایبەت به خۆیان هەیە(ارکان و بیدگلی، ۱۳۹۹: ۷٤ – ۷٥):

۱- فەرهەنگی هەمیشەیی: دەروازە مۆڕفیمییەکان لەخۆدەگرن، که لەگەڵ هەمو زانیارییەکانیاندا تۆماردەکرێن.

۲- ڕۆنانی فەرهەنگی: یاساگەلێکن که درەختی دولقی بێناو بەرهەمدەهێنن. ئەم یاسایانە له فەرهەنگی هەمیشەیی، مۆڕفیمەکان هەڵدەبژێرن و لەو درەختانەدا تۆماریاندەکەن و پاشان به

یارمەتیی میکانیزمی بەرهەمهێنانی تایبەتمەند، ناولێنانی درەختە فەرهەنگییەکان ئەنجامدەدرێت. ئەم دو بەشە لاوەکییە، بنەمای تیۆری هەمو مۆرفۆلۆژییە زنجیرەیییەکانی وەکو لێکدان و دارشتن پێکدەهێنن.

٣- یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی پەیوەست بە رێکخستن: یاساکانی وشەدروستکردن لەخۆدەگرن کە کار لەسەر زنجیرەیی فۆنیمەکان دەکەن، وەکو دوبارەکردنەوە، ناوگرلکاندن و گونجانی ڤاولی. لەراستیدا، ئەم یاسایانە بە مۆرفۆلۆژیی ناگیرەکییەوە پەیوەندیدارن و بە پێچەوانەی مۆرفیمەکان، دەروازەی فەرهەنگییان لە فەرهەنگدا نییە و بێبەشن لە زانیاری پەیوەست بە دەروازەی فەرهەنگییەوە.

ئەم سێ بەشە لاوەکییە، "رستەسازی"ی مۆرفۆلۆژی دەگرنەوە و واتاناسیی مۆرفۆلۆژی بە بەشێکی دیکەی رێزمان دەسپێردرێت(هەمان سەرچاوە: ٧٥).هێڵکاری (١-١٥) رۆنانی فەرهەنگی پیشاندەدات:

| Permanent Lexicon فەرهەنگی هەمیشەیی | | |
|---|---|---|
| Category: N پۆلی ناو<br>Lexical class1 پۆلی فەرهەنگی<br>(Morphological rules) یاسا مۆرفۆلۆژییەکان<br>Lexical class1 + 1 پۆلی فەرهەنگی<br>........................<br>(ML rules) یاساکانی مۆرفۆلۆژی | Category: V<br>پۆلی کردار | Category: Adj<br>پۆلی ئاوەڵناو |

⇩

LEXICAL STRUCTURE ڕۆنانی فەرهەنگی

-Lexical Structure Rewrite Rules
نوسینەوەی یاساکانی ڕۆنانی فەرهەنگی

- Feature Percolation Convention
ڕێسا و میتۆدی بڵاوبونەوەی تایبەتمەندی

⇩

String Dependent Rules یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی پەیوەست بە ڕیکخستن

-Reduplication دوبارەبونەوە

- Infixing ناوگرلکاندن

- Umlaut گونجانی ڤاوڵ

Etc.

هێڵکاری (١-١٥) ڕۆنانی فەرهەنگی (ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧٤ – ٧٥).

لیستی وشە ڕاستەقینەکانی زمانێک، دەبێتە فەرهەنگی ئەو زمانە، ئەمەش "بە کارلێککردنی لیستی مۆرفیمەکان و یاساکانی وشەدروستکردن و پاڵێوەر دیاریدەکرێت، هەمو ئەو وشانە لەخۆدەگرێت، کە بەردەستن، لەگەڵ فۆرمە گەردانییەکانی هەر وشەیەک" ( Stekauer & Lieber, 2005: 158).

## ٢-٢-٩/١) پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان

یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی زمانەوانی کە لە هەر زمانێکدا باو بووە، وشە و پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانە، کە لەو زمانەدا کاردەکەن. مۆرفۆلۆژی یەکێکە لەو بەشانەی زمانەوانی کە لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی لە زمانە جیاوازەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. یەکێک لەو بابەتانەی لە بواری مۆرفۆلۆژیدا توێژینەوەی تێدا دەکرێت، ئەو شێواز و میکانیزمانەیە، کە قسەکەرانی زمان بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بەکاریدەهێنن تا بتوانن بە یارمەتی ئەم وشانە ئەو چەمکانە دەرببڕن، کە مەبەستیانە. لە زمانی کوردی و فارسیشدا پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی جۆراوجۆر بۆ دروستبونی وشە بەکاردەهێنرێت.

مۆرفۆلۆژیش، هاوشێوەی ئاستەکانی ڕستەسازی و دەنگسازی خاوەنی پێڕەوی زمانی تایبەت بە خۆیەتی و ئەم پێڕەوەش لەڕێی چەند پرۆسەیەکەوە دروستدەبێت، کە پێیان دەوترێت پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان(خالد، ٢٠٢١: ٥٥)، مەبەست لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان ئەو پرۆسانەن کەوا یاسامەندبون و گشتگیرکردنێکە لە لای ئاخێوەری زمان، کە بە شێوەیەکی نائاگایی قسەکەری زمان بەپێی زانیارییە زمانییەکانی لەکاتی ئاخاوتندا بۆیان دەگەڕێتەوە( Haspelmath & Sims, 2010: 44).

سیستەمی ڕۆنانی فەرهەنگی بەپێی بۆچونی لیبەر، بە هۆی سادەیی و توانایی ڕونکردنەوەکەیەوە، لە یاساکانی وشەدروستکردنی ئارۆنۆف بە باشتر دادەنرێت. لەم سیستەمەدا، گیرەکلکاندن جۆرێکە لە تۆماری فەرهەنگی، کە تێیدا گیرەکەکانیش هاوشێوەی قەدە فەرهەنگییەکان دەروازەی فەرهەنگییان هەیە. ئەو تێڕوانینی یەکەیی لە مۆرفۆلۆژیدا لە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا دەخاتەڕو، لەسەر ئەم بنەمایەی، کە مۆرفۆلۆژیی گەردانی و دارشتن و مۆرفۆلۆژیی گیرەکی و ناگیرەکی لەناو یەک بەشی فەرهەنگیی تایبەت لە ڕێسا بە شێوەی پەیڕەوبەند و تەواولکاو و پەیوەست ئەنجامدەدرێن(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧٦).

به پشتبەستن بە ڕێباز و بۆچونی لیبەر "مۆرفیمە گیرەکییەکان لە مۆرفیمە ناگیرەکییەکان تەنها لەوەدا جیاوازن، کە گیرەکەکان چوارچێوەیەکیان هەیە وەک دەروازەی فەرهەنگی خۆیان، کە هەم ئەو پۆلە توخمییە نیشاندەدات، کە پێیەوە لکێنراوە و هەم ئەو پۆلە توخمییەی کە بەرهەمدەهێنرێت"؛(Lieber, 1980: 63) پاشگری /ness-/ بە ئاوەڵناوەکانەوە دەلکێت تاوەکو ناو بەرهەمبهێنێت و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە زانیارییەکانی وەچەپۆلی هەیە وەک ژمارە ۱، کە دەتوانرێت دەروازەی فەرهەنگی تەواویان لە شێوەی هێڵکاری ۱٦دا بخرێتەڕو:

(1) A] —— N]

/ness/

A] —— N]

(2) QUALITY

هێڵکاری (۱-۱٦) دەروازەی فەرهەنگی تەواو بۆ پاشگری ness- (Bochner, 1993: 22)

بەهێزترین بەڵگەی لای لیبەر بۆ جیانەکردنەوەی گەردان و داڕشتن لە یەکتری بۆ ئەو میکانیزمە دەگەڕێتەوە کە بە شێوەی یەکسان مامەڵە لەگەڵ پرۆسەکانی داڕشتن لە زمانی لاتینی و پرۆسەکانی گەردانی لەم زمانەدا دەکەن. هەر لەبەر ئەمەشە، ئەو پێشنیازدەکات کە دوبارە فەرهەنگ ڕێکبخرێتەوە. کارەی لیبەر هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە بتوانێت میکانیزمە فۆڕمییە هەنوکەییەکان بۆ مۆرفۆلۆژی وەسفبکات و لە ئەنجامدا ئەم جۆرە کارانە، چەمکی "وشەی ئەگەری" دەناسێنن؛ "وشە" لەم بۆچونەدا، بە واتایەکی فراوان و هێمادار بە واتای یەکەیەکی واتادار دێت، کە دەتوانرێت لە زنجیرەی ڕستەسازی جیابکرێتەوە(Lieber, 1980: 59 – 61 وەرگیراوە لە ارکان و بیدگلی، ۱۳۹۹: ۷٦).

لە مۆرفۆلۆژیدا، لیبەر بەڵگەیەک پیشاندەدات لەسەر ئەو بنەمایە ئەلۆمۆرفی بنکە، کە زۆرتر لە پاڕادایمە گەردانییەکاندا دەبینرێن، پێویستە بە جۆرێک لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان هەژماربکرێت تاوەکو بتوانن لە بەشی مۆرفۆلۆژیدا سود ببینن. ئەم جۆرە قەدانە بناغەی وشەسازییەکانی دواترن. یاساکانی داڕشتن و لێکدان دەبێت بتوانن لەسەر ئەلۆمۆرفە قەدە گەردانییەکانیش بەکاربهێندرێن(Lieber, 1980: 54 ,19 وەرگیراوە لە ارکان و بیدگلی، ۱۳۹۹: ۷٦).

لە زۆربەی تیۆرە مۆرفۆلۆژییەکانی پێش تیۆری لیبەر، وەک لێکۆڵینەوەکانی (سیگل، جاکندۆف و ئارۆنۆف)، گەردان لە بەشی فەرهەنگ جیابووە و لە بەشی ڕستەسازیدا پێشنیازکرابو و جێی باس بو، کە وەک فۆڕمێکی تایبەتمەندی ڕستەسازی لە کاتی دروستبونی ڕستەدا بۆ پێکهاتەی ڕستەسازی زیاددەکرا و لە ڕۆنانی سەرەوە، یا پێش جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆژییەکان وەک توخم و ڕەگەزێکی مۆرفۆلۆژی خۆیان پیشاندەدا. بەگشتی، پێگەی بەشی گەردان لە ڕێزمانی بەرهەمهێن لە بابەتە پشتگوێخراوەکان بو، کە تا ڕادەیەک بەهۆی گەردانی نەبونی زمانی ئینگلیزی بو(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: 76).

(لیبەر) دەربارەی داڕشتن، دەڵێت کە داڕشتن هەندێک جار پۆلی وشەکە دەگۆڕێت و زۆرجار واتایەکی فەرهەنگی نوێ زیاددەکات و لێکسیمێکی نوێ دروستدەکات و دەتوانرێت لە نابەرهەمهێنەوە بۆ بەرهەمهێنی تەواو پۆلێنبکرێت. لە سیستەمی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە کە لیبەر لەبەرچاوی دەگرێت، هەمو مۆرفیمەکان، جا ئازاد بن یان بەند، بە زانیارییەکانی وەک پۆلی ڕستەسازییان لە فەرهەنگدا ڕیزکراون و نوسراون؛ هەروەها گیرەکیش چوارچێوەیەکی وەچەپۆلی هەیە، کە ئەم چوارچێوەیە دیاریدەکات، کە دەبێت ئەو گیرەکە بە کام پۆلەوە ببەسترێتەوە(Lieber, 2009: 108)؛ بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا، مۆرفیمی hood– چوارچێوەیەکی وەچەپۆلی بەم شێوەیەی خوارەوەی هەیە:

Hood: [ {[A], [N]} __ ] [N, +abstract]

30) boy + –hood → boyhood [N/ + abstract]

لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی /–گە/ چوارچێوەیەکی وەچەپۆلی هەیە و ناوی شوێن دروستدەکەن، کەوا گیرەکێکی وشەداڕێژە:

٣١) [فڕ]ڕەگ + [–گە] ← فڕگە

٣٢) [ڕوان]ڕەگ + [–گە] ← ڕوانگە

لە زمانی فارسیشدا مۆرفیمی /–ار/ چوارچێوەیەکی وەچەپۆلی هەیە و هەندێکجار ئاوەڵناو دروستدەکەن، کەوا گیرەکێکی وشەداڕێژە:

٣٣) [گرفت]فعل + [–ار] ← گرفتار

٣٤) [درد]اسم + [-ار] ⟵ دردار

ڕونە، کە چوارچێوەی وەچەپۆلی (لیبەر) شوێنگرەوەیەکە بۆ تیۆری یاساکانی ڕۆنانی وشەی ئارۆنۆف. لەبری یاسایەک، کە گیرەکی /hood-/ بناسێنێت، زۆر سادە hood بە مۆرفیمێک یان زنجیرەیەک لە مۆرفیمەکانی تر دەبەستێتەوە و ئەگەر چوارچێوەی وەچەپۆلی بشکێنێت و پێشێلی بکات، وشە بەرهەمهاتووەکە بە پاڵێوەردا تێناپەڕێت(Spencer, 1997: 202).

لێرەدا بە نمونەیەکی سادە دەتوانین جیاوازی نێوان تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە و وشەبناغەدا بکەین، وشەی [ناراحتی] وشەیەکی داڕێژراوە کە پێکهاتەیەکی هەرەمی و زنجیرەیی هەیە کە دەتوانێت لەگەڵ تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا بگونجێت و بەم تیۆرە ڕونبکرێتەوە، ڕەگەزەپێکهێنەرەکانی لەسەر پەیوەندی تەکنشینی(ئاسۆیی) لە تەنیشتیەکەوە دادەنرێن، هەروەها بە سودوەرگرتن لە پەیوەندی جێنشینی(ستونی)، لە جیاتی وشەی [راحت]، دەتوانرێت وشەی وەک [آرام] بەکاربهێنرێت و ئاوەڵناوی [ناآرام] و ناوی [ناآرامی] بەشێوەیەکی پێوانەگیری لەگەڵ نمونەکانی هاوشێوە لە ڕۆنان لێ دروستبکرێت و ئەگەر سەرنج لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی وشەبناغەش بدەین، بەرهەمی کۆتایی ئەو وشانە دەبن کە لە ئەندامانی پۆلی ڕەسەنی فەرهەنگین. ئامانج و مەبەستی توێژینەوەی ئێمەش ئەمەیە، کەوا لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە و لە ڕێگەی پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژییەوە لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ وشەکانی زمانی کوردی و فارسی بکەین. واتە لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە سەرنج لە توخم و ڕەگەزەکانی دروستکەری وشە لە زمانی کوردی و فارسیدا دەدەین، واتە مۆرفیمەکانی زمانی کوردی و فارسی.

## ٣-٢-٩/١) واتاناسیی فەرهەنگی

سەربەخۆیی بوارەکانی ڕستەسازی و واتاناسی لە یەکتری لە بیرۆکە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی بەرهەمهێنانە. لیبەر(١٩٨٠)ش بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەریەک لە لایەنی ڕستەسازی یان ڕۆنانیی مۆرفۆلۆژی سەربەخۆیە لە واتاناسیی فەرهەنگی. ئەو پێی وایە کە لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا، واتاناسیی فەرهەنگی مەرج نییە لەگەڵ ڕۆنانی فەرهەنگی یەکسان و هاوشێوە بێت و یەکبگرێتەوە، هەروەها بەڵگەی ئەوەش دەهێنێتەوە، کە ڕۆنانی فەرهەنگی لە حاڵەتەکانی وەک unclear physicist لەگەڵ واتاناسییەکەی ئەو یەکناگرێتەوە. ئەم وشە لێکدراوە بە واتای کەسێک دێت، کە "شارەزای فیزیای ناوەکی"یە نەک "فیزیازانێک کە ناوەکییە".

هیچ تیۆرێکی مۆرفۆلۆژی نییە کە تێکەڵاوی(یەکپارچەیی ڕۆنان و واتای وشە) لەم ئاستەدا قبوڵبکات، ناتوانێت پاساو بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە بهێنێتەوە. بەڵگەیەکی ئەوەیە کە جیاوازی نێوان یاسا واتاناسییە فەرهەنگییەکان لەگەڵ یاساکانی ڕۆنانی فەرهەنگی، پەیوەندی بە پێکهاتەکانی وەک [paleface, redcap, blackboard]ەوە هەیە کە واتایەکی تایبەت(پێشبینینەکراو)یان هەیە. کەواتە بونی ئەم جۆرە وشانە کە لە ڕوی واتاییەوە، ناپێکهاتەیی و لە ڕوی ڕۆنانەوە یاسامەندن، دوبارە بەرگری لە سەربەخۆیی واتاناسیی فەرهەنگی دەکات( Lieber, 1980: 109 114 – وەرگیراوە لە ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧٧).

ئەم جۆرە یاسا واتاییانە، ڕۆنانی فەرهەنگیی پێکهاتەی بچوکتر بۆ پێکهاتەی گەورەتر پەرەپێدەدەن و نواندنە واتاییەکان پێکەوە تێکەڵدەبن. لەم ڕووەوە، بۆ واتاناسیی فەرهەنگیی پێکهاتەیی ژمارەیەک یاسای پێشبینیکراوی واتایی لەبەرچاودەگرێت، و بۆ واتاناسیی فەرهەنگیی ناپێکهاتەییش گریمانەدەکرێت، کە ژمارەیەک یاسای واتایی بونیان هەیە، کە واتایەکی تایبەتی لەگەڵ زنجیرەیەک لە مۆرفیمەکان دەگونجێن. بۆیە، وشەکان لە ڕوی ڕۆنانەوە پێکهاتەیی، بەڵام لە ڕوی واتاییەوە ناپێکهاتەیین(هەمان سەرچاوە: 116 - 115). لە ڕاستیدا لە شیکردنەوەی وشە ناسادەکاندا، کەوانەکردنی ڕۆنانی مۆرفۆلۆژی بەجیا لە کەوانەکردنی ڕۆنانی واتایی گریمانە دەکرێت و دەبێتە هۆی (دژیەکی کەوانەیی) لەم دو پێکهاتەدا.

# بەشی دووەم

## دارِشتن، لێکدان و لێکدراویدارِێژراو لە چوارچێوەی تیۆری مۆرِفۆلۆژیی مۆرِفیمبناغە لە زمانی کوردی و فارسیدا

## بەشی دووەم

# دارشتن، لێکدان و لێکدراویداڕێژراو لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لە زمانی کوردی و فارسیدا

یەکێک لە لقە گرنگەکانی زمانەوانی مۆرفۆلۆژییە، کە لە پێکهاتە و ڕۆنانی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵێتەوە، واتە ئەو یاسایانە دەخاتەڕو، کە چۆن یەکەکانی زمان(مۆرفیم و وشە)کان بۆ دروستکردنی فۆرمێکی نوێی وشە دەخرێنەپاڵیەک، واتە "کاری پێویست و گرنگ نیشاندانی چۆنیەتی پێکهاتن و دروست بوونی وشە و دیاری کردنی پارچەکانێتی"(مارف، ٢٠١٤: ٣١)، بۆیە مۆرفۆلۆژی هەم ئەرکی وشەدروستکردن دەگێڕێت، چونکە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمهێنانی لێکسیمی نوێدا دەکات، هەم ئەرکی گەردانکردن دەبینێت، چونکە مامەڵە لەگەڵ فۆڕمە جیاوازەکانی تاکە وشەیەک دەکات بۆ گەیاندنی واتای ڕێزمانی جیاواز.

وشەدروستکردن بە یەکێک لە پەیوەندییە مۆرفۆلۆژییەکان دادەنرێت و "ئەو لقەی زانستی زمانە، کە تێیدا ئەو تەرزانە پێکدەهێنرینەوە و وەسفدەکرێن، کە بە پەیڕەوکردنیان دروستەی ناوەوەی وشەکانی زمان و لەم حاڵەتەدا ئەوانەی وشەکانی زمانی کوردیی دروستبووە و وشەی نوێیش پێیان دروستدەکرێن"(مەحویی، ٢٠١٠: ٤٥).

بێگومان یەکێک لەم بابەتانەی لە بواری مۆرفۆلۆژیدا توێژینەوەی تێدا دەکرێت، ئەو شێواز و میکانیزمانەیە کە قسەکەرانی زمان بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بەکاریدەهێنن تا بتوانن بە یارمەتی ئەم وشانە ئەو چەمکانە دەرببڕن کە مەبەستیانە. لە زمانی کوردی و فارسیشدا پڕۆسەی مۆرفۆلۆژیی جۆراوجۆر بۆ دروستبونی وشە بەکاردەهێنرێت. کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بەشی دووەممان تەرخانکردووە بە پڕۆسەکانی دارشتن و لێکدان و لێکدراویداڕێژراو و لە بەشی سێیەمیشدا باس لە پڕۆسەکانی تری مۆرفۆلۆژی دەکەین.

زۆربەی پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لەسەر وشە ناسادەکانی زماندا جێبەجێدەکرێن؛ بەڵام هەندێکجار هەندێک لە پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لەسەر وشەی سادەش جێبەجێدەکرێن. وەکو پڕۆسەکانی (دوبارەبونەوە، گۆڕین، دروستکردنی وەگەڕاوە)؛ واتە دەکرێت وشە سادە و وشە ناسادەکانیش لە ڕێگای پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکانەوە بەرهەمبهێنرێن. هەروەها وشە بەرهەمهاتووەکان بەپێی یاساکانی زمانەکە کاردەکەن، هەربۆیە ئاخێوەری زمان پێویستی بە لەبەرکردنی ئەم جۆرە وشانە نییە و بە زانینی یاساکە و پەیڕەوەکە دەتوانێت لە وشەکە بگات و لێکیبداتەوە. قسەکەری زمان دەتوانێت وشەی نوێش کە پێشتر نەیبیستووە یان بەکارینەهێناوە

دروستبكات و گوێگریش دەتوانێت وشە نوێیەکە، کە بۆ یەکەم جار بەرگوێی دەکەوێت، لێکبداتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو پاشخانە وشەسازییەی کە زمانەکە پێشتر پەسەندیکردووە(خالد، ٢٠٢١: ٥٦).

لەم بەشەدا ئاماژە بە هەندێک لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی وەک: دارشتن، لێکدان و لێکدانودارشتن، لە هەریەک لە زمانی کوردی و فارسیدا دەکەین، لەبەرئەوەی ئەم پرۆسانە لە زۆربەی زمانەکاندا زۆرترین وشەیان پێ دروستدەکرێت و سروشتییان لەیەکترەوە نزیکە، بۆیە خراونەتە چوارچێوەی بەشێکەوە. دواتریش خاڵە لێکچو و جیاوازەکانی هەردو زمانەکە لە چوارچێوەی ئەم پرۆسانە و لە روانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە دەخەینەرو.

## ١/٢) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی دارشتن

دارشتن بەبەرهەمترین پرۆسەی مۆرفۆلۆژییە لە زمانی کوردی و فارسیدا، بەم واتایەی کەوا ژمارەیەکی زۆر لە وشەکانی کوردی و فارسی لە رێگەی پرۆسەی دارشتنەوە بەرهەمدێن. بەبەرهەمی پرۆسەی دارشتندا لە مۆرفۆلۆژیدا لەبەرئەوەیە کە سنورێکی فراوانتر بۆ قسەکەرانی زمان دەرەخسێنێت تا بتوانن وشەی نوێ بۆ بیر و شتە نوێیەکانی ژیان رۆبنێن، زۆر لە مۆرفۆلۆژیناسەکانیش ئەم پرۆسەیە بە باشتر و شیاوتر لە پرۆسەکانی تر دەزانن، ئەمەش لەبەرئەوەی، کە لە روی برگەییەوە ئەم پرۆسەیە لە زۆربەی پرۆسەکانی تر کورتترە، کە ئەمەش ئابوریکردنە لە زماندا، هەروەها گیرەکەکان خۆیان بێواتان و بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە واتا وەردەگرن، بنکەی وشەش هەمان بنکەی وشە دروستکراوەیەکە، واتە لە چەند وشەیەکی تری دارێژراو دوبارەدەبنەوە، وەک وشەکانی [زانا، زانایی، نەزان، ...هتد](رەحیمی، ١٣٨٨: ٣٤).

پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی دارشتن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆرێت، بەڵام دارشتن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانە هیندۆئەوروپییەکان بەگشتی، لەم رووەشەوە زمانی کوردی و فارسی هاوبەشی زۆریان هەیە(حمد، ٢٠١٤: ٨١).

گرنگترین پرۆسەی دروستبونی وشە، کە دەکرێ بڵێین زۆربەی شارەزایان لەسەر تایبەتمەندییەکانی کۆکن، پرۆسەی دارشتنی وشەیە. لەم پرۆسەیەدا وشەیەکی نوێ بە زیادکردنی گیرەکی وشەدارێژ (پێشگر، پاشگر، ناوگر) بۆ بنکەی فەرهەنگی یان رێزمانییەکان دروستدەبێت.

کەواتە دارشتن زاراوەیەکە کە ئاماژەیە بۆ یەکێک لە پرۆسە سەرەکییەکانی مۆرفۆلۆژی و دەرئەنجامی دروستکردنی وشەیەکی نوێیە(محمدی، ١٣٨٨: ٢٩)، کە ئەمەش بە زیادکردنی یەک

یان چەند گیرەکێکی دارِشتن بۆ ڕەگ یان بنکە ڕوودەدات(Malmkjaer, 1991: 318). (کاتامبا) دارِشتن وەک پرۆسەیەکی پەیوەست بە زمان دادەنێت(اقلی، ۱۳۸۸: ۲۹).

دارِشتن، واتە دارِشتنی وشەیەک لە وشەیەکی تر، بۆ نمونە وشەی derivational بە یارمەتی پاشگری /al-/ لە وشەی [derivation] ەوە دارِێژراوە(Jensen, 1990: 5)، بۆیە دەتوانین بڵێین دارِشتن لە توێژینەوە مۆرفۆلۆژییە مۆدێرنەکاندا بەگشتی ئاماژەیە بۆ دروستکردنی گۆرِانکاری لە وشەی ڕاستەقینە بۆ بەرهەمهێنانی وشەیەکی نوێ، ئەم پرۆسەیە بەگشتی بە زیادکردنی مۆرفیمەکان بە ناوی گیرەک(کە لەڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە لە فەرهەنگی وشەدا ڕیزکراون) بۆ بنکەیەک هەڵدەستێت بە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ.

(شقاقی)ش پێی وایە کە پرۆسەی دارِشتن جۆرێکی گیرەکلکاندنە، کە بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ بەکاردێت و بەستنەوەی گیرەکی دارِشتن بە بنکە زۆرجار هۆکاری گۆرِینی پۆلەکەیەتی، زیادکردنی گیرەکی دارِشتن بۆ بنکە واتا و چەمکێکی نوێیان بۆ زیاددەکات، کە هەندێکجاریش واتایەکە پێشبینینەکراوە(شقاقی، ۱۳۹۵: ٥٤-٥٥)، وەک (روا) کە بە واتای (جایز و سزاوار)دێت، نەک بە واتای بکەری کاری (رفتن). واتە گیرەک لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفیمەوە، ئەو مۆرفیمە بەندانەن کە لە شێوەی پێشگر یان پاشگر یان ناوگر دەچنە سەر وشەیەک بۆ گێرانی ئەرکێکی ڕێزمانی یان فەرهەنگی(Trask, 2007: 8)، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، پرۆسەی دارِشتن پێی دەوترێت گیرەکلکاندن.

گیرەکلکاندن، بریتییە لە زیادکردنی یەک یان چەند گیرەکێکی دارِشتن بۆ ڕەگ یان بنکە بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ(محمدی، ۱۳۸۸: ۳۱)، بە واتایەکی تر گیرەکلکاندن پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییە کە لە ڕێگەیەوە زانیاری فەرهەنگی یان ڕێزمانی بۆ بنکەکە زیاددەکرێت(Crystal, 2008: 16).

گیرەک توخمێکە تەنها کاتێک بەکاردێت، کە بەسترابێتەوە بە ڕەگ یان بنکەوە و لە ئەنجامدا بە مۆرفیمی بەند دادەنرێت. بەپێی شوێنی گیرەکەکە لە وشەکەدا دەتوانرێت بەسەر سێ جۆردا دابەشبکرێت، کە بریتین لە پێشگر و پاشگر و ناوگر. پێشگر گیرەکێکە کە بۆ سەرەتای ڕەگ یان بنکە زیاددەکرێت؛ پاشگرەکە بۆ کۆتایی ڕەگ یان بنکە زیاددەکرێت و ناوگریش بۆ ناوەوەی وشەکە زیاددەکرێت، واتا دەخرێتە ناو ڕەگ یان بنکەوە(Malmkjaer, 1991: 317; katamba, 1993: 44).

فەرهەنگی فەرەنسی (ڕۆبێرت) بەم شێوەیە پێناسەی "گیرەک" دەکات: "گیرەک یەکەیەکی زمانیی ناسەربەخۆیە، کە بەستراوەتەوە بە وشەیەکەوە بۆ گۆڕینی واتا یان ڕۆڵی ڕێزمانی و پێش ڕەگی وشە، نێوان ڕەگی وشە یان دوای ڕەگی وشە دێت(دهخوارقانی، ١٣٩٩: ٤٢).

بە پشتبەستن بەم پێناسانە، گیرەکەکان پێکهاتەیەکی زمانیی ناسەربەخۆن، کە دەتوانن زاڵبن بەسەر فۆڕم و واتای وشەکاندا و بەئاسانی دەتوانرێت بخرێنە پۆلی پێکهاتەی وشەسازییەوە. هەرچەندە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە گیرەکەکان بە پشتبەستن بە پڕۆسەی مۆرفۆلۆژی لە دو پۆلی گیرەکە وشەگەردانییەکان و گیرەکە وشەداڕێژەکان کۆدەکرێنەوە، گیرەکە گەردانییەکان، وەک لە ناوەکەیانەوە دەردەکەوێت، بە بەستنەوەیان بە وشەیەکەوە فۆڕمی ڕستەسازیی جۆراوجۆری وشەکە دەدەن بەدەستەوە و بەکارهێنانیان هاوشێوەیە. بەو واتایەی کە وشەیەکی نوێ دروستناکەن، بەڵکو دەبنەهۆی سەرهەڵدانی فۆڕمی جۆراوجۆری هەمان وشە، کە بە پشتبەستن بە مەرجی ڕستەسازی بەکاردەهێنرێن، وەک ئەو گیرەکانەی کە بۆ ڕونکردنەوە، ژمارە، کەس، کاتی ڕێزمانی و ...هتد بەکاردەهێندرێن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە گیرەکە وشەداڕێژەکان، بە پێچەوانەی گیرەکە وشەگەردانییەکان، ڕۆڵی وشەسازی دەگێڕن، بەو واتایەی کە وشەی نوێ دروستدەکەن، ژمارەیان زیاترە لە گیرەکە وشەگەردانەکان و زۆرجار پۆلی وشەکان دەگۆڕن، دەتوانن وشەیەک بەرهەمبهێنن کە واتایەکی نوێی هەبێت(کلباسی، ١٣٨٧: ٢٣ – ٢٤).

هەروەها دەگوترێت، گیرەکەکان لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە ناویانلێنراوە، چونکە هەرکاتێک بۆ وشەکان زیاددەکرێن، گۆڕانکاری لە واتای ئەو وشانەدا ڕودەدات، بۆیە لە ڕاستیدا بۆ وشەکان زیاددەکرێن بۆ بەدەستهێنانی واتای نوێ، بەڵام لە بنەڕەتدا لە ڕستەدا ڕۆڵی سەربەخۆ ناگێڕن، بەڵام کاریگەری لەسەر واتای وشەکاندا دادەنێن لە ڕستەدا( Soltani-Gord Faramarzi, 1997: 190). کەواتە گیرەک پێکهاتەیەکی بچوکە و بەتەنیا بەکارناهێنرێن و دەبێت هەمیشە بە وشە و بنکەیەکی دیکەوە ببەسترێنەوە بۆ ئەوەی چەمک و واتاکەیان دەربکەوێت.

گیرەکی داڕشتن ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

١- پێکهاتەی ڕستەسازیی ڕستەکە ناگۆڕێت، وەک (خورشید آمد و خورشید **بر** آمد.) لە زمانی فارسیدا و (خۆر هات و خۆر **هەڵ**هات.) لە زمانی کوردیدا.

٢- بەزۆری پۆلی ڕێزمانی و واتای بنکە دەگۆڕێت، وەک [غم] کە ناوە و [غمناک] کە ئاوەڵناوە لە زمانی فارسیدا، لەگەڵ [جوان] کە ئاوەڵناوە و [جوانی] ناوە لە زمانی کوردیدا، بەڵام هەمو گیرەکە وشەداڕێژەکان بەم شێوەیە کار ناکەن و هەندێکیان پۆل ناگۆڕن.

٣- دابەشکردنی تەواوکەرانەی نییە، واتە لەگەڵ ژمارەیەکی سنوردار لە وشەکان بەکاردەهێندرێت، وەک /-مند/ کە لەگەڵ [کار] یەکدەگرێت و [کارمند] دروستدەکات، بەڵام بۆ نمونە لەگەڵ /خانە/ یەکناگرێت بۆ ئەوەی [خانەمند*] دروستبکات لە زمانی فارسیدا. وەک /-چە/ کە لەگەڵ [باخ] یەکدەگرێت و [باخچە] دروستدەکات، بەڵام بۆ نمونە لەگەڵ /خوێندنگا/ یەکناگرێت بۆ ئەوەی [خوێندنگاچە*] دروستبکات لە زمانی فارسیدا

٤- لیستی کراوەیان هەیە؛ واتە ئەگەری زیادکردن یان کەمکردنەوەی ژمارەیان هەیە.

٥- بەزۆری لەپێش گیرەکە گەردانییەکانەوە دێن، واتە نزیکتر لە بناغەی وشەکەوە دێت، وەک /-گر/ لە [کارگرها]، کە گیرەکی داڕشتنی /-گر/ لەپێش گیرەکی گەردانی /-ها/ەوە دێت لە زمانی فارسیدا، وەک /-کار/ لە [کرێکارەکان]، کە گیرەکی داڕشتنی /-کار/ لەپێش گیرەکی گەردانی /-ەکە/ و /-ان/ەوە دێت لە زمانی کوردیدا.

٦- وشەیەکی نوێ دروستدەکات، کە دەروازەی فەرهەنگیی فەرهەنگی زمان پێکدەهێنێت(محمدی، ١٣٨٨: ٣٥ ؛ شقاقی، ١٣٩٥: ٦٩-٧١؛ قادر، ٢٠٠٠: ٥٧-٦٣).

وشە داڕێژراوەکانی زمان لە دو ئەگەردا یان لە دو قالبدا دەردەکەون، چونکە گیرەک بەشداری لە پێکهێنان و داڕشتنی وشەی داڕێژراودا دەکات و دەچێتە سەر وشەیەکی سادەی واتادارەوە، کە دەکرێت لەم دو یاسایە بخرێتەڕو:

$$X^{+1} \longrightarrow Y + X^{-1}$$

$$X^{+1} \longrightarrow X^{-1} + Y$$

لە چوارچێوەی ئەم دو یاسایەدا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە گیرەکەکە یان بە پێشەوەی وشەکەوە دەلکێت لە شێوەی مۆڕفیمی پێشگر، یان بە دوایەوە دەلکێت لە شێوەی مۆڕفیمی پاشگر. هەروەها ئەم فۆڕمە تازەیە لە ئەنجامی پەیوەندی سینتاکسی نێوان کۆی پێکهێنەرەکانییەوە دروستدەبێت، کە پەیوەستە بە تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغەوە، کە دواتر لە لێکدانەوەی وشەکانی زمانی کوردی و فارسیدا ئاماژەی پێدەکەین. لە وشەی داڕێژراویشدا ئەگەرچی وشەی

سادە پێکهێنەری بنەڕەتییە، بەڵام مەرج نییە سەرەی وشە داڕێژراوەکە بێت، چونکە هەمو کات وشە سادەکە پۆل و فۆرمی تازە و نوێی دانەهێناوە، بەڵکو گیرەکەکە ئەم دۆخەی بە فۆرمە تازەکە داوە. بەپێی هەردو یاساکە ($X^{+1}$) وشە داڕێژراوەکە دەنوێنێت، هەرچی وشە سادەکەیە هەمیشە ($Y$)ە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی گیرەکەکە ($X^{-1}$)ە، کەچی سەرەی وشە داڕێژراوەکەیە(یونس، ٢٠١٣: ٣٣)، کاتێک نمونەکان بە هەریەک لە ڕێگای هێڵکاری درەختی یان کەوانە ناولێنراوەکانەوە شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:




[منداڵانە]ئاوەڵناو(ئاوەڵکار) = [ [منداڵ]ناو + [انە]گیرەک ]ئاوەڵناو(ئاوەڵکار)

هێڵکاری (٢-١) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [منداڵانە]





[بێگیان]ئاوەڵناو = [ [بێ]گیرەک + [گیان]ناو ]ئاوەڵناو

هێڵکاری (٢-٢) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [بێگیان]

مەبەستی توێژینەوەکەی ئێمە ئەوەیە، کەوا پڕۆسەی مۆرفۆلۆژیی داڕشتن لە زمانی کوردی و فارسیدا لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە بخەینەڕو، بێگومان هەروەکو لە پێشوتردا باسمان کرد، بیری سەرەکی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە بریتییە لە لێکدان و ڕیزبونی مۆرفیمەکان بۆ دروستبونی وشەکان و دیاریکردنی چۆنیەتی ڕیزبەندی مۆرفیمەکان لە کاتی ڕۆنانی وشەیەکدا، واتە کاری ئەم تیۆرە لێکدانەوە و شیکردنەوەی وشە ناسادەکانە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەوا چونەپاڵیەکی ئەم مۆرفیمانە هەڕەمەکی و لەخۆوە نییە، بەڵکو پێویستە لە زنجیرەیەکدا ڕێکبخرێت، کە لە لایەن یاساکانی وشەدروستکردنی زمانەکەوە ڕێگەپێدراو بێت، کەواتە زانیاری قسەکەر دەربارەی پێکهاتەی وشەی زمانەکەی بریتییە لە زانینی شێوازی ڕیزبونی خستنەپاڵیەکی مۆرفیمەکان، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕیزبونی مۆرفیمەکان لە ئاستی وشەدا جێگیرە و هەر جێگۆڕکێکردنێک دەبێتە هۆی ناڕێزمانی وشەکە.

هەر لەم بارەیەوە (لیبەر)، کە یەکێکە لە ڕابەرانی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە، پێی وایە مۆرفۆلۆژیناسەکان پێکهاتەی وشە هاوشێوەی توێژاڵەکانی پیاز دەناسێنن، بەجۆرێک بنکە چینی ناوەوەیە و هەر کام لە گیرەکەکان دەکەونە سەروی ئەو چینە(اسلامی پور و دیگران، ١٣٩٥: ٨ – ١٠). وەک لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕو:




هێڵکاری (٢-٣) پێکهاتەی وشە لە شێوەی توێژاڵی پیازدا(Lieber, 2009: 38).

(١) بێفڕۆکەوان: [ [بێ–]گیرەکی داڕشتن + [ [ [فڕ]ڕەگ + –ۆکە]ناوی ئامێر + [–ەوان]]ناوی پیشە]ئاوەڵناو

ئەگەر سەرنج بدەین، هەر جێگۆڕکێکردنێک بە مۆرفیمەکان لە پێکهاتەی وشەکەدا، وەکو (*بێ–فڕ–ەوان–ۆکە)، (*فڕ–ۆکە–ەوان–بێ)، (*فڕ–بێ–ۆکە–ەوان)، دەبێتە هۆی نارێزمانیبونی وشەکە. لە دروستبونی ئەم وشەیەدا سەرەتا پاشگری /–ۆکە/ بۆ ڕەگی [فڕ] زیادکراوە، چونکە گیرەکەکانی /بێ–/ و /–ەوان/ ڕەگی کارەکە وەکو بنکەی خۆیان هەڵنابژێرن، لە کاتێکدا پاشگری /–ۆکە/ بەو توخمەوە دەلکێت و پۆلەوشەی ناو بەرهەمدێنێت، دواتر پاشگری /–ەوان/ بۆ وشەی داڕێژراوی (فڕۆکە) زیادکراوە، پاشان لە کۆتا هەنگاودا پاشگری /بێ–/ بۆ وشەی فڕۆکەوان زیادکراوە، چونکە پاشگەی /–ەوان/ بنکەی ناویی هەڵدەبژێرێت، نەک ئاوەڵناو، پێشگری /–بێ/ش بنکەی ناوی هەڵدەبژێرێت و ئاوەڵناو ڕۆدەنێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە بەپێی بۆچونی (لیبەر)، سەرەتا گیرەکە پۆلنەگۆڕەکان بە بنکەوە دەلکێندرێن، بە بەراورد بە گیرەکە پۆلگۆڕەکان، لەم ڕوانگەیەوە بەزۆری دەبینین لە زمانی کوردیشدا هەر وایە و سەرەتا پاشگری پۆلنەگۆڕی (–ەوان) بۆ بنکەی ناوی (فڕۆکە) زیاددەکرێت، دواتر پێشگری پۆلگۆڕی /بێ–/ بۆ بنکەی ناوی (فڕۆکەوان) زیاددەکرێت، چونکە کاتێک پاشگری /–ەوان/ بە بنکەوە دەلکێندرێت، پۆلی بنکەکە ناگۆڕێت و هەر بە ناو دەمێنێتەوە، بەڵام کاتێک پێشگری /بێ–/ بە بنکەوە دەلکێندرێت، پۆلی بنکەکە لە ناوەوە بۆ ئاوەڵناو دەگۆڕێت، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە ڕیزبەندی گیرەکەکان لە پێکهاتەی وشەدا لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفیمبناغەوە هاوشێوەی توێژاڵی پیاز وان(Lieber, 2009: 38).

## ٢/١-١) جۆرەکانی پرۆسەی دارشتن لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لە زمانی کوردی و فارسیدا


دەتوانین، لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە و ڕیزبونی مۆرفیمەکانەوە لە پێکهاتەی وشەی زمانی کوردی و فارسیدا، پرۆسەی دارشتن بۆ چەند جۆرێک دابەشبکەین، ئەوانیش بریتین لە دارشتنی هەرەمی و ناهەرەمی لەگەڵ دارشتنی پۆلگۆڕ و پۆلنەگۆڕ، کە لە خوارەوەدا هەریەکەیان باسدەکەین و وشە کوردی و فارسییەکانیان پێ لێکدەدەینەوە:

### ٢/١-١-١) دارشتنی هەرەمی و ناهەرەمی

لەسەر بنەمای بەیەکەوەهاتنی کەرەستەکان لە چوارچێوەی پێکهاتەی وشەدا، هەردو جۆری دارشتنی هەرەمی و ناهەرەمی جیادەکرێنەوە.

لەم هێلکارییەی خوارەوەدا دەکرێت جیاوازیی نێوان دارشتنی هەرەمی و ناهەرەمی بکەین:

١-
٢-
٣-




هێڵکاری (٢-٤) جیاوازی نێوان دارشتنی هەرەمی و ناهەرەمی(خالد، ٢٠٢١: ٦٦)

لە خاڵی یەکەمدا (A + B) بەیەکەوە پێکهاتەیەک دروستدەکەن و پاشان لەگەڵ پێکهاتەی (C) یەکدەگرن و پێکهاتەیەکی تر دروستدەکەن، واتە ئەم پێکهاتەیەی دروستدەبێت لە ڕێگای دارشتنی هەرەمییەوە دەبێت و هەنگاوبەهەنگاوە، لە خاڵی دووەمدا (B + C) بەیەکەوە پێکهاتەیەک دروستدەکەن و پاشان لەگەڵ پێکهاتەی (A) یەکدەگرن و پێکهاتەیەکی تر دروستدەکەن، واتە ئەم پێکهاتەیەی دروستدەبێت لە ڕێگای دارشتنی هەرەمییەوە دەبێت و هەنگاوبەهەنگاوە، لە خاڵی سێیەمدا (A + B + C) بەیەکجار و بەیەکەوە پێکهاتەیەک دروستدەکەن و ناشتوانرێت ئەوە دیاریبکرێت کە کامەیان پێش کامە کەرەستەی تر چۆتە ناو پێکهاتەکەوە، واتە هەرسێ کەرەستەکە

بەیەکجار و لە یەک کاتدا وشەکەیان دروستکردووە، کەواتە ئەم پێکهاتەیەی دروستدەبێت لە ڕێگای دارشتنی ناهەرەمییەوە و هەنگاوبەهەنگاو نابێت(خالد، ٢٠٢١: ٦٦ – ٦٧).

## ١/٢-١-١-١) دارشتنی هەرەمی


هەندێکجار زیاتر لە گیرەکێک بەشداری لە دروستکردنی وشەیەکی دارێژراودا دەکات. لەم بارودۆخەدا هەندێکجار گیرەکەکان بە ڕیزبەندییەکی دیاریکراوی هەنگاوبەهەنگاو بە شێوەی ئاسۆیی بە بناغەوە دەبەسترێنەوە. سەرەتا گیرەکێکی وشەدارێژ بۆ بنکەکە زیاددەکرێت و وشەیەکی نوێ دروستدەکات، پاشان گیرەکێکی دیکە بۆ ئەم وشە نوێیە(کە ئێستا خۆی بنکەی وشەکەیە) زیاددەکرێت و بەیەکەوە دەبەسترێنەوە و وشەیەکی تر دروستدەکات(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠١). ئەم فۆرمەی دروستبونی وشەی دارێژراو، واتە ئەم جۆرەی گیرەکلکاندن کە هەنگاوبەهەنگاو ئەنجامدەدرێت، بە جۆرێک لە هەر هەنگاوێکدا گیرەکێک بۆ بنکەکە زیاددەکرێت، پێی دەوترێت "دارشتنی هەرەمی"، لە دارشتنی هەرەمی هەر وشەیەکی دارێژراوی نوێ لەدوای ماوەیەک لە زماندا جێگیر دەبێت و بۆ گەنجینەی فەرهەنگی بەکارهێنەرانی زمان زیاددەبێت. لەم قۆناغەدا قسەکەران وەک وشەیەکی سادە مامەڵە لەگەڵ ئەم وشە ناسادەیە دەکەن و وەک بنەمایەک بۆ وشەسازی دەزانن. بۆ نمونە بە سودوەرگرتن لە پاشگری ناوسازی (–ی) دەتوانین لە وشەدارێژراوەکانی وەکو (بازرس[باز– + رس]) و (رسا[رس + –ا])، وشەکانی [بازرسی] و [رسایی] بەرهەمبهێنرێت؛ واتە وشەی دارێژراو، دەبێتەوە بنکە بۆ ڕۆنانی وشەیەکی دیکەی نوێ(شقاقی، ١٣٩٥: ٨٦).

هەروەکو لە کاتی لێکدانەوە و خستنەڕوی نمونەکانی زمانی کوردی و فارسی لە خوارەوەدا دەردەکەوێت، کە زیادکردنی گیرەکەکان بۆ پێکهاتەکان و دروستبونی وشەی تر بە واتای تازە، هۆکارێکە بۆ شیکردنەوەی ئەم وشەدارێژراوانە بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیبناغە، هەروەکو لە پێشوتردا ئاماژەمان پێداوە، (لێبەر) کە یەکێکە لە ڕابەرانی ئەم تیۆرە، لە تیۆرەکەیدا پێی وایە هەمو مۆرفیمەکان چ سەربەخۆ چ بەند لەگەڵ هەمو زانیارییەکانی وەک پۆلی ڕستەسازییان لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن و ڕیزدەکرێن. کەواتە ئەم تیۆرە هۆکاری ئەوەیە کەوا ئێمە دارشتنی هەرەمی و ناهەرەمی و پێکەوەهاتنی مۆرفیمەکان لە هەر زمانێکی دیاریکراو جیابکەینەوە، کە دەکرێت لە ڕێگەی کەوانەی شکاوە یان هێڵکاریی درەختییەوە نیشانبدرێن.


### ١/٢-١-١-١-١) دارِشتنی هەرەمی لە زمانی کوردیدا

لە زمانی کوردیدا وشە و پێکهاتەی هەرەمیمان بەرچاودەکەوێت، کە دەکرێت لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیبناغەوە لێکبدرێنەوە، وەک لە لێکدانەوەی ئەم نمونانەی خوارەوەدا دەبینین چۆن مۆرفیمەکان بەپێی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی بەدواییەکتریدا ڕیزبون. هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کەوا لەناو گیرەکەکانی زمانی کوردیدا ژمارەی پاشگرەکان زیاترە و بەبەرهەمترن و توانایان زیاترە، بە بەراورد بە پێشگرەکان(حمد، ٢٠١٤: ٩٩)، بۆیە لە دارشتنە هەرەمییەکاندا پاشگرەکان زیاتر دەردەکەون.


لە زمانی کوردیدا ئەم پێکهاتە و وشەدارِێژراوانەی کەوا لە (پێشگر + بنکە + پاشگر + پاشگر) و (بنکە + پاشگر + پاشگر) پێکهاتون، زۆربەی کات دەکەونە چوارچێوەی دارِشتنی هەرەمییەوە، بەڵام ئەو پێکهاتە دارِێژراوانەی کەوا لە (پێشگر + بنکە + پاشگر) پێکهاتون، مەرج نییە تەنیا لە ڕێگەی دارِشتنی هەرەمییەوە بەرهەمهاتبن، بەڵکو هەندێکجار لە ڕێگەی دارِشتنی ناهەرەمییەوە بەرهەمدێن(حسین، ٢٠٢٢: ٥٠). کاتێک نمونەکان بە ڕێگای هێڵکاری درەختی شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:





هێڵکاری (٢-٥) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [بێفڕۆکەوان]





هێڵکاری (٢-٦) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [بەهێزی]





هێڵکاری (٢-٧) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [کوشتارگە]




هێڵکاری (٢-٨) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [شەرمنی]





هێڵکاری (٢-٩) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [زمانەوانی]





هێڵکاری (٢-١٠) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [زێڕینگەری]

هەندێکجار ئەم جۆرە داڕشتنە لە زمانی کوردیدا لەم جۆرە پێکهاتانەدا بەرچاودەکەوێت، کە وشە داڕێژراوەکە لە (پێشگر + بنکە + پاشگر) پێکهاتبێت، کە دەکرێت لە ڕوی هەرەمییەوە بە دو شێوە لقەکانی دەربکەن، چ بە لای ڕاست یان بە لای چەپی هەرەمەکەوە، بێ ئەوەی وشەیەک پێکبێت، کە واتا نەدات و نەچێتە فەرهەنگی زمانەوە، بە واتایەکی دیکە پێکهاتەی ناوەندی ئەم جۆرە وشانە چ لەگەڵ پێشگر یان پاشگرەکە بێت، لە هەردو لایەنەوە وشەیەک دروستدەبێت، کە دەروازەی فەرهەنگیان هەیە لە زمانەکەدا و تۆماردەکرێن(حسین، ٢٠٢٢: ١٣٧)، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە.

کاتێک نمونەکان بە ڕێگای هێڵکاری درەختی شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:




هێڵکاری (٢-١١) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [نامەردانە]




هێڵکاری (٢-١٢) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [نەشارەزایی]


ئەگەر سەیری ئەم داڕشتە هەڕەمییانەی سەرەوە بکەین، دەبینین، هەریەک لەم وشانە لە (پێشگر + بنکە + پاشگر) پێکهاتون، واتە گیرەکەکانی /نا-/ و /انە/ لەگەڵ /نە-/ و /-ی/ بەشدارییان لەم پێکهاتانەدا کردووە و دو داڕشتنی هەڕەمی جیاوازیان بە وشەکان داوە، هەر بۆیە ئەم وشە داڕێژراوانە لە هەنگاوی یەکەمی داڕشتنە هەڕەمییەکەیاندا چ لەگەڵ پێشگرەکان یان پاشگرەکان بێت، وشەی واتاداریان دروستکردووە، وەکو [نا + [مەرد]]، [[مەرد] +انە]، [نە + [شارەزا]]، [[شارەزا] +ی]، هۆکاری ئەمەش بۆ تایبەتمەندی هاوبەشی بنکەی ئەم جۆرە گیرەکانە دەگەڕێتەوە، چونکە هەر چوار گیرەکەکە پۆلی ئاوەڵناو هەڵدەبژێرن.

### ۱/۲-۱-۱-۱-۲) دارِشتنی هەرەمی لە زمانی فارسیدا


لە زمانی فارسیدا وشە و پێکهاتەی هەرەمی زۆرمان هەیە کە دەکرێت لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیبناغەوە لێکبدرێنەوە(اسلامی پور و دیگران، ۱۳۹۸: ۱۳۰)، وەک لە لێکدانەوەی ئەم نمونانەی خوارەوەدا دەبینین چۆن مۆرفیمەکان بەپێی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی زمانی فارسی بەدواییەکتریدا ڕیزبون، هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کەوا لەناو گیرەکەکانی زمانی فارسیدا ژمارەی پاشگرەکان زیاترە و بەبەرهەمترن و توانایان زیاترە، بە بەراورد بە پێشگرەکان، چونکە زمانی فارسی لە بنەڕەتدا زمانێکی پاشگرییە(تجویدی، ۱۳۹۸: ۱۱-۱۲):

لە زمانی فارسیدا ئەم پێکهاتە و وشەدارِێژراوانەی کەوا لە (پێشگر + پێشگر + بنکە + پاشگر)(پێشگر + بنکە + پاشگر) و (بنکە + پاشگر + پاشگر) پێکهاتون، زۆربەی کات دەکەونە چوارچێوەی دارِشتنی هەرەمییەوە.


کاتێک نمونەکان بە ڕێگای هێڵکاری درەختی شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:





هێڵکاری (۲-۱۳) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [ناهماهنگی]





هێڵکاری (٢-١٤) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [همخوانی]





هێڵکاری (٢-١٥) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [بیثباتی]





هێڵکاری (٢-١٦) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [بیرحمانه]





هێڵکاری (٢-١٧) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ناتوانی]




هێڵکاری (٢-١٨) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [دانشکده]





هێڵکاری (٢-١٩) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [گویشور]




هێڵکاری (٢-٢٠) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [هوشمندانە]


هەندێکجار ئەم جۆرە دارشتنە لە زمانی فارسیدا لەم جۆرە پێکهاتانەدا بەرچاودەکەوێت، کە وشە دارِێژراوەکە لە (پێشگر + بنکە + پاشگر + پاشگر) پێکهاتبێت، کە دەکرێت لە ڕوی هەڕەمییەوە بە دو شێوە لقەکانی دەربکەن، چ بە لای ڕاست یان بە لای چەپی هەڕەمەکەوە، بێ ئەوەی وشەیەک پێکبێت، کە واتا نەدات و نەچێتە فەرهەنگی زمانەوە، بە واتایەکی دیکە پێکهاتەی ناوەندی ئەم جۆرە وشانە چ لەگەڵ پێشگر یان پاشگرەکە بێت، لە هەردو لایەنەوە وشەیەک دروستدەبێت، کە دەروازەی فەرهەنگیان هەیە لە زمانەکەدا و تۆماردەکرێن(مشکوەالدینی، ١٣٩٦: ٣٨-٣٩).

کاتێک نمونەکان بە ڕێگای هێڵکاری درەختی شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:




هێڵکاری (٢-٢١) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ناسازگاری]

لە زمانی کوردی و فارسیدا دەکرێت لەژێر ڕۆشنایی ڕەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی زمانی کوردی و فارسی لە ڕوی مۆڕفۆلۆژییەوە هەیانە، لە ڕوانگەی تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغەوە ئەو یاسایەی خوارەوەی لێهەڵێنجین:




هێڵکاری (٢-٢٢) شێوەی ڕیزبونی گیرەکی فەرهەنگی و ڕێزمانی لە زمانی کوردی و فارسیدا.

لەم یاسایەدا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کەوا گیرەکەکانی دارشتن لە زمانی کوردی و فارسیدا، چ لە شێوەی پێشگر یان پاشگر بن، هەر دەکەونە لای ڕاستی گیرەکە گەردانییەکان(قادر، ٢٠٠٠: ٥٧؛ کلباسی، ١٣٨٧: ٢٣ – ٢٤)، وەک لەم نمونانەدا دەردەکەوێت:

٢) باخچەوانەکان: [ [باخ]بنکە + [-چە]گیرەکی دارشتن + [-ەوان]گیرەکی دارشتن + [-ەک]گیرەکی گەردانی + [-ان]گیرەکی گەردانی]

٣) هەڵیاندەگرێت: [ [هەڵ-] گیرەکی دارشتن + [یان-]نوسەک + [دە-]گیرەکی گەردانی + [گر]بنکە + [-ێت]گیرەکی گەردانی]

٤) بازیگران: [ [بازی]بنکە + [-گر]گیرەکی دارشتن + [-ان]گیرەکی گەردانی]

٥) برمی گردم: [ [بر-] گیرەکی دارشتن + [می-]گیرەکی گەردانی + [گرد]بنکە + [-م]گیرەکی گەردانی]

### ١/٢-١-١-٢) دارشتنی ناهەڕەمی


لە تەوەرەی (١/٢-١-١-١) باسمان لە وشەی دارێژراو کرد، کە چۆن لە ڕێگەی دارشتنی هەڕەمییەوە دروستدەبون، بەڵام ئاماژە بەمەش بکەین، کە وشەی دارێژراو هەمیشە بەم شێوەیە دروستناکرێت هەندێکجار گیرەکەکان نەک یەکبەیەک و هەنگاوبەهەنگاو، بەڵکو بەیەکەوە و بە بەستنەوەی دو گیرەک(پێشگر و پاشگر) لە یەک کاتدا بە بنکەوە دەلکێن و وشەی دارێژراو دروستدەکەن، هەر بۆیەش ئەم فۆرمەی دارشتن پێی دەوترێت "دارشتنی ناهەڕەمی"(شقاقی، ١٣٩٥: ٨٦)، لەم بارودۆخەدا، ناتوانرێت دیاریبکرێت کە کام گیرەک سەرەتا بۆ بناغەکە زیادکراوە

و کام بەش لە وشەکە زوتر دروستبووە(ارکان و بیدگلی، ۱۳۹۹: ۱۰۲). واتە ئەم جۆرە پێکهاتانەی کە دەچنە چوارچێوەی دارشتنی ناهەرەمییەوە، بە جۆرێک سازکراون کە ناتوانرێت هەنگاوەکانی دروستبونی و پەیوەندی نێوان یەکەپێکهێنەرەکانی دیاریبکرێت، چونکە گشت یەکەپێکهێنەرەکانی وشەکە لەناو یەک بازنەدا لە یەک تۆری پەیوەندیدان، ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە هەروەکو گوتمان گشت یەکەپێکهێنەرەکان لە یەک کاتدا ئەو پەیوەندییەیان دروستکردووە نەک بەجیا(خالد، ۲۰۲۱: ٦٥-٦٦)، واتە لەنێوان یەکەپێکهێنەرەکاندا پەیوەندییەکی پێکەوەیی هەیە.


دارشتنی ناهەرەمی ئەم جۆرە دارشتنەیە کەوا لە پێکهاتەیەکدا بنکەیەک هەیە، لەگەڵ ئەم بنکەیەشدا گیرەکێک یان چەند گیرەکێکی وشەدارێژ هەیە. بۆ ئەوەی ئەم جۆرە دارشتنەش بێتە کایەوە دەبێت بنکەکە لە یەک کاتدا دو گیرەک یان زیاتر وەربگرێت، ئاساییە ئەگەر هەردو گیرەکەکە پێشگر یان پاشگر بن، یان یەکێکیان پێشگر و ئەوی تریان پاشگر بێت، بۆیە مەرجە ئەم بنکەیە هەردو گیرەکەکە بەیەکەوە وەربگرێت، ئەگەر نا ئەم وشەیە ناچێتە چوارچێوەی دارشتنی ناهەرەمییەوە، دەکرێت لە رێگەی کەوانەی شکاوە یان هێڵکاریی درەختییەوە نیشانبدرێن.

## ۱/۲-۱-۱-۲-۱) دارشتنی ناهەرەمی لە زمانی کوردیدا


بۆ هێنانەوەی نمونە لەم فۆرمەی دارشتن، دەتوانین وشەکانی وەک (تێکۆشەر، راخەر و پێخۆر) ئاماژەپێبکەین، کە پێکهاتەیەکی ناهەرەمییان هەیە. واتە لە روی دارشتنەوە پەیرەوی دارشتنی هەرەمی ناکەن، چونکە لە وشەکانی " [تێ– + [کۆش]] > تێکۆش، [[کۆش] + –ەر] > کۆشەر، [را– + [خە]] > راخە، [[خە] + –ەر > خەر، [پێ– + [خۆ]] > پێخۆ ، [[خۆ] + –ەر] > خۆر"، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە گیرەکەکان بۆ بنەکەکان زیادکراون، مەبەست لەمە ئەمە کەوا نازانرێت سەرەتا پێشگرەکان یان پاشگرەکان بۆ بنکەکە زیادکراون، چونکە لەم جۆرە دارشتنەدا، بنکەکە چ لەگەڵ پێشگرەکەدا بێت وەکو *[را + [خە]]، چ لەگەڵ پاشگرەکەدا بێت وەکو *[[خە] + ەر]، وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت، هەربۆیە بەم جۆرە دارشتنە دەگوترێت ناهەرەمی، واتە لە یەک کاتدا پێشگر و پاشگرەکان دەخرێنە پاڵ بنکەکانەوە بۆ ئەوەی وشەیەکی واتادار دروستببێت. ئەم جۆرە دارشتنە لە زمانی کوردیدا زیاتر لەم جۆرە پێکهاتانەدا بەرچاودەکەوێت، کە وشە دارێژراوەکە لە (پێشگر + بنکە + پاشگر) پێکهاتبێت، کە لە رێگای هێڵکاریی درەختییەوە رونکراوەتەوە:




هێڵکاری (٢-٢٣) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [تێکۆشەر]




هێڵکاری (٢-٢٤) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [ڕاخەر]





هێڵکاری (٢-٢٥) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [پێخۆر]


له زمانی كوردیدا ئەو وشانەی كەوا لە ڕێگای دارِشتنی ناهەڕەمییەوە دروستبون، ژمارەیان كەمترە لەو وشانەی كەوا لە ڕێگای دارِشتنی هەڕەمییەوە دروستبون(حسین، ٢٠٢٢: ١٥٢-١٥٣)، ئەمەش پەیوەستە بەوەی كەوا كاتێك دو گیرەک بەجیا و هەنگاوبەهەنگاو دەچنە سەر بناغەوە، ئەوا بناغە و گیرەكەكان دو پێكهاتە و وشەی جیاواز لە زماندا دروستدەكەن، كە هەر پێكهاتەیەک بۆ مەبەستێک و بوارێكی تایبەتی بەكاردێت، ئەمەش بۆ دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگ بەسودە، بەڵام كاتێک دو گیرەک لە یەک كاتدا دەچنە سەر بناغەیەک و وشە و پێكهاتەیەكی نوێ لە زماندا دروستدەكەن.

## ٢/١-١-١-٢-٢) داڕشتنی ناهەڕەمی لە زمانی فارسیدا


بۆ هێنانەوەی نمونە لەم فۆڕمەی داڕشتن لە زمانی فارسیدا، دەتوانین وشەکانی وەک(نارضایتی، هم شهری، همایش و بررسی) ئاماژەپێبکەین، کە پێکهاتەیەکی ناهەڕەمییان هەیە. واتە لە ڕوی داڕشتنەوە پەیڕەوی داڕشتنی هەڕەمی ناکەن، چونکە لە وشەکانی " [نا- + [رضایت]] < نارضایت، [[رضایت] + -ی] < رضایتی، [هم- + [شهر]] < هم شهر، [[شهر] + -ی] < شهری، [هم- + آ] < هما، [-آی- + -ش] آیش، [بر- + -رس-] < بررس و [-رس- + -ی] < رسی"، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە گیرەکەکان بۆ بنکەکان زیادکراون، مەبەست لەمە ئەوەیە کەوا نازانرێت سەرەتا پێشگرەکان یان پاشگرەکان بۆ بنکەکە زیادکراون، چونکە لەم جۆرە داڕشتنەدا، بنکەکە چ لەگەڵ پێشگرەکەدا بێت وەکو *[نا- + [رضایت]]، چ لەگەڵ پاشگرەکەدا بێت وەکو *[[رضایت] + -ی]، هەروەها شێوەی *[بر- + -رس-] یان *[-رس- + -ی] بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. ئەم جۆرە داڕشتنە لە زمانی فارسیدا زیاتر لەم جۆرە پێکهاتانەدا بەرچاودەکەوێت، کە وشە داڕێژراوەکە لە (پێشگر + بنکە + پاشگر) پێکهاتبێت، کە لە ڕێگای هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری (٢-٢٦) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [نارضایتی]




هێڵکاری (٢-٢٧) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [همشهری]




هێڵکاری (٢-٢٨) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [بررسی]

ئەگەر سەرنج لەم نمونانە بدەین کە لە هەردو زمانەکەدا وەرگیراون و لە ڕێگەی داڕشتنی ناهەڕەمییەوە شیکراونەتەوە، هیچ وشەیەک بەرچاوناکەوێت کە دو پێشگر بەیەکەوە چوبێتنە سەر بناغەیەک، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا لە زمانی کوردی و فارسیدا ژمارەی پێشگرەکان بە بەراورد بە ژمارەی پاشگرەکان زۆر کەمترە (خالد، ٢٠٢١: ٩١؛ ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٢).

## ٢-١-١/٢) داڕشتنی پۆلگۆڕ و پۆلنەگۆڕ

ئەوەی پەیوەندی بە پێکەوەهاتنی گیرەک و بنکەوە هەیە، هەندێک بنکە و گیرەک، دەرکردەکەیان پۆلێکی نوێیە، واتە پۆلگۆڕن. هەندێک بنکە و گیرەکی تر هەن، دەرکردەکەیان هەمان پۆلن، واتە پۆلنەگۆڕن، ئەم بەیەکەوەهاتنی بنکە و گیرەکانە لە ڕێگای تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغەوە لێکدەدرێتەوە.

پرۆسەی داڕشتن تایبەتمەندی تێکردە و دەرکردەیی لەخۆدەگرێت، کە پشت بەم یاسا گشتییە دەبەستێت، گریمان (ا) تێکردەیە بۆ دەرکردەی (ب)، هەروەها دەرکردەی یاسا گشتییەکەی پێشتر کە (ب)یە، دەکرێت ببێتە تێکردەی دەرکردەیەکی تری وەک (پ)، بەم شێوەیە خوارەوە:

٦) ا- [نان]ا ⟵ [نانەوا]ب

ب- [نانەوا]ب ⟵ [نانەواخانە]پ

دەرکردەی هەر پرۆسەیەکی داڕشتن بۆ پۆلەوشەی وەکو (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار و کار) دەگەڕێتەوە، بەجۆرێک دەکرێت دەرکردە پۆلەوشەکەی جیاوازبێت لە پۆلەوشەی بنکەکە، یان دەشێت بەهەمان پۆلەوشە بمێنێتەوە و تەنیا وەچەپۆلی وشەکە دەگۆڕێت(حسین، ٢٠٢٢: ٧١)، لەم ڕوانگەیەشەوە، گیرەکە وشەداڕێژەکان بۆ پۆلگۆڕەکان و پۆلنەگۆڕەکان پۆلێندەکرێن.

کەواتە دو جۆری تری دارشتنمان هەیە. ئەوانیش دارشتنی پۆلگۆر و دارشتنی پۆلنەگۆر، ئەگەر لە ئەنجامی گیرەکلکاندنەوە پۆلی ڕێزمانی وشەکە بگۆڕێت، ئەوا مامەڵە لەگەڵ دارشتنی پۆلگۆڕدا دەکەین، بەڵام لە دارشتنی پۆلنەگۆر، پۆلی ڕێزمانی وشەکە ناگۆڕێت(علویان، ١٣٩٠: ٢١)، ئێمە لەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک نمونە لە چوارچێوەی دارشتنی پۆلگۆر و پۆلنەگۆر لە زمانی کوردی و فارسیدا دەهێنینەوە و لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە ئاماژە بە دروستبونیان و ڕیزبونی مۆرفیمەکان لە قاڵبی وشەدارێژراوەکاندا دەکەین.

## ١/٢-١-٢-١) دارشتنی پۆلگۆر لە زمانی کوردیدا

ئەگەر بمانەوێت نمونەی دارشتنی پۆلگۆر لە زمانی کوردیدا بهێنینەوە، دەتوانین ئاماژە بە هەندێک لە وشە دارێژراوەکان بکەین، کە بە زیادکردنی گیرەکی وشەدارێژ پۆلی بنکە دەگۆڕێت:

٧) [[جوان]ئاوەڵناو + ی]ناوی ئەبستراکت = جوانیناوی ئەبستراکت

٨) [[ژن]ناو + انە]ئاوەڵکار = ژنانە(ئاوەڵناو و ئاوەڵکار)

٩) [[سەر]ئاوەڵکار + ەکی]ئاوەڵناو = سەرەکیئاوەڵناو

١٠) [[چاک]ئاوەڵناو + ە]ناو = چاکەناوی ئەبستراکتە

١١) [[کێڵ]ڕەگی کار + گە]ناوی شوێن = کێڵگەناوی شوێن

١٢) [[کوڕ]ناو + انی]ئاوەڵناو = کوڕانیئاوەڵناو

١٣) [بە + [تام]ناو]ئاوەڵناو = بەتامئاوەڵناو

١٤) [ب + [گۆڕ]ڕەگی کار]ئاوەڵناو = بگۆڕئاوەڵناو

١٥) [[شەو]ناو + ان]ئاوەڵکار = شەوانئاوەڵکار

١٦) [[سەر]ناو + باز]ناو + ی]ناوی ئەبستراکت = سەربازیناوی ئەبستراکت

١٧) [بە + [[باش]ئاوەڵناو + ی]ناو]ئاوەڵکار = بەباشیئاوەڵکار

بە سەرنجدان لە نمونەکان و ئەو توێژینەوانەی کەوا لەبەردەستدابون ئەوە دەردەکەوێت، کەوا لە داڕشتنی پۆلگۆڕدا ئاوەڵکارەکان کەمترین بەکارهێنانیان لە زمانی کوردیدا هەیە(یونس، ٢٠١٣: ٥٢-٥٤).

## ٢-١-٢-١/٢) داڕشتنی پۆلگۆڕ لە زمانی فارسیدا

ئەگەر بمانەوێت نمونەی داڕشتنی پۆلگۆڕ لە زمانی فارسیدا بهێنینەوە، دەتوانین ئاماژە بە هەندێک لە وشە داڕێژراوەکان بکەین، کە بە زیادکردنی گیرەکی وشەداڕێژ پۆلی بنکە دەگۆڕێت:

١٨) [[شاد]صفت + ی]اسم = شادیاسم

١٩) [[دیوار]اسم + ی]صفت = دیواریصفت

٢٠) [نا + [سپاس]اسم]صفت = ناسپاسصفت

٢١) [[آموز]بن مضارع فعل + گار ]اسم = آموزگاراسم

٢٢) [ نا + [[بین]بن مضارع فعل + ا] ]صفت = نابیناصفت

٢٣) [با + [هوش]اسم]صفت = باهوشصفت

٢٤) [[زبان]اسم + ا]قید = زباناقید

بە سەرنجدان لە نمونەکان و ئەو توێژینەوانەی کەوا لەبەردەستدابون ئەوە دەردەکەوێت، کەوا لە داڕشتنی پۆلگۆڕدا ئاوەڵکارەکان کەمترین بەکارهێنانیان لە زمانی فارسیدا هەیە. هەروەکو لە نمونەی (٢٨)دا دیارە، لە بەشی ئاوەڵکاردا پاشگری /-ا/ لەگەڵ ناودا یەکدەگرێت و ئاوەڵکار دروستدەکات، ئەم گیرەکە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و تا ڕادەیەکی زۆر لە زمانی فارسیدا بەکاردێت(کلباسی، ١٣٨٧: ١١٢).

### ١/٢-١-٢-٣) دارشتنی پۆلنەگۆڕ لە زمانی کوردیدا

ئەگەر بمانەوێت نمونەی دارشتنی پۆلنەگۆڕ لە زمانی کوردیدا بهێنینەوە، دەتوانین ئاماژە بە هەندێک لە وشە دارێژراوەکان بکەین، کە بە زیادکردنی گیرەکی وشەدارێژ پۆلی وشەبناغە ناگۆڕێت:

٢٥) [[دەرمان]ناو + ساز]ناو = دەرمانسازناو

٢٦) [[دار]ناو + ستان]ناو = دارستانناو

٢٧) [[کەباب]ناو + چی]ناو = کەبابچیناو

٢٨) [[برا]ناو + یەتی]ناو = برایەتیناو

٢٩) [نا+ [خۆش]ئاوەڵناو]ئاوەڵناو = ناخۆشئاوەڵناو

٣٠) [[مەلە]ناو + ەوان]ناوی پیشە + گە]ناوی شوێن = مەلەوانگەناوی شوێن

٣١) [[نا + [پاک]ئاوەڵناو]ئاوەڵناو = ناپاکئاوەڵناو

٣٢) [[شاخ]ناو + ەوان]ناوی پیشە + ی]ناوی ئەبستراکت = شاخەوانیناوی ئەبستراکت

٣٣) [[ڕاو]ناو + چی]ناوی پیشە + ێتی]ناوی ئەبستراکت = ڕاوچییێتیناوی ئەبستراکت

٣٤) [[زاراوە]ناو + ساز]ناوی پیشە + ی]ناوی ئەبستراکت = زاراوەسازیناوی ئەبستراکت

### ١/٢-١-٢-٤) دارشتنی پۆلنەگۆڕ لە زمانی فارسیدا

ئەگەر بمانەوێت نمونەی دارشتنی پۆلنەگۆڕ لە زمانی فارسیدا بهێنینەوە، دەتوانین ئاماژە بە هەندێک لە وشە دارێژراوەکان بکەین، کە بە زیادکردنی گیرەکی وشەدارێژ پۆلی وشەبناغە ناگۆڕێت:

٣٥) [[گندم]اسم + زار]اسم = گندم زاراسم

٣٦) [[دانش]اسم + گاه]اسم = دانشگاهاسم

٣٧) [[دهـ]اسم + کده]اسم = دهکدهاسم

٣٨) [[دست]اسم + ه]اسم = دستهاسم

٣٩) [[تن]اسم + دیس]اسم = تندیساسم

٤٠) [[دریا]اسم + چه]اسم = دریاچهاسم

٤١) [هم + [سر]اسم]اسم = همسراسم

٤٢) [نا + [درست]صفت]صفت = نادرستصفت

٤٣) [نا + [مهربان]صفت]صفت = نامهربانصفت

کەواتە دەکرێت بگوترێت لە زمانی کوردی و فارسیدا لە دارشتنی پۆلگۆڕدا زیاتر ئەو مۆرفیمانە لە دارشتنی وشەدا ڕۆڵدەگێڕن کە پاشگرن، بەڵام لە دارشتنی پۆلنەگۆڕدا ئەو مۆرفیمانە لە دارشتنی وشەدا ڕۆڵدەگێڕن کە پێشگر و پاشگرن، ئەمەش بە خاڵێکی هاوبەشی نێوان ئەم دو زمانە دادەنرێت.

## ٢/٢) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی لێکدان

زۆر لە وشەکانی زمان لە دو یان چەند بنکە پێکهاتون( 43 :Lieber, 2009 وەرگیراوە لە ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٣)؛ بە دەربڕینێکی وردتر، وشەی لێکدراو دەتوانێت بە دانان و بەیەکبەستنەوەی دو یان چەند وشەی سادە /ان مۆرفیمی فەرهەنگی(سەربەخۆ و بەند) و یان مۆرفیمی سەربەخۆی ڕێزمانی، یان هەتاوەکو دەکرێت لە دو وشەی ناسادەش پێکبێت. بەم پرۆسەیە دەڵێن لێکدان(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٣).

(کاتامبا) پێیوایە وشەی لێکدراو لایەنی کەم لە دو بنکەی تێدایە و هەردوکیشیان مۆرفیمی سەربەخۆن و واتای سەربەخۆیان هەیە(Katamba, 1993: 54)، هەروەها (باوەر) بەم شێوە پێناسەی وشەی لێکدراو دەکات و دەڵێت: "پرۆسەی لەتەنیشتیەکدانان و بەیەکەوەلکاندنی دو وشەیە بۆ دروستکردنی وشەی سێیەم"(Bauer, 1983: 29)، کەواتە لە لێکداندا لانی کەم دو مۆرفیمی ئازاد لەگەڵ یەکتری لێکدەدرێن و وشەیەکی نوێ دروستدەکەن(طباطبایی، ١٣٧٦: ١٤).

(ئەورەحمانی حاجی مارف) وا پێناسەی لێکدان دەکات و دەڵێت: "وشەی لێکدراو ئەو وشەیەیە کە بە لای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێت."(مارف، ٢٠١٤: ١٠٢) یان لێکدان بریتییە لە"پڕۆسە یان کردەی لەیەکدان و ئەنجامەکەی، کە لە ڕێی بەستنەوەی چەند تاکە توخمێکی سەربەخۆ (مۆرفیمی سەربەخۆ)وە، بە یاریدەی مۆرفیمێکی لێکدەر یان بەبێ ئەو مۆرفیمە، دروستدەکرێت و بەدەستدەخرێت"(مەحویی، ٢٠١٠: ٨٢)، هەروەها دەگوترێت لێکدان، بەیەکەوەبەستنەوەی چەند دەربڕین و مۆرفیمێکی سەربەخۆیە لەگەڵ یەکتری، کە واتایەکی تازە لە کۆی ئەم وشانە پەیدادەبێت، کە لە واتای بنچینەیی هەر یەک لە دو وشە بەشدابووەکە جیاوازە(خانلری، ١٣٦٦: ١١٠)، کەواتە "گشت چەشنەکانی وشەی لێکدراو ڕێگە بە (وەکیەکلێکردنی سێمانتیکی)(Nievelierung)، لە ڕێی جێگۆڕکێی وەچەپێکهاتەکانییەوە، نادەن."(مەحویی، ٢٠١٠: ٨٤).

لە پڕۆسەی لێکداندا زیاتر لە مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادار بەشداری دەکەن و زۆربەی ئەو وشە لێکدراوانەی، کە دروستدەبن، بریتین لە دو مۆرفیمی سەربەخۆی واتادار، هەندێکجاریش مۆرفیمێکی لێکدەر یاخود بەستنەوە لەگەڵ ئەم دو مۆرفیمە سەربەخۆیە بەشداری دەکات(یونس، ٢٠١٣: ٥٩).

کارکردنی ئەم پڕۆسەیە لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگدا بە جۆرێکە کەوا لە ئەنجامی لێکدان و ڕیزکردنی مۆرفیمەکان و وشە سادە و لێکدراوەکان، وشەی فەرهەنگی لێکدراوی نوێ دروستدەبێت، واتە لە لێکداندا ناو و ئاوەڵناو و ئامرازی خستنسەر و کردارەکان لەگەڵ یەکتری لێکدەدرێن و لەم ڕێگەیەوە وشەی نوێ بە دەروازەیەکی فەرهەنگی نوێ لە فەرهەنگی قسەکەرانی زمان و فەرهەنگی زمان دروستدەبێت(سبزواری، ١٣٩١: ٤٦ – ٤٧) بەپێی ئەم پێناسانە دەتوانین لەوە تێبگەین، کە ئامانج لە لێکدان، دروستکردنی وشەی نوێ بە واتای نوێیە، کە لەم ڕێگەیەوە فەرهەنگی زمان فراوان و دەوڵەمەند دەبێت.

کاتێک باس لە پڕۆسەی لێکدان و چەمکی وشەی لێکدراو دەکەین لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیبناغەوە، واتە بەیەکەوەهاتنی مۆرفیمەکان بەشێوەیەکی یاسامەند و سیستەماتیکی، پێویستە وشە لێکدراوەکە لە هەردو ئاستی سەرەوە و خوارەوەدا لێکبدرێتەوە. هەر بۆیە بەشێکی سەرچاوەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە پڕۆسەی لێکدان بریتییە لە یەکگرتنی دو مۆرفیمی سەربەخۆ بۆ دروستکردنی وشەیەکی تازە و نوێ(یونس، ٢٠١٣: ٥٩).

ئەم پێناسانەی سەرەوە تیشک دەخەنە سەر دو بنەمای سەرەکی، ئەوانیش:

'بنەمای یەکەم: وشەی لێکدراو پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە و تەنها لە دو پێکهێنەر پێکدێت، جا یان واتای وشە لێکدراوەکە لە کۆی واتای پێکهێنەرەکانییەوە دێت، یان ئەوەتا لە کۆی واتای پێکهێنەرەکانییەوە نایەت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوەش بگوترێت بەپێی ئەوەی زمانی کوردی لە پۆلی تێکچڕژاوەکاندایە بۆیە لە پرۆسێسی لێکدان و پێکهێنانی وشەی لێکدراودا زۆرجار زیادەیەک دێتە نێوان پێکهێنەرەکانی لێکدراوەکە، ئەمە زیاتر پەیوەندیی بە گوێزانەوەی وشە لێکدراوەکەوە هەیە لە ئاستی خوارەوە بۆ سەرەوە نەک پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی وشە لێکدراوەکەوە هەبێت. بنەمای دووەم: دەبێت هەر یەکێک لە پێکهێنەرەکان مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادار بن'(یونس، ٢٠١٣: ٥٩).

زمانەکان لە ڕوی بەکارهێنانی ئەم پرۆسەیەوە زۆر جیاوازن لە یەکتر. بێگومان هەر زمانێک سود لە هەندێک یاسا وەردەگرێت لە تێکەڵکردنی ئەو مۆرفیمانەی کە تایبەتن بەو زمانە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوەش بگوترێت کەوا لێکدان، یەکێکە لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییە چالاکەکان بۆ دروستکردنی وشەی نوێ لە هەمو زمانەکاندا، بۆیە بەکارهێنانی پرۆسەی لێکدان لە زمانەکاندا دەتوانرێت بە بنەما و بەجیهابونێکی زمانی هەژماربکرێت(افراشی، ١٣٩٩؛ ٨٦).

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانە، کە ئەم پرۆسەیە تێیدا بەبەرهەمە و لە هەمو پۆلە ڕێزمانییەکانی ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار و کار و ژمارەدا ئەم پرۆسەیە جێبەجێدەکرێت(ئەحمەد، ٢٠١٠: ٥٤). هەر بۆیە لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە چەندین وشەی نوێ دروستکراون و چونەتە ناو فەرهەنگی زمانەوە، هەر بۆیە قسەکەرانی زمانی کوردی کاتێک چەمک و بیرێکی نوێ دێتە پێشیان، بەو پاشخانەی کە بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو هەیانە، سودێکی زۆر لەم پرۆسەیە وەردەگرن و وشەیەکی نوێ بەرامبەر بەم چەمکە دروستدەکەن.

لە زمانی فارسیدا جۆرە جیاوازەکانی مۆرفیم بەیەکەوە لێکدەدرێن و وشەیەکی لێکدراو دروستدەکەن، لێکدان یەکێکە لە پرۆسە زۆر چالاکەکان لە سیستەمی مۆرفۆلۆژیی زمانی فارسیدا، کە لە چەند دەیەی ڕابردودا، وشەیەکی زۆر لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە دروستبووە(آشوری، ١٣٧٥: ١٣١؛ ارکان، ١٣٩٠: ٢). هەر بۆیە وشە لێکدراوەکانی زمانی فارسیش پێکهاتەی جۆراوجۆریان هەیە و لە زمانی فارسیدا دەتوانرێت لێکدان بۆ دروستکردنی هەندێک لە پۆلە فەرهەنگییەکان بەکاربهێنرێت. وەک: ناوی لێکدراو[دندانپزشک]، ئاوەڵناوی لێکدراو[خوش‌رو]، ئاوەڵکاری لێکدراو [پای‌کوبان]، کاری لێکدراو [کارکردن]، ئامرازی خستنەسەری لێکدراو [دربارۀ]، ئامرازی بەستنەوەی لێکدان [تا اینکه]، هەربۆیە ژمارەی وشە لێکدراوەکان لە زمانی فارسیدا گەلێک زۆرن(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٣؛ طباطبایی، ١٣٩٨: ٩ – ١٠).

## ٢/٢-١) پێوەرەکانی پۆلێنکردن بۆ وشەی لێکدراوەکان

وشە لێکدراوەکان دەکرێت بەپێی سێ پێوەر پۆلێنبکرێن: ١-ڕۆنان، ٢-پۆلی وشە، ٣-پەیوەندیی ڕێزمانی – واتایی نێوان وشە پێکهێنەرەکان.

### ٢/٢-١-١) ڕۆنانی وشەی لێکدراو

پێکهاتنی هەمو وشە لێکدراوەکانمان بە لێکدانی دو وشە زانیوە و لەبەرچاوگرتووە، کە ڕەنگە هەردوکیان سەر بە یەک پۆل بن یان هەریەکەیان سەر بە پۆلێکی ڕێزمانی جیاواز بن(طباطبایی، ١٣٩٨: ١٠). بۆ نمونە وشەی [مارماسی] لە زمانی کوردیدا و [آبانبار] لە زمانی فارسیدا لە لێکدانی دو ناو و وشەی [خوێنمژ] لە زمانی کوردیدا و [آسمانخراش] لە زمانی فارسیدا لە لێکدانی ناوێک و ڕەگێک دروستکراون.

هۆکاری ئەوەی کە پێکهاتنی هەمو وشە لێکدراوەکانمان بە لێکدانی دو مۆرفیمی سەربەخۆ لەبەرچاوگرتووە، ئەوەیە کە پرۆسەکانی دروستکردنی وشە بەشێوەیەکی هەرەمی و یەک لە دوای یەک کاردەکەن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە دەرکردەی هەر پرۆسەیەک دەتوانرێت بۆ تێکردەی پرۆسەی دواتر بگۆڕدرێت(هەمان سەرچاوە: هەمان لاپەڕە)، بۆ نمونە وشەی [چوارشەممەسور] لە زمانی کوردیدا هەرچەندە لە سێ مۆرفیمی سەربەخۆی [چوار]، [شەممە] و [سور] دروستبووە، واتە لە ناوێک [چوارشەممە] و ئاوەڵناوێک (سور) پێکهاتووە یان وشەی [خودروشوی] لە زمانی فارسیدا هەرچەندە لە سێ مۆرفیمی سەربەخۆی [خود]، [رو] و [شوی] دروستبووە، بەڵام پێکهاتەکەی تەنها وەک [رختشوی] وایە، واتە لە ناوێک [خودرو] و ڕەگی ڕانەبردوی کار (شوی) پێکهاتووە. بۆیە کاتێک دەڵێین کە مۆرفیمێک بۆ نمونە خاوەنی پێکهاتەی (ناو + ناو)ە، بەو واتایە نییە، کە هەردو ناوەکە مەرجە سادە بن.

### ٢/٢-١-٢) پۆلی وشەی لێکدراو

هەر وشەیەکی لێکدراو وەک وشەیەکی فەرهەنگی سەر بە پۆلێکی ڕێزمانییە؛ بۆ نمونە [شاژن] لە زمانی کوردیدا و [آبانبار] لە زمانی فارسیدا ناون و [دڵگیر] لە زمانی کوردیدا و [دلخراش] لە زمانی فارسیدا ئاوەڵناون. وەک وتمان وشەی لێکدراو هەمو پۆلە سەرەکییە فەرهەنگییەکانی وەک: ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار، ئامرازی خستنەسەر و ئامرازی بەستنەوە لەخۆدەگرێت(طباطبایی، ١٣٩٨: ١٠).

### ٢/٢-١-٣) پەیوەندی ڕێزمانی – واتایی نێوان وشە پێکهێنەرەکان

لە هەر وشەیەکی لێکدراودا، پەیوەندییەکی ڕێزمانی-واتایی تایبەت لە نێوان دو وشە پێکهێنەرەکەدا هەیە. بۆ نمونە لە وشەی [پەیکەرتاش] لە زمانی کوردیدا، کە لە [پەیکەر](ناو) و [تاش](ڕەگی ڕانەبردوی کاری "تاشین") پێکهاتووە، [پەیکەر] بەرکاری کاری [تاشین]ە: [پەیکەرتاش]، ئەو کەسەیە کە [پەیکەر] دادەتاشێت و دروستدەکات. لە وشەی [سپرساز] لە زمانی فارسیدا، کە لە [سپر](ناو) و [ساز](ڕەگی ڕانەبردوی کاری "ساختن") پێکهاتووە، [سپر] بەرکاری کاری [ساختن]ە: [سپرساز]، ئەو کەسەیە کە قەڵغان[سپر] دروستدەکات(طباطبایی، ١٣٩٨: ١١).

### ٢/٢-٢) جۆرەکانی وشەی لێکدراو

لە ساڵانی هەشتەکانی سەدەی بیستەمەوە بیری "سەرە" بەتەنیا لە سنوری فرەیزدا نەمایەوە، بەڵکو ئەم بیرە فراوانبو، هەتا گەیشتە ئاستی ڕۆنانی وشە، بەتایبەت ئاستی ڕۆنانی وشەی لێکدراو(عبدالرحمن، ٢٠٢٢: ٥٥)، واتە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا، سەرەتای بیری هەبونی "سەرە" لە چوارچێوەی وشەی لێکدراودا دەگەڕێتەوە بۆ (بلۆمفیڵد)( ,Bloomfield 1933: 94 – 95)، لە وشەی لێکدراودا ئەوەی گرنگی هەیە، "سەرە" و "دیارخەر"ەکەیەتی(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٣). مەبەست لە سەرە ئەم پێکهێنەرەیە کە سەرجەم وشە لێکدراوەکە بەگوێرەی ئەو دەستنیشاندەکرێت، مەبەست لە دیارخەریش ئەو پێکهێنەرەیە کە ڕونکردنەوە و سنورداریێتی واتایی دەخاتە سەر سەرە(کەرەمی، ١٣٩٦: ١٧٩)، یاخود سەرە پێکهێنەرێکی سەرەکییە کەوا سیمای ڕێزمانی هەمو وشەکە دیاریدەکات(Crystal, 2008: 225).

لە ڕێزمانی نوێدا و بەتایبەت لە تیۆری (x-bar)دا کە بە تایبەت بۆ ڕۆنانی فرەیز هاتۆتەئاراوە، زۆر گرنگی بە سەرە دەدرێت و وەکو ناسنامەیەک بۆ ناساندنی فرەیز دادەنرێت(حاجی، ٢٠٠٧: ٥٤)، بەڵام ئەم تیۆرە دەشێت بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی تریش بەکاربهێنرێت وەک (وشەی لێکدراو، ڕستە)، واتە تیۆری (x-bar) لە سنوری فرەیزدا ڕاناوەستێت و ئەم سنورەش دەبڕێت(قادر، ٢٠٠٧: ٢٤) هەر لەبەر ئەمەیە کەوا (سەرە) لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و بە یەکێک لە کەرەستە سەرەکییەکان دادەنرێت و سیما و تایبەتمەندی وشەکە دیاریدەکات(ئەمین، ٢٠١٨: ٦٧٥)

سەرە لە وشە لێکدراوەکاندا دەتوانرێت لە دو ڕوانگەوە دیاریبکرێت: ڕێزمانی و واتایی. سەرەی ڕێزمانی هەمان ئەو وشەیەیە کە پۆلی هەمو وشەیەکی لێکدراو دیاریدەکات. بۆ نمونە،

له وشه کوردییەکانی وەک [خۆشباوەڕ، پڕسود]، له وشه فارسییەکانی وەک [خوشنام، بدسیرت] که بریتییه له (لێکدانی ئاوەڵناو + ناو)، و یا له وشه کوردییەکانی وەک [سەرگەرم، ڕوڕەش] له وشه فارسییەکانی وەک [چشم‌تنگ، قدبلند] که بریتییه له (لێکدانی ناو + ئاوەڵناو)، وشەی لێکدراوەکان له دو وشه دروستبون، که هەر یەکێکیان بۆ پۆلێکی جیاواز دەگەڕێنەوە. له تەواوی ئەم وشه لێکدراوانەدا، که ئاوەڵناون، هۆکاری بون به ئاوەڵناویان له بەشی ئاوەڵناوەکەوە وەرگرتووە(طباطبایی، ١٣٨٩: ٩١).

بەڵام ئەمە بەو واتایه نییه، که له فارسیدا هەمیشه بەرهەمهاتوی لێکدراوی (ئاوەڵناو + ناو) یا (ناو + ئاوەڵناو)، ئاوەڵناوێک بێت؛ بۆ نمونه، له وشەکانی [پیرمرد]، [سیاەرگ]، و یان پێچەوانەکەی [بازارسیاه]، [مادربزرگ] وشه بەرهەمهاتووەکە ناوێکه و له ڕاستیدا ئەم پێکهێنەر و ڕەگەزە ناوییەیه که پۆلی وشه لێکدراوەکه دیاریدەکات و بەم هۆیەوە سەرەی ڕێزمانی وشه لێکدراوەکه دەبێت.  بەڵام له لێکدراوەکانی (ناو + ناو) لەوانەیه ناوی لای (ڕاست) و یان ناوی لای (چەپ) سەرەی وشه لێکدراوەکه بێت. بۆ نمونه له وشەکانی [گلخانه]، [گل‌بوته] و [مهمان‌سرا]، ناوەکانی لای چەپ (خانه، بوته، سرا) و له وشەکانی [تخت‌خواب]، [چادرنماز] و [چراغ‌خواب]، ناوەکانی لای ڕاست (تخت، چادر، چراغ) سەرەی وشه لێکدراوەکەن(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٤).

دەربارەی سەرەی واتایی وشه لێکدراوەکان دەبێت بڵێین که پەیوەندی واتایی نێوان بەشەکانی وشه لێکدراوەکه، سەرەی ئەو وشانه دیاریدەکات و سەرەی واتایی ئەو وشانه پێکهێنەرێکه که دیاریکەری واتای وشه لێکدراوەکەیه. ئەگەر وشەی لێکدراو سەرەی واتایی هەبێت، ئەو سەرە واتاییيه، سەرەی ڕێزمانی وشه لێکدراوەکەشه(طباطبایی، ١٣٨٢: ٤٢ و ٢٩).

له کۆمەڵێک باردا، ڕیزبەندی پێکهاتەکانی وشەی لێکدراو دەتوانێت له دیاریکردنی سەرەی واتایی و بەو پێیەش له دیاریکردنی واتای گشتی ئەو وشه لێکدراوانه گرنگ بێت. ئەم ڕاستییه له جیاوازیی واتایی ئەم جوته وشه لێکدراوانەی خوارەوە له زمانی فارسیدا دەبینرێت: [پدرزن/زن‌پدر]، [برادرزن/زن‌برادر]، [شوهرمادر/مادرشوهر]، [بندپا/پابند]، و لەوانەشه ئەم بارودۆخه هەتا له وشەکانی وەکو [خوش‌دست/دست‌خوش]، [دوغاب/آب‌دوغ] و نمونەی وەکو ئەمانه ببینرێت. که تێیاندا وشەی لای ڕاست سەرەی واتاییيه و سەرەی ڕێزمانیش دیاریدەکات. خاڵێکی دیکه ئەوەیه که سەرەی ڕێزمانی مەرج نییه لەگەڵ سەرەی واتایی وەکو یەک بێت، بۆ نمونه له وشەکانی وەکو [بداخلاق]، [خوش‌رفتار] و [قدبلند]، ئاوەڵناو سەرەی ڕێزمانییه و بەهۆی ئەوەی ئەم وشانه ئاوەڵناون، بەڵام له ڕوی واتاییيەوە به ڕیزبەندی ئاماژە به جۆرێک له [اخلاق]،

[رفتار] و [قد] دەکەن(ارکان و بیدگلی، ۱۳۹۹: ۱۰٤ – ۱۰۵)، واتە لە ڕوی واتاییەوە ئەم ئاوەڵناوانە چەقدەرەکین و سەرەی واتایییان بۆ شتێک یا کەسێک دەگەڕێتەوە لە دەرەوەی وشە لێکدراوەکە. [بداخلاق] نە [بد]ە، نە [اخلاق]ە، بەڵکو مرۆڤێکە.

پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە دۆزینەوەی سەرەی ڕێزمانی و سەرەی واتایی وشەی لێکدراو هەمو کات ئاسان نییە. بۆ نمونە، لە وشەکانی وەک [سەرزل، ملخوار، چاوشین، دەستکورت، دەستبڵاو، سەرشۆڕ و ...هتد] لە زمانی کوردیدا و وشەکانی وەکو [لاک پشت، هنرپیشە، گل دستە، بهارخواب، سیاەگوش، سفیدآب و ...هتد] لە زمانی فارسیدا ناتوانین بەئاسانی سەرەی ڕێزمانی و سەرەی واتایی وشەی لێکدراو دیاریبکەین، چونکە ئەم وشە لێکدراوانە لە بنەڕەتدا ئاماژە بە سیفەتی کەسێک یان شتێک لە دەرەوەی خودی وشە لێکدراوەکە دەکەن(هەمان سەرچاوە: ۱۰۵).

## ۲/۲-۱-۲) پۆلێنکردنی وشەی لێکدراو لە ڕوی ڕوخسار و شێوەی دروستبونیان

لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا بە هەمان شێوە وشە لێکدراوەکانیش خاوەن ڕۆنانێکی ناوخۆیین، کەواتە هەمو پێکهاتەیەکی لێکدراو لە چەند پێکهێنەرێک پێکدێن:

### ۲/۲-۱-۱-۲) پۆلێنکردنی وشەی لێکدراو لە ڕوی ڕوخسارەوە لە زمانی کوردیدا

لەبەرئەوەی دەگوترێت پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا "پێکەوەبەستنی دو مۆرفیی سەربەخۆ، یان مۆرفیمێکی سەربەخۆ و ڕەگ، بەبێ ئامراز و بەیاریدەی ئامراز دەگرێتەوە، کە بەهۆیەوە وشەیەکی نوێ سازدەکرێت"(حمد، ۲۰۱٤: ٦٥)، کەواتە وشەی لێکدراو لە دو مۆرفیمی سەربەخۆی واتادار یان مۆرفیمێکی سەربەخۆ و ڕەگ بە هۆی ئامراز یان بێ ئامراز پێکدێت، بۆیە لە زمانی کوردیدا دەکرێت دو ئەگەر بۆ وشە لێکدراوەکە لەبەرچاوبگیرێت:

**یەکەمیان**: ئەوەیە کە لێکدراوەکە لە دو مۆرفیم پێکدێت بەبێ ئامراز، بۆ نمونە: وشەی [باڵابەرز] لە جۆری یەکەمیانە کاتێک نمونەکان بە ڕێگای کەوانە ناولێنراوەکان شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:

٤٤) [ [باڵا]ناو + [بەرز]ئاوەڵناو ]ئاوەڵناو = باڵابەرزئاوەڵناو


بەڵام هەندێکجار لە وشە لێکدراوەکەدا دیارخەر دەکەوێتە پێش دیارخراو و مۆرفیمی (ی) خستنەسەری نێوانیان لادەبرێت(عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ١٥٧). لێرەدا وشە لێکدراوەکە وەک جۆری یەکەمی لێدێت و لە دو مۆرفیمی سەربەخۆی واتادار پێکدێت. بۆ نمونە وشەی لێکدراوی [براژن]، [ژنی برا] بووە و بە لابردنی (ی)ی خستنسەری نێوان [ژن] کە دیارخراوە و [برا] کە دیارخەرە، مۆرفیمەکان پێچەوانە بونەتەوە و ئەم فۆرمەی وەرگرتووە.

٤٥) [ [برا]ناو + [ژن]ناو ]ناو = براژنناو

چەند نمونەیەکی تر لە جۆری یەکەمی وشەی لێکدراودا، وەک [چاوجوان، سەرسپی، گەردنبلور، ڕەشماڵ، دڵگیر، پیاوکوژ، گوڵفرۆش، دەستبڕین، شەرمکردن و ...تا.د].

**دووەمیان**: ئەوەیە کە لێکدراوەکە لە سێ مۆرفیم پێکدێت، واتە بە یارمەتی ئامراز، کە دو مۆرفیمیان وشەیەکی سەربەخۆی واتادارن، بەڵام مۆرفیمی سێیەمیان زیادەیەکە(یونس، ٢٠١٣: ٦٠)، یاخود دەکرێت بڵێین مۆرفیمی سێیەمیان مۆرفیمێکی بەندی لێکدەرەو بەشداری لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا دەکات، مۆرفیمی بەندی لێکدەر "ئەو مۆرفیمە یاریدەدەرانەن کە مانای خودیان نییە، بەڵام لە لێکدانی وشەدا هاریکاری دەکەن"(مارف، ٢٠١٤: ٥٨)، واتە ئەم جۆرە گیرەکە ئەرکی بەستنەوە و لەیەکدانی دو بەشی وشەیەک دەبینێت و لە ئەنجامدا وشەیەکی نوێ پێکدەهێنێت، هەربۆیە دەگوترێت مۆرفیمی بەندی لێکدەر"ئەو گیرەکانەیە... لە ئاستی وشەسازیدا دەوری بەستانەوەی دوو مۆرفیمی سەربەخۆ، بەیەکترەوە دەبینێ و وشەیەکی نوێی لێوەپێکدەهێنین"(شوانی، ٢٠١٤: ١٣٩)، ئەو مۆرفیمە بەندانەی ڕۆڵی مۆرفیمی لێکدەر لە زمانی کوردیدا دەبینن ئەمانەن: (-ە- ، -و- ، -ەو- ، -بە-)(مارف، ٢٠١٤: ٥٨ — ٥٩)، هەروەکو لەم نمونانەدا دیارە، وەک [ڕەشەبا، شۆڕەژن، مێرگەسور، مانگەشەو، گوڵەگەنم، بەردەنوێژ، مزرەسێو، بوکەشوشە، گرانەتا، تەڕەپیاز، سەوزەگیا، پاشەڕۆژ، لەرزوتا، ئاووهەوا، دەستوپێ، دورونزیک، کەسوکار، پەرشوبڵاو، هێلکەوڕۆن، سەرەولێژ، سەربەگۆبەند، قژبەسەر، لێوبەبار، کاربەدەست، دەستبەسەر، گوڵبەدەم، لێوبەخەندە، کولێرەبەڕۆن، پڕبەدڵ، چاوبەکل و ... تا.د].


وشەی [ڕەشەبا] لە جۆری دووەمیانە، لە سێ مۆرفیم پێکهاتووە، کاتێک نمونەکان بە ڕێگای هێڵکاری درەختی شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:





هێڵکاری (٢-٢٩) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ڕەشەبا]

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە گیرەکی(مۆڕفیمی لێکدەر)ی (ە) تەنها زیادەیەکە. ئەم گیرەکە(مۆڕفیمی لێکدەر)ە بریتینییە لە فۆڕمی (ە)، بەڵکو فۆڕمی (ی) یان (بۆ)یە، بەڵام لە کاتی گوێزانەوەی لە ئاستی خوارەوە بۆ ئاستی سەرەوە ئەم فۆڕمەی وەرگرتووە و دیارخەر هاتۆتە پێش دیارخراوەوە. کە لەم نمونەیەدا (ی)یە و لە ڕۆنانی ژێرەوەدا وشەکە (بای ڕەش)ە و دیارخراو لەپێش دیارخەرە، بەڵام لە نمونەی [بەردەنوێژ] بە لای (بۆ) و (ی)شدا دەچێت و وشەکە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بریتییە لە [بەرد بۆ نوێژ] یان [بەردی نوێژ] و شوێنی دیارخەر و دیارخراو هەروەکو خۆی ماوەتەوە.


کاتێک نمونەکان بە ڕێگای هێڵکاری درەختی شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:





هێڵکاری (٢-٣٠) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [بەردەنوێژ]




هێڵکاری (٢-٣١) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ئاووهەوا]




هێڵکاری (٢-٣٢) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [کاربەدەست]




هێڵکاری (٢-٣٣) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [سەرەولێژ]

## ٢/٢-٢-١-٢) پۆلێنکردنی وشەی لێکدراو لە ڕوی ڕوخسارەوە لە زمانی فارسیدا

پرۆسەی لێکدان لە زمانی فارسیدا بە لەتەنیشتیەکدانانی دو یان چەند مۆرفیمی فەرهەنگی(سەربەخۆ یا بەند) و مۆرفیمی سەربەخۆی ڕێزمانی، وشەیەکی نویَ دروستدەکات. بۆ نمونە وشەی [شبنم] لە دو مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی، [دلبند] لە دو مۆرفیمی سەربەخۆ

و بەندی فەرهەنگی، [گیرودار] لە مۆرفیمێکی بەندی لێکدەر و دو مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی، [چنان] لە دو مۆرفیمی سەربەخۆی ڕێزمانی دروستبون(شقاقی، ١٣٩٥: ٩٢).

هەر بۆیە لە زمانی فارسیشدا دەکرێت دو ئەگەر بۆ وشەی لێکدراو لەبەرچاوبگیرێت، **یەکەمیان**: ئەوەیە کە لێکدراوەکە لە دو مۆرفیم پێکدێت بەبێ ئامراز، بۆ نمونە: وشەی [فرهنگسرا، مادربزرگ] لە جۆری یەکەمیانە.

کاتێک نمونەکان بە ڕێگای کەوانە ناولێنراوەکان شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:

٤٦) [ [فرهنگ]اسم + [سرا]اسم ]اسم = فرهنگسرااسم


٤٧) [ [مادر]اسم + [بزرگ]صفت ]اسم = مادربزرگاسم

چەند نمونەیەکی تر لە جۆری یەکەمی وشەی لێکدراودا، وەک [شکایتنامه، شیرزن، تخممرغ، دارچین، خارپشت، ماهرو، سروقد، خداپرست، سحرخیز و ... تا.د].

**دووەمیان**: ئەوەیە کە لێکدراوەکە لە سێ مۆرفیم پێکدێت، واتە بە یارمەتی ئامراز، کە دو مۆرفیمیان وشەیەکی سەربەخۆی واتادارن، بەڵام مۆرفیمی سێیەمیان زیادەیەکە(طباطبایی، ١٣٩٨: ٢٨، ٤٨، ٨٢، ٨٩). یاخود دەکرێت بڵێین مۆرفیمی سێیەمیان زۆربەی جار مۆرفیمێکی بەندی لێکدەرە و بەشداری لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا دەکات، مۆرفیمی بەندی لێکدەر "ئەو مۆرفیمە یاریدەدەرانەن کە مانای خودیان نییە، بەڵام لە لێکدانی وشەدا هاریکاری دەکەن"(مارف، ٢٠١٤: ٥٨)، واتە ئەم جۆرە گیرەکە ئەرکی بەستنەوە و لەیەکدانی دو بەشی وشەیەک دەبینێت و لە ئەنجامدا وشەیەکی نوێ پێکدەهێنێت، هەربۆیە دەگوترێت مۆرفیمی بەندی لێکدەر"ئەو گیرەکانەیە... لە ئاستی وشەسازیدا دەوری بەستانەوەی دوو مۆرفیمی سەربەخۆ، بەیەکترەوە دەبینێ و وشەیەکی نوێی لێوەپێکدەهێنین"(شوانی، ٢٠١٤: ١٣٩)، ئەو مۆرفیمە بەندانەی ڕۆڵی مۆرفیمی لێکدەر لە زمانی فارسیدا دەبینن ئەمانەن: (-ا- ، -ال- ، -به- ، -و-)( کلباسی، ١٣٨٧: ٥٩ – ٦٠؛ طباطبایی، ١٣٩٨، ٢٨، ٤٨، ٨٢، ٨٩).

جۆری دووەمی ئەو وشانە لە زمانی فارسیدا ئەوانانە کە لە سێ مۆرفیم پێکهاتون، کە هەریەکێک لەم مۆرفیمە ناسەربەخۆیانە لەگەڵ دو مۆرفیمی تری سەربەخۆی واتادار یەکدەگرن و وشەیەکی لێکدراو دروستدەکەن، هەروەکو لەم نمونانەدا دەردەکەوێت، وەک [پسادست، بناگوش، ابوالچپ، قلمبەدست، رفتوآمد، پیچوخم، زادوولد].


کاتێک نمونەکان بە هەریەک لە ڕێگای هێڵکاری درەختی یان کەوانە ناولێنراوەکانەوە شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:





هێڵکاری (٢-٣٤) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [پسادست]

ئەگەر سەرنجی وشەی لێکدراوی [ابوالچپ] بدەین، دەبینین لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و هەروەها شێوەسازی(صورتساز) (ال)یش هەر لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، واتە لە زمانی فارسیدا لە هەر وشەیەکی لێکدراودا ئەگەر هاتو شێوەسازی (ال)مان هەبو، ئەوا یەکێک لە مۆرفیمە سەربەخۆکانی وشە لێکدراوەکە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و وشەیەکی عەرەبییە(کلباسی، ١٣٨٧: ٥٩ – ٦٠؛ طباطبایی، ١٣٩٨: ٢٨ – ٢٩).


کاتێک نمونەکان بە هەریەک لە ڕێگای هێڵکاری درەختی یان کەوانە ناولێنراوەکانەوە شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:




هێڵکاری (٢-٣٥) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [ابوالچپ]




هێڵکاری (٢-٣٦) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [قلم‌به‌دست]




هێڵکاری (٢-٣٧) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [پرس‌وجو]

پێکهاتنی وشەی لێکدراو بەپێی سروشتی زمانەکان دەشێت جیاواز بێت، بەڵام لە بەشداری لە دو مۆڕفیمی واتادار، واتە دو پارچە لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا هاوبەشن، کە ئەم هاوبەشییەش لەنێوان زمانی کوردی و فارسیدا دەبینرێت، هەروەکو لە نمونەکانی سەرەوە ڕونکراوەتەوە.

## ٢/٢-٢-٢) دابەشکردنی هەڕەمی و ناهەڕەمی وشە لێکدراوەکان لە زمانی کوردی و فارسیدا:

هەر لەم چوارچێوەیەدا پێویستە ئاماژە بەمەش بکرێت، کەوا لە زمانی کوردی و فارسیدا دروستبونی وشە لێکدراوەکان لە دو بنکەدا سنوردار نەکراوە، هەندێکجار زیاتر لە دو مۆڕفیمی سەربەخۆی واتادار لە دروستبونی وشە لێکدراوەکان بەشداریدەکەن. لە نمونەکانی لەم جۆرەی وشە لێکدراوەکان لە زمانی کوردیدا دەتوانین ئاماژە بە وشەکانی وەک: [چوارشەممەسور، ماستاوکردن، سەرخۆشبون، سەرسپیکردن] بکەین، لە زمانی فارسیدا دەتوانین ئاماژە بە


وشەکانی وەک: [آبزیرکاه]، [آبنباتقیچی]، [دوهفتەنامە]، [آنتنسرخود]، [سربەهوا]، [چشمودلسیر]، [دشمنشادکن]، [برفپاککن]، [دربازکن]، و زۆری تر بکەین.

کاتێک زیاتر لە دو مۆرفیمی سەربەخۆی واتادار لە دروستکردنی وشەیەکی لێکدراو بەشدارن، ئەگەر کەمێک وردتر سەرنج لە چۆنیەتی دروستکردنیان بدەین، دەکرێت لەوە تێبگەین کە شێوازی پێکەوەهاتنی مۆرفیمەکانی وشە لێکدراوەکان جیاوازە. وەک لە باری وشەی دارێژراودا بینیمان. کەواتە لە ئەنجامی سەرنجدان لە دروستبونی وشە لێکدراوەکان لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا، ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە شێوەی بەیەکەوەهاتنی ئەم مۆرفیمانە لە چوارچێوەی لێکدراوەکە لەگەڵ یەکتری جیاوازی هەیە، واتە دەتوانرێت وشەی لێکدراویش بە پشتبەستن بە شێوازی دروستکردنیان بۆ دو جۆر لێکدراوی هەڕەمی و لێکدراوی ناهەڕەمی دابەشبکرێت(شقاقی، ١٣٩٥: ٩٤ – ٩٥؛ ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٥ – ١٠٦).

### ٢/٢-٢-٢-١) لێکدراوی هەڕەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا


لە لێکدراوی هەڕەمیدا سەرەتا دو مۆرفیم پێکەوەدەلکێنرێن و وشەیەکی لێکدراوی نوێ دروستدەکەن و لە هەنگاوی دواتردا مۆرفیمی سێیەم بۆ وشە لێکدراوەکە زیاددەکرێت و وشەیەکی نوێ دروستدەکات(شقاقی، ١٣٩٥: ٩٤-٩٥). لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا، مۆرفیمەکان، وەک وشەکان، لە ڕێگای یاسا ڕستەسازییەکانەوە بە شێوەیەکی یەک لەدوای یەک و هەڕەمی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بۆ ئەوەی وشەیەکی نوێ دروستبکەن(اسلامی پور و دیگران، ١٣٩٥: ٤).

لە زمانی کوردیدا ئەگەر سەیری نمونەکانی وەک [چوارشەممەسور، ماستاوکردن، سەرخۆشبون، سەرسپیکردن] بکەین، دەبینین یەک لەدوای یەک دروستبون، واتا شێوەیەکی هەڕەمیان هەیە، بۆ نمونە لە وشەی [چوارشەممەسور]دا کە وشەکە لە [چوارشەممە] و [سور] پێکهاتووە، پێش ئەم پرۆسەیە وشەی [چوارشەممە] بە هەمان پرۆسەی لێکداندا تێپەڕیوە، ئەم پرۆسەیەش لە مۆرفۆلۆژیدا پێی دەگوترێت هەنگاوبەهەنگاو و هەڕەمی، واتە وشەکە بە دو هەنگاوی وشە لێکداندا تێپەڕیوە، کە لە هەنگاوی یەکەمدا دو وشەی [چوار] و [شەممە] وشەی لێکدراوی [چوارشەممە] دروستدەکەن، لە هەنگاوی دووەمدا وشەی [سور] لەگەڵ وشەی [چوارشەممە] یەکدەگرێت و وشەی لێکدراوی هەڕەمی [چوارشەممەسور] دروستدەکات.




هێڵکاری (٢-٣٨) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [چوارشەممەسور]


لە وشەی [ماستاوکردن]دا کە وشەکە لە [ماستاو] و [کردن] پێکهاتووە، پێش ئەم پرۆسەیە وشەی [ماستاو] بە هەمان پرۆسەی لێکداندا تێپەڕیوە، ئەم پرۆسەیەش لە مۆرفۆلۆژیدا پێی دەگوترێت هەنگاوبەهەنگاو و هەڕەمی، واتە وشەکە بە دو هەنگاوی وشە لێکداندا تێپەڕیوە، کە لە هەنگاوی یەکەمدا دو وشەی [ماست] و [ئاو] وشەی لێکدراوی [ماستاو] دروستدەکەن، لە هەنگاوی دووەمدا وشەی [کردن] لەگەڵ وشەی [ماستاو] یەکدەگرێت و وشەی لێکدراوی هەڕەمی [ماستاوکردن] دروستدەکات.





هێڵکاری (٢-٣٩) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ماستاوکردن]

لە زمانی فارسیدا دەتوانین ئاماژە بە وشەکانی وەک: [آب‌نبات‌قیچی، دوهفتەنامە، برف‌پاک‌کن]، بۆ نمونە لە دروستبونی وشەی [برف‌پاک‌کن]، یەکەمجار مۆرفیمی [پاک] و مۆرفیمی ڕەگی ڕانەبردوی کار [کردن]، واتە [کن]، بەیەکەوە دەلکێنرێن و وشەی لێکدراوی [پاک‌کن] دروستدەکەن و لە هەنگاوی دواتردا مۆرفیمی [برف] کە بابەتی ئەم کارە لێکدراوەیە بۆی زیاددەکرێت و وشەی [برف‌پاک‌کن] دروستدەبێ، هەروەها لە وشەی [آب‌نبات‌قیچی] یەکەمجار

هەردو مۆرفیمی [آب] و و [نبات] بەیەکەوە دەلکێنرێن و وشەی لێکدراوی [آب‌نبات] دروستدەکەن و لە هەنگاوی دواتردا مۆرفیمی [قیچی] بۆی زیاددەکرێت و وشەی [آب‌نبات‌قیچی] دروستدەبێت. کاتێک نمونەکان بە ڕێگای هێڵکاری درەختی شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:




هێڵکاری (٢-٤٠) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [آب‌نبات‌قیچی]





هێڵکاری (٢-٤١) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [برف‌پاک‌کن]

## ٢/٢-٢-٢-٢) لێکدراوی ناهەڕەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا

مەبەست لە لێکدراوی ناهەڕەمی ئەوەیە، کە تێیدا بەشەکانی وشەی لێکدراو پێکەوە و لە یەک کاتدا بەیەکەوە دەلکێنرێن، نەک بە ڕێکوپێکی و هەنگاوبەهەنگاو و بەشێوازێکی هەڕەمی؛ واتە سێ مۆرفیم یان زیاتر بە یەکجار بەیەکەوە دەلکێنرێن(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٦؛ شقاقی، ١٣٩٥: ٩٥). جیاوازی سەرەکی نێوان لێکدراوی هەڕەمی و ناهەڕەمی لە چۆنیەتی هاتنی مۆرفیمەکاندایە،


کە لە لێکدراوی هەڕەمیدا مۆرفیمەکان بەجیا و لە کاتی جیاوازدا چونەتە پاڵ یەکتری و هەر هەنگاوێکیش پێکهاتەیەکی نوێ لە زماندا دروستدەکات، بەڵام لە لێکدراوی ناهەڕەمیدا مۆرفیمەکان بەیەکەوە و لە یەک کاتدا چونەتە پاڵ یەکتری و بەیەکەوە وشەیەکی نوێیان لە زماندا دروستکردووە(خالد، ٢٠٢١: ٦٨).

لە زمانی کوردیدا وەکو وشەکانی [دەستبەسەر، کولێرەبەڕۆن، کاربەدەست، سەربەفیتنە، ڕوبەخاڵ، مانگەشەو، بەردەنوێژ، گوڵەگەنم، هێلکەوڕۆن، لەرزوتا، بەفرودۆ، مێرگەسور، کێلەسپی، مێرگەپان، بەردەڕەش، سەوزەگیا، تاریکەشەو، کورتەباڵا، پیرەمێرد، تەڕەپیاز، شۆڕەبی و ماستاوکردن ... تا.د]، ئەگەر سەیری وشەی لێکدراوی [دەستبەسەر] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی ناهەڕەمی هەیە، چونکە ئەم وشەیە لە سێ مۆرفیمی [دەست]، [بە] و [سەر] پێکهاتووە. هەر سێ مۆرفیمەکە بەیەکجار و لە یەک کاتدا بەیەکەوە لکێنراون؛ چونکە لە وشەکانی " [[دەست] + [بە]] > دەستبە، [[بە] + [سەر]] > بەسەر"، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە وشەکان لەگەڵ یەکتری لێکدراون، لەبەرئەوە لێکدراوێکی وەک [دەستبە] یان [بەسەر]مان لە زمانی کوردیدا نییە و بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. کە لە ڕێگای هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری (٢-٤٢) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [دەستبەسەر]

هەروەها ئەگەر سەیری وشەی لێکدراوی [هێلکەوڕۆن] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی ناهەڕەمی هەیە، چونکە ئەم وشەیە لە سێ مۆرفیمی [هێلکە]، [و] و [ڕۆن] پێکهاتووە. هەر سێ مۆرفیمەکە بەیەکجار و لە یەک کاتدا بەیەکەوە لکێنراون؛ چونکە لە وشەکانی " [[هێلکە] + [و]] > هێلکەو، [[و] + [ڕۆن]] > وڕۆن، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە وشەکان لەگەڵ یەکتری لێکدراون، لەبەرئەوە لێکدراوێکی وەک [هێلکەو] یان [وڕۆن]مان لە زمانی کوردیدا نییە و بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. کە لە ڕێگای هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:





هێڵکاری (٢-٤٣) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [هێلکەوڕۆن]

لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرەی ڕیزبونەی مۆڕفیمەکان کە بەشێوەیەکی یەکجار و لەیەک کاتدا بەتەک یەکەوە ڕیزکراون لە وشە لێکدراوەکاندا کە پێیان دەگوترێت لێکدراوە ناهەڕەمییەکان، ژمارەیان کەمە و کەمتر بەبەرهەمن، تەنیا کردارە لێکدراوە ناهەڕەمییەکان نەبێت، بەبەرهەمن(مەحویی، ٢٠١٠: ١٥٧).


لە زمانی فارسیدا وەک وشەکانی [دربازکن، آبشیرینکن، آبزیرکاه، سربەهوا]، هەروەکو دەبینرێت ئەم وشە لێکدراوانە بە یەکجار دروستکراون، چونکە بۆ نمونە ئێمە پێکهاتەکانی *[شیرینکن]، *[بازکن]، *[زیرکاه]، *[بەهوا]، و وەکو ئەمانەمان لە زمانی فارسیدا نییە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٦؛ شقاقی، ١٣٩٥: ٩٥).

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر ئەگەر سەیری وشەی لێکدراوی [سردرگم] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی ناهەڕەمی هەیە، چونکە ئەم وشەیە لە سێ مۆڕفیمی فەرهەنگی و سەربەخۆی [سر]، [در] و [گم] پێکهاتووە. هەر سێ مۆڕفیمەکە بەیەکجار و لە یەک کاتدا بەیەکەوە لکێنراون؛ چونکە لە وشەکانی " [[سر] + [در]] > سردر، [[در] + [گم]] > درگم"، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە وشەکان لەگەڵ یەکتری لێکدراون، لەبەرئەوە لێکدراوێکی وەک [سردر] یان [درگم]مان لە زمانی فارسیدا نییە و بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. کە لە ڕێگای هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری (٢-٤٤) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [سردرگم]

هەروەها ئەگەر سەیری وشەی لێکدراوی [آبشیرین‌کن] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی ناهەڕەمی هەیە، چونکە ئەم وشەیە لە سێ مۆرفیمی فەرهەنگی [آب]، [شیرین] و [کن] پێکهاتووە. هەر سێ مۆرفیمەکە بەیەکجار و لە یەککاتدا بەیەکەوە لکێنراون؛ چونکە لە وشەکانی "[[آب] + [شیرین]] > آبشیرین، [[شیرین] + [کن]] > شیرین‌کن"، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە وشەکان لەگەڵ یەکتری لێکدراون، لەبەرئەوە لێکدراوێکی وەک [آبشیرین] یان [شیرین‌کن]مان لە زمانی فارسیدا نییە و بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. کە لە ڕێگای کەوانەی شکاوە و هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری (٢-٤٥) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [آبشیرین‌کن]

هەروەها وشەکانی وەکو [گلگاوزبان، شترگاوپلنگ و آشغال‌جمع‌کن] دەتوانن لەم جۆرە لێکدراوانە هەژماربکرێن.

### ٢/٢-٢-٣) پۆلێنکردنی وشە لێکدراوەکان بەپێی بەشە پێکهێنەرەکانی

پۆلێنکردنێکی وشە لێکدراوەکان بەپێی ئەو پێکهێنەر و ڕەگەزانەیە کەوا بەشداری لە دروستبونی وشە لێکدراوەکەدا دەکەن(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٦).

### ٢/٢-٢-٣-١) لێکدراوی ناکاری

پێشی دەگوترێت لێکدراوی ڕیشەیی یان لێکدراوی سەرەکی، وشە لێکدراوەکان ڕیشەییەکان خاوەنی پێکهێنەری کاری لە شوێنی سەرە و داڕێژراوە کارییەکان نین(Bauer, 1983: 164).

بە بڕوای (لیبەر) وشەی (لێکدراوی ڕیشەیی) وشەیەکە، کە سەرەکەی لە کارێکەوە وەرنەگیراوە(Lieber, 2009: 204)، کەواتە وشەی لێکدراوی ناکاری ئەو وشە لێکدراوانەن، کە ناتوانن وەک کار کاربکەن، بە واتایەکی تر، هیچ ناسێنەرێکی کاری بەدوایاندا نایەت، وەک ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، جێناو، ژمارە، دەنگ، ناوی دەنگی، ئامرازی خستنەسەر و ئامرازی بەستنەوەی لێکدەر(مۆرفیمی لێکدەر)(کلباسی، ١٣٨٧: ٣٨).

لەم جۆرەی وشەی لێکدراودا لە ڕوی تیۆری پۆلە فەرهەنگییە بنەڕەتییەکانی، ناو، ڕەگی کار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار و ئامرازی پەیوەندی دەتوانن لەگەڵ یەکتری لێکبدرێن، تاوەکو وشەیەکی لێکدراوی ڕیشەیی دروستبکەن. ئەم پۆلە لە وشەکان دەتوانن بەلایەنی کەمەوە دو پۆلی فەرهەنگی لەخۆبگرن، کە مەرج نییە پۆلی کۆتایی هەمو ئەم جۆرە لێکدراوانە لەگەڵ پۆلی بەشەکانی وشە لێکدراوەکە یەکسان بێت. واتە لەم جۆرە وشە لێکدراوانەدا بەگشتی دو (یا زیاتر) پێکهێنەری ناکاری بەشداریدەکەن(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٦ – ١٠٧)، وەک [دڵخۆش، دارخورما، سەرگەورە، ماستاو، مارماسی، شاهەنگ، ڕۆژنامە، براژن، شەونوێژ، دەنگخۆش، خوێنتاڵ، سوارچاک، دڵناسک، سەرشێت، بنباخەڵ، ژێرکراس، بەردڵ، پێشباس، لامل، بەربانگ، ڕەشمار، ڕەشاو، زلهێز، زڕدایک، داردەست، جوانخاس، ڕەشبەڵەک و ... تا.د] لە زمانی کوردیدا و وەک [شبچراغ، دهنلق، تنگدست، پیرزن، قلمو، گلبوته، کوچەباغ، دلگرم، خودآگاه، خودسامان، سەراه، سرپناه، شیرموز، آبزیرکاه، دوهفتەنامه و ... تا.د] لە زمانی فارسیدا. لە زمانی فارسیدا ئەو وشە لێکدراوانەی کە لە دو ناو، دو ئاوەڵناو و یا ناو و ئاوەڵناوێک دروستکراون، باوترینیانن، بەئاسانی دروستدەبن و بێکێشە لێکدەدرێنەوە(هەمان سەرچاوە: ١٠٦).

شێوەی دروستبونی لێکدراوی ناکاری کە زمانی کوردی و فارسیدا:

لە زمانی کوردیدا:

٤٨) [[ماست]$_{\text{ناو}}$ + [ئاو]$_{\text{ناو}}$]$_{\text{ناو}}$ = ماستاو$_{\text{ناو}}$

٤٩) [[شا]$_{\text{ناو}}$ + [هەنگ]$_{\text{ناو}}$]$_{\text{ناو}}$ = شاهەنگ$_{\text{ناو}}$

٥٠) [[زڕ]$_{\text{ئاوەڵناو}}$ + [دایک]$_{\text{ناو}}$]$_{\text{ناو}}$ = زڕدایک$_{\text{ناو}}$

٥١) [[دڵ]$_{\text{ناو}}$ + [خۆش]$_{\text{ئاوەڵناو}}$]$_{\text{ئاوەڵناو}}$ = دڵخۆش$_{\text{ئاوەڵناو}}$

٥٢) [[سەر]$_{\text{ناو}}$ + [شێت]$_{\text{ناو}}$]$_{\text{ئاوەڵناو}}$ = سەرشێت$_{\text{ئاوەڵناو}}$

٥٣) [[دەنگ]$_{\text{ناو}}$ + [خۆش]$_{\text{ئاوەڵناو}}$]$_{\text{ئاوەڵناو}}$ = دەنگخۆش$_{\text{ئاوەڵناو}}$

لە زمانی فارسیدا:

٥٤) [[سه]$_{\text{عدد}}$+ [راه]$_{\text{اسم}}$]$_{\text{اسم}}$ = سەراه$_{\text{اسم}}$

٥٥) [[سر]$_{\text{اسم}}$+ [پناه]$_{\text{اسم}}$]$_{\text{اسم}}$ = سرپناه$_{\text{اسم}}$

٥٦) [[شیر]$_{\text{اسم}}$+ [موز]$_{\text{اسم}}$]$_{\text{اسم}}$ = شیرموز$_{\text{اسم}}$

٥٧) [[دل]$_{\text{اسم}}$ + [گرم]$_{\text{صفت}}$]$_{\text{صفت}}$ = دلگرم$_{\text{صفت}}$

٥٨) [[خود]$_{\text{ضمیر}}$ + [آگاه]$_{\text{صفت}}$]$_{\text{صفت}}$= خودآگاه$_{\text{صفت}}$

٥٩) [[خود]$_{\text{ضمیر}}$ + [سامان]$_{\text{اسم}}$]$_{\text{صفت}}$ = خودسامان$_{\text{صفت}}$

لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا لێکدراوی ناکاری هەیە، واتە ڕیزبونی مۆڕفیمەکان لە چوارچێوەی وشەی لێکدراودا، کاری تێدا نییە، وەکو نمونەکانی سەرەوە.

هەروەها ئەم جۆرە وشە لێکدراوانە، واتە لێکدراوە ناکارییەکان بەپێی پەیوەندی نێوان پارچەپێکهێنەرەکان دەکرێت ببن بە چەند جۆرێکی تر:

١- لێکدراوی دیارخەری: لە لێکدراوی ناکاریدا، یەکێک لە پێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکە دیارخەرە و وشەکەی تریشیان دەبێتە سەرە. سەرە بەشێکە لە وشە لێکدراوەکە و ئاماژەیە بۆ

پۆلی وشە لێکدراوەکە. ئەرکی دیارخەریش کە لە پێش یان دوای سەرە دێت، وەسفکردن و دیاریکردنی واتای سەرەکەیە؛ بەم شێوەیە دیارخەر، سەرە لە ئەندامانی دیکەی هەمان پۆلی خۆی جیادەکاتەوە(سبزواری، ١٣٩١: ٤٧)، ئەویش دو جۆرە: ا) دیارخەری سادە، وەک [پەلەپۆست، دارخورما، گابەرد، بەردەنوێژ، خڕکەبەرد و ... تا.د] لە زمانی کوردیدا و [مادربزرگ، دلخوش، دهن‌لق، گردن‌کلفت، سرخوش و ... تا.د] لە زمانی فارسیدا؛ ب) دیارخەری هەڵگەڕاوە، وەک [بڕاژن، مەلاژن، شاژن] لە زمانی کوردیدا و [پیرمرد، سنگ‌دل، خوش‌اخلاق، قوی‌بنیە، پاک‌دل، شیرین‌عقل، خرمهرە، گاوصندوق] لە زمانی فارسیدا(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٧).

کەواتە بەپێی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی و ڕیزبونی مۆرفیمەکانی هەردو زمانەکە، وشەی لێکدراوی دیارخەری سادە لە هەردو زمانەکەدا هەیە، وەک [گابەرد] لە زمانی کوردیدا و [مادربزرگ] لە زمانی فارسیدا، هەروەها وشەی لێکدراوی دیارخەری هەڵگەڕاوە لە هەردو زمانەکەدا هەیە، وەک [بڕاژن] لە زمانی کوردیدا و [پاک‌دل] لە زمانی فارسیدا.

٢- لێکدراوی خستنەسەری: ا) خستنەسەری سادە، وەک **[تخمِ‌مرغ، مرگِ‌موش، تختِ‌خواب، دردِدل، سرِ‌خود، پشتِ‌هم، راهِ‌پله، چادرِنماز، جوشِ شیری ، تبِ زرد]؛** (لە زمانی فارسیدا لێکدراوی خستنەسەری بەو وشە لێکدراوانە دەگوترێت کە تێیاندا ژێری خستنەسەری بەشێوەیەکی کردەیی و ڕاستەقینە یان ئەگەری بونی هەیە(کلباسی، ١٣٨٧: ٣٨) ب) خستنەسەری هەڵگەڕاوە، وەک [شبنامە، سیاهرگ، دگربار، خودکام، روزنامە، گلاب، قلمکار، کارخانە، گل بوتە، سرپناه، خویشتن، خودرأی]. لە زمانی فارسیدا لێکدراوی هەڵگەڕاوە بەو وشە لێکدراوانە دەگوترێت کە بە هەڵگەڕانەوەی دیارخەر و دیارخراو و لابردنی ژێری خستنسەر(کسره اضافه) دروستدەکرێن(هەمان سەرچاوە: ٤٠).

جگە لەم دو جۆرەش، لەنێو وشە لێکدراوە سەرەکییەکان(ڕیشەییەکان) جۆرێکی تریش جێگای ناساندنە:

٣- لێکدراوی ژمارەیی: هەندێکجار لە دروستبونی وشەی لێکدراودا یەکێک لە پێکهێنەرە بەشداربووەکان، ژمارەیەکە کە بۆ سەرەی وشەی لێکدراوەکە بە پێکهێنەرێکی دیارخەری هەژماردەکرێت(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٧)، وەکو [دودڵ، چوارچاو، دوڕو، هەزارپێ، سێباز، دوشەمە، سێگۆشە، چوارچێوە، شەستتیرە، هەشتپاڵو] لە زمانی کوردیدا و [چل‌چراغ، سی‌وسەپل، چهارراه، سەپایە، تکشاخ، یکجا، دوپارە، دوطبقە، دوچرخە] لە زمانی فارسیدا.

کەواتە بەپێی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی و ڕیزبونی مۆرفیمەکانی هەردو زمانەکە، وشەی لێکدراوی ژمارەیی لە هەردو زمانەکەدا هەیە، وەک [سێگۆشە] لە زمانی کوردیدا و [چهارراه] لە زمانی فارسیدا.

### ٢/٢-٢-٣-٢) لێکدراوی کاری

پێشی دەگوترێت لێکدراوی پێکهاتەیی یان لێکدراوی لاوەکی، لەم جۆرە لێکدراوانەدا یەکێک لە پێکهێنەرە بەشدارەکانی وشە لێکدراوەکە(بە تایبەتی پێکهاتەی دووەم) بنکەیەکی کارییە و پێکهاتەی یەکەمی وشە لێکدراوەکە بەگشتی بابەتی ناوخۆیی بنکە کارییەکەی وشە لێکدراوەکەیە(ارکان و بیدگلی: ١٣٩٩: ١٠٧-١٠٨)، واتە لەم جۆرەی وشەی لێکدراودا یەکێک لە بەشە پێکهێنەرەکان کارە و دەبێتە سەرەی وشە لێکدراوەکە(محمد، ٢٠١٩: ١١٦).

پێویستە کاری لێکدراو لەگەڵ لێکدراوی کاری جیابکەینەوە لەگەڵ یەکتری، چونکە مەبەست لە کاری لێکدراو تەنها کارێکە کە لە ڕێگەی پرۆسەی گۆڕینەوە دروستبووە، بەڵام مەبەست لە لێکدراوی کاری سەرجەم ئەو وشانەیە کە سەرە تێیاندا کارێکە، جا چ ناوی لێکدراو، چ ئاوەڵناوی لێکدراو، چ ئاوەڵکردار لێکدراو بێت. هەربۆیە هەرچەندە کاری لێکدراو بۆ خۆی کارێکی تێدایە، بەڵام مەبەستی ئێمە لە لێکدراوی کاری جگە لە کاری لێکدراوە(کەرەمی، ١٣٩٦: ١٨٤). ئەم نمونانە دەبن بە کاری لێکدراو، وەک: [دەسخست، سەرکەوت، نەخۆشکەوت، پێشکەوت، و ... تا.د]، بەڵام ئەگەر سەیری ئەم نمونانە بکەین، دەبینن هەمویان لێکدراوی کارین، وەک: [بەفرماڵ، دارتاش، هەواڵنێر، جلدرو، پیاوکوژ، گیانکێش، بەرهەمهێن، ڕێگر، شەڕفرۆش، نوێژخوێن، خوێنڕێژ، خەمرەوێن، دڵتەزێن، بەرپرس، بەرماڵ، بەرکوڵ، پێشگر، ناوگر، دوربین، وردبین، و ...تا.د]. هەروەکو دەبینین لە هەمو نمونەکانی لێکدراوی کاریدا، لە زمانی کوردیدا ڕەگی کارەکە سەرەی لێکدراوەکەیە و لە کۆتایی وشەکەدایە، واتە سەرەکۆتان(هەمان سەرچاوە: هەمان لاپەڕە). لەزمانی فارسیدا وەک [خودخواه، آزادی‌خواه، باج‌گیر، کارشناس، جهان‌گرد، برنامه‌ریز، آهن‌فروش، دست‌ساز، ماشین‌رو، شاەنشین، خداداد، مادرزاد، سنگ‌نوشت، سرنوشت، خورگرفت، شهرگشت، آسان‌بر، کمدان، دوربین، آرام‌بخش، کوتەنوشت، نوزاد، خطکش، آتش‌بار، خشک‌کن، پرگو، خودخور و ... تا.د] هەروەکو دەبینین لەم نمونانەی لێکدراوی کاریدا، لە زمانی فارسیدا ڕەگی کارەکە سەرەی لێکدراوەکەیە و لە کۆتایی وشەکەدایە، واتە سەرەکۆتان(طباطبایی، ١٣٩٨: ٤٨، ٦٠، ٧٥ و ٧٧). بەڵام لەم نمونانەی لێکدراوی کاریدا، لە زمانی فارسیدا ڕەگی کردارەکە سەرەی لێکدراوەکەیە و لە سەرەتای وشەکەدایە، واتە سەرەسەرەتان، وەک [شناسنامە، تپاختر، خیزاب]

بەڵام ئەم جۆرە وشانە ژمارەیان کەمە لە زمانی فارسیدا و زیاتریش پەیوەستن بە پۆلی ناوەوە (طباطبایی، ١٣٩٨: ٨١). لە زمانی کوردیشدا دەکرێت ڕەگی کارەکە ببێتە سەرەی لێکدراوەکە و لە سەرەتای وشەکەوە بێت، واتە ببن بە سەرەسەرەتا، وەک لە وشەی [ناسنامە، فێرکار، دڕدوک]دا دەبینرێت. بە هەمان شێوەی زمانی فارسی ئەم جۆرە لێکدراوانە ژمارەیان کەمە لە زمانی کوردیدا.

نمونەی لەم جۆرەی وشە لێکدراوەکان، واتە وشەی لێکدراوی کاری لە زمانی فارسیدا زۆرن و بەشێوەی بەرفراوان بەکاردەهێنرێن؛ لە ڕاستیدا ئەو وشانەی کەوا بەشی دووەمیان ڕەگی ڕانەبردو یا ڕابردوی کارە، لە باوترین جۆری لێکدراون لە زمانی فارسیدا(صادقی، ١٣٨٣: ٥)، هەروەکو ئەوەی کە بینیمان، بەگشتی لە پێکهاتەی ئەم جۆرە وشانەدا ناو یان جێناو، یان ئاوەڵکار لەگەڵ کارێک (و هەندێکجار گیرەکێک) بونیان هەیە، کە پێکهاتەی یەکەمی ئەوانە دەتوانێت وەکو بەرکار، کارا یان ئاوەڵکاری ئەو کارەی کە بەشدارە لە پێکهاتەکەیاندا لە وشەی لێکدراودا بێت. لە ژمارەیەکی زۆر لە وشە لێکدراوە کارییەکان لە زمانی فارسیدا، پێکهاتەی یەکەمیان لە ڕۆڵی بەرکار، بنکەکەی کارییە، وەک [مهین‌پرست، خشونت‌طلب](ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٨)، بەڵام زۆر لە نمونەکانی تری ئەم جۆرەی لێکدان خاوەنی چەمکی بکەرین، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەتوانرێت چەمکی (بکەری) لە گروپی کاری دەربکەوێت، لەم جۆرە گروپە دەتوانرێت ئاماژە بە وشەکانی وەک [پاک‌کن، آب‌گرم‌کن و آب‌میوەگیر] بکرێت، کە واتای ئامێر دەگەیەنن، یان وشەکانی وەک [نفت‌خیز، فقیرنشین، خروس‌خوان] کە ئاماژە بە شوێن و کات دەکەن(صادقی، ١٣٨٣: ٨):

شێوەی دروستبونی لێکدراوی کاری لە زمانی کوردی و فارسیدا:

لە زمانی کوردیدا:

٦٠) [[هەواڵ]ناو + [نێر]ڕەگی ڕانەبردوی کار]ناو = هەواڵنێرناو

٦١) [[گیان]ناو + [کێش]ڕەگی ڕانەبردوی کار]ناو = گیانکێشناو

٦٢) [[بەرهەم]ناو + [هێن]ڕەگی ڕانەبردوی کار]ناو = بەرهەمهێنناو

٦٣) [[خوێن]ناو + [ڕێژ]ڕەگی ڕانەبردوی کار]ئاوەڵناو = خوێنڕێژئاوەڵناو

٦٤) [[بەر]ئاوەڵکار + [پرس]ڕەگی ڕانەبردوی کار]ناو = بەرپرسناو

٦٥) [[پێش]ئاوەڵکار + [گر]ڕەگی ڕانەبردوی کار]ناو = پێشگرناو

له زمانی فارسیدا:

٦٦) [[خط]اسم + [کش]بن حال فعل]اسم = خطکشاسم

٦٧) [[آتش]اسم + [بار]بن حال فعل]اسم = آتشباراسم

٦٨) [[جهان]اسم + [گرد]بن حال فعل]اسم = جهانگرداسم

٦٩) [[خشک]صفت + [کن]بن حال فعل]اسم = خشککناسم

٧٠) [[خود]ضمیر + [خور]بن حال فعل]صفت = خودخورصفت

٧١) [[پر]قید+ [گو]بن حال فعل]صفت = پرگوصفت

کەواتە لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا لێکدراوی کاری هەیە، واتە ڕیزبونی مۆرفیمەکان لە چوارچێوەی وشەی لێکدراودا، کاری تێدایە، وەک [نوێژخوێن] لە زمانی کوردیدا و [آهنفروش] لە زمانی فارسیدا.

لە نمونەکانی وشەی لێکدراوی کاریدا، ڕیزبونی مۆرفیمەکان لە زمانی کوردی و فارسیدا بە جۆرێکە، کەوا مۆرفیمی ڕەگی کارەکە سەرەی لێکدراوەکەیە و لە کۆتایی وشەکەدایە، واتە سەرەکۆتان، بۆ نمونە لە وشەی [بەرپرس] لە زمانی کوردیدا، [پرس] ڕەگی کارە و دەبێتە سەرەی وشەکە و کەوتۆتە کۆتاییش، لە وشەی [باجگیر] لە زمانی فارسیدا، [گیر] ڕەگی کارە و دەبێتە سەرەی وشەکە و کەوتۆتە کۆتاییش.

بەپێی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی و ڕیزبونی مۆرفیمەکانی هەردو زمانەکە، لە وشەی لێکدراوی کاریدا بەشێوەیەکی گشتی مۆرفیمی (ناو) لەگەڵ مۆرفیمی (ڕەگی کار)دا بەشداری لە دروستبونیدا دەکەن، وەک [هەواڵنێر] لە زمانی کوردیدا و [خطکش] لە زمانی فارسیدا.

## ٢/٢-٢-٤) پۆلێنکردنی واتایی وشە لێکدراوەکان

وشەی لێکدراو لە ڕوانگەی واتاییەوە، یەکەیەکی واتاییە بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی ئاماژە بە پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان بکات، کە بە تێکەڵکردنی دو وشە یان زیاتر لەگەڵ یەکتردا دروستدەبێت(دیانتی و دیگران، ١٣٩٥: ٦١)، بەپێی پێوەرە واتاییەکان و هەبون و نەبونی

(سەرە) لە چوارچێوەی پێکهاتەی وشەی لێکدراودا(ئەحمەد، ٢٠١٠: ٩٦؛ ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٩)، دەتوانین وشەی لێکدراو بۆ چوار گروپ پۆلێنبکەین:

### ٢/٢-٢-٤-١) لێکدراوی چەقناوەکی

جۆرێکە لە جۆرەکانی وشەی لێکدراو کە تێیدا یەکێک لە پێکهێنەرەکانی وشەکە دەبێتە سەرەی وشە لێکدراوەکە(Corbett: 1993: 165)، لەم جۆرەی لێکدراودا "واتای وشەکە لە کۆی وشە واتادارە پێکهێنەرەکانییەوە دێت، بە واتایەکی دیکە واتای لێکدراوەکە بە زانینی واتای پێکهێنەرەکانییەوە پێشبینی دەکرێت"(یونس، ٢٠١٣: ٦٢)، واتە سەرەی واتایی وشەلێکدراوەکە یەکێکە لە وشە بەشداربووەکانی وشە لێکدراوەکە و وشە بەشداربووەکەی تر دەبێتە دیارخەری سەرەکە. بەم شێوازە واتای سەرەکە واتای تەواوی وشە لێکدراوەکە دەگرێتەوە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٠٩). وەک [چاوکاڵ، گوڵەگەنم، شنەبا، تەڕەپیاز، شاڕێ]، دەبینین لە وشەی [چاوکاڵ] لە زمانی کوردیدا واتای وشە لێکدراوەکە لە کۆی هەردو مۆرفیمی [چاو] و [کاڵ] هاتووە و مۆرفیمی [چاو] سەرەیە و مۆرفیمی [کاڵ] دیارخەرەکەیەتی.


هەربۆیە ئەم وشانە ئاماژە بە کەسێک یان شتێک لە ناوەوەی وشە لێکدراوەکە دەکەن و ئەم پێکهێنەرەی کە سەرەی واتایی ئەم وشە لێکدراوانەن دەتوانن شوێنی تەواوی وشە لێکدراوەکە بگرنەوە(Crystal, 2008: 169)، هەروەکو لەم نمونەی سەرەوەدا دەبینین وشەی (چاو) سەرەی وشەی لێکدراوی (چاوکاڵ)ە، دەتوانێت لە پەیوەندییەکی هایپۆنیمیدا شوێنی هەمو وشەکە بگرێتەوە، (تەباتەبایی) سەبارەت بە گرنگی سەرەی واتایی دەنوسێت: "هەمیشە دەتوانرێت پێشبینی واتای پۆلە ڕێزمانییەکان بکرێت [...]، لە مۆرفۆلۆژیشدا، وشە سەرەدارە لێکدراوەکان واتای پێشبینیکراویان هەیە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە واتای وشە سەرەدارەکان یاسایەکی گشتی پەیڕەودەکات: دیارخەری واتایی، سەرە سنوردار و دیاریکراو دەکات، وەک چۆن لە پۆلە ڕیزمانییەکاندا هەیە"(طباطبایی، ١٣٨٢: ٣٢).

پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان ئەوە نیشاندەدەن، کە چۆن پێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکە (بەتایبەت سەرە و دیارخەر) چۆن بەیەکەوەگرێدراون. لە ڕاستیدا پەیوەندی واتایی بەشێکی گرنگە لە واتا و چەمکی وشە لێکدراوەکان، بەتایبەتی وشە لێکدراوە چەقناوەکییەکان (کە سەرەی ڕێزمانی و واتاییان) هەیە و لێکدانەوەی وشە لێکدراوەکان تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەم پەیوەندییەوە(سبزواری، ١٣٩١: ٥٠). بێگومان هەر زمانێک لە زمانەکانی جیهان چەند تایبەتمەندییەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە یەکێک لەم تایبەتمەندییانە، تایبەتمەندیی شوێنی سەرە

و پەیوەندییەتی لەگەڵ دیارخەردا لە چوارچێوەی وشەی لێکدراودا، واتە سەرە دەکەوێتە پێش دیارخەر یان دەکەوێتە دوای دیارخەرەوە(Cook & Newson: 1996: 15)، کەواتە تایبەتمەندیی شوێنی سەرە، واتە "سەرەسەرەتا" و "سەرەکۆتا" تەنها لە لێکدراوی چەقناوەکیدا دەبینرێت(ئەمین، ٢٠١٨: ٦٧٩)، کە ئەگەر سەرە بکەوێتە پێش دیارخەر، ئەو کاتە پێی دەگوترێت "سەرەسەرەتا" ئەگەریش سەرە بکەوێتە دوای دیارخەر پێی دەگوترێت "سەرەکۆتا"، هەربۆیە ئەم تایبەتمەندیی شوێنی سەرەیە، جیاوازی و هاوبەشی نێوان زمانەکان دەخاتەڕو.

لەسەر ئاستی زمانەکانی جیهان بەگشتی، دەسەڵات و هێزی لێکدراوە چەقناوەکییەکان لەسەر کەرەستەکانی زمان پترە لە دەسەڵاتی لێکدراوە چەقدەرەکییەکان(Ismail, 2012: 137). ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا هەبونی سەرە لە چوارچێوەی پێکهاتەی وشەی لێکدراودا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گواستنەوەی سیما ڕێزمانی و واتاییەکان بۆ تەواوی وشە لێکدراوەکە، ئەو بنەما گشتییەش دەیسەلمێنێت کەوا سەرە کەرەستەیەکی بەخورتییە و ناتواندرێت لاببرێت.

کەواتە بۆمان ڕوندەبێتەوە کەوا لێکدراوی چەقناوەکی ئەو وشانەن، کە سەرە ناوەکین، بەپێی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە(یونس، ٢٠١٣: ٦٢):





هێڵکاری (٢-٤٦) ڕۆنانی وشە چەقناوەکی و چەقدەرەکییەکان

($X^m$) شوێنی سەرەی وشە لێکدراوەکەیە، (Q)(P) شوێنی دیارخەری سەرەکەن، بەڵام هەندێکجار وشە لێکدراوەکان لە گوێزانەوەیان بۆ ئاستی سەرەوە پێکهێنەرێکی ئەرکیان بۆ زیاددەکرێت، ئەو کاتە هێڵکارییەکە دەگۆڕێت و دو ئەگەری دەبێت، بۆ نمونە وشەکانی [دارسێو و دارەسێو] لە زمانی کوردیدا.


کاتێک نمونەکان بە هەریەک لە ڕێگای هێڵکاری درەختی یان کەوانە ناولێنراوەکانەوە شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:

٧٢) [ [دار]ناو + [سێو]ناو] = دارسێوناو




هێڵکاری (٢-٤٧) ڕۆنانی وشەی [دارەسێو]

لە نمونەی یەکەم و دووەمدا وشە لێکدراوەکە لە دو پێکهێنەر پێکدێت، کە (دار) سەرەیە و (سێو)یش دیارخەرەکەیەتی، ئەوەش دەریدەخات کە ئەم جۆرە وشانە چەقناوەکین، هەروەها ئەم وشانە [دارسێو، دارەسێو] سەرەڕاستن، واتە سەرەسەرەتان. "پێشبینی ئەوەش دەکرێت، کە زمانی کوردییش بۆ مەبەستی بەلێکسیمبوون پەیڕەوی یاسای سەرەسەرەتا بکات بڕوانە نمونەکانی <شۆخەژن، گەشبین، ڕاستبێژ، ڕەشبین، ڕاستگۆ، جوانەگا، تەڕەپیاز، ...>"(عبدالرحمن، ٢٠٢٢: ٥٦)، کە هەریەک لە وشەکانی [شۆخ، گەش، ڕاست، ڕەش، جوان، تەڕ] دەبن بە سەرە، هەروەکو لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دیارە:





هێڵکاری (٢-٤٨) ڕۆنانی وشەی [شۆخەژن]

٧٣) [ [گەش]ئاوەڵناو + [بین]ڕەگی ڕانەبردوی کار]ئاوەڵناو = گەشبینئاوەڵناو


نمونەی تری سەرەسەرەتا، وەک: [دڵخۆش، دارخورما، سەرگەورە، سوارچاک].

پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت، کەوا لە نمونەی (دارەسێو)دا کە لە سەرەوە خستمانەڕو، گیرەکی ڕێزمانی (ە) بە لای سەرەکەدا کەوتووە، بەڵام مەرج نییە هەمیشە وابێت، هەندێکجار گیرەکی ڕێزمانی (ە) بەلای دیارخەرەکەدا دەکەوێت، وەکو لە نمونەی (شەکرەسێو)دا.

کاتێک نمونەکان بە ڕێگای هێڵکاری درەختی شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:




هێڵکاری (٢-٤٩) ڕۆنانی وشەی [مزرەسێو]




هێڵکاری (٢-٥٠) ڕۆنانی وشەی [شەکرەسێو]

٧٤) [ [سەر]ناو + [ڕەق]ئاوەڵناو]ئاوەڵناو = سەرڕەقئاوەڵناو

لە هەریەک لە وشە لێکدراوەکانی سەرەوە مۆرفیمەکانی [مزر، شەکر و سەر] دەبن بە دیارخەر و مۆرفیمەکانی [سێو و ڕەق] دەبن بە سەرە، ئەوەش دەریدەخات کە ئەم جۆرە وشانە چەقناوەکین و سەرەچەپن، واتە سەرەکۆتان. نمونەی تر لە زمانی کوردیدا [بەفراو، گاسن، ماستاو، سەگەماسی، باوەژن، ڕۆژنامە، ڕەشەبا، ڕەشمار، شاهەنگ، کتێبخانە، بنباخەڵ، پاشێو، پێشباس، زلهێز، زڕدایک و ... تا.د].

ئەگەر سەرنجی وشەی [بەفراو] بدەین، دەبین جۆرێکە لە [ئاو]، وشەی [گاسن] بدەین، دەبین جۆرێکە لە [ئاسن]، وشەی [باوەژن] بدەین، دەبین جۆرێکە لە [ژن]، بەم شێوەیە ئەم وشانە دەبن بە لێکدراوی چەقناوەکی.

کەواتە هەروەکو لە نمونەکانی سەرەوەدا دەیبینین، لە زمانی کوردیدا دەکرێت لە وشە لێکدراوە چەقناوەکییەکان سەرەڕاست و سەرەچەپ بن، واتە سەرە لە هەردو شوێندا بونی هەیە، هەم لە سەرەتای وشە و هەم لە کۆتایی وشە، بەڵام پێویستە ئەوەش بگوترێت کەوا بە شێوەیەکی گشتی و "ڕێسائاسا، سەرەوڕیزبونی جومگەکانی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی >>ڕێسای سەرکۆتایی<< ە."(مەحویی، ٢٠١٠: ٨٤). کە دەکرێت لە شێوەی دو هاوکێشەدا لێکدراوە چەقناوەکییە سەرەسەرەتا و سەرەکۆتاکان بخەینەڕو(ئەمین، ٢٠١٨: ٦٧٧، ٦٧٩):

٧٥) دڵ(تەواوکەر) + پیس(سەرە) ⟵ دڵپیس  X + A ⟶

٧٦) مار(سەرە) + ماسی(تەواوکەر) ⟵ مارماسی  A + X ⟶ A


لەم هاوکێشەیەدا (A) سەرەیە و (X) دیارخەرە(تەواوکەر)، کە سەرە دەبێتە ناسنامەی وشەکە و پۆلی ڕستەسازیی وشەکە وەکو خۆی لێدەکات، هەروەکو چۆن لە فرەیزدا سەرە دەبێتە ناسنامە بۆ ناساندن و دیاریکردنی پۆلی ڕستەسازیی فرەیزەکە (حاجی، ٢٠٠٧: ٥٤).

لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە ڕۆنان و شێوە ڕیزبونی مۆرفیمانە، واتە لێکدراوی چەقناوەکی تاڕادەیەک زۆرترن لە لێکدراوی چەقدەرەکی، چونکە دەسەڵات و هێزی لێکدراوی چەقدەرەکی لە زمانە جیهانییەکاندا کەمترە، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە زمانەوانان زۆر بەئاسانی ناتوانن لە لێکدراوی چەقدەرەکیدا سەرە دیاریبکەن، چونکە ئەم جۆرە وشانە سەرە دەرەکین( :Ismail 2012: 136)، لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرەی ڕیزبونی مۆرفیمەکان لە چوارچێوەی وشەی لێکدراودا، واتە لێکدراوی چەقناوەکی لە هەمو جۆرەکانی تر بەبەرهەمترە، بە تایبەتی لە پۆلی ناوی لێکدراودا(ئەحمەد، ٢٠١٠: ٩٧).

له زمانی فارسیدا "بەرهەمدارترین پرۆسەکانی دروستکردنی وشە ئەوانەن کە وشە سەرەدارەکان دروستدەکەن، واتە وشەی لێکدراوی چەقناوەکی"(طباطبایی، ١٣٨٢: ٣٢). کە وشەکانی وەکو [چادرنماز، تختخواب، اسباببازی، راهکار، روزنامه، چراغخواب، مویرگ، قلممو، اجاقگاز، بزرگراه، موشخرما، شالگردان، شیرماهی، بدسیرت، بدنام، گلخانه، گلبوته، مهمانسرا، شکایتنامه، گلفروش، دنداندرد، اسبماهی، آبدره، عدسپلو و ... تا.د] لە وشە لێکدراوە چەقناوەکییەکانن. ئەم وشانە لە دو وشەی جیاواز دروستبون، کە یەکێکیان وەک سەرە و ئەوی تریان سنوردارکەرە(قطره و قندهاری، ١٣٩٥: ١٧٩)، هەروەها هەر وشەیەکی لێکدراو کە خاوەنی سەرەی واتایی بێت، ئەوا ئەم سەرەیە دەبێتە سەرەی ڕێزمانیش(بهشتی، ١٣٩٣: ١٠٧)، ئەگەر سەیری وشەی [چادرنماز] بکەین، دەبینین وشەی [چادر] سەرەی واتایی ئەم وشەیە؛ لەبەرئەوەی [نماز] وەک "دیارخەری واتایی"، [چادر] سنورداردەکات. لە لایەکی ترەوە وشەی [چادر] سەرەی ڕێزمانیشە لەم وشەیەدا؛ لەبەرئەوەی پۆلی ڕێزمانیی وشەکە لەوەوە وەرگیراوە. دروستبون و ڕیزبونی مۆرفیمەکانی ئەم وشەیە بەم شێوەیەیە: [اسم + اسم= اسم مرکب]، هەروەکو دەبینین لە وشەی [چراغخواب]، [چراغ] سەرەی وشە لێکدراوەکەیە، ئەم سەرەیە لەناو وشەکەدایە. بۆیە [چراغخواب] جۆرێکی [چراغ]ە؛ بە هەمان شێوە [مویرگ] جۆرێکی [رگ]ە و ...تا.د.

هەروەکو ئەوەی لە نمونەکانی سەرەوەدا دەیبینین، لە زمانی فارسیدا لە وشە لێکدراوە چەقناوەکییەکاندا(بەتایبەتی لە جۆری (ناو + ناو))، سەرە دەتوانێت لە سەرەتا یان کۆتای وشەکە بێت(طباطبایی، ١٣٩٨: ١٢ – ١٥)؛ واتە ئەم وشانە دەتوانن سەرەڕاست، واتە سەرەسەرەتا بن، وەکو [تختخواب، چادرنماز، چراغخواب، اسباببازی، قلممو، اجاقگاز]، لەم نمونانەدا هەریەک لە وشەکانی [بچە، تخت، چادر، چراغ، اسباب، قلم، اجاق] دەبن بە سەرە و لە سەرەتاوە دێن.

کاتێک نمونەکان بە هەریەک لە ڕێگای هێڵکاری درەختی یان کەوانە ناولێنراوەکانەوە شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:




هێڵکاری (٢-٥١) ڕۆنانی وشەی [چادرنماز]

٧٧) [ [تخت]اسم + [خواب]اسم] = تختخواباسم

٧٨) [ [قلم]اسم + [مو]اسم]اسم = قلمموااسم

٧٩) [ [چادر]اسم + [نماز]اسم]اسم = چادرنمازاسم

وشە چەقناوەکییەکان دەتوانن سەرەچەپ، واتە سەرەکۆتا بن، وەکو [گلخانە، گلبوتە، مهمانسرا، شکایتنامە، گلفروش، دنداندرد، اسبماهی، آبدرە] بن. لەم نمونانەدا هەریەک لە وشەکانی [خانە، بوتە، سرا، نامە، فروش، درد، ماهی، درە] دەبن بە سەرە و لە کۆتاییی وشەکەوە دێن.

کاتێک نمونەکان بە ڕێگای کەوانە ناولێنراوەکانەوە شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:

٨٠) [ [گل]اسم + [خانە]اسم] = گلخانەاسم

٨١) [ [مهمان]اسم + [سرا]اسم] = مهمانسرااسم

٨٢) [ [دندان]اسم + [درد]اسم]اسم = دنداندرداسم

٨٣) [ [شکایت]اسم + [نامە]اسم]اسم = شکایتنامەاسم

پێویستە ئاماژە بەمەش بکرێت، کە لە یەکەم ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ پێکهاتە چەقناوەکییەکاندا، بەهۆی هەبونی سەرە تێیاندا، دەتوانرێت واتای لێکدراوەکە بەتەواوی یان زۆرنزیک لە واتای لێکدراوەکە بەدەستبهێنرێت(سبزواری، ١٣٩١: ٥٢). با گریمانە بکەین بۆ یەکەمجار گوێمان لە لێکدراوی چەقناوەکی [کتاب‌سرا] دەبێت، چونکە مانای [سرا](سەرەی لێکدراوەکە) دەزانین، بەئاسانی دەتوانین لە پەیوەندی نێوان سەرە و دیارخەر تێبگەین، کە لێکدانەکە جۆرێکە لە لێکدانی [سرا] و شوێنێکە کە پەیوەندی بە [کتاب] و خوێندنەوەی کتێبەوە هەیە.

کەواتە یاسای دروستبونی وشەی لێکدراو لە ڕوانگەی شوێنی سەرە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە لە زمانی کوردی و فارسیدا:

1- Y [YX] (یاسای سەرەچەپ(سەرەکۆتا

2- [XY] Y (یاسای سەرەڕاست(سەرەسەرەتا

(Y) نواندنی کەتیگۆری سەرەیە، (X) نواندنی کەتیگۆری (تەواوکەر)(سەرە)یە، بەم شێوەیە لە چوارچێوەی وشەی لێکدراودا سەرە دێتە دەستنیشانکردن(ئەمین، ٢٠١٨: ٦٧٦). واتە لە هەردو زمانەکەدا سەرە لە وشەی لێکدراودا دەکرێت لە لای ڕاستیش بێت و لە لای چەپیش بێت، هەروەکو لە نمونەکانی سەرەوەدا ڕونمانکردەوە.

کەواتە لە چوارچێوەی وشە لێکدراوە چەقناوەکییەکاندا تایبەتمەندییەک بەدیدەکرێت، ئەویش تایبەتمەندی شوێنی سەرە، واتە "سەرەسەرەتا" و "سەرەکۆتا"یە، بەپێی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و فارسی لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لەبەرئەوەی وشەی لێکدراوی چەقناوەکی لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا هەیە، بۆیە وشەکانی ئەم دو زمانە دەتوانن ببن بە سەرەسەرەتا و سەرەکۆتا، نمونە بۆ سەرەسەرەتا، وەک وشەکانی [دارسێو و شۆخەژن] لە زمانی کوردیدا، وەک وشەکانی [چادرنماز و قلم‌مو] لە زمانی فارسیدا، نمونە بۆ سەرەکۆتا، وەک وشەکانی [سەرڕەق و باوەژن] لە زمانی کوردیدا، وەک وشەکانی [گل‌خانە و مهمان‌سرا] لە زمانی فارسیدا. ئەم جۆرەی ڕیزبونی مۆرفیمەکان لە چوارچێوەی وشەی لێکدراودا، واتە لێکدراوی چەقناوەکی لە هەمو جۆرەکانی تر بەبەرهەمترە، بەتایبەتی لە پۆلی ناوی لێکدراودا و لە جۆری (ناو + ناو)، لە زمانی کوردیدا وەک [دارخورما]، لە زمانی فارسیدا وەکو [تخت‌خواب].

## ٢/٢-٢-٤-٢) لێکدراوی چەقدەرەکی

لێکدراوی چەقدەرەکی، ئەو لێکدراوانەن کە دو وشە لە شێوەی وشەیەکی نوێ تێیاندا بەکاردێت. هیچ کامێک لە وشەکان سەرە نین و وشە لێکدراوەکە ئاماژە بە چەمکێکی جیاوازتر لە بنکەکانی خۆی(پێکهێنەرەکانی) دەکات(قطره و قندهاری، ١٣٩٥: ١٨٠). یان دەگوترێت جۆرێکە لە جۆرەکانی وشەی لێکدراو کە تێیدا هیچ یەکێک لە پێکهێنەرەکانی وشەکە نابن بە سەرەی وشە لێکدراوەکە و پۆلی سەرەکە جیاواز دەبێت لە پۆلی وشە بەشداربووەکانی وشە لێکدراوەکە(Corbeet: 1993: 165)، واتە لەم جۆرە وشەی لێکدراوەدا، سەرەی لێکدراوەکە هیچ کام لە پێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکە نییە؛ بە واتایەکی تر، سەرەی لێکدراوەکە کەسێک یان شتێکە لە دەرەوەی وشە لێکدراوەکە، کە وشە لێکدراوەکە ئاماژەی پێدەکات. بۆیە واتای تەواوی وشە لێکدراوەکە لە هیچ کام لە توخمە پێکهێنەرەکانیدا نییە. بەهۆی ئەوەوە سەرە دەرناکەوێت. زۆرجار وشە لێکدراوەکە وەک لێکدراوێکی مێتافۆریکی دەژمێردرێت(Bauer, 1983: 30)، واتە ئەم وشانە ئاماژە بە کەسێک یان شتێک لە دەرەوەی وشە لێکدراوەکە دەکەن و هیچ کەرتێکی وشەکە ناتوانن شوێنی تەواوی وشە لێکدراوەکە بگرنەوە(Crystal, 2008: 178)، وەک [دەستدرێژ] واتای وشە لێکدراوەکە لە کۆی هەردو مۆرفیمی [دەست] و [درێژ] نەهاتووە، واتە نە وشەی (دەست) و نە وشەی (درێژ) نابن بە سەرەی وشەی لێکدراوی (دەستدرێژ) و ناتوانن لە پەیوەندییەکی هایپۆنیمیدا شوێنی هەمو وشەکە بگرێتەوە.

کە دەکرێت لە شێوەی یەک هاوکێشەدا لێکدراوە چەقدەرەکییەکان بخەینەڕو(ئەمین، ٢٠١٨: ٦٧٨):

$$X + Y \longrightarrow A$$

لەم هاوکێشەیەدا (A) وشەلێکدراوە پێکهاتووەکەیە، (X) و (Y) دەبن بە بەشەپێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکە، واتە سەرە دەکەوێتە دەرەوەی وشە لێکدراوەکەوە.

لە ڕاستیدا (کاتامبا) لە حاڵەتی لێکدراوە چەقدەرەکییەکاندا لە نێوان دو سەرەی ڕێزمانی و واتاییدا جیاوازی دەکات و بە بۆچونی ئەو لێکدراوەکان دەتوانن سەرەی واتاییان نەبێت، لە کاتێکدا کە سەرەی ڕێزمانییان هەیە، کاتێک سەرەی واتایی نەبێت، پێکهێنەرێکی دیکەی لێکدراوەکەش ناتوانێت دیارخەر بێت. چونکە هیچ سەرەیەک نییە کە دیاربخرێت و وەسفبکرێت. بە بڕوای کاتامبا واتای لێکدراوە چەقدەرەکییەکان تاریکە و ناتوانرێت واتای لێکدراوەکە لە کۆی واتای پێکهێنەرەکانییەوە دەربهێنرێت. ئەم لێکدراوانە گرتنەوەی واتاییان نابێت و دەبێت لە بازنەی فەرهەنگدا ڕیزبکرێن؛ بەهۆی ئەم تاریکییەی واتا، لێکدراوە چەقدەرەکییەکان زۆر کەمتر لە

دروستکردنی وشەی نوێدا بەکاردەهێنرێن(Katamba, 1993: 207, 320). کەواتە لەم جۆرەی لێکدراودا واتای وشەکە لە کۆی مۆرفیمە پێکهێنەرەکانییەوە نازانرێت، بە واتایەکی دیکە واتای لێکدراوەکە بە زانینی واتای بەشەپێکهێنەرەکانی پێشبینیناکرێت.

(تەباتەبایی) پێیوایە نەبونی سەرەی واتایی بەو واتایە نییە، کە واتای وشە لێکدراوە بێسەرەکان تەواو تاریک و پێشبینینەکراو بێت. واتای وشە چەقدەرەکییەکان پەیڕەوبەند نییە، بەڵام لەو شوێنانەی ئەم وشانە بەپێی پێڕەو دروستدەکرێن، دەتوانرێت بەپێی پێڕەویش لە واتاکەیان تێبگەین(بهشتی، ۱۳۹۳: ۱۰۹ – ۱۱۰) بۆ نمونە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە فارسی زمانەکان دەزانن کە [خارپشت] گیانداریکە کە [خار][درک]ی لەسەر [پشت][پشت]ی هەیە و [لاکپشت] گیانداریکە کە [لاک][قاپێلک]ی لەسەر [پشت][پشت]ی هەیە، تیدەگەن کە [خارسر] گیانداریکە کە [خار][درک]ی لەسەر [سر][سەر]ی هەیە. بێگومان بەبەرهەمی ئەم جۆرە پێکهاتانە ناتوانرێت لەگەڵ ئەو پێکهاتانەی کە چەقناوەکی پێکدەهێنن بەراوردبکرێت(طباطبایی، ۱۳۸۲: ۳۳)، چونکە پێکهاتە چەقناوەکییەکان زۆر بەبەرهەمترن.

خاڵی گرنگ ئەوەیە، کە بە نەبونی سەرەی واتایی و دیارخەرێک کە ئەو سەرەیە وەسفبکات و دیارییبکات، هیچ پەیوەندییەکی واتایی لەنێوان سەرە و دیارخەر لەناو پێکهاتە چەقدەرەکییەکاندا نییە، بۆیە کاتێک قسەکەر بۆ یەکەمجار توشی چەندین لێکدراوی چەقدەرەکی دەبێت، ناتوانێت واتاکەیان لە فۆڕمی لێکدانەکە بدۆزێتەوە و دەبێ پێشوەختە فێریانبوبێت. ئەگەر بۆ یەکەمجار ڕوبەڕوی لێکدراوی چەقدەرەکی [جلوپنجرە] ببینەوە، ئایا دەتوانین لە فۆڕمی لێکدانەکەوە بەو ئەنجامە بگەین و بڵێین کە لێکدانەکە بەشێکە لە ژوری ئۆتۆمبێلەکە. نمونەیەکی تر: لێکدانی [تمامرخ] جۆرێکە لە وێنەی دەموچاو، بەڵام پێویستە قسەکەر ئەم بابەتە بزانێت، چونکە ئەم واتایە لە فۆڕمی لێکدانەکەوە دەستناکەوێت. بێگومان ئەمە پرسێکی ڕێژەییە و لە لێکدراوی چەقدەرەکی وەک [خوشآب‌وهوا]دا، تەنانەت ئەگەر بۆ یەکەمجاریش ڕوبەڕوی وشە لێکدراوەکە ببینەوە، مێشکمان بەئاسانی دەتوانێت بگاتە ئاماژەکەی، کە جۆرێکە لە شوێن. ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە ئاماژەدەری ئەم جۆرە چەقدەرەکییە گشتگیرترە لە ئاماژەدەری لێکدراوێکی چەقدەرەکی وەک [اجاق‌کور]، کە ئاماژەیەکی زۆر تایبەتی هەیە و واتای مێتافۆڕی هەیە(سبزواری، ۱۳۹۱: ۵۲).

بەم شێوەیە بە نزیکبونەوە بۆ لای ڕونی واتایی، ئەگەری دەرکەوتنی لێکدراوە چەقناوەکییەکان و بە نزیکبونەوەش بۆ لای تاریکی واتایی، ئەگەری دەرکەوتنی لێکدراوە چەقدەرەکییەکان زیاددەکات. تا ئەمەی کە لە کۆتاییدا لە دو جەمسەری یەک بە دوای یەکدا، هەر

لێکدراوێکی فەرهەنگی واتا ڕون، دەبێتە چەقناوەکی و لە لایەکی ترەوە هەر لێکدراوێکی فەرهەنگی واتا تاریک، دەبێتە چەقدەرەکی(افراشی، ١٣٧٨: ٧٠).

وشە لێکدراوە چەقدەرەکییەکان وەک وشەیەکی لێکدراو هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانییان بۆ پەیوەندی نێوان پێکهێنەرەکان نییە، لە خودی ڕۆنانەکەش سەرەی واتاییشیان نییە. نەبونی پێکهێنەری سەرە لەگەڵ نەبونی نیشانەیەکی ڕێزمانی کە گوزارشت لە پەیوەندی نێوان پێکهێنەرەکان دەکات، وا دەکات ڕۆنانی(پێکهاتەی) واتایی وشە لێکدراوە چەقدەرەکییەکان زۆر ئاڵۆز بێت(دیانتی و دیگران، ١٣٩٥: ٦١). هەر بۆیە بەگشتی پەیوەندییەکی واتایی بەرچاو لە نێوان پێکهاتەکانی وشەی لێکدراوی چەقدەرەکیدا نییە، بە تایبەت ئەگەر لە ڕوی واتایی بە تەواوی تاریک بن، نەبونی پەیوەندیی واتایی بۆ نەبونی سەرەیەک دەگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا دو وشە پێکەوە وشەیەکی لێکدراویان دروستکردووە بەبێ ئەوەی پەیوەندییەکی وەک(سەرە–دیارخەر، خستنەسەری، گرتنەوەی واتایی و ...)یان لەگەڵ یەکتریدا هەبێت(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٠). سەرەی ئەم جۆرە وشەیە لە دەرەوەی ئەوانەیە و ئاماژەیە بۆ چەمکێک کە جیاوازە لە لێکدانی چەمکی پێکهاتەکانیان، بۆ نمونە [سینەسرخ] ناوی جۆرێکی باڵندەیە، کە ناتوانرێت باڵندەبون لەم شێوە لێکدانەدا دەربکەوێت(سبزواری، ١٣٩١: ٥٠)، کەواتە ئەم جۆرە وشانە لە ڕوی داڕشتنەوە وشەی بێ سەرەن، واتە پەیوەندی لەنێوان پێکهێنەرەکانیدا پەیوەندییەکی هاوبەشە( Booij, 2007: 80)، واتە هەردو وشەکەی کەوا وشە لێکدراوەکەیان دروستکردووە هەمان نرخ و بەهایان دەبێت.

هەندێک لە زمانناسان ئاماژە بە جۆرێکی تایبەتی وشەی لێکدراوە چەقدەرەکییەکان دەکەن، کە تێیدا یەکێک لە پێکهاتەکانی وشە لێکدراوەکە چۆنیەتی یان تایبەتمەندی بۆ پێکهاتەیەکی دیکەیە. ئەم جۆرە وشە لێکدراوە چەقدەرەکییانە بە شێوەیەکی تایبەت لە زمانی سانسکریتیدا دەستنیشانکراون، بە [بهوریهی] ناونراون(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١١). لە نێو نمونەکانی لێکدراوی (بهوریهی) لە زمانی فارسیدا دەتوانین ئاماژە بە وشەکانی [درازدست، گردنکلفت، خونسرد، سیاەگوش، و ... تا.د] بکەین، ڕونە کە ئەم وشانە ئاماژە بە کەسێک یان شتێک لە دەرەوەی وشە لێکدراوەکە دەکەن و هیچ کام لە بنکەکانی ئەم وشە لێکدراوانە سەرەی واتایی ئەم وشانە نین و هیچ گرتنەوەیەکی واتاییان لەگەڵیاندا نییە(شقاقی، ١٣٩٥: ١٢٤) وشەی لێکدراوی [گردنکلفت] ئاماژە بە وشەکانی [گردن] و [کلفت] ناکات. ئەم وشەیە وەک ئاوەڵناو بەکاردێت و بەو واتایەی کە ملێکی بەهێزی هەبێت، بۆ کەسێک بەکاردێت کە ئەم سیفەتەی هەبێت. یان وشەی [نەورۆز] بە واتای [ڕۆژ] و [نوێ] بە واتای پێچەوانەی [کۆن] لێکنادرێتەوە، بەڵکو بە واتای

جەژنی بەهار بەکاردێت، یان وشەی [آبسیاه] ناوی نەخۆشییەکە و ئاماژە نییە بۆ ئاوێک کە ڕەنگی ڕەشی هەبێت، یان لە وشەی [پێشنوێژ]، کەوا جۆرێک [نوێژ] نییە، بەڵکو کەسێکە لە نوێژی بەکۆمەڵ کە لەپێشەوە نوێژ دەخوێنێت و نوێژخوێنانی تر بەدوای ئەو نوێژی بەکۆمەڵ دەخوێنن.

کەواتە دەکرێت بگوترێت چەقدەرەکی ئەو وشە لێکدراوانە دەگرێتەوە کە سەرە دەرەکین، واتە هیچ کام لە وشە پێکهێنەرەکانی پێکهاتە لێکدراوەکە ناتوانن ببن بە سەرەی پێکهاتەکە، چونکە سەرە بەسەر هەردو پێکهێنەرەکە دابەشدەبێت.

لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرەی ڕیزبونی مۆرفیمەکان لە چوارچێوەی وشەی لێکدراودا، واتە لێکدراوی چەقدەرەکی زۆرن، بەتایبەتی لە ئاوەڵناوی لێکدراو و لێکدراوی ئیدیەمدا(ئەحمەد، ٢٠١٠: ٩٦). نمونەی ئاوەڵناوی لێکدراو وەک: [سەرزل، ملخوار، دەنگخۆش، پۆبنەلار، گوڵبەدەم، سەرشکاو، کورتەباڵا و ... تاد]، نمونەی لێکدراوی ئیدیەمی وەک: [دەستکورت، دەستبڵاو، سەرشۆڕ، دەستبڕ، دوزمان، قۆڵبڕ، خۆشباوەڕ و چوارچاو و ... تاد]. لە زمانی کوردیدا نمونەی تریش لە بەشەئاخاوتنەکانی تردا هەن وەک: [پێشنوێژ، بەردڵ، لامل، ڕەشاو، داردەست، ڕەشبەڵەک و ...هتد]، ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین ئەم وشانە چەقدەرەکین، بۆ نمونە [دەستکورت] ئاماژەیە بۆ کەسێک کە هەژار و نەدار بێت نەک بۆ دەستێک کە کورت بێت، [بەردڵ] جۆرێک دڵ نییە، بەڵکو جۆرێک خواردنە.

کاتێک نمونەکان بە ڕێگای کەوانە ناولێنراوەکان شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:

٨٩) [ [پێش]$_{\text{ئاوەڵکار}}$ + [نوێژ]$_{\text{ناو}}$]$_{\text{ناو}}$ = پێشنوێژ$_{\text{ناو}}$

٩٠) [ [دار]$_{\text{ناو}}$ + [دەست]$_{\text{ناو}}$]$_{\text{ناو}}$ = داردەست$_{\text{ناو}}$

لە زمانی فارسیدا وشەکانی وەکو [شکرپنیر، سفرەخانە، سنگفرش، چادرشب، خارسر، سگدست، چهارشانە، بهارخواب، هنرپیشە، چوبپنبە، کاسەترمز، پادوچرخە، لاکپشت و ...هتد] نمونەی لێکدراوی چەقدەرەکین، بۆ نمونە [چهارشانە] نە جۆرێکە لە [شان] و نە پەیوەندی بە ژمارە [چهار]ەوە هەیە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ کەسێک کە پان و بەهەیکەل و بەخۆوەیە، یان وشەی [لاکپشت] نە جۆرێکە لە [پشت]، نە جۆرێکە لە [لاک]، بەڵکو ئاژەڵێکە کە قەپاغێکی هاوشێوەی بەرد لەسەر پشتی هەڵدەگرێت بۆ پاراستنی ئەندامەکانی جەستەی.

کاتێک نمونەکان بە ڕێگای کەوانە ناولێنراوەکان شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:

٨٤) [ [لاک]اسم + [پشت]اسم]اسم = لاکپشتاسم

٨٥) [ [هنر]اسم + [پیشە]اسم]اسم = هنرپیشەاسم

کەواتە لە کۆتایی ڕونکردنەوەی لێکدراوی چەقناوەکی و چەقدەرەکی دەکرێت بڵێین لە چەند خاڵێکدا جیاواز، ئەوانیش بریتین لە:

١- لێکدراوی چەقناوەکی خاوەنی سەرەی واتاییە، بەڵام لێکدراوی چەقدەرەکی خاوەنی سەرەی واتایی نییە.

٢- لە لێکدراوی چەقناوەکیدا پەیوەندییەکی واتایی لەنێوان سەرە و دیارخەردا هەیە، بەڵام لە لێکدراوی چەقدەرەکی ئەم پەیوەندییە نییە.

٣- لێکدراوە چەقناوەکییەکەکان واتایەکی ڕونیان هەیە، بەڵام لێکدراوە چەقدەرەکییەکان واتایەکی تاریکیان هەیە.

### ٢/٢-٢-٤-٣) لێکدراوی بەرانبەری

ئەمجۆرەیان پێشی دەگوترێت وشەی لێکدراوی هاوتا، لەم جۆرەیاندا هیچ پەیوەندییەکی سەرە و دیارخەری لەنێوانیاندا نییە و هەردوکیان وەکویەک هاوکێشن و هیچکامیان نابن بە سەرە بۆ ئەویتریان، بەڵکو هەرکامیان ڕاستەوخۆ سەرەن(کەرەمی، ١٣٩٦: ١٨٥)، واتە ئەمجۆرە وشە لێکدراوە خاوەنی یەک سەرە نییە، بەڵکو هەردو وشە بنکەکە(هەردو پێکهێنەرەکە) لە ڕاستیدا دەتوانن ببن بە سەرە(قطرە و قندهاری، ١٣٩٥: ١٨٠)، واتە هەردو مۆرفیمی بنکەکە دەتوانن ببن بە سەرەی واتایی.

کەواتە هەر دو بنکەی وشە لێکدراوەکە ئاماژە بە یەک سەرچاوە دەکەن و هەر یەکێک لەم وشانە دەتوانێت سەرەی وشە لێکدراوەکە بێت، بۆیە هەر یەکێک لەم دو بنکەیەی وشە لێکدراوەکە لەگەڵ واتای گشتی وشە لێکدراوەکەدا پەیوەندییەکی هایپۆنیمییان هەیە. ئەم پەیوەندییە هایپۆنیمییە دولایەنەیە و جۆرێکە لە هەر یەکێک لەو دو بنکەیە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١١).

دەکرێت لە شێوەی یەک هاوکێشەدا لێکدراوە هاوپایەکان بخەینەڕو(عبدالرحمن، ٢٠٢٢: ٦٠):


X + X ——→ A

لەم هاوکێشەیەدا (A) وشەلێکدراوە پێکهاتووەکەیە، (X) و (X) دەبن بە بەشەپێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکە، واتە هەردو پێکهێنەرە بەشداربووەکە دەتوانن ببن بە سەرەی وشە لێکدراوەکە. وەک لە وشەی لێکدراوی [کەڕولاڵ]، لێرەدا هەردو وشەی [کەڕ] و [لاڵ]یش دەبن بە سەرە بۆ وشە لێکدراوەکە.

کەواتە ئەم چەشنە لێکدراوانە بەشەپێکهێنەرەکانی بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەخرێتە پاڵیەکتری، بەشێوەیەک کەوا پێکهێنەری یەکەم نابێتە دیارخەری پێکهێنەری دووەم و بە پێچەوانەوەش، بەڵکو هەردو بەشەپێکهێنەرەکەی وشە لێکدراوەکە هاوشانن(قادر، ٢٠١٧: ٥٠). "لە ڕوی واتاناسییەوە دەتوانرێ ئەم جۆرە لێکدراوانە وا هەژماربکرێن کە دو سەرەیان هەیە"(Bisetto & Scalise, 2005: 327)، واتە واتاکەیان تێکەڵەیەکە لە هەردو کەرتە پێکهێنەرەکەیان.

لە زمانی کوردیدا بەشێک لەم وشە لێکدراوانە کەرتەکانیان بەهۆی مۆرفیمی لێکدەری (و) لێکدەدرێن و بە (لێکدراوی بەستراو)(فەتاح : ٢٠١٠ :٢٧٥-٢٨٢) ناسراون. وەک [ڕەشوڕوت]، ئەو وشانەی کەوا دەچنە چوارچێوەی وشەی لێکدراوی بەستراوەوە، نمونەی دیاری وشەی لێکدراوی هاوتان لە زمانی کوردیدا، وەک [تاریکولێڵ، تانوپۆ، لەرزوتا، نانوچا، دەموچاو، قسەوباس، باروبنە، دەنگوباس، سەروپێ، هێلکەوڕۆن، گورجوگۆڵ، نەرمونۆڵ، پەرتوبڵاو، ڕەقوتەق، کەسوکار، شۆخوشەنگ، دەمودەست، زەبروزەنگ، دەرودراوسێ، گیروگرفت، شڕوپڕ، ترسولەرز، و کشتوکاڵ، دەستوبرد، گفتوگۆ، هاتوچۆ،کەڕولاڵ، سۆروسپی، سەوزوسور و ... تا.د].

کاتێک نمونەکان بە هەریەک لە ڕێگای هێڵکاری درەختی یان کەوانە ناولێنراوەکانەوە شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:





هێڵکاری (٢-٥٢) ڕۆنانی وشەی [شۆخوشەنگ]

٨٦) [ [دەم]ناو + [و]مۆرفیمی لێکدەر + [چاو]ناو]ناو = دەموچاوناو

بۆ نمونە وشەی لێکدراوی [شۆخوشەنگ] هەردو پێکهێنەرەکەی بەیەکسانی بەشدارن لە بەرهەمهێنانی وشە لێکدراوەکەدا، بۆیە ئەم نمونەیە وشەیەکی لێکدراوی هاوپایەیە و دەکرێت هەردو وشەی [شۆخ] و [شەنگ] ببن بە سەرەی وشە لێکدراوەکە.

لە زمانی فارسیدا بەشێک لەم وشە لێکدراوانە کەرتەکانیان بەهۆی مۆرفیمی لێکدەری (و) لێکدەدرێن(کلباسی: ١٣٨٧ : ٥١؛ طباطبایی، ١٣٩٨: ٨٩)، کە بە نمونەی دیاری وشەی لێکدراوی هاوپایە(هاوتا)ن لە زمانی فارسیدا دادەنرێن، وەک [چلووکباب، گفت‌وگو، جست‌وجو، رنگ‌وروغن، آب‌وهوا، تاریک‌وروشن، کم‌وبیش، گیرودار، خریدوفروش، رفت‌وآمد، بگیروببند، کشت‌وکشتار، دیدوبازید، دل‌ودماغ، و ...تا.د].

کاتێک نمونەکان بە هەریەک لە ڕێگای هێڵکاری درەختی و کەوانە ناولێندراوەکانەوە شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:




هێڵکاری (٢-٥٣) ڕۆنانی وشەی [دیدوبازدید]

٨٧) [ [آب]اسم + [و]بیناوند + [هوا]اسم]اسم = آب‌وهوااسم

بۆ نمونە وشەی لێکدراوی [دیدوبازید] هەردو پێکهێنەرەکەی بەیەکسانی بەشدارن لە بەرهەمهێنانی وشە لێکدراوەکەدا، بۆیە ئەم نمونەیە وشەیەکی لێکدراوی هاوپایەیە. دەکرێت هەردو وشەی [دید] و [بازدید] ببن بە سەرەی وشە لێکدراوەکە.

### ٢/٢-٢-٤-٤) لێکدراوی هاوسەنگ

لێکدراوی هاوسەنگ وشەیەکی لێکدراوە، کە هیچ کام لە یەکە پێکهێنەرەکانی پلە و پایەی سەرەیان نییە و واتای تەواوی وشەکە لە کۆی واتای ئەو وشانەوەیە کەوا لەگەڵ یەکتری وشە لێکدراوەکەیان دروستکردووە(Spencer, 1997: 38). لەم جۆرەی لێکداندا هەریەک لە دو بنکەی وشە لێکدراوەکە بەتەنیا ئاماژە بۆ شتێکی دیاریکراو دەکەن(شقاقی، ١٣٩٥: ١٢٤)، بەڵام ڕونییە کە سەرەی ڕێزمانی یان واتایی ئەم وشەیە کام پێکهێنەری بنکەکەیە، چونکە لە ڕاستیدا وشە لێکدراوەکە ئاماژە بۆ شتێکی تر جگە لە هەر یەکێک لە دو پێکهێنەری بنکەکە دەکات. ئەگەر هەر یەکێک لەم دو پێکهێنەری بنکەیە لاببرێت، ئیتر ناتوانرێت واتای گشتی وشەکە لە پێکهێنەرەکەی ترەوە وەربگیرێت(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١١).

لەم ڕووەوە وشە لێکدراوە هاوسەنگەکان کە هەمو بەشە پێکهێنەرەکانی سەر بە یەک پۆلن، هەمیشە وەکو چەقدەرەکی هەژماردەکرێن(بهشتی، ١٣٩٣: ١٠٧). واتە هیچ کام لە دو بەشە پێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکە هیچ گرتنەوەیەکی واتاییان لەگەڵ یەکتری و وشە لێکدراوەکەدا نییە، تاوەکو بتوانن ببن بە سەرە، هەروەها  پێگەی هەردو بەشە پێکهێنەرەکانی لێکدراوی هاوسەنگ یەکسانە(شقاقی، ١٣٩٥: ١٢٤). لە لێکدراوی هاوسەنگدا بەزۆری هەمو وشە پێکهێنەرەکان سەر بە پۆلێکی ڕێزمانین، هەروەها ئەم جۆرە وشانە نە سەرەی واتایی نە سەرەی ڕێزمانیان هەیە(بهشتی، ١٣٩٣: ١٠٦ – ١٠٩).

لە زمانی کوردیدا وشەی لێکدراوی [زماندرێژ]مان هەیە. هەردو پێکهێنەرەکەی بەیەکسانی بەشدارن لە بەرهەمهێنانی وشە لێکدراوەکەدا، بەڵام واتای وشە لێکدراوەکە دەکەوێتە دەرەوەی وشە لێکدراوەکەوە و واتاکەی لە بەشەپێکهێنەرەکانییەوە پێشبینیناکرێت، بۆیە ئەم نمونەیە وشەیەکی لێکدراوی هاوسەنگی چەقدەرەکییە. کۆمەڵێک نمونەی تر هەن، وەک: [دەمشڕ، چاوحیز، ئێسکسوک، دڵناسک، سوارچاک و ...تا.د].

لە زمانی فارسیدا وشەکانی وەک [شیرموز، آبگوشت، شیربرنج، چرخفلک، قیمەپلو و ...هتد] لە وشە لێکدراوە هاوسەنگەکاندان. بۆ نمونە [آبگوشت] تەنیا [آب] و تەنیا [گوشت] نییە، بەڵکو شتێکی دروستکراو و جیاوازتر لە هەردو ئەمانە، لەم وشانەدا هەریەک لە بنکەکان بە تەنها ئاماژە بە شتێکی جیاواز دەکات، بەڵام تەواوی وشەکە ئاماژەن بۆ یەک شت، چونکە هەندێکجار جیاوازی بۆچون لە هەڵبژاردنی پۆلێکی گونجاو بۆ وشەیەک هەیە. بۆ نمونە وشەی [گاومیش] کە بە بۆچونی زۆر کەس بە جۆرێک لە مانگا دادەنرێت و لەم ڕووەوە چەقناوەکییە، لە چاوی پزیشکی

ئاژەڵناسدا ئاژەڵێکی جیاوازە لە مانگا و لە ئەنجامدا بە چەقدەرەکی هەژماردەکرێت؛ یان وشەی [شیرقهوه] دەتوانرێت وەک شێوە جیاوازەکانی لێکدراوی چەقدەرەکی و لێکدراوی هاوسەنگ دابنرێت. وشە لێکدراوە هاوسەنگەکان لە زمانی فارسیدا ژمارەیان زۆر نییە(هەمان سەرچاوە: ١٠٧).

وەک تێبینی کرا، وشە لێکدراوە هاوتاکان جۆرێکن لە وشە لێکدراوە چەقناوەکییەکان و سەرەی واتایی ئەم وشانە لە ناو وشەکەدایە، بەڵام وشە لێکدراوە هاوسەنگەکان وەک جۆرێکی چەقدەرەکی دادەنرێن. لەبەر ئەم هۆکارە هەندێک لە وشەناسان وەک (Jensen, 1990: 99). لە دابەشکردنی واتایی وشە لێکدراوەکاندا، بەگشتی تەنیا ئاماژە بە دوو جۆری چەقدەرەکی و چەقناوەکی دەکەن و هەندێکیش بۆ ئەم دو جۆرە سەرەکییەی لێکدان، جۆری لاوەکییان جیاکردۆتەوە وەک (دیارخەری، هاوتا و ناهاوتا)، کە نمونەی ئەوانەمان لە سەرەوە بینی(Lieber, 2009: 48-49).

لە خشتەی (٢-١) و (٢-٢)دا ، دەتوانین ئەم دابەشکردنە بە نمونەی وشەی لێکدراوی کوردی و فارسی ببینن:

لە زمانی فارسیدا

| دیارخەری | | هاوتا | | ناهاوتا | |
|---|---|---|---|---|---|
| چەقناوەکی | چەقدەرەکی | چەقناوەکی | چەقدەرەکی | چەقناوەکی | چەقدەرەکی |
| مادربزرگ<br>گاوصندوق<br>بزرگراه | شادکام<br>خونسرد<br>گردن کلفت | نویسندە-بازگیر<br>مهندس-معمار<br>سرباز-معلم | آفتاب مهتاب<br>شیرموز<br>بسازبفروش | رانندەتاکسی<br>ناوشکن<br>شیشەپاک کن | ریاضی دان<br>خودنویس<br>جیب بر |

خشتەی (٢-١) دابەشکردنی واتایی وشە لێکدراوەکانی فارسی

له زمانی کوردیدا

| دیارخەری | | هاوتا | | ناهاوتا | |
|---|---|---|---|---|---|
| چەقناوەکی | چەقدەرەکی | چەقناوەکی | چەقدەرەکی | چەقناوەکی | چەقدەرەکی |
| داربەڕو<br>دارگوێز<br>تەڕەپیاز | گۆشت پیس<br>خەوخۆش<br>چاوشتن | کەڕولاڵ<br>دەموچاو<br>خاکوخۆڵ | ڕەش و ڕوت<br>تەور-داس<br>ناو-ماڵ | نانخواردن<br>دەستگرتن<br>کونکردن | کوتاڵفرۆش<br>وێنەگر<br>سەرتاش |

خشتەی (٢-٢) دابەشکردنی واتایی وشە لێکدراوەکانی کوردی

## ٣-٢/٢) تایبەتمەندییەکانی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسیدا

هەرچەندە هەندێک وشەی لێکدراو هاوشێوەی پۆلە ڕستەسازییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، و کار) دەردەکەون، لەم لایەنەوە وەک پۆلە ڕستەسازییەکان ڕۆنانێکی پێکهاتەییان هەیە و لە هەندێکیاندا پەیوەندی نێوان سەرە و دیارخەر دەبینرێت، بەڵام وشەی لێکدراو لە بنەڕەتدا تایبەتمەندی فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازیی تایبەتیان هەیە، کە لە لایەک وا دەکات ئەم وشانە هاوشێوەی وشە سادەکان بن و لە لایەکی دیکەوە لە پۆلە ڕستەسازییەکان جیاواز بن (طباطبایی، ١٣٧٦: ١١؛ Katamba & Stonham, 2006: 306):

١- یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی وشەی لێکدراو ئەوەیە، کەوا کەرتە پێکهێنەرەکانی جێگایاننناگۆڕنەوە(قادر، ٢٠١٧: ٣٨)، چونکە ئەگەر وشەی لێکدراو "کەرتەکانی پاش و پێش خران، ئەوە پێکهاتەکە دەشێوێت و لە قەوارەی وشەی لێکدراو دەردەچێت"(ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٩١)، واتە وشە لێکدراوەکە لە ڕوی واتا و فۆڕمەوە تێکدەچێت، هەروەکو لە زمانی کوردیدا لە وشە لێکدراوەکانی وەک [سەرشکاو، گورجوگۆڵ، گوڵەباخ] دیارە، کە ئەگەر جێگۆڕکێ بە کەرتە

پێکهێنەرەکانی بکەین، واتا نادەن بە دەستەوە، [*شکاوسەر، *گۆلوگورج، *باخەگوڵ]. لە زمانی فارسیشدا لە وشە لێکدراوەکانی وەک [قلم‌مو، مادربزرگ، کلاهبردار] دا دیارە، کە ئەگەر جێگۆڕکێ بە کەرتە پێکهێنەرەکانی بکەین، واتا نادەن بە دەستەوە، [*موقلم، *بزرگمادر، *بردارکلاه].

ئەم تایبەتمەندییە وا دەکات وشەی لێکدراو لە فرەیزی ناوی لێکدراو جیابکەینەوە، کە کەرتەکانی فرەیز بەئاسانی پێش و پاش دەکرێن، بەبێ تێکچونی واتای فرەیزەکە(فەتاح، ٢٠١٠: ٢٧٨). وەک:

٨٨) ڕزگار قەڵەمێک و کتێبێکی هێنا.

٨٩) ڕزگار کتێبێک و قەڵەمێکی هێنا.

لێرە دەبینین لە فرەیزی ناوی (قەڵەمێک و کتێبێک) بەشەکانی فرەیزەکە جێگایانگۆڕیوەتەوە بەبێ ئەوەی واتایان تێکبچێت.

٢- هەرچەندە بەگشتی پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراو دەتوانرێت بەتەنیا و بەجیا بەکاربهێنرێن، بەڵام کاتێک ئەم توخمانە پێکەوە لە وشەیەکی لێکدراودا بەکاردەهێنرێن، پێکهاتە و واتایەکی یەکسان و یەکگرتو دەدۆزنەوە؛ بە دەربڕینێکی سادەتر، وشەی لێکدراو یەکپارچەییەکی ناوخۆیی هەیە و ناتوانرێت هیچ پێکهێنەرێکی مۆرفۆلۆژی یان ڕستەسازی لەناو وشەی لێکدراودا زیادبکرێت، لە کاتێکدا پۆلە ڕستەسازییەکان سنوردارکردنی لەو شێوەیەیان نییە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٣)، واتە وشەی لێکدراو وەک "فۆڕمێکی یەک لێکسیمی سەربەخۆ دەربکەوێت"(عەول، ٢٠١٠: ٣٦)، هەربۆیە کەرتە پێکهێنەرەکانی بە شێوەیەکی تۆکمە بەیەکەوە بەستراون و وەک تاکە وشەیەک دەردەکەون(قادر، ٢٠١٧: ٣٨).

بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا فرەیزێکی وەکو [تەختەی ڕەش] دەتوانرێت بۆ شێوەی [تەختەیەکی گەورەی ڕەش] یان [تەختەیەکی پیسی ڕەش] بگۆڕدرێت، بەڵام وشەیەکی لێکدراوی وەک [تەختەڕەش] ناتوانرێت قاڵبەکەی بە هیچ کەرتێکی تر تێکبشکێنرێت، چونکە پەیوەندیی پێکهێنەرەکانی پەیوەندییەکی مۆرفۆلۆژییە(یونس، ٢٠١٣: ٨٦)، لە زمانی فارسیدا فرەیزێکی وەکو [درماشین] دەتوانرێت بۆ شێوەی [در این ماشین]، [درهای ماشین]، و یان [در بزرگ ماشین] بگۆڕدرێت، بەڵام ناتوانین وشەیەکی لێکدراوی وەک [لاکپشت] بۆ شێوەی [*لاکها پشت] یان [*لاک این پشت]، و یان وشەکانی [گردن‌کلفت] و [پیرزن] بۆ شێوەی [*گردن خیلی کلفت] و

[*پیرترزن] بگۆڕین، چونکە ئەم پێکهاتانە یان دەبن بە ناڕێزمانی یان چێتر واتای ئەو وشە لێکدراوەیان نییە.

٣- سنوردارکردنێکی فەرهەنگی بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو هەیە، واتە لە دروستکردنی وشەی لێکدراودا ناتوانین هیچ پێکهێنەرێکی فەرهەنگی یان ڕێزمانیی ئەگەری بەکاربهێنین(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٣)، واتە وشەی لێکدراو لە دوای بەرهەمهاتنی دەچێتە چوارچێوەی فەرهەنگەوە و دەبێتە فۆرمێکی ئامادە و دەستکارینەکراو(یونس، ٢٠١٣: ٨٥).بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا وشەی لێکدراوی [کۆشکی سپی]مان هەیە، کەوا دەردەکەوێت لە دەرەوەی سیستەمی پێکهاتنی لێکدراوەکەدا هیچ کام لە وشەی [کۆشک] و [سپی] هیچ بەهایەکیان نابێت، چونکە بەهای هەردوکیان بەیەکەوە لە چوارچێوەی لێکدراوەکە وەگیراوە، بۆیە [کۆشکی سپی] وەک وشەیەکی لێکدراو لێکدەدرێتەوە، ئەگەر مەبەست لێی(بارەگا یان کۆشکی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان) بێت، بەمەش بۆتە فۆرمێکی فەرهەنگی و پەیوەندی بە داهاتی زمانیی ئاخێوەرەوە هەیە(هەمان سەرچاوەی پێشو: هەمان لاپەڕە). بۆ نمونە لە زمانی فارسیدا ئاوەڵناوی لێکدراوی [کمرباریک]مان هەیە، بۆ نمونە لە [استکان کمرباریک]، [دختر کمرباریک]، بەڵام [کمرپهن]مان نییە؛ یان وشەی [تختەسیاه]مان هەیە (ڕەنگە لەم دواییانەشدا [تەختەسفید]مان هەبێت)، بەڵام [تختەسبز]مان نییە و تەنانەت ئەگەر ڕەنگی تەختەکەش [سبز] بێت، قسەکەرانی زمانی فارسی بەگشتی ئەم دەستەواژەیە بۆ ئەو جۆرە تەختەیە بەکارناهێنن. ئەم وشانە زۆرجار پێکهاتەی (بەزاراوەبون) و (بەفەرهەنگیبون)یان هەیە.

٤- لە زمانی فارسیدا لە وشە لێکدراوەکان تەنها یەک بڕگە هێز وەردەگرێت، واتە وشە لێکدراوەکان لە چەند مۆرفیم و وشە پێکهاتبن، تەنها بڕگەی کۆتاییيان هێزدارە(طباطبایی، ١٣٨٩: ٩٧)، لە زمانی کوردیشدا بە هەمان شێوەیە[٤] ، کەواتە هەروەکو لە خاڵی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا لەبەرئەوەی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسیدا وەک تاکە وشەیەک ڕەفتاردەکات و "تاکە وشەیەکیش لە زماندا یەک هێز وەردەگرێت"(Bloomfield: 1933: 226).

لەم ڕووەوە وشە لێکدراوەکان هاوشێوەی وشە سادەکانن، کەواتە وشە لێکدراوەکان خاوەنی یەک هێزێکی سەرەکین و لە کاتی دەربڕینیاندا هیچ وەستانێک ناکەین و ئەم هێزە سەرەکییەش تایبەتمەندییەکی وشەی لێکدراوە و لە فرەیزی ناوی لێکدراو جیایدەکاتەوە، بەوەی کە لە فرەیزی لێکدراودا هەردو کەرتە هێز وەردەگرن(فەتاح، ٢٠١٠: ٢٧٧ – ٢٨٠)، وەک [قەڵەم و کتێب] (فرەیزی

[٤] بڕوانە (ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٤١؛ مەحویی، ٢٠١٦: ٢١٩ – ٢٢٣)

ناوی لێکدراو)ە و [دارودیوار] (وشەی لێکدراو)ە. لە ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکارە لێکدراوەکان لە زمانی کوردی و فارسیدا، هێزی سەرەکی لەسەر کۆتا بڕگەی وشەکەیە، وەک [ماستاو، دڵڕەق، پێشباس، چەرمەگا، بەرفرماڵ، هەواڵنێر و ...تا.د] [قلممو، مادربزرگ، برفپاککن، آبزیرکاه و ...تا.د]. بۆیە دەتوانرێت بگوترێت کە (هێز) شێوەیەکی جیاکەرەوەی وشەی لێکدراوە لە پۆلی ڕێزمانی، چونکە لە پۆلێکی ڕێزمانیدا، هەریەک لە پێکهاتە بەشداربووەکانی ناو پۆلەکە ڕەنگە هێز بچێتە سەریان و یان هەریەکەیان هێزێکی سەربەخۆیان هەبێت(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٣)، کە لە ڕستەکانی خوارەوەدا ئەم جیاوازییە دەبینین:

لە زمانی کوردیدا

٩٠) ا- ئەم ژورە دو دەرگای هەیە.

ب- ئەم ئۆتۆمبێلە دودەرگایەم دو ساڵ پێش ئێستا کڕی.

لە ڕستەی (٩٠) ئەلف، (دو دەرگا) گرێیەکی ناوییە کە لە ژمارەیەک و ناوێک پێکهاتووە و لەم پۆلە ناوەشدا هەریەک لە دو وشەی (دو) و (دەرگا) هێزێکی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام لە ڕستەی (٩٠) ب، (دودەرگا) ئاوەڵناوێکی لێکدراوە و هێزی سەرەکی هەیە، کە لەسەر دوا بڕگەی وشەکە، واتە (دەرگا)یە.

لە زمانی فارسیدا

٩١) ا- این تالار چهل ستون دارد.

ب- این تالار چهلستون زیباست.

لە ڕستەی (٩١) ئەلف، (چهل ستون) گرێیەکی ناوییە کە لە ژمارەیەک و ناوێک پێکهاتووە و لەم پۆلە ناوەشدا هەریەک لە دو وشەی (چهل) و (ستون) هێزێکی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام لە ڕستەی (٩١) ب، (چهلستون) ئاوەڵناوێکی لێکدراوە و هێزی سەرەکی هەیە، کە لەسەر دوا بڕگەی وشەکە، واتە (ستون)ە.

٥- واتای وشەی لێکدراو هەمیشە پێکەوەلکاو نییە. پێشتر باس لەوە کرا کە هەمیشە ناتوانرێت لە ڕێگای واتای پێکهێنەرە بەشداربووەکانەوە لە وشەی لێکدراودا درک بە واتای تەواوی وشەکە بکرێت. بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا وشەکانی [کونەبا، زماندرێژ، چاوباز، دوڕو، دەمدرێژ و ...تا.د]مان هەیە. لە واتای پێکهێنەرەکانی وشەی [کونەبا]ەوە، ناتوانرێت ئاوا بەئاسانی بە واتای

[قسەگێڕەرەوە لە لای ئەم و ئەو] بگەین و یان لە واتای وشەکانی [زمان] و [درێژ] لە وشەی [زماندرێژ] ناتوانرێت واتای ئەو وشەیە(واتە "کەسێکی بێڕێز و قسە ناشرین و ناخۆش") پێشبینبکرێت، یان لە زمانی فارسیدا لە واتای پێکهێنەرەکانی وشەی [شیردل]ەوە، ناتوانرێت ئاوا بەئاسانی بە واتای [شجاع] بگەین و یان لە واتای وشەکانی [کلاه] و [بردار] لە وشەی [کلاهبردار] ناتوانرێت واتای ئەو وشەیە(واتە " آدم حقەباز و شیاد") پێشبینبکرێت. واتە هەندێک لە وشە لێکدراوەکان لە ڕوی واتاییەوە واتاکانیان پێشبینیناکرێت و سروشتێکی ئیدیۆمیان هەیە(حمد، ٢٠١٤: ٦٥).

٦- وشەی لێکدراو هەمیشە خاوەنی سەرەیەکی دیاریکراو نین. لە دابەشکردنی واتایی وشەی لێکدراودا بینیمان کە سەرەی واتایی و ڕێزمانی وشە لێکدراوەکانی (چەقدەرەکی) و (هاوسەنگ) ناتوانرێت بەئاسانی دیاریبکرێن، چونکە بۆ دۆزینەوەی سەرەی ئەم وشانە دەبێت لە دەرەوەی وشەکانەوە بگەڕێین. بەڵام پۆلە ڕێزمانییەکان هەمویان خاوەنی سەرەی دیاریکراون: لە پۆلە ناوییەکان، سەرە (ناو)ە؛ لە پۆلە ئاوەڵناوییەکان، سەرە (ئاوەڵناو)ە؛ لە پۆلە کارییەکان، سەرە (کار)ە؛ لە پۆلە ئاوەڵکارییەکان، سەرە (ئاوەڵکار)ە؛ و لە پۆلی ئامرازی خستنەسەردا، سەرە (ئامرازی خستنەسەر)ە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٤)، واتە هەمو پۆلە ڕێزمانییەکان چەقناوەکین(Haegeman, 1992: 95)، واتای ئەم قسەیە ئەوەیە کەوا لە هەمو پۆلە ڕێزمانییەکاندا پێکهێنەرێک هەیە، کەوا پۆلی وشە لێکدراوەکە دەکات هەمان پۆلی خۆی و دەبێتە سەرەی وشەکە.

٧- پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی هەروەکو چۆن کار لەسەر وشەی سادە دەکەن بە هەمان شێوەش کار لەسەر وشە لێکدراوەکان دەکەن، بۆ نمونە پاشگرە گەردانییەکان بۆ تەواوی وشە لێکدراوەکان زیاددەکرێن و لە کۆتایی وشەی لێکدراودا دادەنرێن، هەروەکو چۆن بۆ کۆتایی وشە سادەکان زیاددەکرێن، هەروەها کارکردنی پێشگر و پاشگرەکانی داڕشتن لەسەر وشەی لێکدراویشدا زۆر لە وشە سادەکان دەچێت(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٥). لە زمانی کوردیدا زیادکردنی پاشگرە گەردانییەکان وەک [دارەکان/دارتاشەکان؛ماڵەکان/بەفرماڵەکان؛ و پیستر/زمانپیستر و مێشکوشکێک، باڵابەرزێک، ڕەشماڵەکە، ڕەشماڵێک...تا.د].

لە زمانی فارسیشدا زیادکردنی پاشگرە گەردانییەکان وەک [خانەها/کارخانەها، گلخانەها؛ مادران/مادربزرگان؛ و خوشتر/خوشقلبتر/ خوشروتر و ...تا.د].

## ٣/٢) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی لێکدراویداڕێژراو

لە زمانی کوردی و فارسیدا هەندێک وشەمان هەیە، بەتەنیا نە لێکدراون، نە داڕێژراون، بەڵکو بەهەردو ڕێگەی لێکدان و داڕشتن سازکراون. ئەم وشانە لە هەردو زمانەکەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێن(حمد، ٢٠١٤: ٦٦). واتە هەندێکجار هەردو پرۆسەی لێکدان و داڕشتن بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ بەکاردەهێنرێن. ئەگەر پرۆسەی داڕشتن لەسەر بنکەیەکی ناسادەی لێکدراو کاربکات، ئەوا وشەی لێکدراویداڕێژراو دروستدەکات(شقاقی، ١٣٩٥: ٩٧). هەندێکجاریش بە زیادکردنی مۆرفیمێکی سەربەخۆ بۆ وشەیەکی داڕێژراو وشەیەکی لێکدراویداڕێژراو دروستدەبێت(تجویدی، ١٣٩٨: ٢٣)، واتە "لەناو وشە لێکدراوەکەدا گیرەکی وشەداڕێژ هەیە لە پێشگر یا ناوگر یا پاشگر"(شوانی، ٢٠١٤: ١٩١).

کەواتە مەبەست لە پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی لێکدراویداڕێژراو ئەوەیە، کە هەردو پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی لێکدان و داڕشتن بەیەکەوە بەشداری تێدادەکەن؛ جا چ سەرەتا دو وشەکە لێکدرابێت و پاشان وشە لێکدراوەکە گیرەکی پێوەلکێنرابێت، یان لەپێشدا وشەیەک بە گیرەک داڕێژرابێت و پاشان لەگەڵ وشەیەکی تردا لێکدرابێت(کەرەمی، ١٣٩٦: ١٨٦). وەک [ماستاوچی] لە زمانی کوردیدا و [ناجوانمرد] لە زمانی فارسیدا.

## ١-٣/٢) لێکدراویداڕێژراوی هەڕەمی و ناهەڕەمی

لە پێشوتردا باسمان لە وشەی داڕێژراو و لێکدراو کرد و هەروەها لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە هەردو جۆری هەڕەمی و ناهەڕەمیمان ئاماژەپێدا کە بەرهەمی پرۆسەکانی داڕشتن و لێکدان بون، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کەوا وشە لێکدراوەداڕێژراوەکان لە وشە لێکدراوەکان یان داڕێژراوەکان جیاوازن، چونکە لە دروستبون و پێکهاتەی وشە لێکدراوەداڕێژراوەکان دو پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی جیاواز بەشداردەکەن، لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە پرۆسەی لێکدراویداڕێژراویش هەروەکو پرۆسەکانی لێکدان و داڕشتن بۆ دو جۆری هەڕەمی و ناهەڕەمی دابەشدەبێت(شقاقی، ١٣٩٥: ٩٨).

### ١-١-٣/٢) لێکدراویداڕێژراوی هەڕەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا

هەر کاتێک پرۆسەی داڕشتن گیرەکێک بۆ وشەیەکی لێکدراوی ڕاستەقینە زیادبکات و وشەیەکی نوێ دروستبکات، پرۆسەی بەشداربو لەم جۆرە وشەدروستکردنەدا پێیدەگوترێت

لێکدراویداڕێژراوی هەڕەمی. لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا، مۆرفیمەکان، وەک وشەکان، لە ڕێگای یاسا ڕستەسازییەکانەوە بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەک و هەرەمی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بۆ ئەوەی وشەیەکی نوێ دروستبکەن(اسلامی پور و دیگران، ١٣٩٥: ٤).


## ٣/٢-١-١-١) لێکدراویداڕێژراوی هەڕەمی لە زمانی کوردیدا

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک وشەی لێکدراویداڕێژراومان هەیە بۆ نمونە لە دروستبونی وشەکانی وەک [وڵاتپارێزی، سەربەرزی،ماستاوچی، بەرپرسیار، خەمخۆری، کۆستکەوتو، باوکمردو، دڵداکەوتو، ئاشتیخوازی، دورەپەرێزی، میواندۆستی، چاونەترسانە، ژێردەستانە، ئاوڕێژگە، یەکتاپەرستی، سەرپەرشتیاری و ...تا.د]، جگە لە لێکدانی مۆرفیمە فەرهەنگییەکان، گیرەکی داڕشتنیش دەبینین، ئەم وشانە پێیاندەگوترێت لێکدراویداڕێژراو(حمد، ٢٠١٤: ٦٦ – ٦٧).

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر ئەگەر سەیری وشەی لێکدراویداڕێژراوی، [سەربەرزی] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی هەڕەمی هەیە، چونکە وشەی [سەربەرزی]، لە دو مۆرفیمی فەرهەنگی سەربەخۆی [سەر] و [بەرز] و مۆرفیمێکی داڕشتنی [-ی] دروستبووە، بۆیە لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە بەم جۆرە وشانە دەگوترێت (لێکدراویداڕێژراو)، ئەم جۆرە وشەیە ڕۆنان و پێکهاتەیەکی یەک لە دوای یەک و هەرەمی هەیە و بەشە پێکهێنەرەکانی ئەم وشەیە بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەتەنیشت یەکەوە ڕیزکراون، واتە لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە، مۆرفیمەکان، وەک وشەکان، لە ڕێگای یاسا ڕستەسازییەکانەوە بە شێوەیەکی یەک لەدوای یەک و هەرەمی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بۆ ئەوەی وشەیەکی نوێ دروستبکەن، کەواتە دەکرێت بگوترێت ئەم جۆرە وشانە لەگەڵ تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە گونجاون(اسلامی پور و دیگران، ١٣٩٥: ٤).


کە لە هەنگاوی یەکەمدا مۆرفیمی [سەر] کە ناوە لەگەڵ مۆرفیمی [بەرز] کە ئاوەڵناوە، بەیەکەوە دەلکێنرێن و وشەی لێکدراوی [سەربەرز] دروستدەکەن و لە هەنگاوی دواتردا مۆرفیمێکی داڕشتنی [-ی] بۆی زیاددەکرێت و وشەی [سەربەزری] کە وشەیەکی لێکدراویداڕێژراوە دروستدەبێت.

کاتێک نمونەکان بە ڕێگای هێڵکاری درەختی شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستیانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:





هێڵکاری (٢-٥٤) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [سەربەرزی]

وشەکانی وەک [ژێردەستانە] و [ماسیگرە]ش بە هەمان شێوەی وشەی [سەربەرزی] شیدەکرێنەوە و پێکهاتەیەکی هەرەمییان هەیە هەنگاوبەهەنگاو دروستبون:




هێڵکاری (٢-٥٥) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [ژێردەستانە]





هێڵکاری (٢-٥٦) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [ماسیگرە]

هەروەها ئەگەر سەیری وشەی لێکدراویداڕێژراوی، [باوکمردو] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی هەرەمی هەیە، چونکە وشەی [باوکمردو]، لە دو مۆرفیمی فەرهەنگی سەربەخۆی [باوک] و [مرد] و مۆرفیمێکی داڕشتنی [-و] دروستبووە، بۆیە لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە بەم جۆرە وشانە دەگوترێت (لێکدراویداڕێژراو)، ئەم جۆرە وشەیە ڕۆنان و پێکهاتەیەکی یەک لە دوای یەک و هەرەمی هەیە و بەشە پێکهێنەرەکانی ئەم وشەیە بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەنەتیشت یەکەوە ڕیزکراون، کەواتە دەکرێت بگوترێت ئەم جۆرە وشانە لەگەڵ تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە گونجاون.

کە لە هەنگاوی یەکەمدا مۆرفیمی [مرد] کە کارە لەگەڵ مۆرفیمی [-و] کە گیرەکێکی داڕشتنە، بەیەکەوە دەلکێنرێن و وشەی داڕێژراوی [مردو] دروستدەکەن و لە هەنگاوی دواتردا مۆرفیمی [باوک] بۆ وشەی داڕێژراوی [مردو] زیاددەکرێت و وشەی [باوکمردو] کە وشەیەکی لێکدراویداڕێژراوە دروستدەبێت.

کاتێک نمونەکان بە هەریەک لە ڕێگای هێڵکاری درەختی یان کەوانە ناولێنراوەکانەوە شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:




هێڵکاری (٢-٥٧) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [باوکمردو]

بەپێی ئەو نمونانەی کە وەرگیراون لەگەڵ ئەو توێژینەوانەی کەوا لە بەردەستدابون، ئەوەی تێبینی دەکرێت، شێوازی دروستبونی زۆربەی وشە لێکدراوەداڕێژراوەکان لە زمانی کوردیدا بریتییە لە یەکگرتنی وشەیەکی لێکدراو لەگەڵ گیرەکێکی وشەداڕێژ، وەک لە شیکردنەوەی وشەی [سەربەرزی]دا لە سەرەوە ڕونمانکردەوە، یان بریتییە لە یەکگرتنی وشەیەکی داڕێژراو لەگەڵ وشەیەکی تردا، وەک لە شیکردنەوەی وشەی [باوکمردو]دا لە سەرەوە ڕونمانکردەوە.

### ٣/٢-١-١-٢) لێکدراویداڕێژراوی هەڕەمی لە زمانی فارسیدا


لە زمانی فارسیدا کۆمەڵێک وشەی لێکدراویداڕێژراو هەیە، کە پێکهاتەیەکی هەڕەمییان هەیە، بۆ نمونە وشەکانی وەک: [دامپزشکی، دندانپزشکی، روانپزشکی، شهرداری، ناخودآگاه، شیرخوارگاه، خاکروبە، کفشدوزی، خوشاخلاقی، روزمزدی، آبراهی، خودخواهی، کارگردانی، خوشبختی، زورگویی، خودبینی، دلتنگی، ناجوانمرد، کتابفروشی، دستبوسی]، ئەویش لەبەرئەوەیە کە وشەکانی وەک: [دامپزشک، دندانپزشک، روانپزشک، شهردار، خودآگاه، شیرخوار، خاکروب، کفشدوز، خوشاخلاق، روزمزد، آبراه، خودخواه، کارگردان، خوشبخت، زورگو، خودبین، دلتنگ، جوانمرد، کتابفروش، دستبوس] کە لە سەرەوە ئاماژەمانپێدان بەشێوەیەکی جیاواز بەکاردەهێنین و لە فەرهەنگی زماندا وەکو وشەیەکی جیاواز و چەسپاو خاوەنی واتا و دەروازەی فەرهەنگی خۆیانن و تۆماردەکرێن(شقاقی، ١٣٩٥: ٩٨)، بۆیە دەشێت بگوترێت، کە وشەکانی وەک: [دامپزشکی، دندانپزشکی، روانپزشکی، شهرداری، ناخودآگاه، شیرخوارگاه، خاکروبە، کفشدوزی، خوشاخلاقی، روزمزدی، آبراهی، خودخواهی، کارگردانی، خوشبختی، زورگویی، خودبینی، دلتنگی، ناجوانمرد، کتابفروشی، دستبوسی]، وشەی لێکدراویداڕێژراون، کە لە شێوەی هەڕەمی(پایگانی) یان هەنگاو بە هەنگاو دروستبون، واتە لەم وشانەدا گیرەکی داڕشتن دوای دروستبونی وشەی لێکدراو بۆ وشە لێکدراوەکان زیادکراوە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٥).

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر ئەگەر سەیری وشەی لێکدراویداڕێژراوی [دامپزشکی] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی هەڕەمی هەیە، چونکە وشەی [دامپزشکی] لە دو مۆرفیمی فەرهەنگی سەربەخۆی [دام] و [پزشک] و مۆرفیمێکی داڕشتن و بەستنەوەی [-ی] دروستبووە، بۆیە لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە بەم جۆرە وشانە دەگوترێت (لێکدراویداڕێژراو)، ئەم جۆرە وشەیە ڕۆنان و پێکهاتەیەکی یەک لە دوای یەک و هەڕەمی هەیە و بەشە پێکهێنەرەکانی ئەم وشەیە بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەنەتیشت یەکەوە ڕیزکراون، واتە لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە، مۆرفیمەکان، وەک وشەکان، لە ڕێگای یاسا ڕستەسازییەکانەوە بە شێوەیەکی یەک لەدوای یەک و هەڕەمی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بۆ ئەوەی وشەیەکی نوێ دروستبکەن، کەواتە دەکرێت بگوترێت، ئەم جۆرە وشانە لەگەڵ تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە گونجاون(اسلامی پور و دیگران، ١٣٩٥: ٤).

لە هەنگاوی یەکەمدا مۆرفیمی [دام] کە ناوە لەگەڵ مۆرفیمی [پزشک] ئەویش ناوە، بەیەکەوە دەلکێنرێن و وشەی لێکدراوی [دامپزشک] دروستدەکەن و لە هەنگاوی دواتردا مۆرفیمێکی


دارشتن و بەستنەوەی [ـی] بۆی زیاددەکرێت و وشەی [دامپزشکی] کە وشەیەکی لێکدراویدارێژراوە دروستدەبێت.

کاتێک نمونەکان بە هەریەک لە ڕێگای هێڵکاری درەختی یان کەوانە ناولێنراوەکانەوە شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:





هێڵکاری (٢-٥٨) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [دامپزشکی]

وشەکانی وەک [کارگردانی] و [ناجوانمرد]ش بە هەمان شێوەی وشەی [دامپزشکی] شیدەکرێنەوە و پێکهاتەیەکی هەرەمییان هەیە و هەنگاوبەهەنگاو دروستبون:




هێڵکاری (٢-٥٩) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [کارگردانی]




هێڵکاری (٢-٦٠) ڕۆنانی هەڕەمی وشەی [ناجوانمرد]

بەپێی ئەو نمونانەی کە وەرگیراون لەگەڵ ئەو توێژینەوانەی کەوا لە بەردەستدابون، ئەوەی تێبینی دەکرێت، شێوازی دروستبونی زۆربەی وشە لێکدراوەدارێژراوەکان لە زمانی فارسیدا بریتییە لە یەگگرتنی وشەیەکی لێکدراو لەگەڵ گیرەکێکی وشەدارێژ، وەک لە شیکردنەوەی وشەکانی [دامپزشکی، کارگردانی و ناجوانمرد]دا لە سەرەوە ڕونمانکردەوە.

لە هەردو زمانەکەدا لە کاتی سازکردنی وشە بە ڕێگەی لێکدراویدارێژراوی هەڕەمی، زۆرجار پرۆسەی لێکدان پێش پرۆسەی دارشتن دەکەوێت، واتە یەکەمجار، وشەکە وەک دانەیەکی فەرهەنگی لێکدراو، لە دو مۆرفیمی سەربەخۆ دروستدەکرێت، دواتر بە ڕێگەی دارشتن وشەیەکی نوێ لە وشە لێکدراوەکە سازدەکرێت. بەزۆریش ئەو گیرەکە وشەدارێژەی لە هەردو زمانەکەدا بەشداریدەکات، مۆرفیمی بەندی دروستکردنی ناوی ئەبستراکتە، لە نێو ئەم گروپەشدا مۆرفیمی /-ی/ لە هەمویان چالاکترە. هەندێجاریش مۆرفیمی بەندی /-انە/ لەجیاتی /-ی/ ڕۆڵ دەبینێت، لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا، هەروەکو لە نمونەکانی سەرەوەدا خستمانە ڕو.


## ٢-١-٣/٢) لێکدراویدارێژراوی ناهەڕەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا

لە فۆرم و پێکهاتەیەکی تردا، کە هەردو پرۆسەی لێکدان و دارشتن بەشێوەیەکی هاوکاتی و بەیەکجار وشەیەک دروستبکەن، ئەم پرۆسە مۆرفۆلۆژییە پێیدەگوترێت لێکدراویدارێژراوی ناهەڕەمی(شقاقی، ١٣٩٥: ٩٨ – ٩٩)، واتە ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی هەنگاوبەهەنگاو نییە.

### ٣/٢-١-٢-١) لێکدراویداڕێژراوی ناهەڕەمی لە زمانی کوردیدا


زمانی کوردی خاوەنی وشەیەکی زۆری لێکدراویداڕێژراوی ناهەڕەمییە(خالد، ٢٠٢١: ٧٢ – ٧٣، ٧٨ – ٨٨؛ عبدالرحمن، ٢٠٢٢: ٦٤، ٧٩ – ٨١). وەک [شەشمانگی، دوسالّی، تاکزمانی، تاکژنی، پێنجخشتەکی، چوارخشتەکی، مەشکەدڕە، یەکماڵە، دۆشامژە، مریشکەسورە، دەستگیراو، ورگدڕاو، توەسوران، سێتاقان، سێبەردان، زمانگۆڕکێ، جێگۆڕکێ، چاوئێشە، هاوسەرگیری، ڕێکنوسی، پێشبینی، پشتگیری، قوڕکاری، گەچکاری، باوکسالاری].

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر ئەگەر سەیری وشەی لێکدراویداڕێژراوی [مەشکەدڕە] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی ناهەڕەمی هەیە، چونکە ئەم وشەیە لە سێ مۆرفیمی [مەشکە]، [دڕ] و [–ە] پێکهاتووە. هەر سێ مۆرفیمەکە بەیەکجار و لە یەک کاتدا بەیەکەوە لکێنراون؛ چونکە لە وشەکانی " [[مەشکە] + [دڕ]] > مەشکەدڕ، [[دڕ] + –ە] > دڕە، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە مۆرفیمەکان لەگەڵ یەکتری لێکدراون، لەبەرئەوە لێکدراوێکی وەک [مەشکەدڕ] یان [دڕە]مان لە زمانی کوردیدا نییە و بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. کە لە ڕێگای هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری (٢–٦١) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [مەشکەدڕە]

هەروەها ئەگەر سەیری وشەی لێکدراویداڕێژراوی [شەشمانگی] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی ناهەڕەمی هەیە، چونکە ئەم وشەیە لە سێ مۆرفیمی [شەش]، [مانگ] و [–ی] پێکهاتووە. هەر سێ مۆرفیمەکە بەیەکجار و لە یەک کاتدا بەیەکەوە لکێنراون؛ چونکە لە وشەکانی " [[شەش] + [مانگ]] > شەشمانگ، [[مانگ] + –ی] > مانگی، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە مۆرفیمەکان لەگەڵ یەکتری لێکدراون، لەبەرئەوە لێکدراوێکی وەک [شەشمانگ] یان [مانگی]مان لە زمانی کوردیدا نییە و بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. کە لە ڕێگای هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:





هێڵکاری (٢-٦٢) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [شەشمانگی]

## لێکدراویدارِێژراوی ناهەڕەمی لە زمانی فارسیدا

زمانی فارسی خاوەنی وشەیەکی زۆری لێکدراویدارِێژراوی ناهەڕەمییە(بامشادی و انصاریان، ١٣٩٤: ٥)، کە پێکهاتەیەکی ناهەڕەمییان هەیە، بۆ نمونە وشەکانی وەک: [خودسازی، خودکشی، چشمروشنی، دستیابی، آزادسازی، زیباسازی، دوکارە، چندزبانە، دوموتورە، سەراهی، جایخی، جالباسی، آبدرمانی، کاردرمانی، زیردریایی، عقبنشینی، جلوگیری، غذاخوری، چشمپوشی، بازخوانی، بازرسی، دوبارەسازی، دوبارەآموزی]، ئەویش لەبەرئەوەیە کە وشەکانی وەک: [خودساز، خودکش، چشمروشن، دستیاب، آزادساز، زیباساز، دوکار، چندزبان، دوموتور، سەراە، جایخ، جالباس، آبدرمان، کاردرمان، زیردریای، عقبنشین، جلوگیر، غذاخور، چشمپوش، بازخوان، بازرس، دوبارەساز، دوبارەآموز] لە زمانی فارسیدا بەکارناهێنرێن، بۆیە دەشێت بگوترێت کە وشەکانی وەک: [خودسازی، خودکشی، چشمروشنی، دستیابی، آزادسازی، زیباسازی، دوکارە، چندزبانە، دوموتورە، سەراهی، جایخی، جالباسی، آبدرمانی، کاردرمانی، زیردریایی، عقبنشینی، جلوگیری، غذاخوری، چشمپوشی، بازرسی، دوبارەسازی، دوبارەآموزی]، وشەی لێکدراویدارِێژراون، کە لە شێوەی ناهەڕەمی(پایگانی)، واتە هەمویان بە یەکجار دروستکراون(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٦).


بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر ئەگەر سەیری وشەی لێکدراویدارِێژراوی [دستیابی] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی ناهەڕەمی هەیە، چونکە ئەم وشەیە لە سێ مۆرفیمی [دست]، [یاب] و [ـی] پێکهاتووە. هەر سێ مۆرفیمەکە بەیەکجار و لە یەک کاتدا بەیەکەوە لکێنراون؛ چونکە لە وشەکانی " [[دست] + [یاب]] > دستیاب، [[یاب] + ـی] > یابی"، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە مۆرفیمەکان لەگەڵ یەکتری لێکدراون، لەبەرئەوە لێکدراوێکی وەک [دستیاب] یان [یابی]مان لە

زمانی فارسیدا نییە و بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. کە لە ڕێگای هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری (٢-٦٣) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [دستیابی]


هەروەها ئەگەر سەیری وشەی لێکدراویداڕێژراوی [آزادسازی] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی ناهەڕەمی هەیە، چونکە ئەم وشەیە لە سێ مۆرفیمی [آزاد]، [ساز] و [ـی] پێکهاتووە. هەر سێ مۆرفیمەکە بەیەکجار و لە یەک کاتدا بەیەکەوە لکێنراون؛ چونکە لە وشەکانی " [[آزاد] + [ساز]] > آزادساز، [[ساز] + ـی] > سازی"، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە مۆرفیمەکان لەگەڵ یەکتری لێکدراون، لەبەرئەوە لێکدراوێکی وەک [آزادساز] یان [سازی]مان لە زمانی فارسیدا نییە و بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. کە لە ڕێگای هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:





هێڵکاری (٢-٦٤) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [آزادسازی]

وشە لێکدراوەداڕێژراوەکانی وەکو [نیمەکارە، دوموتورە]ش پێکهاتەیەکی ناهەڕەمییان هەیە، چونکە بەهۆی زیادکردنی هاوکاتی و بەیەکجاری مۆرفیمەکانەوە دروستبون و ناهەڕەمیبونی ئەم پێکهاتانە بەهۆی ئەوەوەیە کەوا ناتوانین بڵێین لە زمانی فارسیدا، بۆ نمونە، وشەکانی [کارە، موتورە]مان هەیە و پاشان مۆرفیمی ژمارەنوێنمان بۆ سەرەتای ئەم وشانە زیادکردووە؛ هەروەها

ناتوانین بڵێین وشەکانی وەکو [نیمەکار، دوموتور]مان هەیە و پاشان پاشگری /- ە/مان بۆیان زیادکردووە. کەواتە ئەم وشە لێکدراوەداڕێژراوانە بەشێوەیەکی ناهەڕەمی دروستبون، بۆ نمونە: (ساختمان نیمەکارە، هواپیمای دوموتورە.) بەم شێوەیە شێوازی دروستبونیان نیشاندەدرێت، کە لە ڕێگای کەوانەی شکاوە و هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری (٢-٦٥) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [نیمەکارە]




هێڵکاری (٢-٦٦) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [دوموتورە]

بەپێی ئەو نمونانەی کە وەرگیراون، ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە هەردو زمانەکەدا لە کاتی سازکردنی وشە بە ڕێگەی لێکدراویداڕێژراوی ناهەڕەمی، بەزۆری وشەکان کۆتاییان بە مۆرفیمی [-ی] دێت و لە هەمویان چالاکترە.

لە کۆتاییدا دەکرێت بگوترێت، بە پێی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و فارسی، لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە، مۆرفیمەکان بە شێوەیەکی هەنگاوبەهەنگاو یان بەیەکجار ڕیزدەبن و وشەی لێکدراویداڕێژراوی هەڕەمی و ناهەڕەمی دروستدەکەن، وەک وشەی لێکدراویداڕێژراوی هەڕەمیی [سەربەرزی] لە زمانی کوردیدا و [دامپزشکی] لە زمانی فارسیدا، وشەی لێکدراویداڕێژراوی ناهەڕەمیی [شەشمانگی] لە زمانی کوردیدا و [دستیابی] لە زمانی فارسیدا.

# بەشی سێیەم

# هەندێکی تر لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لە زمانی کوردی و فارسیدا

## بەشی سێیەم

# هەندێکی تر لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لە زمانی کوردی و فارسیدا

لە ڕوی پەیڕەوکردنی ئەم پرۆسانەشەوە هەر زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە زمانەکانی تر جیادەبێتەوە، کە دەکرێت یەکێک لە پرۆسەکان لە زمانێکدا زیاتر بەبەرهەم بێت و پرۆسەکانی تر کەمتر دەرکەون، بەڵام لە زمانێکی تردا وانەبێت، ئەمەش جیاوازیی نێوان زمانەکان پیشاندەدات لە ڕوی پەیڕەوکردن و بڵاویی پرۆسەیەک بە بەراورد لەگەڵ پرۆسەکانی تردا.

پێویستە ئاماژە بەمە بکرێت، کەوا جگە لە پرۆسەکانی وەکو داڕشتن، لێکدان و لێکدراویداڕێژراو، کۆمەڵێک پرۆسەی تر لە زمانی کوردی و فارسیدا هەن، کە لە دروستکردنی وشەدا ڕۆڵدەگێڕن، کە ئەوانیش پرۆسە گشتییەکانی مۆرفۆلۆژی وەک: دوبارەبونەوە، گۆڕین، وەرگرتن، داهێنان، تێکەڵکردن، بڕین، سەروشە و تاکپیتین، کە لە هەریەک لە زمانی کوردی و فارسیدا لەم بەشەدا باسیاندەکەین.

بەم پێیە بە هەر یەکێک لەم پرۆسەمۆرفۆلۆژیانەش کەوا لەم بەشەدا ئاماژەمان پێداون دەتوانرێت وشەی نوێ و چەمکی نوێ دروستبکرێت، هەر زمانێکیش بەش بە حاڵی خۆی بۆ دروستکردنی وشە، واتە بۆ داهێنان و بەکارهێنانی وشە، پلان و ڕێ و شوێنی تایبەت دەگرێتەبەر و کۆمەڵێک سەرمەشق و پێڕەوی هەیە، کە بە شێوەی یاسامەند پێڕەوییان دەکات(کەرەمی، ١٣٩٦: ٣٣).

لەبەرئەوەی ئەم پرۆسانە لە زۆربەی زمانەکاندا زۆر چالاک نین، واتە وشەیان پێ دروستدەکرێت، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم و سروشتییان لەیەکترەوە نزیکە، بۆیە خراونەتە چوارچێوەی بەشێکەوە. دواتریش خاڵە لێکچو و جیاوازەکانی هەردو زمانەکە لە چوارچێوەی ئەم پرۆسانە و لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە دەخەینەڕو.

### ١/٣) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی دوبارەبونەوە

پرۆسەیەکی تر لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیی دوبارەبونەوەیە، کە بریتییە لە دوبارەبونەوەی هەمو یان بەشێکی بنکەکە(Lieber, 2009: 80) لە پرۆسەی دوبارەبونەوەدا لەوانەیە تەواوی یان بەشێک لە بنکە دوبارەبێتەوە و وشەیەکی نوێ بە واتایەکی جیاواز لە واتای بنکەکە

دروستبکات(شقاقی، ١٣٩٥: ٩٩). ئەم پرۆسەیەش وەکو پرۆسەکانی تری مۆرفۆلۆژی ڕۆڵێکی کارا دەبینێت بۆ دروستکردنی وشەی نوێ. ئەوەی ئەم پرۆسەیە لە پرۆسەکانی لێکدان و داڕشتن جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە کەرەستە دوبارەبووەکە هەر لەناو پێکهاتەکەدایە. واتە خستنەسەرەکە بریتییە لە دوبارەبونەوەی بنکە، جا چ بە شێوەی تەواو یان ناتەواو بێت(Booij, 2005: 35). یان دەگوترێت دوبارەبونەوە "کردەیەکی زمانییە بە هۆیەوە دانەیێکی وەک (وشە – مۆرفیم – برگە) دوبارەئەکرێتەوە بۆ داڕشتنی وشەی تر بۆ (دەربڕینی واتای تر) یا بۆ (جێبەجێ کردنی ئەرکێکی ڕێزمانی"(ئەمین، ٢٠٠٨: ٥١). یان مەبەست لەم پرۆسەیە ئەوەیە، "کە وشەکە بەتەواوی یان بەشێک لە وشەکە دووبارەدەبێتەوە، بەو پێیەش دووبارەبووەکە یان دووهێندکراوەکە سەر بە هەمان پۆلەڕەگەز دەبێت بەوەش دروستەکەی (X + X) دەبێت"(عبدالرحمن، ٢٠٢٢: ٦٥).

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کەوا جیاوازی پرۆسەی دوبارەبونەوە لەگەڵ لێکداندا لەوەدایە، کەوا لە لێکداندا دو بنکەی جیاواز بە دو چەمکی جیاواز لێکدەدرێن، کە دەشێت دو بنکەکە خاوەنی دو بەشەئاخاوتنی وەکویەک یان جیاوازیش بن، بەڵام لە دوبارەبونەوەدا یەک بنکە وەکو خۆی یان بە بەشێک دەستکارییەوە دوبارەدەبێتەوە(حمد، ٢٠١٤: ٧٣؛ خالد، ٢٠٢١، ٦٢).

لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا پرۆسەی دوبارەبونەوەی تەواو، یان دوبارەبونەوەی ناتەواو، لە جۆری پێشگری، پاشگری و ناوگری بونی هەیە، کە تێیاندا گیرەکی زیادکراو(گیرەکی دوبارە) شێوە و فۆرمێکی جێگیری نییە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری شێوەی بنکەکەوە( Spencer, 1997: 13; Trask, 1997: 184). لە بەرهەم و توێژینەوە جیاجیاکاندا نمونەیەکی زۆر لە زمانە جۆراوجۆرەکان باسکراون، کە ئەو چەمکە جۆراوجۆرانە دەردەخەن، کە بە یارمەتی پرۆسەی دوبارەبونەوە لە زمانەکاندا دەردەبڕدرێن، چ لە دروستکردنی وشەی نوێ چ لە گەردانکردن(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٦).

لە زمانی کوردیدا گەلێک جۆری دوبارەبونەوە هەیە و هەر جۆرەش چەمکی سیمانتیکی تایبەتی خۆی و یاسای خۆی هەیە بۆ داڕشتنی، کە بریتین لە چەمک و واتای ئێجگار و زۆر و بەتەواوی، وەک [پڕپڕ]؛ واتای هەڵبژاردنی جۆر و جیاکردنەوە، وەک [درشتدرشت]؛ واتای جۆر و شێوەی ئەنجامدان، وەک [زوزو]؛ واتای دەستە و کۆمەڵ و بەشداری، وەک [پۆلپۆل]؛ واتای خەسڵەت و شێوە وەک [ڕێڕێ]؛ واتای هەر خولەی جارێک، وەک [ساڵساڵ، مانگمانگ]؛ واتای ئەوپەڕی شوێنەکە، وەک [پێشپێشەوە، پشتپشتەوە]؛ واتای گوێزانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر [دەستاودەست، دەماودەم] (ئەمین، ٢٠٠٨: ٥٣ – ٥٥).

لە زمانی فارسیدا پرۆسەی دوبارەکردنەوە زۆر بەرهەمدارە، هەروەها کار لەسەر پۆلە جۆراوجۆرەکان (ناو، کردار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار و ...تا.د) دەکات و چەمکەکانی وەک جەختکردنەوە، چڕی، زیادکردن، بەردەوامی، فرەیی و بێشوماری، یان ڕەگەز و جۆر بۆ بنکەکە زیاددەکات(شقاقی، ١٣٩٥: ٩٩). بێگومان هەندێکجار جگە لە گشتاندنی واتای بنکە، پۆلەکەشی دەگۆڕێت. لە زمانی کوردی و فارسیدا پرۆسەی دوبارەبونەوە بەسەر جۆرە جیاوازەکاندا دابەشدەکرێت: دوبارەبونەوەی تەواو، دوبارەبونەوەی دەنگدانەوەیی و دوبارەبونەوەی ناتەواو(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٦؛ خالد، ٢٠٢١: ٦١ – ٦٢).

## ١-١/٣) دوبارەبونەوەی تەواو لە زمانی کوردی و فارسیدا

ئەم جۆرە دوبارەبونەوەیە کە بنکە بەتەواوی دوبارەدەبێتەوە و پێشیدەگوترێت لێکدراوی دوبارەبووەوە(شقاقی، ١٣٩٥: ٩٩). خۆی دو جۆری جیاوازی هەیە:

### ١-١-١/٣) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادنەکراو

هەروەکو لە ناوەکەی ڕا دیارە، تەنها بە دوبارەبونەوەی بنکە دروستدەبێت(هەمان سەرچاوە: ٩٩)، واتە لەم جۆرەی دوبارەبونەوەی تەواودا، بنکە وەکو خۆی دوبارەدەبێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ پێکهێنەرێکی بۆ زیادبکرێت یان لێی لاببرێت، وەک وشەکانی [دەستەدەستە، دەمدەم، چاوچاو، پڕپڕ، کەمکەم، وردەوردە، تێرتێر، گەشگەش، زوزو، پاکپاک، لەتلەت، یەکیەک، پۆلپۆل، ساڵساڵ، مانگمانگ و ...تا.د] لە زمانی کوردیدا.

١) [[دەستە]ناو + [دەستە]ناو]ئاوەڵکار = دەستەدەستەئاوەڵکار

٢) [[ڕێ]ناو + [ڕێ]ناو]ئاوەڵنار = ڕێڕێئاوەڵنار

٣) [[یەک]ژمارە + [یەک]ژمارە]ئاوەڵکار = یەکیەکئاوەڵکار

٤) [[زو]ئاوەڵکار + [زو]ئاوەڵکار]ئاوەڵکار = زوزوئاوەڵکار

وەک وشەکانی [تکەتکە، راەراە، خالخال، دستەدستە، ذرەذرە، پرسانپرسان، آرامآرام، دولادولا، سوسو، شرشر، آخآخ، بەبە، واەواە، یکیک، چهارچهار و ...تا.د] لە زمانی فارسیدا، وەک لە نمونەکانەوە ڕونە، ڕەنگە بنکە لەم وشە دوبارەبووانەدا بۆ پۆلە جیاوازەکانی وەک ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار، ناوی دەنگی یان دەنگ، تەنانەت ڕستەش بەکاربێت، و وشەی دوبارەبووەوەی

بەرهەمهاتوش دەتوانێت هەمان پۆلی بنکەی هەبێت. وەک [سو(اسم) ←سوسو(اسم)، پارە(صفت) ←پارەپارە(صفت)، نق(صوت) ←نقنق (صوت))، و یان ڕەنگە پۆلەکەی لە پۆلی وشەی بنەڕەتی جیاواز بێت، وەک [خال(اسم) ← خالخال(صفت)، مشت (اسم) ←مشتمشت(ئاوەڵکار) و هاوشێوەکانی ئەوانە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٦ – ١١٧).

٥) [[راە]$_{\text{اسم}}$ + [راە]$_{\text{اسم}}$]$_{\text{صفت}}$= راەراە$_{\text{صفت}}$

٦) [[سو]$_{\text{اسم}}$ + [سو]$_{\text{اسم}}$]$_{\text{اسم}}$= سوسو$_{\text{اسم}}$

٧) [[مشت]$_{\text{اسم}}$ + [مشت]$_{\text{اسم}}$]$_{\text{قيد}}$ = مشتمشت$_{\text{قيد}}$

بەو پێیەی ئەم جۆرە وشە دوبارەبووانە زۆر لە وشەی لێکدراو دەچن، بەم جیاوازییەی کە هەردو پێکهێنەرەکە لە ڕاستیدا لە دروستبونیاندا وەک یەکن، هەروەها پێشیاندەگوترێت وشەی دوبارەبووەوەی لێکدراو(شقاقی، ١٣٩٥: ٩٩).

## ١/٣-١-٢) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراو


لەم جۆرەدا لەبەرئەوەی کە دو بنکەی دوبارەبووەوە و مۆرفیمێکی زیادە لە دروستبونیدا ئامادەیی هەیە، کە لەنێوان هەردو بنکەکە، یان لەدوای بنکەی دووەم دەردەکەوێت(هەمان سەرچاوە: ٩٩)، واتە دوبارەکردنەوەی زیادکراوی تەواو ئەوەیە، کە لەگەڵ وشە دوبارەبووەوەکەدا زیادەیەک دەبینرێت، واتە هەندێجار وشە دوبارەبووەوەکان پێویستیان بە مۆرفیمێکی تر دەبێت، کە دەشێت لەناوەڕاستی هەردوکیان، یان لە کۆتایی کەرتی دووەم بێت(حمد، ٢٠١٤: ٧٤). بۆیە بەپێی شوێنی دەرکەوتنی ئەم مۆرفیمە زیادەیە پرۆسەی دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراو بۆ دو جۆر دابەشدەبێت:

### ١/٣-١-٢-١) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی نێوانی


لەم جۆرە دوبارەبونەوەدا، جگە لە دوبارەبونەوەی بنکە، توخمێکی دیکە لە نێوان دو بنکەکەدا زیاددەکرێت، لە زمانی کوردیدا وەک [دەستاودەست، ماڵەوماڵ، بانەوبان، ڕۆژبەڕۆژ، ساڵبەساڵ، دەستبەدەست، شاربەشار، سەرانسەر، دەرواندەور، لێوانلێو، ملچەملچ، ناڵەناڵ، ژاوەژاو، دەنگەدەنگ، خشەخش و ...تا.د]، هەروەکو لە نمونەکاندا دیارە ئەم مۆرفیمانەی کە وەکو زیادەیەک

لە ناوەڕاست بەکارهاتون و ڕۆڵی مۆرفیمی لێکدەر دەبینن، بریتین لە مۆرفیمەکانی [-او-، -ەو-، -بە-، -تا-، -ان-، -و-، -ە-]. ئەوەی لەم نمونانەی سەرەوەدا بەدیدەکرێت، ئەوەیە، کە هەمو ئەو پێکهاتانەی کە بەهۆی زیادەی ناوەڕاستەوە دروستبون، بە جۆرێک لە جۆرەکان واتای دوبارەبونەوە و بەردەوامییان تێدایە، جا ئەو بەردەوامییە لە جوڵە یان ئاڕاستە یان دەنگدا بێت(خالد، ٢٠٢١: ١٠٦).


دەکرێت ئەوەش بگوترێت، کەوا لە زمانی کوردیدا وشەمان هەیە لە ڕێگەی ئەم جۆرە دوبارەبونەوەیە دروستدەبێت، لە ڕێگەی دوبارەکردنەوەی ناوی دەنگی سروشتییەوە، کە بە یەکێک لە ڕێگا بەرهەمهێنەکان دادەنرێت بۆ بەرهەمهێنانی وشەی دوبارەبووەوەی تەواوی زیادکراوی نێوانی(عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ١٦٣)، وەک [قیڕەقیڕ، مرچەمرچ، مشەمش، هاژەهاژ، گرمەگرم، جیڕەجیڕ، بۆڵەبۆڵ، مینگەمینگ و ...تا.د].





هێڵکاری (٣-١) ڕۆنانی وشەی [ماڵەوماڵ]




هێڵکاری (٣-٢) ڕۆنانی وشەی [شاربەشار]





هێڵکاری (٣-٣) ڕۆنانی وشەی [سەرانسەر]





هێڵکاری (٣-٤) ڕۆنانی وشەی [پانوپان]


له زمانی فارسیدا وەک ئامرازی خستنەسەرەکانی [به، تا، اندر، در، تو]؛ دواگری [-و-] و ناوەندگیری [-ا-](سامعی، ١٣٩٨: ١٠٦ – ١٠٧)، لە وشەکانی وەک [روزبەروز، تکبەتک و گامبەگام]؛ [سرتاسر و گوشتاگوش]؛ [دستدردست، رودررو و پیچدرپیچ، صددرصد]؛ [شیرتوشیر، شاختاشاخ و دورتادور]؛ [زار(و)زار، فرت(و)فرت و هن(و)هن] و [رنگارنگ، پیشاپیش، رویارو و دوشادوش].





هێڵکاری (٣-٥) ڕۆنانی وشەی [پیشاپیش]




هێڵکاری (٣-٦) ڕۆنانی وشەی [روزبەروز]




هێڵکاری (٣-٧) ڕۆنانی وشەی [سرتاسر]





هێڵکاری (٣-٨) ڕۆنانی وشەی [شاخ‌تاشاخ]


### ٢-٢-١-١/٣) دوبارەکردنەوەی تەواوی زیادکراوی کۆتایی

زۆرجار ئەو وشانەی کەوا لە ڕێگای پڕۆسەی دوبارەبونەوەوە دروستبونە جگە لە دوبارەبونەوەی بنکەکە مۆرفیمێکی تریش لە شێوەی پاشگر لەدوای بنکەکەدا، واتە کۆتایی کەرتی دووەم دێت(حمد، ٢٠١٤: ٧٤). واتە لەم دەستە وشە دوبارەبووەوەدا، جگە لە دوبارەبونەوەی بنکە، گیرەکێکی داڕشتنیش لە کۆتایی وشە دوبارەبووەوەکەدا هەیە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٧)، هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئەم وشانە دوبارەبووەوەی داڕێژراویشیان پێدەگوترێت(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٠).


لە زمانی کوردیدا وەک [کڵاوکڵاوێن، خاڵخاڵۆکە، پیسپیسۆکە، فڕفڕۆکە، گوڵگوڵی، پێشپێشەوە، پشتپشتەوە و ...تا.د]، هەروەکو لە نمونەکاندا دیارە ئەم مۆرفیمانەی کە وەکو زیادەیەک لە کۆتایی بەکارهاتون و ڕۆڵی پاشگر دەبینن، بریتین لە مۆرفیمەکانی [-ێن، -ۆکە، -ی، -ەوە] کە دەکرێت بگوترێت، پرۆسەکانی دوبارەکردنەوە و لێکدان و داڕشتن بەشدارییان کردووە، بەڵام زیاتر بە پرۆسەی دوبارەکردنەوە ناوی ڕۆیشتووە، چونکە لە هەموویان زاڵترە.





هێڵکاری (٣-٩) ڕۆنانی وشەی [کڵاوکڵاوێن]




هێڵکاری (٣-١٠) ڕۆنانی وشەی [خاڵخاڵۆکە]





هێڵکاری (٣-١١) ڕۆنانی وشەی [گوڵگوڵی]





هێڵکاری (٣-١٢) ڕۆنانی وشەی [پشتپشتەوە]


له زمانی فارسیدا وەک [بادبادک، نمنمک و جیرجیرک]؛ [زورزورکی، هولهولکی و زیزیرکی]؛ [خوشخوشان و لرزلرزان]؛ [لۆلقو، جیغجیغو و غرغرو] و [چلچله، سرسره و بدبده]؛ هەروەکو له نمونەکاندا دیاره ئەم مۆڕفیمانەی که وەکو زیادەیەک له کۆتایی بەکارهاتون و ڕۆڵی پاشگر دەبینن، بریتین له مۆڕفیمەکانی [- ک، - کی، - ان، - و، - ـه].





هێڵکاری (٣-١٣) ڕۆنانی وشەی [بادبادک]





هێڵکاری (٣-١٤) ڕۆنانی وشەی [زورزورکی]




هێڵکاری (٣-١٥) ڕۆنانی وشەی [خوشخوشان]




هێڵکاری (٣-١٦) ڕۆنانی وشەی [غرغرو]




هێڵکاری (٣-١٧) ڕۆنانی وشەی [چلچلە]

ئەم پرۆسەیە، واتە پرۆسەی دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراو بۆ دو جۆری تریش دابەشدەبێت: ئەوانیش بریتین لە هەرەمی و ناهەرەمی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا کاتێک وشەیەکی نوێ لە زماندا بە پرۆسەی دوبارەبونەوە بەرهەمدێت، ئەوا هەندێکجار لەگەڵ دوبارەبونەوەکە زیادەیەکیش لەگەڵ وشە دوبارەبووەکە دەردەکەوێت جا هاتنی ئەم زیادەیە یان بە شێوەی هەرەمی و هەنگابەهەنگاو دەبێت یان بە شێوەی ناهەمەرەمی و یەکهەنگاوی دەبێت(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٠).

## ٣/١-١-٢-٣) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی هەرەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا

کاتێک وشەیەک بە پرۆسەی دوبارەبونەوەدا بەرهەمدێت و دواتر گیرەکێک بۆ وشە نوێیەکە زیاددەبێت، ئەوا ئەم گیرەکە یان لە ناوەراستی وشەکە یان لە دواوەی وشەکەدا زیاددەبێت(حمد، ٢٠١٤: ٧٤). لەبەرئەوەی کەوا ئەم پرۆسەیەش لە دو کاتی جیاوازدا ڕویانداوە، بۆیە دوبارەبونەوەکە و زیادەکە دەبن بە دوبارەبونەوەیەکی هەرەمی و هەنگاوبەهەنگاو.


## ٣/١-١-٢-٣-١) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی هەرەمی لە زمانی کوردیدا

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک وشەی دوبارەبووەوەی هەرەمیمان هەیە، وەک [پشتاوپشت، گڤەگڤ، هاژەهاژ، لورەلور، خورەخور، تەپەتەپ، بۆڵەبۆڵ، فشەفش و ...تا.د].

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر ئەگەر سەیری وشەی دوبارەبووەوەی [گڤەگڤ] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی هەرەمی هەیە، چونکە وشەی [گڤەگڤ]، لە دو مۆرفیمی فەرهەنگی سەربەخۆی [گڤ] و [گڤ] کە دوبارەبۆتەوە و مۆرفیمێکی لێکدەری [-ە-] دروستبووە، واتە لە یەکەم هەنگاودا وشەی (گڤە) دروستبووە، کە وشەیەکی واتادارە و لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەیە، بۆیە لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە بەم جۆرە وشانە دەگوترێت (دوبارەبووەوەی تەواوی زیادکراوی هەرەمی)، ئەم جۆرە وشەیە ڕۆنان و پێکهاتەیەکی یەک لە دوای یەک و هەرەمی هەیە و بەشە پێکهێنەرەکانی ئەم وشەیە بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەنەتیشتیەکەوە ڕیزکراون، واتە لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە، مۆرفیمەکان، وەک وشەکان، لە ڕێگای یاسا ڕستەسازییەکانەوە بە شێوەیەکی یەک لەدوای یەک و هەرەمی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بۆ ئەوەی وشەیەکی نوێ دروستبکەن، کەواتە دەکرێت بگوترێت ئەم جۆرە وشانە لەگەڵ تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا گونجاون.


لە هەنگاوی یەکەمدا مۆرفیمی [گڤ] کە ناوە لەگەڵ مۆرفیمی [ە] بەیەکەوە دەلکێنرێن و وشەی [گڤە] دروستدەکەن و لە هەنگاوی دواتردا مۆرفیمی [گڤ] دوبارەدەبێتەوە و وشەی [گڤەگڤ] کە وشەیەکی دوبارەبووەوەی تەواوی زیادکراوە دروستدەبێت.

کاتێک نمونەکان بە ڕێگای هێڵکاری درەختی شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:





هێڵکاری (٣-١٨) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [گڤەگڤ]

وشەکانی وەک [گەرماوگەرم] و [تەپەتەپ]یش بە هەمان شێوەی وشەی [گڤەگڤ] شیدەکرێنەوە و پێکهاتەیەکی هەرەمییان هەیە، واتە هەنگاوبەهەنگاو دروستبون:




هێڵکاری (٣-١٩) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [لورەلور]




هێڵکاری (٣-٢٠) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [بۆڵەبۆڵ]

بەپێی ئەو نمونانەی کە وەرگیراون لەگەڵ ئەو توێژینەوانەی کەوا لە بەردەستدابون، ئەوەی تێبینی دەکرێت، شێوازی دروستبونی زۆربەی وشە دوبارەبووەوە تەواوە زیادکراوە هەرەمییەکان لە زمانی کوردیدا بریتییە لە دوبارەبونەوەی بنکەکە وەکو خۆی لەگەڵ هەبونی مۆرفیمێکی لێکدەرێک، وەک لە شیکردنەوەی وشەی [گڤەگڤ، لورەلور و بۆڵەبۆڵ]دا لە سەرەوە ڕونمانکردەوە.


## ٣/١-١-٢-٣-٢) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی هەرەمی لە زمانی فارسیدا

لە زمانی فارسیدا کۆمەڵێک وشەی دوبارەبووەوەی هەرەمیمان هەیە، وەک [پیچپیچی، بالابالایی و فشفشه و ...هتد].

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر ئەگەر سەیری وشەی لێکدراویدارێژراوی [پیچپیچی] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی هەرەمی هەیە، چونکە وشەی [پیچپیچی] لە دو مۆرفیمی فەرهەنگی سەربەخۆی [پیچ] و [پیچ] و مۆرفیمێکی دارشتنی [-ی] دروستبووە، بۆیە لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە بەم جۆرە وشانە دەگوترێت دوبارەبووەوەی تەواوی زیادکراوی هەرەمی، ئەم جۆرە وشەیە ڕۆنان و پێکهاتەیەکی یەک لە دوای یەک و هەرەمی هەیە و بەشە پێکهێنەرەکانی ئەم وشەیە بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەنەتیشت یەکەوە ڕیزکراون، واتە لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە، مۆرفیمەکان، وەک وشەکان، لە ڕێگای یاسا ڕستەسازییەکانەوە بە شێوەیەکی یەک لەدوای یەک و هەرەمی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە بۆ ئەوەی وشەیەکی نوێ دروستبکەن، کەواتە دەکرێت بگوترێت ئەم جۆرە وشانە لەگەڵ تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە گونجاون(اسلامی پور و دیگران، ١٣٩٥: ٤).


له هەنگاوی یەکەم مۆرفیمی [پیچ] کە ناوە لەگەڵ مۆرفیمی [پیچ] کە دوبارەبووەوەی وشەبناغەکەیە، بەیەکەوە دەلکێنرێن و وشەی دوبارەبووەوەی [پیچپیچ] دروستدەکەن کە واتایەکی سەربەخۆی هەیە و لە فەرهەنگی زمانی فارسیدا هەیە، لە هەنگاوی دواتردا مۆرفیمێکی دارشتن و بەستنەوەی [ـی] بۆی زیاددەکرێت و وشەی [پیچپیچی] کە وشەیەکی دوبارەبووەوەی تەواوی زیادکراوە دروستدەبێت.

کاتێک نمونەکان بە ڕێگای هێڵکاری درەختی شیدەکەینەوە، ئەو ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:




هێڵکاری (٣-٢١) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [پیچپیچی]

وشەیەکی وەکو [فشفشە]ش بە هەمان شێوەی وشەی [پیچپیچی] شیدەکرێتەوە و پێکهاتەیەکی هەرەمی هەیە و هەنگاوبەهەنگاو دروستبووە:




هێڵکاری (٣-٢٢) ڕۆنانی هەرەمی وشەی [فشفشە]

بەپێی ئەو نمونانەی، کە وەرگیراون، ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە شێوازی دروستبونی زۆربەی وشە دوبارەبووەوە تەواوە زیادکراوە هەرەمییەکان لە زمانی فارسیدا بریتییە لە دوبارەبونەوەی مۆرفیمی بنکە وەکو خۆی لەگەڵ هەبونی پاشگرێک. وەک لە شیکردنەوەی وشەی [پیچپیچی، بالابالایی و فشفشە]دا لە سەرەوە ڕونمانکردەوە.


## ۱/۳-۱-۲-٤) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی ناهەرەمی لە زمانی کوردی و فارسیدا

جۆرێکی تری پرۆسەی دوبارەبونەوە، پرۆسەی دوبارەبونەوەی ناهەرەمییە، واتە کاتێک "پرۆسەی دوبارەبونەوە بە یارمەتیی زیادەیەک ڕودەدات، واتە لەگەڵ پرۆسەی دوبارەبونەوە کەرەستەیەکی تریش بۆ وشەکە زیاددەکرێت، ئەو زیادەیەش هاوشان لەگەڵ دوبارەبونەوە لە یەک کاتدا دێتە ناو پرۆسەکەوە، واتە هەم دوبارەبونەوە هەمیش زیادەکە لە یەک کاتدا ڕودەدەن، بەم پرۆسەیەش دەگوترێت دوبارەبونەوەی ناهەرەمی"(خالد، ۲۰۲۱: ۱۰۳ – ۱۰۷).

### ۱/۳-۱-۲-٤-۱) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی ناهەرەمی لە زمانی کوردیدا


زمانی کوردی خاوەنی پێکهاتە و وشەی ناهەرەمییە(خالد، ۲۰۲۱: ۱۰۳ – ۱۰۷؛ عبدالرحمن، ۲۰۲۲: ٦٦ – ٦٨). وەک [دەستاودەست، ماڵەوماڵ، ڕۆژبەڕۆژ، شارتاشار، کڵاکڵاوێن، خشخشانێ، خاڵخاڵۆکە، جاڵجاڵۆکە، گوڵگوڵی، خانەخانەیی، حەتحەتۆکە، قومقومۆکە، خڕخڕە، مژمژە، خشخشە، شەقشەقە].

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر ئەگەر سەیری وشەی دوبارەبووەوەی [جاڵجاڵۆکە] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی ناهەرەمی هەیە، چونکە ئەم وشەیە لە سێ مۆرفیمی [جاڵ]، [جاڵ] و [-ۆکە] پێکهاتووە. هەر سێ مۆرفیمەکە بەیەکجار و لە یەک کاتدا بەیەکەوە لکێنراون؛ چونکە لە وشەکانی " [[جاڵ] + [جاڵ]] > جاڵجاڵ، [[جاڵ] + -ۆکە] > جاڵۆکە، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە مۆرفیمەکان لەگەڵ یەکتری لێکدراون، لەبەرئەوە لێکدراوێکی وەک [جاڵجاڵ] یان [جاڵۆکە]مان لە زمانی کوردیدا نییە و بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. کە لە ڕێگای هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری (٣-٢٣) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [جاڵجاڵۆکە]

هەروەها ئەگەر سەیری وشەی دوبارەبووەوەی [مژمژە] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی ناهەڕەمی هەیە، چونکە ئەم وشەیە لە سێ مۆرفیمی [مژ]، [مژ] و [-ە] پێکهاتووە. هەر سێ مۆرفیمەکە بەیەکجار و لە یەک کاتدا بەیەکەوە لکێنراون؛ چونکە لە وشەکانی " [[مژ] + [مژ]] > مژمژ، [[مژ] + -ە] > مژە، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە مۆرفیمەکان لەگەڵ یەکتری لێکدراون، لەبەرئەوە لێکدراوێکی وەک [مژمژ] یان [مژە]مان لە زمانی کوردیدا نییە و بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. کە لە ڕێگای کەوانەی شکاوە و هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:





هێڵکاری (٣-٢٤) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [مژمژە]

### ٣/١-١-٢-٤-٢) دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی ناهەڕەمی لە زمانی فارسیدا


زمانی فارسی خاوەنی وشەیەکی زۆری دوبارەبووەوەی ناهەڕەمییە(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٠ – ١٠١) وەک لە زمانی فارسیدا کۆمەڵێک وشەی دوبارەبووەوەمان هەیە کە پێکهاتەیەکی ناهەڕەمییان هەیە، بۆ نمونە وشەکانی وەک [دمدمی، لرزلرزان، زیرزیرکی و بادبادک].

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر ئەگەر سەیری وشەی دوبارەبووەوەی [لرزلرزان] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی ناهەڕەمی هەیە، چونکە ئەم وشەیە لە سێ مۆرفیمی [لرز]، [لرز] و [–ان] پێکهاتووە. هەر سێ مۆرفیمەکە بەیەکجار و لە یەک کاتدا بەیەکەوە لکێنراون؛ چونکە لە وشەکانی " [[لرز] + [لرز]] > لرزلرز، [[لرز] + –ان] > لرزان، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە مۆرفیمەکان لەگەڵ یەکتری لێکدراون، لەبەرئەوە لێکدراوێکی وەک [لرزلرز] یان [لرزان]مان لە زمانی فارسیدا نییە و بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. کە لە ڕێگای کەوانەی شکاوە و هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری (٣–٢٥) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [لرزلرزان]

ئەگەر سەیری وشەی دوبارەبووەوەی [بادبادک] بکەین، دەبینین پێکهاتەیەکی ناهەڕەمی هەیە، چونکە ئەم وشەیە لە سێ مۆرفیمی [باد]، [باد] و [–ک] پێکهاتووە. هەر سێ مۆرفیمەکە بەیەکجار و لە یەک کاتدا بەیەکەوە لکێنراون؛ چونکە لە وشەکانی " [[باد] + [باد]] > بادباد، [[باد] + –ک] > بادک، نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە مۆرفیمەکان لەگەڵ یەکتری لێکدراون، لەبەرئەوە لێکدراوێکی وەک [بادباد] یان [بادک]مان لە زمانی فارسیدا نییە و بەکارناهێنرێن لە زماندا و وشەیەک بەرهەمناهێنن، کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆماربکرێت. کە لە ڕێگای کەوانەی شکاوە و هێڵکاریی درەختییەوە ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری (٣–٢٦) ڕۆنانی ناهەڕەمی وشەی [بادبادک]

هەروەها لە کۆتاییدا دەکرێت بگوترێت، بە پێی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و فارسی، لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە، مۆرفیمەکان بە شێوەیەکی هەنگاوبەهەنگاو یان بەیەکجار ڕێزدەبن و وشەی دوبارەبووەوەی هەرەمی و ناهەرەمی دروستدەکەن، وەک وشەی دوبارەبووەوەی هەرەمیی [گڤەگڤ] لە زمانی کوردیدا و [پیچپیچی] لە زمانی فارسیدا، وشەی دوبابووەوەی ناهەرەمیی [جاڵجاڵۆکە] لە زمانی کوردیدا و [بادبادک] لە زمانی فارسیدا.

کەواتە پێی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و فارسی، لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە، مۆرفیمەکان بە شێوەیەکی هەنگاوبەهەنگاو یان بەیەکجار ڕیزدەبن و وشەی دوبارەبووەوەی تەواوی زیادکراوی هەرەمی و ناهەرەمی دروستدەکەن.

## ٢-١/٣) دوبارەبونەوەی ناتەواو لە زمانی کوردی و فارسیدا

لە دوبارەبونەوەی ناتەواودا لە شوێنی ئەوەی کە تەواوی بنکەکە دوبارەبێتەوە، تەنها بەشێک لە بنکەکە دوبارەدەبێتەوە، بەشی دوبارەبووەوە بە هۆکاری ئەوەی کە خودی خۆی سەربەخۆ نییە و واتای نییە، بۆیە هیچ کاتێک بەتەنها بەکارناهێنرێت و هەمیشە پێویستی بە بنکەیەکە، ناودەبرێت بە گیرەکی دوبارەبووەوە(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٠–١٠١). واتە لەم جۆرەی دوبارەبونەوەدا بەشێکی بنکەکە لەگەڵ گیرەکی دوبارەبووەوە دوبارەدەبێتەوە، جا بەشە دوبارەبووەکە لەپێشەوە یان لەدواوەی بنکەوە بێت.

لە زمانی کوردی و فارسیدا دو جۆر دوبارەبونەوەی ناتەواو هەیە. لەم وشانەدا، گیرەکی دوبارەبووەوە لەسەر بنەمای بنکە، فۆرمێکی جیاوازی هەیە:

### ١-٢-١/٣) دوبارەبونەوەی ناتەواوی پێشگری

بە سێ شێوە دروستدەکرێت: ١)لەم شێوەیەدا بەشێک لە بنکە پێش خۆی دوبارەدەبێتەوە، بۆیە پێشگری دوبارەبووەوە شێوەی بنکەی هەیە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٧)، واتە فۆنیمی کۆتایی بنکە کەمکراوەتەوە و لابراوە، بە شێوەی [الک، مز و نا] هاتووە، لەپێش بنکە دانراوە و وشەکانی وەک [مزمزە، الکالکی، ناناز]ی لە زمانی فارسیدا دروستکردووە(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠١). ٢)تەنها کۆنسنانتی سەرەتا وەکو [ک] یان کۆنسۆنانت و ڤاوڵی سەرەتا وەک [پـَ -] و [چـَ -] لە بنکە دوبارەدەبێتەوە و بە شێوەیەکی بەشی هاوشێوەیی یان ناهاوشێوەیی لەپێش بنکەکە دێت،

وەک [کت(و)کلفت، پت‌وپهن] لە زمانی فارسیدا. ٣) تەنها کۆنسۆنانتی سەرەتا گۆڕانی بەسەردادێت، وەکو [همزه، چـ و ش] و گیرەکی دوبارەبووەوە [آش–، چرت– و شر–] لەپێش بنکەوە دێن و وشە دوبارەبووەوەکانی [آش‌ولاش، چرت‌وپرت و شروور] لە زمانی فارسیدا دروستدەکەن(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠١).

لە زمانی کوردیشدا لە هەندێک نمونەدا کۆنسۆنانتی سەرەتا گۆڕانی بەسەردادێت، وەکو [ج] و گیرەکی دوبارەبووەوە [جرت–، جلق–] لەپێش بنکەوە دێن و وشە دوبارەبووەوەکانی [جرت و فرت، جلق و فلق] دروستدەکەن(عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ١٦٨).

دەکرێت بگوترێت بەکارهێنانی پاشگری [–و] لەم پێکهاتانەدا ئارەزومەندانەیە. هۆکاری ئەوەی، کە پێشگرێک بە بەشێک لە وشەیەکی دوبارەبووەوە دادەنرێت، بێواتابونیەتی و ئەو ڕاستییەیە کە جۆرێک لە دوبارەبونەوەی فۆنێتیکی بنکە تێیدا بەدیدەکرێت(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠١ – ١٠٢).

## ١/٣–٢–٢) دوبارەبونەوەی ناتەواوی پاشگری

ئەم جۆرە زۆر بەبەرهەمە و بۆ پۆلسازی لە زماندا بەکاردێت. کە تێیدا بەشێک لە بنکە لە کۆتایی ئەو وشەیەدا زیاددەکرێت، وەک وشەکانی [شەڕوشۆڕ، پان‌وپۆڕ، قاچ‌وقول، ئێسک‌وپروسک، دزی‌وفزی و ...هتد] لە زمانی کوردیدا و وشەکانی [پرت‌وپلا، جوش‌وجلا، زخم‌وزیلی، پشم‌وپیلی، قرض‌وقوله، گداگودوله، لەولورده، و یان وشەکانی هارت‌وپورت و خوش‌وبش و ...هتد] لە زمانی فارسیدا. لەم جۆرە وشانەدا، بەشی دووەم هەمیشە فۆڕمێکی جێگیری هەیە؛ بە واتایەکی تر ئەم پێکهاتانە هەمویان بونەتە وشەیەکی ئیدیۆماتیکی و فەرهەنگی. ئەوەی هەمو ئەم وشانە دەخاتە ناو کۆمەڵەی دوبارەبونەوەی ناتەواوی پاشگرییەوە، بێواتابونی بەشی دووەمی ئەو وشانەیە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٧).

کەواتە دوای ئەوەی کەوا باسمان لە دوبارەبونەوەی ناتەواوی پێشگری و پاشگری کرد بە پێی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و فارسی، لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە، ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە تەنها بەشێک لە مۆرفیمی بنکە دوبارەدەبێتەوە، بە هۆکاری ئەوەی کە مۆرفیمە دوبارەبووەوەکە خودی خۆی سەربەخۆ نییە و واتای نییە، بۆیە هیچ کاتێک بەتەنها بەکارناهێنرێت و هەمیشە پێویستی بە بنکەیەکە، ناودەبرێت بە گیرەکی دوبارەبووەوە. بەشە دوبارەبووەوەکەش یان لەپێشەوەیە بنکەیە و پێی دەگوترێت دوبارەبونەوەی ناتەواوی پێشگری، یان لەدواوەی بنکەیە و پێی دەگوترێت دوبارەبونەوەی ناتەواوی پاشگری.

### ٣-١/٣) دوبارەبونەوەی دەنگدانەوەیی(شێوەیی دەنگی) لە زمانی کوردی و فارسیدا

جۆرێکی تری پرۆسەی دوبارەبونەوە کە لە زمانی کوردی و فارسیدا هەیە، دوبارەبونەوەی دەنگدانەوەییە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکانی دوبارەبونەوەی ناتەواو دادەنرێت. لە دوبارەبونەوەی دەنگدانەوەدا، گیرەکی دوبارەبووەوە هەمیشە هاوشێوەی بنکەکەیە، بەڵام بێواتایە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٨).

ئەم جۆرە دوبارەبونەوەیە لە زمانی کوردیدا بەرچاودەکەوێت(خالد، ٢٠٢١، ٦٢)، کە دەنگێک یان زیاتر لە دەنگێک بە دەنگێکی تر دەگۆڕێت. وەک [گوڵ و موڵ، پارە و مارە، کتێب و متێب، تەختەومەختە، کرێ و مرێ، ترێ و مرێ]، لەم نمونانەدا گۆڕان لە دەنگی سەرەتادا دروستبووە، واتە دەنگی سەرەتای بنکەکە بۆ دەنگێکی تر گۆڕاوە، بەمەش پرۆسەی دوبارەبونەوە دروستبووە، واتە بنکە وەکو خۆی دوبارەدەبێتەوە تەنها کۆنسنانتی سەرەتا نەبێت بۆ کۆنسنانتی (م) دەگۆڕێت. هەر یەک لە [موڵ، مارە، متێب، مەختە و مرێ] "وشەن و واتایان دەخرێتەپاڵ بەپێی ژینگەکەیان و یاساش بۆ داڕشتنیان هەیە، هەروەها ئەم وشانە ئەگەر لە چوارچێوەی وشە دوبارەبووەکەدا دەربهێندرێن، هیچ جۆرە چەمک و واتایەکیان نامێنێت و ناشێ بخرێنە ناو فەرهەنگەوە"(ئەمین، ٢٠٠٨: ٥١ – ٥٢).

کەواتە یاسای داڕشتنی ئەم وشە دوبارەبووانە بریتییە لە دوبارەکردنەوەی بنکە بە گۆڕینی دەنگی یەکەمی بە (م) و لێکدانی لەگەڵ بنکەی پێش خۆی بە ئامرازی بەستنی (و).

ناو + و + ناو(مەبەستی فراوانکردنی واتایی و گرتنەوەی شتی تر دەگەیەنێت)، وەک [چیاومیا، ژورومور، پیازومیاز، هەژارومەژار، بەڕوومەڕو]، بەڵام لە وشەی دوبارەبووەوەی دەنگدانەوەیی [داروبار]دا کۆنسۆنانتی سەرەتای بنکە بۆ کۆنسنانتی (ب) گۆڕاوە.

لە زمانی فارسیدا لەم شێوازەی دوبارەکردنەوەدا، بنکە لەگەڵ گۆڕانکاری لە کۆنسنانتی سەرەتایی یان ڤاوڵەکانیان (هەندێکجار تەنانەت تەنها لە یەک تایبەتمەندیی فۆنەتیکیدا) لە گیرەکە دوبارەبووەوەکەدا دوبارەدەبێتەوە. هەرچەندە لەم جۆرە دوبارەبونەوەدا، گیرەکی دوبارەبووەوە خۆی بێواتایە، بەگشتی واتایەکی تایبەت بۆ بنکەکە زیاددەکات، ئەمەش وا دەکات واتای وشەی دوبارەبووەوە لە بنکەکە جیاوازبێت(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٧ – ١١٨). لە نمونەکانی ئەمجۆرە دوبارەبونەوەدا دەتوانین ئاماژە بە وشەکانی وەک [عزوجز، آلاخونوالاخون، و آتلوباطل (کە لە

جۆری دوبارەبونەوەی دەنگدانەوەیی پێشگرین)، و وشەکانی [غلط(و)غولوط، چالەچولە، تکوتوک، ملچوملوچ، ... و یان وشەکانی [کتابمتاب، پولمول، میوەپیوە، چرندپرند، خرتوپرت، مسوتس، دنگوفنگ، اخموتخم] ...بکەین. (کە هەمویان لە جۆری دوبارەبونەوەی دەنگدانەوەیی پاشگرین). لە وشە دوبارەبووەوە دەنگدانەوەییە پاشگرییەکان زۆرجار واتای لەم جۆرە یان هاوشێوەی ئەمە وەرگیراوە. واتە ئەم پاشگرانە ئەم دو واتایە بۆ بنکە زیاددەکەن(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٢). ئەم جۆرە دوبارەبونەوە لە زمانی فارسیدا زۆر بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت، تەنانەت لە حاڵەتی وشەی بیانی و وەرگیراوەکانیشدا، وەک لە وشەکانی [دکترمکتر، تئاترمئاتر، فوتبالموتبال] دەیبینین(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٨).

کەواتە بە پێی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و فارسی، لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە، جۆرێکی تری ڕیزبونی مۆرفیمەکان دەبینرێت، کە ئەویش بریتییە لە دوبارەبونەوەی  مۆرفیمی بنکە، بەڵام بە گۆڕان لە دەنگی سەرەتای مۆرفیمی بنکەدا، وشەی دوبارەبووەوەی دەنگدانەوەیی بەرهەمدێنن.

## ٢/٣) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی گۆڕین

زۆرێک لەو توێژینەوانەی، کە لەسەر بەشە جیاوازەکانی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و فارسیدا کراون، سەرنجیان لەسەر توخم و ڕەگەزەکانی دروستکەری وشە، واتە مۆرفیمەکانی زمانی کوردی و فارسی، وەکو قەدەکان، گیرەکە وشەدارێژەکان و وشەگەردانییەکان و نوسەکان بووە، هەروەها لە هەردو زمانەکەدا باس لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان کراوە. لەم توێژینەوەیەدا پشت بەو شتانە بەستراوە، کە لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا سەبارەت بە پرۆسەی گۆڕین باسکراون، پاشان لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا بەدواداچون بۆ پرۆسەی گۆڕین لە زمانی کوردی و فارسیدا کراوە.

یەکێک لەو بابەتانەی لە بواری مۆرفۆلۆژیدا توێژینەوەی تێدا دەکرێت، ئەو شێواز و میکانیزمانەیە کە قسەکەرانی زمان بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بەکاریدەهێنن تا بتوانن بە یارمەتی ئەم وشانە ئەو چەمکانە دەرببڕن، کە مەبەستیانە. لە زمانی کوردی و فارسیشدا پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی جۆراوجۆر بۆ دروستبونی وشە بەکاردەهێنرێت. لە نێو ئەمانەدا پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی گۆڕینە.

پرۆسەی گۆڕین یەکێکە لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی و پەیوەندی بەهێزی بە دیاردە مۆرفۆلۆژییەکانەوە هەیە، واتە تێکچرژانی یەکە مۆرفۆلۆژییەکان بەپێی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە، کە لە هەندێ لە زمانەکاندا، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، زۆر بەرهەمدارە و بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت، ماتیۆس گۆڕینی پۆلەکان وەک پرۆسەیەک دەناسێنێت، کە بەهۆیەوە یەکەیەکی فەرهەنگی سەر بە پۆلێکی ڕستەسازیی دیاریکراو، دەگۆڕێت بۆ یەکەیەکی تری فەرهەنگی، کە سەر بە پۆلێکی ڕستەسازی دیکەیە؛ بۆ نمونە، کرداری تێپەڕی ئینگلیزی cook لە ڕستەی (1a)دا دەبێتە کردارێکی تێنەپەڕ بە بەکارهێنانی پرۆسەی گۆڕینی پۆل وەک لە (1b)دا دیارە(Matthews, 1997: 76):

8) a- I am cooking dinner.

b- Dinner is cooking.

لە زمانی ئینگلیزیدا، هەندێکجار وشەکان بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی فۆڕمی لە ڕۆنانی ناوەوەی(تێکردە) بکرێت، دروست دەبن. بۆ نمونە وشەی [water] دەتوانێت هەم ناو و هەم کردار بێت، ئەم پرۆسەیە بە گۆڕینی پۆل ناسراوە.

9) To bottle the water.

10) Water the flowers.

لە ڕستەی (9)دا وشەی [water] بە واتای ئاو بەکارهێنراوە، کە ناوە، بەڵام لە ڕستەی (10)دا وشەی [water] بە واتای ئاودان وەکو کردار بەکارهێنراوە، کە ئەمە پۆلگۆڕینی ناوە بۆ کردار(کاتامبا و استونهام، ۱۳۹۱: ۹۲-۹۳).

هەروەها (کریستاڵ) گۆڕینی پۆل بە پرۆسەیەکی دروستکردنی وشە دەزانێت، کە تیایدا وشەیەک دەگۆڕێت بۆ پۆلێکی تری وشە، جەختی لەسەر نەبونی گیرەکلکاندن کردۆتەوە و نمونەی وەک گۆڕینی ناوی carpetی بۆ کردار و گۆڕینی کرداری یارمەتیدەری mustی بۆ ناو خستۆتەڕو، کە بە بۆچونی کریستاڵ دارشتنی سفر و گۆڕینی پۆلەکان یەک دیاردەن.

هەروەها بە بڕوای (بویی) گۆڕین پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی و دروستبونی وشەیە، کە تەنها بە گۆڕینی پۆلی وشەکە ڕودەدات. بۆیە بە پێچەوانەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی ترەوە، لە گۆڕیندا بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی وشەی دەرکردە، و تەنها بە گۆڕینی وەچەپۆلی ڕستەسازی، وشەی نوێ دروستدەبێت. ئەو ئاماژەی بەوە داوە کە لە زمانە هیندۆئەوروپاییەکان

گۆڕینی ناو بۆ کردار زۆر باوە، ئەم پرۆسەیە بەبێ پێویستییەکی ئاشکرا بە گیرەک ڕوودەدات، هەروەها پێشی دەوترێت گواستنەوەی شاراوە. لەنێوان کاریگەرییە مۆرفۆلۆژییە ناڕاستەوخۆکانی ئەم پرۆسەیەدا، دەتوانین ئاماژە بەو حاڵەتانە بکەین کە گۆڕانی پۆل لەگەڵ گۆڕانی شوێنی هێزدا دەبێت، وەک دارشتنی ناو لە کردار لە جوتە وشەکانی وەک convert(V)- --convert(N) لە زمانی ئینگلیزیدا، کە لە هەمان کاتدا لەگەڵ دارشتن، هێزیش لە کۆتا بڕگە لە کردارەکەدا بۆ بڕگەی یەکەم لە ناوەکەدا دەگوازرێتەوە و دەبێتە هۆی گۆڕینی وشەکە لە کردارەوە بۆ ناو[نوستن(کردار)، (نوستن)(ناو)][نجف‌آبادی، ۱۳۹۰: ٦٥).

قسەکەرانی زمانی کوردی و فارسی ئەم پرۆسەیە بۆ فراوانکردنی فەرهەنگی زمانەکەیان بەکاردەهێنن. لە پرۆسەی گۆڕیندا، پۆل و ئەرکی وشەکە بەبێ هیچ جۆرە زیادبونێک یان کەمبونەوەیەک لە پێکهاتەکەیدا دەگۆڕێت و وشەیەکی نوێ دروستدەبێت(شقاقی، ۱۳۹٥: ۱۰۳-۱۰٤)، کەواتە گۆڕین لە ڕاستیدا گۆڕینی ئەرکی وشەیە. واتە پرۆسەیەکە کە بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە فۆرمی وشەکەدا، پۆلە ڕستەسازییەکەی دەگۆڕدرێت، کەواتە پرۆسەی گۆڕین بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە، ئەم پرۆسەیەیە کە بەبێ وەرگرتنی هیچ زیادەیەک بۆ وشەیەک ڕوودەدات.

بۆ نمونە لە زمانی فارسی ئەگەر ئاوەڵناوێکی وەک [خوب] کە لە بنەڕەتدا لە فارسیدا ئاوەڵناوە، لەم ڕستەیەدا ڕۆلی ناوێک دەبینێت، بۆ نمونە لە ڕستەی "خوبان بە بهشت می روند."، کە وشەی [خوب] نیشانەی کۆی ڕێپێدانە، واتە لێرەدا ڕۆڵی ناوی بینیوە، پرۆسەی گۆڕان ڕویداوە. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە وشەیەک کە لە بنەڕەتدا ئاوەڵناو بێت، لە ڕستەیەکدا ڕۆڵی ئاوەڵکار ببینێت. وەک [تند]ئاوەڵناوە>[تند]ئاوەڵکارە، هەروەک دەبین لە ڕستەیەکی وەک (این غذا خیلی تند شده)، [تند] ئاوەڵناوە، بەڵام لە ڕستەی "مریم تند تایپ می کنە."، [تند] ئاوەڵکارە و بە واتای (باسرعت، سریع) دێت.

(kiefer: 2005) سێ پێوەر بۆ جیاکردنەوەی پرۆسەی گۆڕین دەخاتەڕو: پۆل(calss)، ئاڕاستە(direction)، و بەفەرهەنگبون(lexicalization). بەپشتبەستن بەم سێ پێوەرە، گۆڕین بە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی دادەنرێت، کە لەم پرۆسەیەدا وشەی سەر بە پۆلی (ا) دەتوانێت بگۆڕێت بۆ توخمێک لە پۆلی (ب)دا، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست نییە. وشەی گۆڕاو دەتوانرێت وەک هەر وشەیەکی دروستکراوی دیکە لە چوارچێوەی بەبەفەرهەنگبون دابندرێت.

پێوەری پۆل تێبینی ئەوە دەکات کە پڕۆسەی گۆڕین وەک پڕۆسەیەکی بەرهەمهێن و یاسامەند بۆ تاکە وشەیەک بەکارناهێنرێت، بەڵکو بۆ پۆلێک لە وشەکان بەکاردەهێنرێت. بۆ نمونە بەوشێوەیە نییە تەنیا وشەیەکی سەر بە پۆلی ئاوەڵناو بۆ ناو بگۆڕدرێت، بەڵکو ئەگەر ئەم دۆخە لە ئەنجامی گۆڕینەوە بەدەستبهێندرێت، پۆلی ئاوەڵناو ئەگەری ئەوەی دەبێت کە ببێتە پۆلی ناو، یان پۆلی کردار دەگۆڕێت بۆ پۆلی ناو، واتە تەنها وشەیەک لە پۆلی ڕستەسازی کردار نییە، کە بۆ پۆلی رستەسازی ناو دەگۆڕدرێت.

بەپێی پێوەری دووەم، ئەو وشانەی کە لە ئەنجامی گۆڕینەوە بەرهەمدێن، لە ئەنجامی بە بەفەرهەنگیبون هەڵکەوتون و دروستبون. بەبەفەرهەنگیبون فۆڕمێکی زمانی بەهۆی بەدەستهێنانی تایبەتمەندی ناوازە و پێشبینینەکراو لە پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتادا و لە ئەنجامدا وشەکە لەلایەن بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی زمانی شێوە وەردەگرێت و بەکاردەهێنرێت( Booij, 2005: 17-18).

ئەگەر گۆڕین وەکو پڕۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی وەربگرین، ئەوا بەرهەم و دەرئەنجامی ئەم پڕۆسەیە وەکو ئەوەی لە حاڵەتی وشە بەرهەمهاتووەکانی پڕۆسەکانی تردا ڕودەدات، دەتواندرێت بە بەفەرهەنگیبون تێپەڕن، واتە جگە لە واتای بەدەستهاتو لە بەشەپێکهێنەرەکانیان، ئەوان واتای زیاتریش لەخۆدەگرن(بهمنیار، ١٣٩١: ٣٩).

پێوەری سێیەم کە پێوەری ئاڕاستەی گۆڕینە، هۆکاری جیاکەرەوەی پڕۆسەی گۆڕینە لە دۆخی فرەئەرکیبون. بەپێچەوانەی ئەوەی لە دۆخی فرەئەرکیبون ئاڕاستە بونی نییە، لە پڕۆسەی گۆڕیندا شتێکی بنەڕەتی و جێی باسە. دیارە ئەگەر پڕۆسەی گۆڕین لە گروپێکدا کاری کردبێت، دەبێت دانپێدانەری ئاڕاستەی ئەم پڕۆسەیەش بین، لە بەدواداچونی ئاڕاستەی گۆڕیندا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە لە نێوان جوتەوشە هاوشێوەکانی هەردو پۆلی (ا) و (ب)دا، ئاڕاستەی کرداری پڕۆسەی گۆڕان لە (ا) بۆ (ب) بووە، یان لە (ب) بۆ (ا)؟ دەبێت ئەمە دیاری بکرێت لە پڕۆسەی گۆڕیندا(رفیعی و بهمنیار، ١٣٩٣: ٣٧).

(بویی) لە ڕونکردنەوەی چۆنیەتی دیاریکردنی ئاڕاستەی گۆڕیندا، دەڵێت زۆرجار (و نەک هەمیشە) واتای ئاڕاستەی گۆڕین دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێڕێت. بۆ نمونە لە دارشتنی کردارێک لە ناوێکەوە، بەزۆری واتای کردارەکە بە زیادکردنی چەمکی کردار بۆ واتای ناوەکە بەدەستدێت و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئەم پەیوەندییە بە دارشتنی کردارەکە لە ناوەوە لێکدەدەینەوە. هەروەها بویی ڕێکخستنی فۆنۆلۆجی وشەکانیش بە هۆکارێکی دیکەی دیاریکەر

دەزانێت. بەپێی باوەڕی ئەو، کرداره سادەکان لە زمانی هۆڵەندیدا یان یەک بڕگەیین یان دو بڕگەیین، کە بڕگەی دووەم بزوێن /ð/ی هەیە، بەڵام هەندێک لە کردارەکانی وەک papegaai کە بە واتای لاساییکردنەوە دێت، بەهۆی سێ بڕگەیی بون، ڕێکخستنەوەی سەرەوە پەیڕەوناکەن و ئەم بابەتەش دەتوانێت هۆکارێکی دیکە بێت بۆ داڕشتنی کردار لە ناوەوە(Booij, 2007: 57-58).

پرۆسەی گۆڕینی پۆل پێشیدەگوترێت داڕشتنی سفر، مۆڕفیمی سفر(واتە ئەو مۆڕفیمانەی کەوا دەرناکەون.) لە مۆڕفۆلۆژیی داڕشتندا بەکاردەهێنرێن. بۆ نمونە کرداری [head] بە لێکدانی لەگەڵ مۆڕفیمێکی سفر لە ناوی [head]ەوە دروستبووە(کاتامبا و استونهام، ١٣٩١: ٩٣).

(بویی) پێی وایە ئەگەر بمانەوێت گۆڕین وەک جۆرێک لە گیرەکلکاندن لەبەرچاوبگرین، دەبێت بونی مۆڕفیمی سفریشی تێدا لەبەرچاوبگرین، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی سەربەخۆ نییە بۆ بونی گیرەکی سفر و لە لایەکی دیکەوە، ئەوە ڕون نییە کە مۆڕفیمی سفر پێشگرە یان پاشگر، بۆیە بەپێی باوەڕی بویی باشترین ڕێگە بۆ نیشاندانی ئەم پرۆسەیە ئەم یاسایە مۆڕفۆلۆژییەی ژێرەوەیە(نجف‌آبادی، ١٣٩٠: ٦٥):

11) Chain ⟶ (to) chain

$[x]_N \longrightarrow [[x]_N]_V$

سەرەڕایی ئەو بۆچونە باوەی، کە گۆڕینی پۆل لەگەڵ داڕشتنی سفر یەک پرۆسەن، (حق‌بین) باوەڕی وایە کەوا داڕشتنی سفر جۆرێکە لە جۆرەکانی گۆڕینی پۆل(حق‌بین، ١٣٨٦: ٢٣٢).

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەندێک لە وشەناسان پێیان وایە کە پرۆسەی گۆڕینی وشە زۆر لە گیرەکلکاندن دەچێت، لەگەڵ ئەم جیاوازییەدا کە هیچ نیشانەیەکی فۆرمی بۆ ئەم گیرەکە نییە و وەک ئەوە وایە ئەم گیرەکە "مۆرفیمی سفر" بێت، بەم هۆیەشەوە بەم پرۆسەیە(گۆڕین) دەڵێن (داڕشتنی سفر) یان (گیرەکلکاندنی سفر)، بەڵام کۆمەڵەیەکی دیکە لە وشەناسان ئەم دو پرۆسەیە بە یەک نازانن و لەنێوان پرۆسەی "گۆڕین" و "گۆڕانی پۆل" و "داڕشتنی سفر" جیاوازی دەکەن، (حق‌بین) باوەڕی وایە دیاردەی گۆڕانی پۆل دەتوانرێت وەک زاراوەیەکی ڕوکەشی لەبەرچاوبگیرێت سەرەڕای ئەوەی کە داڕشتنی سفر لەخۆدەگرێت، گەردانکردنی سفر (وەک گۆڕینی ناوێکی تاک بۆ کۆ، گۆڕینی کردارێکی تێپەڕ بۆ تێنەپەڕ یان بەپێچەوانەوە، و گۆڕینی ڕەگەزی ڕێزمانی) و گۆڕانی پۆلی ناتەواو، (وەک گۆڕانی فۆنۆلۆژی، و گۆڕانی کەرتی)ش

لەخۆدەگرێت. بە واتایەکی تر، هەمو دارشتنێکی سفر جۆرێکە لە گۆرانی پۆل، بەلام هەمو گۆرانێکی پۆلی، دارشتنی سفر نییە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١١٩).

### ٢/٣-١) گۆڕینی پۆل لە زمانی کوردیدا

زمانی کوردی چەند گروپێک لە پرۆسەی گۆڕین لەخۆدەگرێت، واتە چەند جۆرێکمان لە گۆڕین هەیە، کە لە خوارەوەدا باسیان دەکەین:

### ٢/٣-١-١) گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو

پرۆسەی گۆڕینی ئاوەڵناوەکان بۆ ناو لە زمانی کوردیدا پرۆسەیەکی کارایە، دەگوترێت بە فراوانترین پرۆسەی گۆڕین دادەنرێت لەنێو کۆیی پرۆسەکانی گۆڕین(خالد، ٢٠٢٢: ٦٧)، بۆ نمونە ئاوەڵناوەکانی وەک: [هەژار، جوان، بڵند، کارزان، چالاک...تا.د]، ئەو ئاوەڵناوانەش بەزۆری ئەو ئاوەڵناوانەن کە واتایەکی باش دەدەن، هەروەها پۆلی خۆیان گۆڕیوە بۆ ناو بەبێ ئەوەی هیچ زیادەیەک وەربگن:

١٢) ا- منداڵێکی هەژارە، بۆیە ناتوانێت بخوێنێت. (ئاوەڵناو)

ب- هەژار کوڕێکی وریایە. (ناو)

١٣) ا- گوڵێکی جوان و بۆنخۆشی بە دیاری بۆ هێنام. (ئاوەڵناو)

ب- جوان کچی خاڵمە. (ناو)

١٤) ا- چیای هەڵگورد بڵندترین چیایە لە کوردستان. (ئاوەڵناو)

ب- بڵند قوتابییەکی زیرەکە. (ناو)

١٥) ا- ڕێبوار کەسێکی کارزان و لێهاتووە. (ئاوەڵناو)

ب- کارزان خەڵکی کەرکوکە. (ناو)

١٦) ا- مرۆڤی چالاک هەمیشە لەشساغە. (ئاوەڵناو)

ب- چالاک برای نیگارە. (ناو)

### ٢/٣-١-٢) گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو

هەر ناوێک لە زمانی کوردیدا خاوەنی دۆخ و ڕەگەز و ژمارەیە، بۆیە ناو لە ئاوەڵناو جیاکراوەتەوە، هەرچەندە جیاکارییەکی ئەوتۆ لە ڕوی فۆڕمەوە بەدیناکرێت، دەشێ بڵێین فۆڕمیان وەکو یەکە، بەڵام لە ڕوانگەی گەیاندنی واتا و بینینی ئەرکدا جیاوازی لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت(مارف، ٢٠١٤: ٢٩).

ناوەکان لە زمانی کوردیدا زۆرن، بەڵام تەنها هەندێک لەم ناوانە دەتوانن پۆل بگۆڕن بۆ ئاوەڵناو، ناوەکان بریتین لە: [پیاو، منداڵ، ژن](خالد، ٢٠٢٢: ٦٥)، واتە ئەم ناوانە دەبێت بتوانن ناوێک یا جێناوێک وەسفبکەن. لەناو جۆرەکانی ناویشدا پۆلگۆڕین لە ناوە گشتییەکاندا ڕودەدات، بەڵام بەو واتایە نا کە هەمو ناوە گشتییەکان بتوانن پۆلی خۆیان بگۆڕن. وەک:

١٧) ا- <u>پیاو</u> بە ئازایەتی ناسراوە. (ناو)

ب- مام هێمن <u>پیاو</u> بو. (ئاوەڵناو)

١٨) ا- <u>منداڵانی</u> قوتابخانەکەی ئێوە زیرەکن. (ناو)

ب- ئەم کوڕە زۆر <u>منداڵە</u>. (ئاوەڵناو)

١٩) ا- <u>ژنان</u> خاوەنی سۆز و خۆشەویستین. (ناو)

ب- ڕەفتاری ئەم پیاوە وەکو <u>ژنە</u>. (ئاوەڵناو)

### ٢/٣-١-٣) گۆڕینی کار بۆ ناو

دەکرێت بگوترێت لە زمانی کوردیدا، پرۆسەی گۆڕینی کار بۆ ناو، تەنها لە کارە ڕابردووەکان ڕودەدات، لەبەرئەوەی پێویستمان بە زیادکردنی هیچ پێشگر و پاشگرێک نابێت(شوانی، ا ٢٠٠٨: ٧٢)، ئەگەر سەیری ئەم کارانەی بکەین دەبینین بەبێ زیادکردنی هیچ زیادەیەک پۆلی خۆیان دەگۆڕن بۆ ناو، وەک: [ڕێکەوت، سەرکەوت، دەستکەوت، خواست].

٢٠) ا) یارا لەسەر ئەم بڕیارە لەگەڵمان <u>ڕێکەوت</u>. (کار)

ب) <u>ڕێکەوت</u> کوڕێکی باشە. (ناو)

٢١) ا) ژیا لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوت. (کار)

ب) سەرکەوت هەمیشە دوادەکەوێت. (ناو)

### ٢/٣-١-٤) گۆڕینی کار بۆ ئاوەڵناو

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک وشە هەن، کەوا توانای گۆڕینی بەشەئاخاوتنی خۆیان لە کارەوە بۆ ئاوەڵناو هەیە کە بریتین لە: [لەدەستچو، لەخۆچو، بەسەرچو، ڕوچو، ...تا.د].

٢٢) ا) دەرفەتەکەم لەدەستچو. (کار)

ب) دەرفەتی لەدەستچو دوبارە نابێتەوە. (ئاوەڵناو)

٢٣) ا) سەردەمی زۆرداری بەسەرچو. (کار)

ب) خۆراکی بەسەرچو مەخۆن. (ئاوەڵناو)

### ٢/٣-١-٥) گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار

کۆمەڵێک وشە لە زمانی کوردیدا هەن، کەوا توانای گۆڕینی بەشەئاخاوتنی خۆیان لە ئاوەڵناوەوە بۆ ئاوەڵکار هەیە. وەک: [جوان، چاک، خراپ، خێرا].

٢٤) ا- کراسێکی جوانم کڕی. (ئاوەڵناو)

ب- شەهێن جوان دەڕوات. (ئاوەڵکار)

٢٥) ا- کەسی چاک هەر ماوە. (ئاوەڵناو)

ب- ئارا چاک یاریدەکات. (ئاوەڵکار)

٢٦) ا- یاریزانێکی خێرایە. (ئاوەڵناو)

ب- یاریزانەکە خێرا ڕادەکات.(ئاوەڵکار)

گۆڕینی پۆلی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار پێویستی بەوە هەیە، کە لە بەکارهێنانی ڕستەدا ئاماژەیان پێ بکرێت، کاتێک پۆلی خۆیان دەگۆڕن بۆ ئاوەڵکار. لە زمانی کوردیدا وشەگەلێک هەن ئاوەڵناون، کە دەتوانن لە بەکارهێنانیاندا لە ڕستەدا پۆل بگۆڕن بۆ ئاوەڵکار(خالد، ٢٠٢٢: ٧٧-٧٨).

### ٢/٣-١-٦) گۆڕینی ئاوەڵکار بۆ ئاوەڵناو

ئاوەڵکار دەتوانێت پۆلی خۆی بگۆڕێت بۆ ئاوەڵناو، ئەگەر سەرنجی هەریەک لە وشەکانی وەکو [هێمنانە، بەنەرمی، بەوردی، ...تا.د] بدەین، کە ئاوەڵکاری چۆنیەتین، دەبینین پۆلی خۆیان دەگۆڕن بۆ ئاوەڵناو. بۆ نمونە:

٢٧) ا) بەنەرمی هەڵسوکەوت بکە. (ئاوەڵکار)

ب) ئامۆژگاری بەنەرمی سودی زیاترە. (ئاوەڵناو)

٢٨) ا) دڵشاد هێمنانە وەڵامیدایەوە. (ئاوەڵکار)

ب) ڕاکردنی هێمنانە تەندروستترە. (ئاوەڵناو)

ئاوەڵکارە چەندیەتییەکانیش دەتوانن پۆلی خۆیان بگۆڕن بۆ ئاوەڵناو، ئەوانیش بریتین لە: (زۆر، هەندێک، کەمێک، ...تا.د).

٢٩) ا) خوێندکارەکان زۆر ناخوێنن. (ئاوەڵکار)

ب) خوێندکارێکی زۆر لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچوون. (ئاوەڵناو)

٣٠) ا) هەندێک لەگەڵ ئێمە بمێنەوە. (ئاوەڵکار)

ب) هەندێک گوڵی جوان بکڕە. (ئاوەڵناو)

### ٢/٣-١-٧) گۆڕینی ئاوەڵکار بۆ ناو

کارایی ئەم گروپە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، کە لە چەند وشەیەکی کەمدا دەبینرێت(هەمان سەرچاوە، ٢٠٢٢: ٩٤-٩٥)، بۆ نمونە:

٣١) ا) بەر دەرگاکە مەگرە. (ئاوەڵکار)

ب) بەری دارەکەم دەخۆم. (ناو)

٣٢) ا) هەینی ڕۆژی پشووە. (ئاوەڵکار)

ب) کاک هەینی دروسیپیەکی باش بو. (ناو)

٣٣) ا) من تەنها ئێواران دەچمە دەرەوە. (ئاوەڵکار)

ب) لە دەرەوە پێڵاوەکەم بە دیاری بۆ هات. (ناو)

### ٢/٣-١-٨) گۆڕینی ئامراز بۆ ناو

لە ئەنجامی توێژینەوە و بەدواداچون لە ئامرازەکان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە تەنها دو ئامراز دەتوانن پۆلگۆڕبن بۆ ناو، چونکە ئامرازەکان مۆرفیمێکی سەربەخۆ نین، ناتوانن بەتەنیا واتایەک بگەیەنن، هەربۆیە تەنیا ئامرازەکانی [ئەگەر، خۆزگە] دەتوانن پۆلی خۆیان بۆ ناو بگۆڕن(خالد، ٢٠٢٢: ٨٨)، بۆ نمونە:

٣٤) ا) ئەگەر هاتی، تەنیا وەرە. (ئامراز)

ب) چەند ئەگەرێک بۆ بردنەوە هەیە. (ناو)

٣٥) ا) خۆزگە لەگەڵی بچومایە. (ئامراز)

ب) خۆزگەکانم بون بە یادگاری. (ناو)

### ٢/٣-٢) گۆڕینی پۆل لە زمانی فارسیدا

(همایون فرخ) دەنوسێت "یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی فارسی(وەکو زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی و ...تا.د) ئەوەیە کە وشەیەک سەر بە چەند بەشەئاخاوتنێکە، واتە لەوانەیە هەم ناو و هەم ئاوەڵناو بێت یان شتێکی تر بێت یان لەوانەیە ئاوەڵناو و ئاوەڵکار بێت"(همایونفرخ، ١٣٣٤: ١٩).

بەپێی ئەو توێژینەوانەی کەوا لە زمانی فارسیدا کراون، چەند جۆرێکمان لە گۆڕین هەیە، کە لە خوارەوەدا باسیان دەکەین:

### ٢/٣-٢-١) گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو

یەکێک لە باوترین و چالاکترین جۆری گۆڕینی پۆل کە بەنزیکەی بەبێ هیچ سنوردارییەتێک لە زمانی فارسی ڕودەدات، گۆڕینی پۆلی ناو بۆ ئاوەڵناو یان ئاوەڵناو بۆ ناوە. واتە گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو و ئاوەڵناو بۆ ناو لە بەرهەمدارترین جۆرەکانی پرۆسەی گۆڕینن لە زمانی فارسیدا.

ئەو ئاوەڵناوانەی کە دەگۆڕدرێن بۆ ناو، بۆ چوار گروپ دابەشدەبن(صادقی و ارژنگ، ١٣٥٦: ١٢٩-١٣٠):

ا) ئەو ئاوەڵناوانەی کە ڕۆنانێکی سادەیان هەیە، وەک: خوب، بد، آسان، سخت، آبی، نارنجی، کور، کر، لال، بزرگ، کوچک.

ب) ئەو ئاوەڵناوانەی کە ڕۆنانێکی داڕێژراویان هەیە، لە یەکگرتنی گیرەک و بناغەوە پێکهاتون، وەک: دانا، بینا، نادان، خردمند، بیکار، بیچارە، شرمندە.

پ) ئاوەڵناوی لێکدراو: پرحوصلە، کمرو، شاهکار، عقب‌افتادە.

ت) گرێی ئاوەڵناوی: کلاە نمدی بە سر، عصا بە دست، دست بە جیب، سر بە هوا.

هەمو ئەو ئاوەڵناوانەی کە باسکراون، دەکرێت وەکو ناو ڕۆڵبگێڕن. یەکێک لە نیشانەکانی ناو لە زمانی فارسیدا، نیشانەی کۆیە و ئاوەڵناوەکانی سەرەوە لەدوای گۆڕینی پۆلەکەیان دەتوانن ئەم نیشانەیە وەربگرن، وەک:

٣٦) آسانهاشو حل کردم. (ئاوەڵناو ⟵ ناو)

٣٧) خردمندان وقوع این حادثە را محال می دانند. (ئاوەڵناو ⟵ ناو)

٣٨) شاهکارهای ادبیات جهان را خواندەام. (ئاوەڵناو ⟵ ناو)

٣٩) جا بدهید عصا بە دستها بنشینند. (ئاوەڵناو ⟵ ناو)

ئەم پرۆسەیە، زۆر چالاکە و ژمارەیەکی زۆر ئاوەڵناو لەخۆدەگرێت، یەکێکە لە چالاکترین جۆرەکانی پرۆسەی گۆڕین، بەگشتی دەکرێت بگوترێت، هەر ئاوەڵناوێک بەپێی تایبەتمەندییە واتاییەکانی، دیارخراوەکەی ڕونبێت، دەتوانرێت وەکو ناویش بەکاربهێندرێت(طباطبائی، ١٩٨٥:

٣٥). لەم نمونەیەی خوارەوەدا دیارە، کە دیارخراوی ئەم ئاوەڵناوە مرۆڤە، بۆیە دەتوانێت ببێت بە ناویش، واتە دو پۆلی هەیە:

٤٠) ا) عاقلتر از او کسی نیست. (ئاوەڵناو)

ب) عاقلان(آدمهای عاقل) دانند. (ناو)

کۆمەڵە وشەیەکی ترمان هەیە تایبەتن بەم گروپە ئەوانیش بریتین لە: [توانگر، حسابگر، خبردار، خبره، سخنگو، سخنور، احمق، شاکی، شبگرد، کارشناس، مجرم، مجروح، ناراضی، مفهوم، نورافشان، همسایه، یشمی، ارغوانی، زرشکی، لاکی، نقرەای و سرخابی].

[توانگر، خبردار، مجرم و شاکی] نمونەی ئەم وشانەن، ئەم بابەتە پێوەریبونی پۆلی وشە لە پۆلی ناوی داینامیکی و ئاوەڵناوی داینامیکی لەم گروپەدا پشتڕاستدەکاتەوە.

ئێستا با باس لە پێوەرەکانی بەفەرهەنگیبون بکەین لە نێوان وشەکانی دو پۆلی ناوی داینامیکی و ئاوەڵناوی داینامیکی، وەک نمونەیەکی ڕونی بەفەرهەنگیبون لەم گروپەدا دەتوانین ئاماژە بە وشەی [مجرم] بکەین، بە واتایی سەرزارەکی و پیتی وشەکە، [مجرم] کەسێکە کە کارێکی پێچەوانە ئەنجام بدات. یاسا لە لایەن ئەو کەسەوە پێشێلکراوە، بەڵام لە سیستەمی دادوەریدا ئەمە زاراوەیەکی یاساییە و واتای تایبەتی خۆی هەیە. بە واتایەکی سادەتر، هەر کەسێک کارێکی پێچەوانەی یاسای کردبێت، بە تاوانبار نازانرێت، بەڵکو تاوانبار ئەو کەسەیە کە داوای یاسایی لەسەر تۆمارکراوە و بە بەڵگە سەلمێنراوە کە تاوانەکەی ئەنجامداوە.

واتای سەرزارەکی و پیتی(مجرم): بدان کار در پیش مردمان ایشان را ملامت کنند و تحدیدها کنند و مجرم(ئاوەڵناوە) نهند، بی ادب و بی حرمتشان نام نهند.

واتای فەرهەنگی(مجرم): وقتی پلیس با مجرم(ناوە) خارجی مواجه می شود زبان آنها را نمی فهمد.

## ٢/٣-٢-٢) گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو

لە ئەنجامی گۆڕینی ناوەکان بۆ ئاوەڵناو، زۆر وشە بەدەستهاتون، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە، 'دروستبونی وشە لە ئەنجامی گۆڕینی ناوەکان بۆ ئاوەڵناو، یەکێکە لە پرۆسە بەرهەمدار و باوەکان'(نجف‌آبادی، ١٣٩٠: ١٠٤).

٤١) آنتن(جاسوس، خبرچین): علی رضا آنتن شرکتمونه. مواظب باش جلوش چیزی نگی که سریع به رئیس خبر می ده. (ناو ← ئاوەڵناو)

٤٢) پایە(همراه، موافق): سلام به بچەهای خوب و پایه. (ناو ← ئاوەڵناو)

٤٣) توپ(عالی، بی نقص): سلیقه توپی داشت. (ناو ← ئاوەڵناو)

٤٤) نه بابا، تو از من شاعرتری. (ناو ← ئاوەڵناو)

٤٥) دل سنگ او را هیچ چیز نرم نمی کند. (ناو ← ئاوەڵناو)

٤٦) ا) مدیر مردی است. (ناو ← ئاوەڵناو)

ب) مدیری مرد است.

پ)مردترین مدیر سازمان است.

دەتوانین ئاماژە بە چەند وشەیەکی تریش بکەین کەوا لە ئەنجامی پرۆسەی گۆڕینەوە لە ناوەوە بون بە ئاوەڵناو، وەک [آدم، بسته، پیاده، جانباز، چپ، خبرنگار، خانم، خواستار، دانشجو، دانشمند، داور، راننده، همراه، عکس، مادر، کشاورز، نگهبان، ...تا.د].

هەندێک لە توێژەران باوەڕیان وایە، کە ئەو وشانەی بەهۆی پرۆسەی گۆڕینەوە لە ناوەوە دەبن بە ئاوەڵناو لە زمانی فاسیدا بۆ دو دەستە دابەش دەبن: دەستەیەکیان ئەم وشە بیانیانەن کە لە عەرەبییەوە وەرگیراون، کە لە بنەڕەتدا ناون و لە زمانی فارسیدا وەکو ئاوەڵناو بەکاردێن، بۆ نمونە: [راحت و سلامت] لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

٤٧) ا) این صندلی خیلی راحت است. (ناو ← ئاوەڵناو)

ب) این خوراک سلامت است. (ناو ← ئاوەڵناو)

دەستەیەکی تر ئەو ناوانەن کە بە جۆرێک ڕەگەزی ئەو ناوە نیشاندەدەن کە باسی دەکەن(ذاکر، ١٣٩٢: ١٥٨). وەک:

٤٨) ا) انگشتر طلا

ب) دستمال ابریشم

لەم بەیەکتربەستنەوەی وشانەدا، ناوی دووەم نیشاندەری ڕەگەزی ناوی یەکەمە و دیارخەری ناوی دووەمە، هەندێک لە ئاوەڵناوەکان کە لە ئەنجامی پرۆسەی گۆڕینی ناوەوە دروستبون، دەتوانن وەکو ئاوەڵناوەکانی تر نیشانەی پلەی بەراورد و باڵا وەربگرن:

٤٩) ا) این صندلی راحتتر است.

ب) این فهرست کاملتر است.

## ٢/٣-٢-٣) گۆڕینی کار بۆ ناو

لەم بەشەدا باس لە ئەرکی ئەو کۆمەڵە وشانە دەکەین، کە سەر بە هەردو پۆلی ڕستەسازیی ناو و کارن. بریتین لە: [انباشت، انگاشت، بافت، پخت، پرداخت، شکافت، گذشت، نشست، انگار، بوس، ترس، درخش، رنج، شکاف، کش، شور، گذران، گذر و نشین]، ئێستا پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەم دۆخە بەهۆی کارکردنی پرۆسەی گۆڕینەوەیە یان نا؟ بۆ توێژینەوەی ئەمە وشەی [شور] کە ئەم وشەیە لە فەرهەنگی زماندا تەنیا وەک کار دەروازەی فەرهەنگی بۆ دانراوە، بەڵام دەتوانرێت وەک ناویش بەکاربهێنرێت، ئەم بەکارهێنانەی خوارەوەی وشەی [شور] لە پیشە جیاوازەکاندا زۆر باو و ئاساییە، بەتایبەتی لەنێو پاککەرەوەکانی فەرشدا(بهمنیار، ١٣٩١: ٦١-٦٢):

٥٠) شوری متری ٥٠٠ تومان است. (کار ⟵ ناو)

ئەم نمونەی سەرەوە پیشانی دەدات کەوا [شور] دەتوانێت ڕۆلی ناویش ببینێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پێوەری یەکەم کە پۆلی وشەیە بۆ ناسینەوەی پرۆسەی گۆڕین لە گروپی کار-ناودا جێبەجێدەکرێت و کاردەکات.

ئەگەر سەیری وشەیەکی وەک [کش] بکەین، ئەگەری فەرهەنگیبونی وشەکانی ئەم گروپەی سەرەوە نیشاندەدات. وەک کار واتای (عمل کشیدن چیزی)(کاری کێشانی شتێک)ی هەیە. ئەم وشەیە لە ڕێگەی پرۆسەی گۆڕینەوە وەکو ناویش کاردەکات و خاوەنی چەند واتایەکە. ئەم کارەش نیشانەی بەفەرهەنگیبونی ئەم وشەیە. هەندێک لە واتای ئەم وشەیە لە کارکردنی وەکو ناو لە خوارەوە دەبینین:

٥١) ا) کش جوراب به ماهیچەاش فشار می آورد. (شتێک کە دۆخی کشانی هەیە وەک گۆرەوی) (کار ⟵ ناو)

ب) دعوایشان کش پیداکرد. (درێژە کێشانی ڕوداوێک)

پ) گاه چند تومانی از مغازه کش می رفت. (بەنهێنی هەڵگرتنی شتێک)

لە کۆتاییدا دەچینە سەر پێوەری ئاڕاستە، ئاشکرایە کە ئەگەر پرۆسەی گۆڕین لەم گروپەدا هەبێت، دانپێدانەری ئاڕاستەی ئەم پرۆسەیەش بین، بە توێژینەوە لەم سێ پێوەرەی ئەم گروپە وشە بۆمان دەردەکەوێت کە دۆخی بەڕێوەبردنی ئەم گروپە دەتوانرێت وەک دەرئەنجامی پرۆسەی گۆڕینی کار بۆ ناو هەژمار بکرێت و بە جۆرێک لە جۆرەکانی گۆڕین لە زمانی فارسی دادەنرێت(بهمنیار، ١٣٩١: ٦٢-٦٥).

## ٢/٣-٢-٤) گۆڕینی ناو بۆ کار

لەم بەشەدا ئەم کارانە لێیان دەکۆڵدرێتەوە کە لە ئەنجامی گۆڕینی ناوەوە بەرهەمهاتون.

٥٢) بگاز(بە جای گاز بده – برای موتور سیکلت یا خودرو، که از اسم گاز ساخته شده‌است) (ناو ← کار) (ذاکر، ١٣٩٢: ١٢١)

٥٣) بزن ببین کجاست. (زنگ بزن = تلفن بزن، که از اسم زنگ ساخته شده است)

(ناو ← کار)

٥٤) بریم بساندویچیم؟ (به جای بریم ساندویچ بخوریم، که از اسم ساندویچ ساخته شده‌است.) (ناو ← کار)

## ٢/٣-٢-٥) گۆڕینی کار بۆ ئاوەڵناو

کارەکانیش لە زمانی فارسیدا دەتوانن بەهۆی پرۆسەی گۆڕینەوە بۆ ئاوەڵناو بگۆڕدرێن، لەم پرۆسەیەدا کاری داخوازی بۆ ئاوەڵناو دەگۆڕدرێت، ئەم جۆرە گۆڕینە لە زمانی فارسیدا زۆر کەمە و زیاتر پەیوەستە بە فارسی گوفتاری و نارەسمییەوە(ذاکر، ١٣٩٢: ١٤٠)، بۆ نمونە:

٥٥) او دست بزن دارد. (کار ← ئاوەڵناو)

٥٦) احمد آدم بخوری است. (کار ← ئاوەڵناو)

٥٧) ماشین برویی دارد. (کار ← ئاوەڵناو)

### ٢/٣-٢-٦) گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار

ژمارەیەکی زۆر لە ئاوەڵناوەکان، نەوەکو هەمویان، دەتوانن وەکو ئاوەڵکرداریش بەکاربهێنرێن(طباطبائی، ١٩٨٥: ٣٥)، بۆ نمونە وشەی (مستقیم) لەم دو ڕستەیەی خوارەوەدا:

٥٨) ا) راه خانه ما مستقیم است. (ئاوەڵناو)

ب) مستقیم به خانه رفت. (ئاوەڵکار)

٥٩) ا) علی کسی خوب بود. (ئاوەڵناو)

ب) چه خوب صحبت می کنه. (ئاوەڵکار)

دەتوانین ئاماژە بەم کۆمەڵە وشەیە بکەین، کەوا پۆلەکەیان لە ئاوەڵناوەوە دەگۆڕێت بۆ ئاوەڵکار، ئەمانیش بریتین لە: ابلهانه، احمقانه، پاک، چاپلوسانه، حسابی، زیادی، دیمی، سرخود، فروتر، لرزان، لنگان، مسلحانه، همزمان.

دەتوانین ئاماژە بە وشەی [چاپک] بکەین، کە ئەم وشەیە لە فەرهەنگی زماندا تەنیا وەک ئاوەڵناو دەروازەی فەرهەنگی بۆ دانراوە، بەڵام دەتوانرێت وەک ئاوەڵکاریش بەکاربهێنرێت(بهمنیار، ١٣٩١: ٥٤)، هەروەک لەم نمونانەی خوارەوەدا دیارە:

٦٠) ا) اسب چاپکی دارد. (ئاوەڵناو)

ب) خیلی چابک در رفت. (ئاوەڵکار)

٦١) ا) دین پاک اسلام را می پذیرم. (ئاوەڵناو)

ب) پاک یادش رفته بود. (ئاوەڵکار)

ئاڕاستەی گۆڕین لە ئاوەڵناوەوە بۆ ئاوەڵکارە و هەر سێ پێوەری پۆل و بەفەرهەنگیبون و ئاڕاستەی گۆڕین دەیسەلمێنن، کە ئەمە پرۆسەی گۆڕینە لە ئاوەڵناوەوە بۆ ئاوەڵکار(هەمان سەرچاوە: ٥٤-٥٧).

## ٣/٣) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی داهێنان

دروستکردن و داهێنانی وشەیەک لە نەبونەوە، یەکێکە لە پرۆسەکانی وشەدروستکردن لە بواری مۆرفۆلۆژی. کە یەکێکە لە پرۆسەکانی زیادکردنی وشە و پەرەسەندنی فەرهەنگی هەر زمانێک، کە ئەویش بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانست و زانین و دروستبونی بەرهەمی نوێ لە لایەن کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانەوە ئەنجامدەدرێت(Fromkin & Others, 2003: 92). واتە ڕێگەیەکی دیکە کە قسەکەرانی زمان لە کاتی ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ چەمکێکی نوێدا هەیانە، دروستکردن و داهێنانی وشەیە. واتە دروستکردنی فۆرمێکی فۆنەتیکی تەواو نوێ و داهێنەرانەیە لە زمانەکەدا کە پێشتر لە زمانەکەدا بونی نەبووە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٢٢). بێگومان داهێنانی وشەی نوێ لە زمانەکاندا دەگمەنە، چونکە قسەکەرانی زمان پێیان باشە دوبارە و سێبارە ئەو بنکە و گیرەکانەی کە لە زمانەکەدا هەیانە بەکاربهێنن و لەگەڵ پرۆسە مۆرفۆلۆژییە ئاشناکاندا پێکهاتە فەرهەنگییە نوێییەکان دروستبکەن، بەڵام بەکارهێنانی ئەم پرۆسەیە بە تایبەتی لە ناوی کۆمپانیا و بەرهەمە بازرگانییەکاندا دەبینرێت(طباطبایی، ١٣٧٦: ٢٤). واتە لە پرۆسەی داهێناندا، ناوی بازرگانی کاڵا، یان بەرهەمهێنەر دەبێتە ناوی خودی کاڵاکە یان بەرهەمەکە(ڕەحیمی، ٢٠٠٧: ١٩).

ئەم ڕێگایە بەوەش پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لە داهێنان و دۆزینەوەی وشە و دەربڕاوی تەواو نوێ و تازە، دەگمەنترین و دانسقەترین ڕێگە و سەرچاوەیەکی وشەی نوێیە، کە بریتییە لە داهێنان لە هیچەوە، بەگشتی ئەسڵی داهێنانەکە نە لە ڕێی بەکارهێنان و سودبینین لە مۆرفیمی زمانەکانی ترەوە دەکرێت، نە لە ڕێی مۆرفیمی زمانە خۆماڵییەکەوە، زمانەوان ناتوانێت پەیوەندی وشە داهێنراوەکە بە مۆرفیم و وشە خۆماڵییەکانی زمانەکەوە دیاریبکات(مەحویی، ٢٠١٠: ١٢١ و ١٢٢). کەواتە داهێنانی وشە وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی دروستبونی وشە، دروستکردنی وشەیەکە بەرانبەر بە وشەیەکی بێگانە، کە پێشتر نەبیستراوە و نەنوسراوە، واتە بۆ یەکەمجار بێت هاتبێتە بەکارهێنان، هەروەها بە هیچ جۆرێک سود لە ڕەگ و بنکەی ئەو زمانە و هیچ زمانێکی دیکە وەرنەگیرابێت(رحیمی، ١٣٩١: ١٠٠).

لە هەر کۆمەڵگەیەکی زمانیدا، مرۆڤەکان لەپێناو پێویستی و لەسەر بنەمای حەز و ئارەزو و هەستی زمانی خۆیان وشە دادەهێنن. بەگشتی نوسەران، وەرگێڕان و وشەوەرگرەکان و ڕاگەیاندنەکانی وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامە لە دروستکردن و بەکارهێنانی وشەی نوێ لە زماندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە. بێگومان مەرج نییە ئەم جۆرە وشە داهێنراوانە هەمیشە

به گشتی قبوڵبکرێن لە لایەن خەڵکەوە و لە ڕاستیدا ڕەنگە هەرگیز لە فەرهەنگی زمانەکەدا جێگەی خۆیان نەدۆزنەوە و لە وشەنامەکانی زماندا تۆمارنەکرێن(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٢٢).

ئەوە دەگوترێت کەوا ڕەگی هەر وشەیەک پاشماوەی سەردەمی ڕابردوی زمانەکەیە یان لە زمانێکی ترەوە وەرگیراوە. ئەگینا وەک یەکێک لە داهێنانەکانی قسەکەرانی زمان دادەنرێت. ڕەنگە قسەکەران لاسایی دەنگی تەنێک بکەنەوە و بەم شێوەیە وشەیەکی نوێ دروستبکەن یان فۆڕمێک دروستبکەن کە پێشتر لە زمانەکەدا نەبووە، بەبێ بەکارهێنانی پڕۆسە باوەکانی مۆڕفۆلۆژی. وشەیەکی نوێ ئەو وشەیەیە بە شێوەیەکی داهێنراوانە دروستبکرێت و کە وشەی هاوخێزان یان خزم بۆی نادۆزرێتەوە، ناتوانرێت بەسەر توخم و یەکەی بچوکتردا دابەشبکرێت. ئەم جۆرە وشانە بەزۆری لەلایەن گەنجان یان نوسەرەکانەوە لەسەر بنەمای پێویستی دەستبەجێ دروستدەکرێن و هەندێکجاریش لە قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵکیدا ئەوەندە بەناوبانگ دەبن کە دەخرێنە ناو کۆمەڵە وشەی زمانەوە و دەروازەیان لە فەرهەنگدا بۆ دیاریدەکرێت. لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا، ئەم داهێنانانە لە گروپە بچوکەکاندا جێی بایەخن و واتاکەیان تەنها لەلایەن ئەو گروپەوە دەزانرێت و بۆ کەسانی تر شاراوە و نادیارە(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٣).

"ئەم ڕێگایە بەزۆری لەناو ئەو زمانانەدا کارایە، کە لە ڕوی بەرهەمهێنان و دروستکردنی کەرەستەی مادی و بیری مەعنەوی پێشکەوتون"(حمد، ٢٠١٤: ٧٣)، بەڵام وەنەبێت تەنیا لە زمانە پێشکەوتووەکاندا هەبێت، چونکە هەمو میلەتێک جۆرێک لە داهێنانی خۆی هەیە.

چالاکی لە وشە دروستکردندا بە داهێنان دادەنرێت و بە شێوەیەکی گشتی لە مۆڕفۆلۆژیدا دو جۆرە چالاکی هەیە، کە بریتین لە: جۆری یەکەمیان، چالاکی لەسەر یاسا ڕۆیشتو و پشتبەستو بە کەرەستە و یاسای دیکەی زمانەکە. جۆری دووەمیان، چالاکی لەسەر یاسا نەڕۆیشتو، کە یاسا زمانییەکان پیادەناکات و پشت بە کەرەستەی زمان نابەستێت. کە بە جۆری دووەمیان دەگوترێت داهێنان، چونکە وشەی داهێنراو پێڕەوی یاساکانی زمان ناکات، واتە بە پێی یاسا دروستنابێت، هەروەها پێشبینی لە واتا و چەمکەکەشی ناکرێت(حەمید، ٢٠٠٩: ٢٦).

پرۆسەی داهێنان لە چوارچێوەی تیۆری مۆڕفۆلۆژیی مۆڕفیمبناغەوە، بەوە لێکدەردێتەوە کە دەبێت لە داهێناندا مۆڕفیم چەق بێت، نەوەک یاسا سینتاکسییەکان. بۆیە دەبێت ئەو کەرەستەی کە داهێنانی لە چوارچێوەدا دەکرێت مۆڕفیم بێت بەهەردو جۆری بەند و سەربەخۆوە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین زۆر لە وشە داهێنراوەکان زاراوەن و تایبەتن بە بوارێکی زانینەوە، زۆرجاریش مێژوی دروستبون و تەنانەت خاوەنەکەشیان دیارە، بۆ نمونە لە

کوردیدا، (گیو موکریانی) وشەی [هەندەران]ی بۆ [خارجیية] و [شارەوانی] بۆ [بلدية] داناوە، یان [مەردۆخی] وشەی [پاژ]ی بۆ [جزء] و [ڕژد]ی بۆ [حریص] بەکارهێناوە، هەروەها (شێخ محەمەدی خاڵ)یش وشەی [پەیجور]ی بۆ [تحقیق الشرطة] و [وەرزشی] بۆ [ریاضة] داهێناوە و (تۆفیق وەهبی)ش وشەی [پار]ی بۆ (فصل الکتاب) و [دادخواز]ی بۆ [مشتکی] لە فەرهەنگەکەیدا تۆمارکردووە، (قەناتی کوردۆ)ش لە فەرهەنگەکەیدا [بەرەڤان]ی بۆ [حکم] و [فێرگە]ی بەرانبەر [مدرسة] داناوە...هتد(ئەنجومەنی کۆڕ و لێژنەکانی، ١٩٧٥: ٣).

هەروەکو گوتمان شاعیر و نوسەران ڕۆڵیان هەیە لە داهێنانی وشەی نوێ، وەکو وشەکانی سالاو(= پێچەوانەی وشکەساڵ)، بێرێتە(= سەمای بەکۆمەڵ)، سەقەم(= تۆفان و کرێوە)، سەماک(= بڵند)، بەپێڵ(=شەپۆڵدار)(فەتاح، ٢٠١٠: ٤١١).

لە زمانی فاراسیدا دەتوانین ئاماژە بە وشەکانی وەک [خفن] (=زۆرباش، تەواو)، [گاگول] (=کەسێکی نائاسایی)، [یول] (=بێئاگا)، [نوچفسکو](=ناوێکی داهێنراوە بۆ جۆرێک لە خواردن لە تەنزێکی تەلەفزیۆنیدا) و [سمندون] (=ناوێکی تایبەتی داهێنراوە بۆ کەسێتییەکی کارتۆنی) بکەین، کە دەکەونە چوارچێوەی پرۆسەی داهێنانەوە، هەروەها لە زمانی قسەکردندا، ئەم وشانەی خوارەوە دەتوانرێت وەک نمونەی داهێنان ئاماژەیان پێبکرێت (رضوی و قطره، ١٣٩٣: ١٥٤ و ١٥٥): شپلوتکا (= کەسێک کە شێوەیەکی نارێکی هەیە)، جفنگ (= پوچ و بێواتا)، دوپس(= زۆرباش، هەرەباش).

ئەگەر لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە سەیری پرۆسەی داهێنان بکەین، دەبینین زۆرێک لەم نمونانە دەریدەخەن کە تەنانەت وشە نوێکانیش لە باری پێکهاتەوە لە یاسای پێکهاتەییی زمانەکە پێڕەوی دەکەن. واتە ئاخێوەران بە بێ ئەوەی بزانن بە جۆری unconscious زانستێکیان لە پێکهاتەی لەتەنیشتیەکدانانی مۆرفیمەکان لە زمانی خۆیان هەیە. واتە ئەگەر وشەی نوێ ساز دەکرێت لەسەر بنەماییێکی مێشکی ئاخێوەرەکانە کە هەیانە سەبارەت بە چۆنیەتی لێکدانی مۆرفیمەکان. هەر ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بنچینەی داهێنانی وشەی نوێ لەسەر زانیاری ناوشیاری ئاخێوەران لە سەر کەرەستەی وشەسازی زمانەکەیانە کە هەمان مۆرفیمە.

## ٤/٣) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی تێکەڵکردن

پرۆسەی تێکەڵکردن پرۆسەیەکە، کە بۆ مەبەستی ئابوریکردن لە زماندا بەکاردەهێنرێت و شێوازێکی دارشتنی وشەی نوێی فەرهەنگییە(حمد، ٢٠١٤: ٦٩). تێکەڵکردن پرۆسەیەکە لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی بۆ سازکردنی وشە و زاراوەی نویَ لە رێگای لێکدانی دو وشە یا مۆرفیمی سەربەخۆ، یان زیاتریش دوای کرتاندن و لابردنی دەنگێک یان زیاتری یەکێک یان هەردو لە وشە یا مۆرفیمەکان(بەسیر، ١٩٧٨: ٧٠). واتە بریتییە لە "خستنەتەک یەک و بەستنەوەی دوو فۆرمی سەربەخۆ بۆ بەرهەمهێنانی تاکە یەک وشەی نویَ، کە تێیدا پرۆسەکە بە وەرگرتنی تەنها سەرەتای وشەی یەکێکیانەوەو لکاندنی بە کۆتایی وشەکەی دییکەوە دەکرێت"(مەحویی، ٢٠١٠: ١٥٨). کەواتە ئەگەر بەشێک لە وشەیەک یان مۆرفیمێک (کە مۆرفیمێک نییە) بە بەشێکی مۆرفیمێکی ترەوە بلکێنین، وشەی تێکەڵکراو دروستدەبێت(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٢٥).

ئەوەش دەگوترێت کەوا پرۆسەی تێکەڵکردن وەکو پرۆسەی لێکدانە. بە دەربڕینێکی سادەتر لەژێر کاریگەری تێکەڵکردن، مۆرفیمە فەرهەنگییەکان بەیەکەوە لەتەنیشتیەکەوە لێکدەدرێن و تێکەڵدەکرێن، لەگەڵ ئەم جیاوازییەدا کە بەشێک لەم مۆرفیمانە لە پرۆسەی تێکەڵکردندا لادەبرێن(افراشی، ١٣٩٩: ٨٨ – ٨٩) یان تێکەڵکردن پرۆسەیەکە بۆ "سازکردنی زاراوەی نوێباو لە دوو وشەی سادە پاش قرتاندن و فڕێدانی دەنگێک یان زیاتر لە یەکێک لە وشە سادەکان یان لە هەردووکیان"(شوانی، ٢٠١٤: ٢١٤)، واتە ئەگەر بەشی کۆتایی وشەیەک بەسترابێتەوە بە بەشی سەرەتای وشەیەکی ترەوە، وشەی تێکەڵاو دروستدەبێت، وەک [عکاشی] لە زمانی فارسیدا کە لە بەستنەوە و تێکەڵکردنی بەشی سەرەتای مۆرفیمی [عکاسی] و بەشی کۆتایی مۆرفیمی [نقاشی] دروستکراوە(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٩). بۆیە ئەم پرۆسەیە دەشێت بە دو هەنگاو کە یەکەمیان لابرنە و دووەمیان لێکدانە، لێکدانەوەی بۆ بکرێت(حمد، ٢٠١٤: ٦٩).

وشە تێکەڵکراوەکان لە قسەکردن و گفتوگۆی نێوان کەسەکاندا زیاتر بەکاردەهێنرێت تا ئەوەی لە دەقی نوسراودا، وەکو وشەکانی [پشره: (پشه – حشره)، پنگال: (پنجه(انگشتان دست) – چنگال) لە فارسی قسەکردن و گفتوگۆدا(رضوی و قطره، ١٣٩٣: ١٥٣).

**نمونەی تێکەڵکردن لە زمانی کوردیدا:**

**لابردن لە هەردو مۆرفیمە تێکەڵکراوەکە:**

٦٢) زانکۆ : ( (زان) لە (زانین)ەوە هاتووە + (کۆ) لە (کۆکردنەوە)وە هاتووە)

٦٣) دایباب : ( (دای) له (دایک)ەوه هاتووه + (باب) له (باوک)ەوه هاتووه)

٦٤) چوزانم: ((چو) له (چۆن)ەوه هاتووه + (زانم) له (بزانم)ەوه هاتووه)

٦٥) سۆرمانجی: ((سۆر) له (سۆرانی)یەوه هاتووه + (مانجی) له (کرمانجی)ەوه هاتووه)

٦٦) جوامێر: ((جوا) له (جوان)ەوه هاتووه + (مێر) له (مێرد)ەوه هاتووه)

٦٧) خورمێژ: ((خور) له (خورما)وه هاتووه + (مێژ) له (مێوژ)ەوه هاتووه)

**لابردن له مۆرفیمی یەکەم:**

٦٨) باپیر: ((با) له (باوک)ەوه هاتووه + (پیر))

**لابردن له مۆرفیمی دووەم:**

٦٩) دەستاڕ: ((دەست) + (اڕ) له (هاڕین)ەوه هاتووه)

**نمونەی تێکەڵکردن له زمانی فارسیدا:**

**لابردن له هەردو مۆرفیمه تێکەڵکراوەکه:**

٧٠) فوتسال : ( (فوت) له (فوتبال)ەوه هاتووه + (سال) له (سالنی)یەوه هاتووه)

٧١) خصولتی : ( (خصو) له (خصوصی)یەوه هاتووه + (لتی) له (دولتی)یەوه هاتووه)

٧٢) سکنجبین(سکنگبین) : ( (سک) له (سرکه)وه هاتووه + (نگبین) له (انگبین)ەوه هاتووه)

**لابردن له مۆرفیمی یەکەم:**

٧٣) انسایشی: ((ان) له (انسدادی)یەوه هاتووه + (سایشی))

٧٤) موزمار: ((موز) له (موذی)یەوه هاتووه + (مار))

٧٥) نستعلیق: ((نس) له (نسخ)ەوه هاتووه + (تعلیق))

٧٦) خامباجی(خانباجی) : ( (خان) له (خانم)وه هاتووه + (باجی))

**لابردن له مۆرفیمی دووەم:**

٧٧) آبفا: ((آب) + (فا) له (فاضلاب)ەوه هاتووه)

هەروەکو تێبینی دەکرێت له هەردو زمانی فارسی و کوردیدا ئەو بەشانەی کەوا تێکەڵدەکرێن و وشەیەکی نویّ دروستدەکەن، به دو شێوه لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت یان ئەوەتا هیچ کام له بەشەکان مۆرفیم نین، وەک له وشەی [ڕۆڤار]دا، که نه [ڕۆ] مۆرفیمێکه له وشەی [ڕۆژنامه] و نه [ڤار] مۆرفیمێکه له وشەی [گۆڤار] له زمانی کوردیدا و یانیش له وشەی [عکاشی]دا، که نه [عکا] مۆرفیمێکه له وشەی عکاسی) و نه[شی] مۆرفیمێکه له وشەی [نقاشی] له زمانی فارسیدا. شێوەکەی تری ئەوەیه کەوا یەکێک له بەشەکانی وشه تێکەڵکراوەکه مۆرفیمه و واتای هەیه، وەکو له وشەی [دەستاڕ] له زمانی کوردیدا، که له ئەنجامی تێکەڵکردنی [دەست] و [هاڕین]ەوه دروستبووه، که [دەست] مۆرفیمه و واتای هەیه، بەڵام بەشەکەی تری وشەکه که (اڕ)ه، واتای نییه و له مۆرفیمی [هاڕین]ەوه وەگیراوه. یانیش له وشەی [آبفا] له زمانی فارسیدا، که له ئەنجامی تێکەڵکردنی [آب] و [فاضلاب]ەوه دروستبووه، که [آب] مۆرفیمه و واتای هەیه، بەڵام بەشەکەی تری وشەکه که [فا]یه، واتای نییه و له مۆرفیمی [فاضلاب]ەوه وەگیراوه.

له هەردو زمانی فارسی و کوردیدا ئەو وشانەی کەوا له ئەنجامی ئەم پرۆسەیەوه دێنه بەرهەم، واتاکەیان له کۆی واتای هەردو وشه یان مۆرفیمه تێکەڵکراوەکەیه، هەروەها له ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوه ڕیزبەندی مۆرفیمەکان وەکو خۆیان دەبن و پێش و پاش ناخرێن، تەنها ئەوەیه کەوا دەنگێک، برگەیەک یان بەشێک له مۆرفیمەکان لادەبرێن، به مەبەستی ئابوریکردن و ئاسانی گۆکردن له زماندا.

ئەگەر له چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوه سەیری پرۆسەی تێکەڵکردن بکەین، دەبینین زۆرێک لەم نمونانه دەریدەخەن بەر لەوەی ئاخێوەرانی زمان دەستبکەن به تێکەڵکردنی مۆرفیمەکان، دەشێ زانیارییێکی ناوشیاریان هەبێت سەبارەت بەوەی که زمانەکەیان له کەرەستەگەلێک پێکهاتووه که ئەو هەلەیان بۆ دەرەخسێنێت که بتوانن تێکەڵکردن بکەن، واته تا ئاخێوەر کەرەستەی تێکەڵکردنی نەبێت ناتوانێت تێکەڵکردن بکات. ئەوەش ئەو ڕاستەییه دەسەلمێنێت که مۆرفیم وەک پێکهاتەیەکی مێشکی له مێشکی ئاخێوەراندا هەیه.

### ٥/٣) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی بڕین

لە ژیانی خێرای ئەمڕۆدا و بەهۆی قەبارەی ئەو زانیاریانەی کە دەبێت لە ماوەیەکی کورتدا ئاڵوگۆڕ بکرێن، پێویستی کورتکردنەوەی توخمەکانی زمان زیاتر لە سەردەمی کۆن برەوی پەیداکردووە و دەردەکەوێت. لە ڕابردودا نوسەران لە نوسینەکانیاندا فۆرمەکانی زمانیان کورتکردەکردەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە، فۆرمی نوێ بە کورتکردنەوەی توخمەکانی وشە یان دەستەواژەیەک دروستدەکرێت. شێوە کورتکراوەکان بە شێوازی جیاواز دروستدەکرێن. فرەچەشنی پێکهاتەیی فۆرمە کورتکراوەکان ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەم پرۆسەیە هێشتا نەبووەتە یاسایەکی گشتی و هەر قسەکەرێک بەپێی سەلیقە و ئارەزوی خۆی فۆرمی زمانی درێژ کورتدەکاتەوە. بەشێک لەم کورتکراوانە لە ڕێکخراو و دامەزراوە گشتی و تایبەتەکاندا دەکرێن و دروستکەری هەندێکیشیان هەرگیز نازانرێت(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٥).

لە پرۆسەی بڕیندا بۆ دروستکردنی وشەیەک، لە مۆرفیم یان دەستەواژەی بنکەیەک یان چەند مۆرفیم، برگەیەک یان دەنگێک لادەبرێت(هەمان سەرچاوە، ١٠٦)، وەک وشە و دەستەواژەکانی [شاپەری>پەری، ڕۆنەکەرە>کەرە] لە زمانی کوردیدا، وشە و دەستەواژەکانی [ترمزدستی>دستی، دواتاق‌خوابە>دوخوابە، مشهدی>مشدی، داداش>داش، چهار>چار، استاد>اوسا، بایست>باس] لە زمانی فارسیدا. ئەو نمونانە ئەوە دەردەخەن کە بڕینەوە تەنیا لەگەڵ وشە ڕاستەقینەکانی ناو زمانەکەدا سنوردار ناکرێت، بەڵکو ڕەنگە بۆ گروپە ڕستەسازییەکانیش بەکاربهێنرێت. جگە لەوەش، ئەم بڕینەوە و لابردنە ڕەنگە لە سەرەتا، ناوەڕاست، یان کۆتایی وشەیەک یان دەستەواژەیەکدا ڕوبدات(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٢٢)، واتە لەم پرۆسەیەدا "پارچەیەک لەپێش، یان لەکۆتایی وشەوە وەردەگیرێت و لەجیاتی فۆرمە گشتییەکە بەکاردەهێنرێت، لە ئەنجامدا، فۆرمێکی سەربەست، دروست دەبێت و هەندێ جاریش، دەبێتە بناغە، بۆ پێکهێنانی نوێ"(قادر، ٢٠٠٢: ١٤)، یان دەگوترێت بڕینەوە ئەو پرۆسەیەیە "کە بە هۆیەوە وشەیەکی دو برگەیی یان زیاتر(کە هەمیشە ناوە)، کورتدەکرێتەوە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک لە ئەرکەکەی ڕوبدات"(محمد، ٢٠١٩: ١٤٤).

جێگای سەرنجە ئەم وشە بڕاوانە ئەوەیە کە هەرچەند ئەم وشانە بە بەشێک لە وشە ستانداردەکانی زمان ناژمێردرێن و سەر بە جۆرێکی زمانی یان گروپێکی (کۆمەڵایەتی، پیشەیی،

...) دیاریکراون، هەندێکیان هەندێکجار ئەوەندە دەبنە جێگای سەرنج و برەو پەیدادەکەن و بڵاودەبنەوە، تا ئەوەی دەبنە وشەیەکی سەربەخۆ لە زمانەکەدا(ارکان و بیدگلی، ۱۳۹۹: ۱۲۳).

لە زمانی کوردیدا ئەو وشە نوێیانەی کە بەم پرۆسەی بڕینەوە دروستکراون، بە شێوەیەکی گشتی ناوی کەسن، وەک [محەمەد>حەمە، قادر>قالە، گوڵچین>گوڵە، نەسرین>نەسە، پەروین>پەرە، نازەنین>نازە] بە مەبەستی خۆشەویستی، یان توانج و تانە(مەحویی، ۲۰۱۰: ۱٦۰ – ۱٦۱)، ئەمەش بەتایبەت "ئەگەر ناوەکە ژمارەی بڕگەکانی زۆربوو یان دەربڕینی ئاسان نەبوو ئەوە دەبێتە هۆی ماندوکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن، هەربۆیە قسەپێکەران پەنایان بردۆتە بەر کورتکردنەوە و ئاسانکاری"(ساڵح، ۲۰۱۲: ۱۰۱). ئەمەش بە لابردنی بەشێکی یا چەند فۆنیمێکی ناوەکە، جاریش هەیە دوای بڕینەوە پاشگرێک بۆ ناوە بچوککراوەکە زیاددەکرێتەوە بە ئامانجی ئاسانی دەربڕین، وەک ئەم نمونانە:

- **بڕینەوەی بەشێک لە سەرەتا یا کۆتایی ناوەکە:**

۷۸) شاپەری>پەری[بڕینەوەی بەشی پێشەوە]

۷۹) نازەنین>نازە، گوڵەباخ>گوڵە [بڕینەوەی بەشی دواوە]

- **بڕینەوەی بەشێک لە ناوەکە و زیادکردنی پاشگری (–ە):**

۸۰) هاوناز>نازە، سەرباخ>باخە[بڕینەوەی بەشی پێشەوە]

۸۱) بەختیار>بەخە[بڕینەوەی بەشی دواوە]

- **بڕینەوەی چەند فۆنیمێک لە ناوە قورسەکان:**

۸۲) محەمەد>حەمە[بڕینەوەی فۆنیمی /م/ لەسەرەتا و /د/ لەکۆتایی]

۸۳) ئەحمەد>ئەحە[بڕینەوەی فۆنیمی /م/ لەناوەڕاست و /د/ لەکۆتایی]

مەرجیش نییە هەمو کورتکردنەوەکان لە چوارچێوەی ناوی کەس بن، بەڵکو جۆرەکانی تری ناویش ئەم پرۆسەیەیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت:

- **بڕینەوە لە هەردو لای پێکهاتەکە:**

۸٤) مێشهەنگوین>هەنگ

- **بڕینەوە لە بەشی پێشەوەی پێکهاتەکە:**

۸۵) [ڕۆنەکەرە>کەرە، ئینتەرنێت>نێت].

- **بڕینەوە لە بەشی دواوەی پێکهاتەکە:**

٨٦) [دوزخورماتو>دوز(خورماتو)].

له زمانی فارسیدا سەبارەت بە تایبەتمەندی ڕستەسازیی فۆڕمە بڕاوەکان، واتە ئەو وشانەی کەوا بە پڕۆسەی بڕینەوە دروستکراون، دەبێ بڵێین کە بە ڕواڵەت زۆربەی وشە بڕاوەکان "ناو"ن، و لە پاشاندا "ئاوەڵناو"ەکان زۆرترینن. بە دەگمەن ڕەنگە لە وشە بڕاوەکاندا "ئامرازی خستنەسەر"، "ئامرازە لێکدەرەکان"، یان "ئاوەڵکار"ەکان ببینرێن(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٢٣).

- **بڕینەوەی وشە یان بڕگەی سەرەتایی**

٨٧) ترمزدستی>دستی

٨٨) مبل‌راحتی>راحتی

٨٩) چاکرتیم>کرتیم

٩٠) داداش>داش

- **بڕینەوەی وشە یان بڕگەی ناوەڕاستی**

٩١) دواتاق‌خواب>دوخوابە

٩٢) مشهدی>مشدی

٩٣) خانم‌جان>خانجان

- **بڕینەوەی وشە یان بڕگەی سەرەتا و کۆتایی**

٩٤) شرکت‌تعاونی‌مسافری‌وحمل‌ونقل>تعاونی.

- **بڕینەوەی وشە یان بڕگەی کۆتایی**

٩٥) انجمن خوشنویسان ایران> انجمن، فشارخون> فشار، آزمایشگاه> آز، پاسپورت> پاس[لابردنی هەمو وشەکان یان بڕگەکانی کۆتایی و هێشتنەوەی وشە یان بڕگەی سەرەتایی]

قیافە>قیاف، دست> دس، بی‌نام> بی‌نا، قیافە> قیاف [لابردنی کۆنسنانت یان ڤاوڵی کۆتایی]

تقلب>تقل، اشتباە>اشتب، بروبچەها>بروبچ، بی‌تاریخ> بی‌تا [لابردنی ڤاوڵ و کۆنسنانت، ڤاوڵ و گیرەک یان بڕگەکانی کۆتایی]

هەروەها ئاوەڵناوەکانی [دپ](بڕاوەی [دپرس] بە واتای خەمۆک)، [اس](بڕاوەی [اسکل] بە واتای گەمژە) و [افتض](بڕاوەی [افتضاح]).

جگە لەوەش، قسەکەرانی زمانەکە بەپێی پێویستی و ئامانجەکانیان بە شێوازی جیاواز ئەم وشە بڕینەوە بەکاردەهێنن. بۆ نمونە لە زمانی فارسیدا، هەندێکجار دوای بڕینەوەی وشەکە، پاشگری /–ی/ (زۆرجار بۆ نیشاندانی سۆز و نزیکایەتی یان خۆشەویستییە) بۆ وشەکە زیاددەکرێت، وەک [دخی] (کورتکراوەی ((دختر)) + –ی)، [دکی] (کورتکراوەی ((دکتر)) + –ی). ئەمەش بە تایبەتی لە بڕینەوەی ناوی تایبەتدا لە فارسیی قسەکردندا زیاتر ڕودەدات، ڕەنگە بۆ ئەوەی لایەنێکی سۆزداری بە ناوەکە بدرێت و بێژەکردنی ئاسانتر بێت(رضوی و قطره، ١٣٩٣: ١٥١). وەک [الی] (بڕاوەی ((الهام)) + –ی)، [سلی] (بڕاوەی ((سلیمان)) + –ی)، [هوشی] (بڕاوەی ((هوشنگ)) + –ی).

کەواتە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کەوا ئەو وشانەی پرۆسەی بڕینەوەیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، واتاکەیان ناگۆڕێت و وشەی نوێ بە واتای نوێ بەرهەمناهێنن، تەنها گۆڕان لە فۆڕمیاندا ڕودەدات، واتە لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە، مۆرفیمەکان هەمان ئەرک و واتایان دەبێت و هەروەها ڕیزبەندی خۆشیان لە پێکهاتەی وشەکەدا دەپارێزن.

لە چوارچێوەی خستنەڕوی هەردو پرۆسەی بڕین و تێکەڵکردن بە یەکتری دەچن و لێک نزیکن، لەوەدا کەوا لە هەردو پرۆسەکەدا کردەی لابردن و کەمکردنەوە ڕودەدات. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازن و خاڵی جیاکەرەوەیان ئەوەیە، کەوا لە پرۆسەی بڕین لە پێکهاتەیەکدا دوای دروستبونی ڕودەدات، جا مۆرفیم بێت یان فرەیز، بەڵام لە تێکەڵکردندا لە پێکهێنەرەکانی مۆرفیمێک پێش تێکەڵکردنیان ڕودەدات.

## ٦/٣) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی سەروشە

جۆرێک لە جۆرەکانی دارشتنی وشەی نوێ سەروشەیە. سەروشەش وەک جۆرێک لە کورتکراوەکان دادەنرێت. کە بە مەبەستی ئابوریکردن بەکاردەهێنرێت، واتە بە کەمترین وزە و دەربڕین زۆرترین واتا و مەبەست بگەیەنین بە بەرامبەرەکەمان، کە ئەمەش ئامانجی ئێستای زمان و قسەپێکەرانییەتی لە جیهانی ئێستا و پەیوەندییە نوێکانی کۆمەڵدا. ڕێگایەکی جیهانی و گشتییە بۆ داڕشتن و سازکردنی وشە و زاراوە، کە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا دەبینرێت(حمد، ٢٠١٤: ٧٠).

سەروشە بریتییە لە دەربڕینی یەکەم پیتی کۆمەڵە ناوێک، یان بەشە پێکهێنەرەکانی فرەیزێک یان ڕستەیەک، واتە کورتکردنەوەی مۆرفیمەکان و وەرگرتنی یەکەم پیتی ئەو مۆرفیمانە و

پێکهێنانی مۆرفیمێکی نوێ(یول، ١٣٨٩: ٨٣)، کە لەناو کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێت و بڵاودەبێتەوە و دەبێتە دەربڕین و وشەیەکی سەربەخۆ.

کەواتە لەم پرۆسەیەشدا بە پێکەوە دانانی پیتەکانی یەکەمی وشە پێکهێنەرەکان، دەستەواژەیەکی وشەی نوێ دروستدەکەن، بەو جیاوازییەی کە لە سەروشەدا، وشەی دروستکراو وەک یەک وشە (واتە لە فۆڕمێکی بەیەکەوەبەستراو) دەخوێندرێتەوە و دەردەبڕدرێت(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٢٤)، واتە سەروشە یا پرۆسەی تێکەڵکردنی پیتەکان، بە پێکەوەدانانی پیتی یەکەمی ئەو وشانەی دەستەواژەیەک پێکدەهێنن، وشەیەکی نوێ دروستدەکات کە دەتوانرێت دەرببڕدرێت(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٨). یان "ڕێگایەکی باوی داڕشتن و سازکردنی وشەیە، کە دەنگی یەکەمی وشەکان وەردەگیرێت و یەک وشەیان لێ سازدەکرێت، یان بەجیا گۆدەکرێن یان بە شێوەی وشەیەک"(حمد، ٢٠١٤: ٧٠).

یاخود دەگوترێت پرۆسەی سەروشە، بریتییە لە 'بەکارهێنانی پیتی سەرەتای وشەکان لە فریزێکدا بە دەربڕینی پیتەکانەوە بەجیا نەوەکو تاکە یەک وشە'(مەحویی: ٢٠١٠: ١٦٦). یان سەروشە بریتییە لە "لێکدانی برگەی یەکەمی یان دەنگی یەکەمی دوو وشە یان زیاتر و خوێندنەوەیان بەیەکەوە یان وەک دەنگی پیتەکان"(فەتاح، ٢٠١١: ١٢٦). یان ئەو پرۆسەیەیە کە "یەکەم پیتی وشەکان وەردەگیرێت، پاشان لێکدەدرێت، لە ئەنجامدا وەک وشەیەکی سەربەخۆی لێدێت"(ساڵح، ٢٠١٢: ١٠٦).

کەواتە لە چوارچێوەی ئەم پێناسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کەوا دو جۆر سەروشە هەیە، جۆرێکیان پێی دەگوترێت سەروشەی ئەلفبێیی، واتە تەنیا پیتەکان بەجیا دەردەبڕدرێن، ئەوی تریان پێی دەگوترێت سەروشەی وشەیی، واتە پیتە وەرگیراوەکان لە شێوەی وشەیەکدا دەخوێندرێنەوە و وشەیەکی نوێ پێکدەهێنن(یول، ١٣٨٩: ٨٣؛ مەحویی، ٢٠١٠: ١٦٦ – ١٦٨). کەواتە دەکرێت بڵێین "ئەم دیاردەیە بە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی دادەنرێت، بەڵام دەشێت وەک تواندنەوەی چەند مۆرفیمێک لە قاڵبی یەک مۆرفێمدا تەماشا بکرێت، لە ڕووی دەربڕینو درکاندنەوە، دەکرێن بە دوو جۆرەوە، یەکەمیان ئەکرۆنیمی لێکدراو، کە بە شێوەی یەک وشە دەخوێندرێتەوە و دەنووسرێت، دووەمیان ئەکرۆنیمی پچڕاو، کە بە شێوەی دەنگی دابڕاو و پچڕاو، دەنووسرێنو دەخوێندرێنەوە"(حمد، ٢٠١٤: ٧٠ – ٧١).

سەروشەی ئەلفبێیی جیاوازییەکەی لەگەڵ تاکپیتییەکاندا ئەوەیە، تاکپیتییەکان وەک وشەیەک دەخوێندرێنەوە، زۆرجار تەنها بە نوسین کورتکراونەتەوە، کە دەخوێندرێنەوە وشەکە بەتەواوی

گۆدەکرێت، بەڵام لە سەروشەی ئەلفبێیدا، وەک حونجەکردن، هەر پیتێک بەجیا دەخوێندرێتەوە، یان وەکو لە سەروشەی وشەییدا دیارە، پیتی یەکەمی وشەکانی دەستەواژە و فرەیزەکە وەردەگیرێت و وشەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنن و وەکو وشەیەک دەخوێندرێنەوە و دەنوسرێن، کەوا هەندێکجار لە ئەنجامی زۆر بەکارهاتن و بڵاوبونەوەی لەناو قسەکەرانی زماندا و دەچێتە ناو فەرهەنگی زمانەکەوە و شوێنی وشە و زاراوە درێژەکان دەگرنەوە(شوانی، ٢٠١٤: ٢٢٠)، بۆیە نازانرێت ئەم وشەیە سەروشەی فرەیزێکە. بۆ نمونە ئەگەر سەرنج لە سەروشەی [پژاک] بدەین لە زمانی کوردیدا، دەبینین هێندە بەکارهاتووە و ڕۆیشتووە، وەکو وشەیەکی سەربەخۆی لێهاتووە و سەروشەی فرەیزی (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان)ە.

بەو پێیەی دەتوانرێت سەروشەکان بەئاسانی بگوترێنەوە و دەرببڕدرێن، وا دیارە ئەم پڕۆسەیە زیاتر بەناوبانگە و برەوی پەیداکردووە و وەک هاوتا و هاوکێشەیەکی کورت بۆ فۆڕمێکی درێژ بەکاردەهێنرێت(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٩). کە بە دو هەنگاو دروستدەبێت، یەکەمیان کورتکردنەوە و وەرگرتنی یەک دەنگە، هەنگاوی دووەم لێکدان و پێکەوەنوساندنی ئەم دەنگانەیە(حمد، ٢٠١٤: ٧٠)، ئەگەر پێویست بو، تەنانەت دەکرێت هەندێک ڤاوڵی بۆ زیادبکرێت یان هەندێک لە پیتی یەکەمی وشەکان پشتگوێبخرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت وشەیەک بەدەستبهێنرێت کە دەربببڕدرێت و لەگەڵ یاسا فۆنێتیکییەکانی زمانەکەدا بگونجێت. سەروشە تەنها بە بەکارهێنانی پیتی یەکەمی وشەکان دروستدەکرێت، بەڵام ڕون نییە کام لە پیتە یەکەمەکانی وشەکانی دەستەواژەکە هەڵبژێردراوە(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٨ – ١٠٩).

ئەم دیاردەیە، لە زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێت بەتایبەتی لە کورتکردنەوەی ناوی ڕێکخراو و دەستە و دامەزراوەکاندا، لە زمانی کوردی و فارسیدا بە ڕێگەیەکی چالاک و بەتوانا دادەنرێت، لە سازکردنی وشەدا(حمد، ٢٠١٤: ٧٠).

**نمونەی سەروشە لە زمانی کوردیدا:**

٩٦) کۆڕێگە: کۆمەڵەی ڕێبەرانی گەشەپێدان(سەروشەی وشەیی)

٩٧) پاسۆک: پارتی ئازادیی سۆسیالیستی کوردستان(سەروشەی وشەیی)

٩٨) کاژیک: کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد(سەروشەی وشەیی)

٩٩) پەکەکە: پارتی کرێکارانی کوردستان(سەروشەی وشەیی)

١٠٠) پەیەدە: پارتی یەکێتی دیموکرات(سەروشەی وشەیی)

١٠١) پەیەژە: پارتی یەکێتی ژنان(سەروشەی وشەیی)

١٠٢) ی.ن.ک: یەکێتی نیشتمانی کوردستان(سەروشەی ئەلفبێیی)

١٠٣) پ.د.ک: پارتی دیموکراتی کوردستان(سەروشەی ئەلفبێیی)

١٠٤) ک.ژ.ک: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان(سەروشەی ئەلفبێیی)

١٠٥) ف.ل.ک: فەرماندەیی لەشکری کوردستان(سەروشەی ئەلفبێیی)

**نمونەی سەروشە لە زمانی فارسیدا:**

١٠٦) هما: هواپیمایی ملی ایران(سەروشەی وشەیی)

١٠٧) ساواک: سازمان اطلاعات و امنیت کشور(سەروشەی وشەیی)

١٠٨) فتا: فضای تولید و تبادل اطلاعات(سەروشەی وشەیی)

١٠٩) نهاجا: نیروی هوایی جمهوری اسلامی ایران(سەروشەی وشەیی)

١١٠) آزفا: آموزش زبان فارسی(سەروشەی وشەیی)

١١١) ساف: سازمان آزادی‌بخش فلسطین(سەروشەی وشەیی)

١١٢) رجا: راه آهن جمهوری اسلامی ایران(سەروشەی وشەیی)

١١٣) پهپاد: پرنده هدایت‌پذیر از دور(سەروشەی وشەیی)

١١٤) آجا: ارتش جمهوری اسلامی ایران(سەروشەی وشەیی)

١١٥) خ. : خیابان(سەروشەی ئەلفبێیی)

١١٦) ت.ت.ت: تاکسی تلفنی تهران(سەروشەی ئەلفبێیی)

١١٧) ش.م.ه.: شیمیایی، میکربی، هسته‌ای(سەروشەی ئەلفبێیی)

١١٨) ا.م.ا: ایالات متحده امریکا(سەروشەی ئەلفبێیی)

له زمانی کوردی و فارسیدا هیچ یاسایەکی تایبەت بۆ تێکەڵکردنی پیتەکان نییە و لە هەر حاڵەتێکدا بە پێی سەلیقە و حەز و ئارەزوی دروستکەرانی وشە و یاساکانی فۆنێتیکی زمانەکە، توخمە هەڵبژێردراوەکان یان بزوێنەکان زیاددەکرێن بۆ ئەوەی وشەی بەرهەمهاتو، بتوانرێت دەربب‌ڕدرێت(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٩؛ مەحویی، ٢٠١٠: ١٦٦).

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پرۆسەی سەروشە، ئەمانەی خوارەوەن:

١- لە ئەنجامی وەرگرتنی پیتی یەکەمی وشەکان، یان بڕگەی یەکەمی وشەکان(هەرچەندە ئەمەیان لە کوردیدا دەگمەنە) پێکدێن.

٢- ئەم پرۆسەیە بۆ مەبەستی ئاسانی و کورتکردنەوە و خێرا دەربڕین بەکاردێت.

٣- ئەم پیتانە یاخود بڕگانەی کە وەردەگیرێن، شوێنی وشەکان دەگرنەوە و نوێنەرایەتییان دەکەن، ئەگەر کەسێک شارەزا نەبێت وشەکانیان لەبیردەچنەوە. وەک (پاسۆک)، کە لە (پارتی ئازادیی سۆسیالیستیی کوردستان)ەوە دروستبووە.

٤- هەندێک لەم سەروشانە جگە لەوەی دەچنە ناو فەرهەنگی زمانەکەیانەوە، چونەتە ناو فەرهەنگی زمانی نەتەوەی تریشەوە. وەک سەروشەی (NATO) کە لە ( North Atlantic Treaty Organization)ەوە دروستبووە.

٥- هەندێک لە سەروشەکان بەرێکەوت واتاش دەبەخشن. وەک (حماس)، کە واتای (غیرەتگرتن) دەدات، سەروشەی فرەیزی (حركة المقاومة الاسلامية)یە(شوانی، ٢٠١٤: ٢٢١ - ٢٢٢).

## ٧/٣) پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی تاکپیتی

قسەکەرانی هەر زمانێک هەوڵدەدەن وزە پاشەکەوت بکەن، بە کورتکردنەوە و ئابوریکردن لە زمانی قسەکردن و نوسیندا. لە تاکپیتیدا، پیتی یەکەمی ئەو وشانەی دەستەواژەیەک پێکدەهێنن وەک نیشانەیەک بۆ هەریەک لە وشەکانی ئەو دەستەواژەیە بەکاردەهێنرێن، بێگومان هەر پیتێک بە جیا دەخوێندرێتەوە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٢٤)، یان دەگوترێت پرۆسەی تاکپیتی یەکێکە لە شێوازەکانی کورتکردنەوەی دەستەواژەیەکی درێژ لە زماندا. یەکەم پیتی ئەو وشانەی کە ئەو دەستەواژەیە پێکدەهێنن وەک نیشانەیەک بۆ هەریەکێک لەو وشانە بەجێدەهێڵرێن(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٨). واتە پرۆسەی تاکپیتی پرۆسەیەکە، کەوا یەکەم دەنگی وشەکە یان هەندێکجار دەنگی کۆتایی

وەردەگیرێت، بەڵام بەگشتی دەنگی یەکەم وەردەگیرێت(حمد، ٢٠١٤: ٧٢). واتە وشەکە کورتدەکرێتەوە تا ئەو پەڕی ڕادە و تەنیا یەک پیت و دەنگی لێ دەمێنێتەوە، کە ئەم پیتانە دەبنە نوێنەر و جێگرەوەی وشە و زاراوە سەربەخۆکان، هەروەها ئەم کورتکردنەوەیە تەنها لە نوسیندایە و لە دەربڕیندا ئەم کوردتکردنەوەیە ڕونادات و هەمو وشەکان بەتەواوی دەردەبڕدرێن.

هۆکاری سەرەکی برەو و بڵاوبونەوەی تاکپیتی دەکرێ وەک تایبەتمەندییەکی خودی زمانەکە سەیربکرێت. ڕۆڵی زمان وەک ئامرازێکی پەیوەندی و گەیاندنی زانیاری شتێکی حاشاهەڵنەگرە. ئەمڕۆ لەگەڵ زیادبونی بڵاوبونەوەی زانستە جیاوازەکان، پێویستی خێرایی لە گواستنەوەی زانیاری زیاتر لە هەمو کاتێک هەستپێدەکرێت و تاکپیتیش یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە یارمەتی ڕونی و سادەیی و خێرایی گواستنەوەی زانیاری زمانی دەدات، هەروەها لە ڕوی ئابوریکردنەوە (لە ڕوی بەکارهێنانی وزە، کاغەز...) زیاتر جێی سەرنجە و زۆر بەناوبانگ بووە، بەتایبەتی لە ماوەی چەند دەیەی کۆتاییدا، بەجۆرێک دەتوانرێت بڵێین لەم سەردەمەی پەیوەندییە مۆدێرنەکاندا، ئەم کورتکردنەوەیە وەک جۆرێک لە کەموکورتی لە زمانە زانستییەکانی جیهاندا لەبەرچاودەگیرێت. بۆ نمونە ژمارەی تاکپیتییەکان لە زمانی ئینگلیزیدا ئەوەندەیە کە دەتوانرێت وەک ناونیشانێکی زمانی لە دڵی زمانی سەرەکیدا هەژماربکرێت(کافی، ١٣٧٠: ١٣).

بە کەڵکوەرگرتن لە پرۆسەی تاکپیتی، ناوی ڕێکخراو و دامەزراوەکان، کە بەزۆری درێژن، دەتوانرێت لەسەر تابلۆی ئۆتۆمبێل یان لە شوێنێکی بچوکدا وەک دەرگای ئۆتۆمبێل و...هتد بنوسرێت. لە قسەکردندا بە ئاماژەدان بە چەند پیتێک لەبری چەند وشەیەک کاتمان بۆ دەگەڕێتەوە. پرۆسەی تاکپیتی لە یەکەم پیتی وشەیەک یان چەند پیتێکی وشەی جیاواز دروستدەکرێت، کە وەک وشەیەکی تەواو بە پیتی جیا گۆدەکرێن(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٨).

لەوەش سەرنجڕاکێشتر، هەر گروپ و کارێکی تایبەت یان پیشەیەک تاکپیتی تایبەتی خۆی هەیە. نمونەی تاکپیتی زمانی لە فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیاکان، لە ڕێکخراو و فەرمانگە گشتی و تایبەتەکان (بەتایبەتی لە ناوی کۆمپانیا یان ناوی بەرهەمەکان)، لە کتێبە زانستییەکان و بوارە زانستییە جیاوازەکان و تەنانەت لە قسەکردنی گشتی و ڕۆژانەی خەڵکیدا دەبینرێت(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ١٢٤).

لە پرۆسەی تاکپیتیدا، وشە کورتکراوەکان "نوسینیان بە جۆرێکە، کە لەگەڵ یاسای ئەو زمانەدا ناگونجێ، بۆیە هەمیشە (.) لەدوای فۆرمەکە کورتکراوەکە دادەنرێت"(حەسەن، ٢٠٠٨: ٤٨)، وەک تاکپیتی (پ.م.) لە زمانی کوردیدا کە کورتکراوەی (پێشمەرگە)یە، دەبینین لە زمانی کوردیدا

هەردو پیتی (پ) و (م) بەدوای یەکدا نایەن، واتە لەسەر شێوازی ئاسایی وشەی کوردی نین، بۆیە پێویستە ئەو خاڵە بۆ جیاکردنەوەیان لە نێوانیاندا بێت، بە هەمان شێوەی (پ.ی) کە کورتکراوەی (پڕۆفیسۆری یاریدەدەر)ە، بەڵام ئەم خاڵدانانە بۆ زمانی کوردی تەنیا لە کورتکراوە یەک پیتییەکان دەبینرێت، بۆ ئەوانەی لە پیتێک زیاترن بەکارنایەت، لەوانە (٣کم، ٦کگم)، یان لە زمانی ئینگلیزیدا، وەک:

119) Assistant: Asst. [سێ پیتی یەکەم و کۆتا پیت وەرگیراوە]

120) Brother: Bro. [تەنها سێ پیتی یەکەم وەرگیراوە]

121) Doctor: Dr. [یەکەم پیت و کۆتا پیت وەرگیراوە]

نمونەی تاکپیتی لە زمانی کوردیدا:

١٢٢) ل: لاپەڕە

١٢٣) م.: مامۆستا

١٢٤) د: دکتۆر

١٢٥) ف: فرەیز

١٢٦) پ: پڕۆفیسۆر

١٢٧) ن: ناو

١٢٨) مامۆستا: م. [تەنیا یەکەم پیت وەرگیراوە]

١٢٩) دکتۆر: د. [تەنیا یەکەم پیت وەرگیراوە]

١٣٠) سانتیمەتر: سم [یەکەمین پیتی (سانتیم) و یەکەمین پیتی (مەتر) وەرگیراوە]

١٣١) کیلۆمەتر: کم [یەکەمین پیتی (کیلۆ) و یەکەمین پیتی (مەتر) وەرگیراوە]

لە زمانی کوردیدا پرۆسەی تاکپیتی بۆ فرەیزیش بەکاردێت، بەڵام هەر پیتێک دەبێتە نوێنەری یەکێک لە وشەکانی فرێزەکە و بە (.) لەوەی دیکە جیادەکرێتەوە و لە کاتی خوێندنەوەدا ناوی تەواوی وشەکانی فرەیزەکە دەهێنرێت، نەک پیتەکان(فەتاح، ٢٠١١: ١٢٦)، وەک:

١٣٢) مامۆستای یاریدەدەر: م. ی

١٣٣) یاریدەدەری پزیشک: ی. پ

١٣٤) پێش زاین: پ.ز

١٣٥) درودی خوای لەسەر بێت: د.خ

١٣٦) پێش نیوەڕۆ: پ.ن

١٣٧) کرمانجی ژورو: ک.ژ

نمونەی تاکپیتی لە زمانی فارسیدا:

ئەگەر پیتە هەڵبژێردراوەکانی لە زمانی فارسیدا وەک [ص (صلوات‌الله)، ع (علیه‌السلام)، ره (رحمت‌الله علیه)، ر.ک(رجوع کنید) و هـ . ش(هجری شمسی) ] وەک وشەیەکی تەواو بخوێندرێنەوە، ئەوا ئەم شێوە کورتکراوانە پێشیان دەگوترێت کورتکردنەوە(شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٨).

لە زمانی فارسیدا پرۆسەی تاکپیتی بۆ فرەیزیش بەکاردێت، بەڵام هەر پیتێک دەبێتە نوێنەری یەکێک لە وشەکانی فرێزەکە و بە (.) لەوەی دیکە جیادەکرێتەوە و لە کاتی خوێندنەوەدا ناوی تەواوی وشەکانی فرەیزەکە دەهێنرێت، نەک پیتەکانیان(زاهدی و شریفی، ١٣٨٨: ٧٧) نمونەکانی وەک [ک.م.م (کوچک‌ترین مضرب مشترک) و ب.م.م (بزرگ‌ترین مضرب مشترک) لە بواری بیرکاریدا].

دەبێت ئەوە بزانرێت کە تاکپیتی لەگەڵ سەروشە جیاوازە، ناکرێت تێکەڵی یەکبکرێن، چونکە لە سەروشەدا کەرەستە وەرگیراوەکان پاش لێکدانیان مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێکدەهێنن. کە بە یەکەیەکی سەربەخۆ دەخوێندرێنەوە، یانیش تەنها ناوی پیتەکان دەهێنرێت، بەڵام لە تاکپیتیدا ئەم پیتانە تەنیا نوێنەری مۆرفیمەکانن و هیچ مۆرفیمێکی نوێ پێکناهێنن و ناوی پیتەکانیش ناهێنرێت، بەڵکو مۆرفیمەکان وەکو خۆیان دەردەبڕدرێن.

# ئەنجام

١. له ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە هاتنی مۆرفیمەکان لە پرۆسەی دارشتی هەرەمیدا لە زمانی کوردیدا سێ شێوە و ڕیزبون لەخۆدەگرێت: ا- (پێشگر + پێشگر + بنکە + پاشگر)؛ ب- (بنکە + پاشگر + پاشگر)؛ پ- (پێشگر + بنکە + پاشگر)، هاتنی مۆرفیمەکان لە پرۆسەی دارشتنی هەرەمیدا لە زمانی فارسیشدا سێ شێوە و ڕیزبون لەخۆدەگرێت: ا- (پێشگر + بنکە + پاشگر + پاشگر)؛ ب- (بنکە + پاشگر + پاشگر) پ- (پێشگر + بنکە + پاشگر) پێکهاتون، کە تەنها لە خاڵی (ا)دا لەیەکتری جیاوازن، بەڵام لە خاڵی (ب) و (پ)دا لەیەکتری دەچن. هاتنی مۆرفیمەکان لە پرۆسەی دارشتنی ناهەرەمیدا لە زمانی کوردی و فارسیدا وەکو یەکە و زیاتر یەک شێوە و ڕیزبون لەخۆدەگرێت: (پێشگر + بنکە + پاشگر).

٢. لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە و بەپێی ڕیزبونی مۆرفیمەکان و سیستەمی مۆرفۆلۆژیی لە زمانی کوردی و فارسیدا وشەی لێکدراو لە ڕوی ڕوخسارەوە لە هەردو زمانەکەدا وەکو یەکن.

٣. شێوەی ڕیزبونی مۆرفیمەکان لە لێکدراوی هەرەمی و ناهەرەمی لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا وەکو یەکە، کەوا لە لێکدراوی هەرەمیدا لە سەرەتادا دو مۆرفیم لێکدراون و وشەیەکی لێکدراویان دروستکردووە، دواتر مۆرفیمی سێیەم چۆتە سەر وشە لێکدراوەکە و وشەیەکی تری لێکدراوی دروستکردووە، یان مۆرفیمێک واتە وشەیەکی سادە لەگەڵ مۆرفیمێکی تر یەکیانگرتووە و وشەیەکی لێکدراویان دروستکردوو، کەوا لە لێکدراوی ناهەرەمیشدا مۆرفیمەکان بەیەکەوە و لە یەک کاتدا بەیەکەوە لکێنراون و وشەیەکی لێکدراویان دروستکردووە.

٤. لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە بەپێی ئەو نمونانەی کە وەرگیراون، هاتنی مۆرفیمەکان لە پرۆسەی لێکدراویدارێژراودا لە زمانی کوردیدا دو شێوە و ڕیزبون لەخۆدەگرێت: ا- بریتییە لە یەگگرتنی وشەیەکی لێکدراو لەگەڵ گیرەکێکی وشەدارێژ؛ ب- بریتییە لە یەکگرتنی وشەیەکی دارێژراو لەگەڵ وشەیەکی تردا، بەڵام هاتنی مۆرفیمەکان لە پرۆسەی لێکدراویدارێژراودا لە زمانی فارسیدا یەک شێوە و ڕیزبون لەخۆدەگرێت: بریتییە لە یەگگرتنی وشەیەکی لێکدراو لەگەڵ گیرەکێکی وشەدارێژ. کە ئەمە لەگەڵ خاڵی (ا)ی زمانی کوردیدا هاوبەشە.

٥. شێوەی ڕیزبونی مۆرفیمەکان لە لێکدراویداڕێژراوی هەرەمی و ناهەرەمی لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا وەکو یەکە، کە مۆرفیمەکان بە شێوەیەکی هەنگاوبەهەنگاو یان بەیەکجار ڕێزدەبن و وشەی لێکدراویداڕێژراوی هەرەمی و ناهەرەمی دروستدەکەن.

٦. دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی نێوانی لە زمانی کوردی و فارسیدا جگە لە دوبارەبونەوەی مۆرفیمی بنکە وەکو خۆی، مۆرفیمی لێکدەر لەنێوان دو بنکەکەدا دەبینرێت، کە ژمارەی مۆرفیمە لێکدەرەکان لە هەردو زمانەکەدا حەوت مۆرفیمی لێکدەرە و کە سێیان لە هەردو زمانەکەدا هاوبەشن وەک: [–بە–، –تا–، –و–]، بەڵام چوار لە مۆرفیمە لێکدەرەکانی لە هەردو زمانەکەدا جیاوازن وەک: [–او–، –ەو–، –ان–، ، –ە–] لە زمانی کوردیدا، وەک: [–اندر–، –در–، –تو–، –ا–] لە زمانی فارسیدا.

٧. لە دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی کۆتایی لە زمانی کوردیدا جگە لە دوبارەبونەوەی مۆرفیمی بنکە وەکو خۆی، مۆرفیمەکانی تری وەک [–ێن–، –ۆکە–، –ی، –ەوە] لەکۆتایی بنکەی دووەمدا دەبینرێن، بەڵام لە دوبارەبونەوەی تەواوی زیادکراوی کۆتایی لە زمانی فارسیدا جگە لە دوبارەبونەوەی مۆرفیمی بنکە وەکو خۆی، مۆرفیمەکانی تری وەک [– ک، – کی، – ان، – و، – ە] لەکۆتایی بنکەی دووەمدا دەبینرێن.

٨. گۆڕینی پۆلی ناو بۆ کردار لە زمانی کوردیدا نییە و لە زمانی فارسیدا هەیە، هەروەها گۆڕینی پۆلی ئاوەڵکردار بۆ ناو، ئاوەڵکردار بۆ ئاوەڵناو و ئامراز بۆ ناو لە زمانی کوردیدا هەیە و لە زمانی فارسیدا نییە.

٩. لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا پرۆسەی گۆڕینی پۆلی کردار بۆ ئاوەڵناو، ناو بۆ ئاوەڵناو و ئاوەڵناو بۆ ناو لە هەردو زمانەکە زیاتر دەبینرێت، لەناو ئەم گۆڕینانەشدا لە زمانی کوردیدا پرۆسەی گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو لە هەموان زیاتر دوبارەدەبێتەوە، لە زمانی فارسیشدا پرۆسەی گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو لە هەموان زیاتر دوبارەدەبێتەوە.

١٠. ئەو وشانەی کەوا دادەهێنرێن، زۆربەی کات لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە ناتوانرێت بەسەر توخم و یەکەی بچوکتردا دابەشبکرێن لە هەردو زمانەکەدا.

١١. لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە پرۆسەی تێکەڵکردن بریتییە لە تێکەڵکردنی مۆرفیمێکی وشەیەک لەگەڵ مۆرفیمێکی وشەیەکی تر، کە ڕیزبەندی مۆرفیمەکان وەکو خۆیان

دەمێننەوە و پێش و پاش ناخرێن، واتە لەکوێی وشە بنەڕەتییەکەدا هاتبن، لە تێکەڵکردنەکەشدا لەوێدا دێن.

١١. لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە لە پرۆسەی بڕینەوەدا مۆرفیمەکان هەمان ئەرک و واتایان دەبێت و هەروەها ڕیزبەندی خۆشیان لە پێکهاتەی مۆرفیمە نوێیەکەدا دەپارێزن، واتە شوێنیان ئاڵوگۆڕناکەن. لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی /ـە/ دوای بڕینەوەی مۆرفیمەکە بۆ مۆرفیمە نوێیەکە زیاددەکرێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا پاشگری /ـی /دوای بڕینەوەی مۆرفیمەکە بۆ مۆرفیمە نوێیەکە.

١٢. لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە سەروشە لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا دەشێت وەک تواندنەوەی چەند مۆرفیمێک لە قاڵبی یەک مۆرفیمدا تەماشابکرێت، واتە پیتەکان یاخود بڕگەکان کە نوێنەری مۆرفیمەکانن، هەمان ئەرک و واتای مۆرفیمەکانیان دەبێت و ڕیزبەندی خۆشیان لە پێکهاتەکەدا دەپارێزن و شوێنیان ئاڵوگۆڕناکەن.

١٣. لە زمانی کوردی و فارسیدا ئەو مۆرفیمانەی پرۆسەی تاکپیتییان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە، پیتەکان کە نوێنەرایەتی مۆرفیمەکان دەکەن هەمان ئەرک و واتای مۆرفیمەکانیان دەبێت و ڕیزبەندی خۆشیان لە پێکهاتەدا دەپارێزن و شوێنیان ئاڵوگۆڕناکەن.

١٤. زمانی فارسی و کوردی لە ڕوی تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژییەوە لێکنزیکییان هەیە و ڕێزبونی کەرەســـەکانیان تاوەکو ڕادەیەکی زۆر لەیەکتری دەچێت لە چوارچێوەی یەکە فەرهەنگییەکاندا، بۆیە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لەگەڵ هەردو زمانەکەدا دەگونجێت.

# سەرچاوەکان

## به زمانی کوردی:


1. ئەحمەد، نازەنین جەلال (٢٠٠٤). **وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە-ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد، بەغداد.
2. ئەحمەد، نەرمین عومەر (٢٠١٠). **بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا**، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
3. ئەمین، شلێر نایف (٢٠١٨). **دەستنیشانکرنا سەرەی د هەڤالناڤێ لێکدایدا**، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، پەربەندا: ٦. ژمارە: ٣. لل ٦٧٢ – ٦٨٢.
4. ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٧). **تایپۆلۆجیای زمانی کوردی**، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٦، هەولێر.
5. ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٨). **جووشە**، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٨، هەولێر.
6. ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٩). ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دووەم چاپ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
7. ئەمین، وریا عومەر (٢٠١١). **پیتۆکەکانی زمانەوانی**، یەکەم چاپ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
8. ئەنجومەنی کۆڕ و لێژنەکانی (١٩٧٥)، **لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ**، پێشەکی و ڕێکخستن: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا.
9. بەسیر، کامیل حەسەن (١٩٧٨). **زاراوەی کوردی**، بۆ ساڵی یەکەم، بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی ئاداب، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
10. حاجی، ڤیان سلێمان (٢٠٠٧). **کەرەستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە(شێوەزاری کرمانجی سەروو)**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
11. حسین، شمال زکی (٢٠٢٢). **ڕیزبوونی مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران.
12. حەسەن، تابان محەمەد سەعید (٢٠٠٨). **گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
13. حمد، شێروان حسێن (٢٠١٤). **توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا(لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان زمانی کوردی و**

**فارسیدا)**. نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
14. حەمید، ساکار ئەنوەر (٢٠٠٩). **وشە خواستن لە زمانی کوردیدا(لێکۆڵینەوەیەکی ئیتمۆلۆجییە)**، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
15. حەمید، هێرش کەریم (٢٠١٥). **بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی لە زمانی کوردی و فارسیدا**، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان، فاکەڵتیی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
16. خالد، چیا طاهر (٢٠٢٢). **پرۆسەی گۆڕین لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران.
17. خالد، فاروق عزیز (٢٠٢١). **پێکهاتە یەکهەنگاوییەکان لە زمانی کوردیدا لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژجیی پێکهێناندا**، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران.
18. خدر، حەیدەر حاجی (٢٠١٠). **تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلینی مۆرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
19. خدر، عمر صالح (٢٠٢٢). **بەبەرهەمی گیرەکە وشەدارێژەکان لە ڕۆنانی ناو لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە – قەلادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین.
20. ڕەجەب، سلێمان ئیسماعیل (٢٠٠٦). **مۆرفیمێن ڕێزمانیێن کوردییا سەری (گوڤەرا بادینان)**، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەین، هەولێر.
21. ڕەحیمی، کامەران (٢٠٠٧). **خەسارناسی وشەسازی لە زمانی کوردیدا**، گۆڤاری زمانەوان، ژمارە: ٣، ئەنستیتوی فەرهەنگی کوردستان، تاران. چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
22. ڕەحیمی، کامران (١٣٨٨). **بنەماکانی وشەسازی و وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا**، چاپی یەکەم، نشر گوتار، سقز-کوردستان.
23. ساڵح، دەروون عبدالرحمن (٢٠١٢). **ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا**، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
24. شوانی، ڕەفیق محەمەد (ا ٢٠٠٨). **ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن**، چاپخانەی خانی، دهۆک.
25. شوانی، ڕەفیق محمد (ب ٢٠٠٨). **زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا**، یەکەم چاپ، چاپخانەی خانی، دهۆک.

26. شوانی، رفیق (٢٠١٤). **وشەسازی زمانی کوردی(لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکییە)**، دووەم چاپ، کۆمەڵگای چاپخانەی داودی، کەرکوک.
27. طیب، شهاب شیخ (٢٠١٤). **دەربارەی زمانەوانی**، یەکەم چاپ، چاپخانەی نارین، سلێمانی.
28. عبدالرحمن، حمە مصطفی (٢٠٢٢). **دروستە و دەرکردە واتاییەکانی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
29. صدیق، شیرزاد سعید (٢٠٠٨). **ڕستەی زمانی کوردی بەپێی تیۆری (کەتیگۆری و پێوانە)ی هاڵیدەی**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
30. عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری (٢٠١٣). **فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی**، دووەم چاپ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
31. عەبدوڵڵا، نسار فەتاح (٢٠١٥). **دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان لەنێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا**، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
32. عەول، محەمەد عومەر (٢٠١٠). **دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی دارشتن و ئەرکەوە-لە کرمانجی خواروودا**، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە ٣، لل ٣١٠ – ٤٣٣، سلێمانی.
33. فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠). **لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان**، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی شێروان حسێن خۆشناو – شێروان میرزا قادر، یەکەم چاپ. چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
34. فەتاح، محەمەد مەعروف (2011). **زمانەوانی**، سێیەم چاپ، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
35. فەتاح، محەمەد مەعروف و قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٦). **چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی**، یەکەم چاپ، سلێمانی.
36. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بۆ وەرگرتنی نمونە وەرگیراوەکان لە زمانی فارسیدا https://vajehyab.com.
37. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بۆ وەرگرتنی نمونە وەرگیراوەکان لە زمانی کوردیدا https://lex.vejin.net.
38. قادر، ئەبوبەکر عومەر (٢٠٠٣). **بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

39. قادر، سامی حوسێن (٢٠١٧). **بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران.
40. قادر، صباح رشید (٢٠٠٠). **هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەک)دا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
41. قادر، صباح ڕەشید، (٢٠٠٧). **هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
42. قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٩). **هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا**، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
43. قادر، شێرکۆ حەمەئەمین. (٢٠٠٢). **مۆرفیمە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا**، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
44. کۆمەڵێک زمانەوان (٢٠٠٩). **مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان**، وەرگێڕانی: محەمەدی مەحویی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
45. کەرەمی، سەعید (١٣٩٦). **وشەناسیی زمانی کوردی(کرمانجی ناوەڕاست)**، یەکەم چاپ، پەخشانگای زانستگای کوردستان، سنندج.
46. مارف، ئەوڕەحمانی حاجی (٢٠٠٤). **فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی**، سلێمانی.
47. مارف، ئەوڕەحمانی حاجی (٢٠١٤). **وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا**، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
48. محمد، حاتم ولیا (٢٠١٩). **مۆرفۆلۆجیی**، یەکەم چاپ.
49. محەمەد، کەژاڵ جهانبخش (٢٠١٦). **دروستەی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی و فارسیدا**، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار.
50. مەحویی، محەمەدی (٢٠١٠). **مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان-مۆرفۆلۆژیی کوردیی**، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.
51. مەحویی، محەمەدی (٢٠١١). **بنەماکانی سینتاکسی کوردیی**، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.
52. مەحویی، محەمەدی (٢٠١٦). **مەنامە(بەستانداردکردنی زمانی کوردیی)**، یەکەم چاپ، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
53. مەلازادەیی، یارا قادر حەمەد (٢٠١٣). **مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا**، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

54. ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٨). **پوختەیەک دەربارەی زمانناسی(مێژوویی – بونیادگەری – چۆمسکی)**، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.
55. ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٩). **تایپۆلۆژیای زمان و زمانی کوردی**، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (٤ – ٥)، هەولێر.
56. ویدۆوسن، هـ. د. (٢٠٠٨). **سەرەتایەک بۆ زمانەوانی**، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هۆشەنگ فاروق، یەکەم چاپ، چاپخانەی خانی، دهۆک.
57. یونس، سەمیرە تۆفیق (٢٠١٣). **سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا**. نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

## به زمانی فارسی:

58. آشوری، داریوش (١٣٧٥). **زبان فارسی و کارکردهای آن**، کتاب درباره زبان فارسی(برگذیده مقالەهای نشر دانش (٧) – زیر نظر نصرالله پورجوادی). چ١. مرکز نشر دانشگاهی. تهران.
59. ارکان، فائزه (١٣٩٠). **بررسی تحلیل عناصر ساختواژی کلمات مرکب فعلی بر مبنای نظریه صرف مبتنی بر واژه قاموسی**، پژوهشهای زبانی، دوره ٢، شماره ١، صص ١ – ٢٠.
60. ارکان، فائزه و بیدگلی، تهمینه حیدرپور (١٣٩٩). **صرف: رویکردهای نظری و کاربردی آنها در تحلیل زبان فارسی**، چاپ اول، سمت، تهران.
61. اسلامی پور، نجمه و خیابانی، شهرام مدرس و مدرسی، بهرام و کلباسی، ایران (١٣٩٥). **بررسی و مقایسه ساختواژەهای مرکب پربسامد در زبان فارسی براساس دو الگوی صرفی واژەبنیاد و تکواژبنیاد**، فصلنامه مطالعات زبانها و گویشهای غرب ایران، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه رازی، کرمانشاه، سال سوم، شماره ١٤، صص ١- ٢٢.
62. اسلامی پور، نجمه و خیابانی، شهرام مدرس و مدرسی، بهرام و کلباسی، ایران (١٣٩٨). **مقایسه ساختواژەهای مشتق پربسامد در زبان فارسی از منظر صرف واژەبنیاد و صرف تکواژبنیاد**، مجله زبان و زبانشناسی، دوره پانزدهم، شماره ٢٩، صص ١١٣- ١٣٥.
63. افراشی، آزیتا (١٣٩٩). **ساخت زبان فارسی**، ویراست دوم، چاپ چهاردهم، سمت، تهران.

64. افراشی، آزیتا (۱۳۷۸). **نگاهی به شفافیت و تیرگی معنایی در سطح واژه‌های مرکب**، متن پژوهی ادبی، شماره ۹ و ۱۰. صص ٦١ – ٧٤، دانشگاه علامه طباطبایی. تهران.

65. اقلی، فرزانه حاج (۱۳۸۸). **بررسی ابهامات تحلیل تکواژ در کتب زبان فارسی دوره متوسطه**، پایان نامه کارشناسی ارشد، رشته زبان شناسی همگانی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه تهران.

66. بابگهری، وجیهه زمانی و بصیری، محمدصادق (۱۳۹۷)، **((ترکیب)) و ((اشتقاق)) در دستور زبان فارسی و عربی**، نشریه فنون ادبی (علمی - پژوهشی)، سال دوم، شماره ۲ (پیاپی ۲۳)، ص ٦٩ – ٨٦.

67. بامشادی، پارسا و انصاریان، شادی (١٣٩٤). **تبیین ساختارهای ناپایگانی زبان فارسی در چارچوب نظریه ساختواژه ساخت‌محور**، مجموعه مقالات سومین کنفرانس بین‌المللی پژوهش‌های کاربردی در مطالعات زبان، دانشگاه تهران، تهران.

68. بهشتی، ملوک السادات حسینی (۱۳۹۳). **ساختواژه اصطلاح شناسی و مهندسی دانش**، پژوهشگاه علوم و فناوری اطلاعات ایران، چاپ اول، نشر چاپار، تهران.

69. بهمنیار، معصومه (۱۳۹۱). **بررسی فرایند تبدیل در زبان فارسی**. پایان‌نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه اصفهان، دانشکده‌ی زبان های خارجی، گروه زبانشناسی.)

70. پیرحیاتی، علی (۱۳۹٦). **تمایز اسم مرکب و گروه اسمی در زبان فارسی**، رساله دکتری، رشته زبانشناسی همگانی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه تهران.

71. تجویدی، غلامرضا (۱۳۹۸). **واژه‌شناسی انگلیسی همراه با فرایندهای واژه‌سازی در انگلیسی و فارسی**، چاپ یازدهم، سمت، پژوهشکده تحقیق و توسعه علوم انسانی. تهران.

72. حق‌بین، فریده (۱۳۸٦). **تغییر مقوله و اشتقاق صفر در زبان فارسی**، نشریه مجموعه مقالات دانشگاه علامه طباطبایی، شماره ۲۱۹، ص ۲۳۲ – ۲٤۳، اصفهان: دانشگاه اصفهان.

73. حمه‌آغا، بفرین احمد (۲۰۰۹). **بررسی مقابله‌ای سازه‌های دستوری در زبان فارسی و کردی**، پایان‌نامه کارشناسی ارشد، دانشکده زبان، دانشگاه صلاح‌الدین، اربیل.

74. خانلری، پرویز ناتل (۱۳٦٦). **زبان‌شناسی و زبان فارسی**، چ۲. نشر توس. تهران.

75. دهخوارقانی، ساناز و مرند، ناهیده جلیلی (۱۳۹۹). **از تکواژ تا واژه: رویکرده تطبیقی نام مشاغل در زبان فارسی و فرانسه**، فصلنامه علمی زبان پژوهی، سال دوازدهم، شماره ۳٤، ص ۳۷ – ٦۰، دانشگاه الزهرا(س).

76. دیانتی، معصومه؛ رضائی، حدائق و رفیعی، عادل (۱۳۹۵). **اسمهای مرکب برون مرکز به‌عنوان آمیزه‌های مفهومی**، مجموعه مقالات چهارمین همایش ملی صرف. برگزارکننده انجمن زبان شناسی ایران، با همکاری پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، به کوشش شهرام مدرس خیابانی و فریبا قطره، نشر نویسه پارسی، صص ۵۷ – ۸۰، تهران.

77. ذاکر، آرمان (۱۳۹۲). **فرایند تبدیل در زبان فارسی رویکرد نقشی - متنی**، رساله دکترا دانشگاه علامه طباطبائی، دانشکده ادبیات و زبان های خارجی.

78. رحیمی، محمد (۱۳۹۱). **توصیف ساختواژی – گویش سورانی زبان کردی**، چاپ اول، انتشارات شیخی، سنندج.

79. رضوی، مرضیه سادات و قطره، فریبا (۱۳۹۳). **فرایندهای واژه آفرینی در گونه گفتاری زبان فارسی**، فصل‌نامه پژوهش زبان و ادبیات فارسی، شماره ۳٤، صص ۱٤۵ – ۱٦۷، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات اجتماعی جهاد دانشگاهی.

80. رفیعی، عادل (۱۳۹۱). **صرف ساخت محور: شواهدی از فرایندهای واژه‌سازی در زبان فارسی**، مجمعه مقالات هشتمین کنفرانس زبان شناسی دانشگاه علامه طباطبائی، تهران، دانشگاه علامه طباطبائی.

81. رفیعی، عادل و بهمنیار، معصومه (۱۳۹۳). **نگاهی به فرایند تبدیل در زبان فارسی**، مجله پژوهشهای زبانشناسی، سال ٦، شماره ۱، ص ۳۵ – ٤۵، اصفهان: دانشگاه اصفهان.

82. زاهدی، کیوان و لیلا شریفی (۱۳۸۸). **اختصارسازی در زبان فارسی**، زبان و زبان‌شناسی، مجله انجمن زبان‌شناسی، دروه ۵، شماره ۹، صص ٦۹ – ۹۲، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

83. سامعی، حسین (۱۳۹۸). **واژه‌سازی در زبان فارسی**، چاپ دوم، کتاب بهار، تهران.

84. سبزواری، مهدی. (۱۳۹۱). **تبیین و تحلیل رابطه‌های معنایی در اسامی مرکب برون مرکز فارسی معیار**، پژوهشنامه انتقادی متون و برنامه‌های علوم انسانی، سال دوازدهم، شماره اول. صص ٤۵ – ٦۱، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

85. شریفی، شهلا (۱۳۹۱). **بررسی رویکرد کل – واژه یا ساختواژه بدون تقطیع به عنوان رویکرد واژه – بنیاد حقیقی**. نشریه مجموعه مقالات دانشگاه علامه طباطبایی، شماره ۲۸۰، صص ٤۰۸ – ٤۲۲.
86. شریفی، شهلا و اخلاقی، الهام (۱۳۹۲). **بررسی ساختواژه زبان فارسی امروز بر پایه‌ی رویکرد کمی رده‌شناسی**، هشتمین همایش بین المللی انجمن ترویج زبان و ادب فارسی ایران، دانشگاه زنجان، صص ۱ – ۱۱.
87. شقاقی، ویدا (۱۳۹۵). **مبانی صرف**، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، چاپ نهم، تهران
88. صادقی، علی اشرف (۱۳۸۳). **کلمات مرکب ساخته‌شده با ستاک فعل**، دستور، ویژه‌نامه فرهنگستان، شماره ۱. صص ٥ – ۱۱، تهران: فرهنگستان ادب و زبانی فارسی.
89. صادقی، علی اشرف و ارژنگ، غلامرضا (۱۳٥٦). **دستور**، آموزش متوسطه عمومی، وزارت آموزش و پرورش.
90. صراحی، محمدامین (۱۳۹٥). **نظریات ساختواژی هله و اروناف و دستگاه واژگانی فارسی**، مطالعات زبانی – بلاغی، سال ۷، شماره ۱٤، صص ۱۳٥ – ۱٦۰.
91. طباطبایی، علاءالدین (۱۳۷٦). **فعل بسیط فارسی و واژه‌سازی**، تهران: مرکز نشر دانشگاهی.
92. طباطبایی، علاءالدین (۱۳۸۲). **اسم و صفت مرکب در زبان فارسی**، تهران: مرکز نشر دانشگاهی.
93. طباطبائی، علاءالدین (۱۹۸٥). **تغییر مقوله در زبان فارسی**، نامه فرهنگستان، شماره ۲.
94. طباطبایی، علاءالدین (۱۳۸۹). **فرایندهای واژه‌سازی زبان فارسی و استقلال صرف و نحو**، پژوهشهای زبانشناسی، سال ۲، شماره ۲، ص ۸۷ – ۹۹، اصفهان: دانشگاه اصفهان.
95. طباطبایی، علاءالدین (۱۳۹۸). **ترکیب در زبان فارسی**، نشر کتاب بهار، چاپ دوم، تهران.
96. علویان، غلامرضا جباری دوست (۱۳۹۰). **توصیف فرایندهای واژه‌سازی به شیوه‌ترکیب در بوستان سعدی**، پایان‌نامه کارشناسی ارشد، دانشکده علوم انسانی، گروه زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه زنجان.
97. فرد، ابراهیم کاویانی (۱۳۸٥). **مقایسه‌ی لایه بندی، زایایی و ترتیب وندها در زبان انگلیسی و فارسی در چارچوب نظریه‌ی تکواژشناسی واژگانی**، پایان‌نامه کارشناسی ارشد، رشته زبان‌شناسی همگانی، دانشگاه شیراز، شیراز.

98. قطره، فریبا و قندهاری، مینا (۱۳۹۵). **بررسی اسم های مرکب دارای ساختار (اسم۱ (و) اسم۲) در زبان فارسی براساس نظریه آمیزش مفهومی**، مجموعه مقالات چهارمین همایش ملی صرف، برگزارکننده انجمن زبان‌شناسی ایران، با همکاری پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، به کوشش شهرام مدرس خیابانی و فریبا قطره، نشر نویسه پارسی، صص ۱۷۱ – ۱۹۰، تهران.

99. کافی، علی (۱۳۷۰). **اختصارات و زبان فارسی**، نشر دانش، شماره ۲۵، صص ۱۳ – ۲۳، تهران: مرکز نشر دانشگاهی.

100. کاتامبا، فرانسیس و استونهام، جان (۱۳۹۱). **واژشناسی**، ترجمه: جلال رحیمیان، انتشارات دانشگاه شیراز، شیراز.

101. کلباسی، ایران (۱۳۸۷). **ساخت اشتقاقی واژه در فارسی امروز**، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران.

102. مجیدی، شبنم و فراشاه، مهین‌ناز میردهقان (۱۳۹۹). **ساختواژه تحلیلی‌پیوندی زبان فارسی بر پایه نظریه صرف توزیعی**، پژوهش‌های زبانی، دانشگاه تهران، تهران، سال ۱۱، شماره ۲، صص ۱٤۷ – ۱۷۲.

103. محمدی، مریم (۱۳۸۸). **توصیف وندهای تصریفی و اشتقاقی در گویش کردی کرمانشاهی**، پایان‌نامه کارشناسی ارشد، دانشکده ادبیات فارسی و زبانهای خارجی، گروه زبانشناسی، دانشگاه علامه طباطبائی.

104. مشکوه‌الدینی، مهدی (1396). **دستور زبان فارسی واژگان و پیوندهای ساختی**، چاپ نهم، سمت، تهران.

105. مقربی، مصطفی (۱۳۷۲). **ترکیب در زبان فارسی**، چ ۱، تهران: توس.

106. نجف‌آبادی، مرضیه السادات رضوی (۱۳۹۰). **بررسی فرایندهای واژه‌سازی در گونه گفتاری زبان فارسی**، پایان‌نامه کارشناسی ارشد، رشته زبان شناسی همگانی، دانشکده ادبیات، زبان ها و تاریخ، دانشگاه الزهرا (س).

107. همایون‌فرخ، رکن الدن (۱۳۳٤). **دستور جامع زبان فارسی**، نشر بینا.

108. یول، جورج (۱۳۸۹). **نگاهی به زبان(یک بررسی زبان‌شناختی)**، مترجم: نسرین حیدری، تهران، سمت.

**به زمانی ئینگلیزی:**

109. Aronoff, M. (1976). **"Word Formation in Generative Grammar"**, Linguistic Inquiry Monograph: 1. Massachusetts: MIT Press.
110. Bauer, L. (1983). **English Word-Formation**, Cambridge: Cambridge University Press.
111. Bisetto, A. & Scalise, S. (2005). **The Classification of Compounds**, Lingue e Linguaggio, 4(2), 319-332.
112. Blevins, James P. (2006). **Word-based morphology**, Journal of Linguistics, Volume 42, Issue 03, pp 531 – 573.
113. Bloomfield, L. (1933). **Language**, Holt Rinehart New York.
114. Bochner, H. (1993). **Simplicity in Generative Morphology**, Berlin/New York: Mouton de Gruyter.
115. Booij, G. (2005). **The Grammar of Words: An Introduction to Linguistics Morphology**, New York: Oxford University Press.
116. Booij, G. (2007). **The Grammar of Words**, Oxford University Press.
117. Katamba, Francis (1993). **Morphology**, Hampshire and London: Macmillan Press LTD.
118. Booij, G. (2009). **Construction and Lexical Units: An analysis of Dutch numerals**, Linguistische Berichte, Sonderheft 19, 1-14.)
119. Booij, G. (2010). **Construction Morphology**, Oxford: Oxford University Press.
120. Cook, V. J. & Newson, M. (1996). **Chomsky's Universal Grammar: An Introduction**, Second Edition. Black Well Publisher. Oxford.
121. Corbett, G.G. Norman. (1993). **Head in Grammatical Theory**, First published, Cambridge University Press.
122. Crystal, David (2008). **A Dictionary of Linguistics and Phonetics**, Blackwell Publishing LTD.
123. Fromkin, V., Rodman, R. and Hyams, N. (2013), **An Introduction to Language**, Tenth edition, New York.

124. Haegeman, L.(1992). **Introduction to Government & Binding Theory**, Oxford: Blackwell.

125. Halle, Morris (1973). **Prolegomena to a theory of word formation**, Linguistic inquiry, Volume 4, Number 1, p. 3 – 16.

126. Haspelmath, M. & A. D. Sims (2010). **Understanding morphology**. 2nd ed., London: Hodder Education.

127. Ismail, Abid Tahir (2012). **A lexical Semantic Study of Noun Compounds in English and Kurdish**, unpublished Master dissertation, Faculty of Humanities – University of Duhok.

128. Jensen, J.T. (1989). **Morphology**, Amsterdam, Benjamins.

129. Jensen, J.T. (1990) Morphology: **word structure in Generative Grammar**, Amsterdam/ Philadelphia: John Benjamins.

130. Katamba, F. & J. Stonham (2006). **Morphology**, 2nd ed. New York: Palgrave Macmillan.

131. Kiefer, F. (2005). **Types of conversion in Hungarian**. In L. Bauer & S. Valera, Approaches to Conversion/Zero Derivation, pp. 51–66, New York: Waxman

132. Lieber, R. (1980). **On the Organization of the Lexicon**, Doctoral Dissertation, Massachusetts: MIT, Distributed by the Indiana University, Linguistics Club, Bloomington, Indiana.

133. Lieber, R. (2009). **Introducing Morphology**, New York: Cambridge University Press.

134. Malmkjaer, K. (1991). **The Linguistic Encyclopedia**, Routledge.

135. Matthews, P. H. (1997). **Concise Dictionary of Linguistics**, Oxford University Press.

136. Plag, I. (2003). **Word-Formation in English**, First published, Cambridge University Press, New York.

137. Scalise, Sergio (1986). **Generative morphology**, Second edition, Foris Publication, Holland.

138. Selkirk, O. E. (1982). **The Syntax of Word**, The MIT Press, London.
139. Soltani-Gord Faramarzi, A. (1997). **From word to speech (Persian language grammar in a simple way)**, Tehran: Mobtakeran Publishing House [In Persian].
140. Spencer, A. (1997). **Morphological Theory: An Introduction to Word Structure in Generative Grammar**, Oxford: Blackwell.
141. Stekauer, Pavol & Lieber, Rochelle, eds. (2005). **Handbook of word-formation**, (Vol. 64), Springer Science & Business Media, Netherlands.
142. Trask, R. L. (1997). **A Students Dictionary of Language and Linguistics**, London: Arnold, a member of the Hodder Headline Group.
143. Trask, R. L. (2007). **Language and Linguistics – The Key Concept**, second edition, Routledge, London

# الملخص

## الملخص

يعتمد النظرية علم صرف المورفيم – الأساس على تركيب المورفيمات، بالطريقة التي تصطف بها الكلمات غير البسيطة على شكل سلسلة من المورفيمات مجتمعة معا. لذلك، فأن هذه النظرية تنظر لعلم الصرف على انه بناء نحوي للمورفيمات. أي أن القواعد التي تهيمن على بناء الجملة وتلعب دورا في ترتيب مكوناتها، توجد نفسها على مستوى الكلمات وتلعب دورا في تركيب المورفيمات.

ان العنصر الرئيسي للتحليل الصرفي في هذه النظرية هو المورفيم، وهو عنصر يتكون من كلمات أو عناصر أصغر من الكلمات. ان للواصق الصرفية مثل المورفيم الحر، مدخل معجمي خاص بها في قاموس اللغة. وبحسب هذه النظرية تعمل قواعد تكوين الكلمات على تسلسلات المورفيم وتحدد كيفية تكوين العناصر المعجمية. و وفقا لهذا الرأي، ففي العمليات الصرفية، تتضمن المدخلات مورفيمات وتتضمن النتائج كلمات كاملة. ان هذه النظرية مناسبة لتلك اللغات التي لها حدود واضحة بين المورفيمات التي تشكل كلماتها والتي تكون فيها خصائص مجموعات المورفيم إما غير مرئية أو نادرا ما يتم ملاحظتها.

تحمل هذه الدراسة عنوان (مقارنة العمليات الصرفية بين اللغة الكردية والفارسية (من منظور النظرية علم صرف المورفيم – الأساس)) وتهدف الى دراسة العمليات الصرفية في تركيب الكلمات الكردية والفارسية من منظور علم صرف المورفيم – الأساس، أي كيف تتجمع الوحدات الصرفية معا لتشكيل الكلمات، ثم تبين الدراسة أوجه التشابه والاختلاف بين اللغتين في إطار العمليات الصرفية. وترتبط الدراسة بمهمة تكوين الكلمات ضمن المستوى الصرفي والتي تتضمن عدة عمليات صرفية وهي (الاشتقاق، التركيب، الاشتقاق المركب، التكرار، التحويل، الاختراع، المزج، القص، المختصرات، الاختصارات). أي أننا لا ندخل في إطار الوظيفة الصرفية الثانية ، وهي التصريف. وقد اعتمدنا في هذه الدراسة على (المنهج الوصفي المقارن) لبيان أوجه التشابه والاختلاف بين اللغتين، ومن الناحية النظرية تعتمد الدراسة على إحدى النظريات الصرفية وهي النظرية علم صرف المورفيم – الأساس.

ومن منظور هذه النظرية ، فقد توصلت هذه الدراسة الى أن اللغتين الفارسية والكردية متشابهتان من حيث الخصائص الصرفية واتساق عناصرهما وان ميزات اللغة التراصية ملحوظة ومرئية بوضوح ، وبالتالي ، فإن النظرية علم صرف المورفيم – الأساس متوافقة مع كلتا اللغتين. ومع ذلك، هذا لا يعني أنها متشابهة تماما، ففي بعض الاماكن هناك اختلافات في ترتيب العناصر بين اللغتين.

# ABSTRACT

## Abstract

The theory of morpheme-based morphology is based on the method of compounding morphemes, in the way that non-simple words appear as a series of morphemes, which are put together. Therefore, in this theory, morphology can be introduced as the syntax of morphemes. That is, the same grammar that dominates syntax and plays a role in ordering and compounding sentence components, the same grammar exists at the level and surface of words and plays a role in compounding of morphemes.

In this theory, the main item of morphological analysis is the morpheme, which is an item consisting of words or items that are smaller than words. Affixes, like free morphemes, have their own lexical entry in the dictionary of the language. In this theory, the word formation rules act on morpheme sequences and determine how lexical items are formed. Furthermore, according to this view, in morphological processes, the input includes morphemes and the output includes whole words. This view and theory is appropriate for those languages that have clear boundaries between the morphemes that make up their words and in which the characteristics of morpheme combinations are either unseen or rarely noticed.

This study is entitled (Comparison of Morphological Processes between Kurdish and Persian (from the Perspective of Morpheme-based Morphology Theory)). The main objective of this study is to present the morphological processes in compounding of Kurdish and Persian words from the perspective of morpheme-based morphology, how morphemes come together to form words. Then it presented the similarities and differences between the two languages within the framework of the morphological processes discussed.

Our study is related to the task of word formation within the morphological level, which includes several morphological processes, namely (derivation, compounding, compound-derivation, reduplication, conversion, invention, blending, clipping, acronyms, and abbreviations). i.e. we do not go into the framework of the second morphological function, which is inflection. In this study, we have relied on (the comparative descriptive approach) to show the similarities and differences between the two languages, and in terms of theory the study relies on one of the morphological theories which is morpheme-based morphology.

As a result of researching the morphological processes from the perspective of this theory, we have found that Persian and Kurdish languages are similar in terms

of morphological characteristics, and the alignment of their items and quite similar and the features of agglutinating language are clearly noticed and visible, therefore, the morpheme-based morphology is compatible with both languages. However, This does not mean that they are completely similar, as in some areas there are differences in the order of items between the two languages.

جمهورية العراق الفدرالي
حكومة اقليم كردستان
رئاسة مجلس الوزراء وزارة تعليم العالي والبحث العلمي
جامعة كويه – فاكلتي التربية
قسم اللغة الكردية

# مقارنة العمليات الصرفية بين اللغة الكردية والفارسية (من منظور النظرية علم صرف المورفيم – الأساس)

رسالة مقدمة الى فاكلتي التربية في جامعة كويه كجزء من متطلبات نيل درجة الدكتوراه في اللغة الكردية

من قبل

**دەریا سابیر حەمەد**

- بكالوريوس في اللغة الكردية، سنة (٢٠١١) الكلية اللغة/ جامعة كويه.
- ماجستير في اللغة الكردية، سنة (٢٠١٦) فاكلتى التربية – قەڵادزێ / جامعة ڕاپەڕین.

باشراف

ا.م.د.شیروان حسێن حەمەد　　　　ا.م.د.یادگار کەریمی

٢٠٢٣ الميلادية

Kurdistan Regional Government
Presidency of Ministers Council
Ministry of Higher Education and- Scientific Research
Koya University- Faculty of Education
Department of Kurdish Language

# Comparison of Morphological Processes between Kurdish and Persian (from the Perspective of Morpheme-based Morphology Theory)

A thesis submitted to the Council of Faculty of Education – Koya University as partial fulfillment for the degree of Doctorate in Kurdish Language

by

Darya Sabir Hamad

- BA in Kurdish Language obtained in (2011), in college of Language - koya University.
- MA in Kurdish Language obtained in (2016), college of Education-Qaladze - Raparin University.

Supervised by

Assist. Prof. Dr. Sherwan Husen Hamad

Assist. Prof. Dr. Yadgar Karimi

2023